خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف
ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر
بابان ئەنوەر


# ئامانجی فەلسەفە، جوانکردنی ژیانە

## ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
## شاسوار کەمال مەحمود

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

له بڵاوكراوەكانی دەزگای ئایدیا
زنجیره (131)

ناوی كتێب: ئامانجی فەلسەفە، جوانكردنی ژیانە
بابەت: فكری
ئامادەكردن و وەرگێڕانی له ئینگلیزییەوە: شاسوار كەمال مەحمود
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز كەمال و كەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانه
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نرخ: 4000 دینار
لەبڵاوكراوەكانی: دەزگای ئایدیا بۆ فكر و لێكۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان
ژمارەی سپاردن (1399)ی ساڵی2016ی پێدراوە

# ئامانجی فەلسەفە
# جوانکردنی ژیانە

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
شاسوار کەمال مەحمود

2016

# پێرست


پێشەکی ........ 7

فەلسەفەی کارڵ پۆپەر ........ 9

ئێرانییەکان خەون بەچییەوە دەبینن؟ ........ 17

سارتەر و ئازادی ........ 29

ڤۆڵتێر، فەیلەسوفی شۆڕشی فەڕەنسی ........ 35

نامەیەکی فیورباخ بۆ هیگڵ ........ 43

سروشتی دەوڵەت لای سپینۆزا ........ 53

تیۆری سیاسی ئەرستۆ ........ 59

هایدگەر و پەیوەندی بە نازیزمەوە ........ 67

ئالان تۆرین ........ 79

هابرمانس و بەشداریکردنی گشتی کۆمەڵگە ........ 87

لینین، ئەو سەرکردەیەی نیوەی جیهانی گۆڕی ........ 95

گەشەی سێکسی و پێکهاتەی دەروونی ........ 103

رۆشنگەری لە روانگەی (کانت)ەوە ........ 113

ژن-پیاو ........ 117

سیمۆن دی بۆڤوار ........ 137

مەلالا یوسفزای ........ 153

ئێمەهەموومان (مەلالا)ین ........ 159

فرۆید و بیری مرۆڤ ........ 181

چەمکی (مرۆڤی باڵا) لای نیچە ........ 189

دوکانبڕانی جیهان یەکگرن ........ 195

کلتور و میدیا ........ 211

ماوتسی تۆنگ ........ 219

بیری سۆسیال دیموکرات ........ 229

مۆدێرنیته چی یە؟ ........ 239

پۆست مۆدێرنیزم،دیدێکی نوێ ........ 249

ئەدەب دەبێت ناخی مرۆڤ بنیات بنێت ........ 261

ئاماژەکانی پشت رۆمانی پیته قرمزییەکه ........ 273

درامای پوچگەرایی ........ 279

# پێشەکی

بە ئەزموونی کەمی خۆم لە بواری خوێندنەوە بەگشتی و خوێندنەوەی بـواری فەلسەفە بەتایبەتی، ئەو بڕوایەم لەلا دروستبووە، کە ئامانجی هۆشیاری و فەلەسەفە لە دنیادا بریتییە لە جوانکردنی ژیان و بەخشینی مانا بە مرۆڤ بۆئەوەی ژیانێکی سەربەرز بژیت و بتوانێت مومارەسەی مرۆڤانەی خۆی بکات، بەشێوەیەك خاوەنی کەرامەت و کەسایەتی خۆی بێت ئیتر لەهەر کوێیەك ژیان بەسەر ببات.

بەدەستهێنانی ئەو خەونەی سەرەوە کارێکی ئاسان نییە، هەربۆیە لەوەتەی مرۆڤ هەیە فەلسەفە و فەیلەسوفەکان هەن، لەهەوڵی ئەوەدان ژیان بەو شێوە جوان و باشبکەن، کە تیایدا مرۆڤ بتوانێت مرۆڤانە بژیت و دوور بێت لە بێزاری و نائومێدی و ناڕەحەتی. ئەم کاروانە درێژەی فەلسەفە، لە یۆنانی کۆنەوە هەتا رۆژگاری ئەمڕۆمان، ئەوەندە دەوڵەمەندە بەڕادەیەك چەندان قوتابخانە، رێبازی فەلسەفی جیاواز دروستبوون بەمەبەستی تێگەیشتن لە دنیا و مرۆڤ و ژیـان. خوێنەرانی کوردیش لە رێگای رۆشنبیران و وەرگێڕەکانەوە ئاشنایەتییان لەگەڵ زۆربەی قوتابخانە و رێبازە فەلسەفییە جیاوازەکانی جیهان پەیدا کردووە، لەهەوڵی ئەوەدان ئاستی کۆمەڵگە بەرەوپێش بەرن، تا ژیانێکی ئازادانە و دیموکراتیانەی کراوە بژیت، کۆمەڵگەی کوردی ببێتە کۆمەڵگەیەکی دیار لەناو شارستانیەتی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا.

بەڵام بەداخەوە ئەوەی تائێستا من تێبینیم کردووە، نوخبەی رۆشنبیرانی کورد بەشێوەیەکی گشتی مامەڵە لەگەڵ بواری تیۆری فەلسەفە دەکەن و زۆرتر بابەتە تیۆرییەکان وەردەگێڕن، کە ئەمە کارێکی زۆرباش و پێویستە، بەڵام لایەنی پراکتیکی فەلەسەفە جیاوازەکان فەرامۆش کـراوە، ئەمەش وایکردووە فەلسەفە، سەرەڕای ئەو گرنگییەی کە هەیەتی، نەبێتە بەشێك لە ژیانی کۆمەڵگەی ئێمە، هەربۆیە هەست بە لێکدووری فەلسەفە و کۆمەڵگەی کوردی دەکرێت و مرۆڤی کورد پێی وایە فەلەسەفە پێویست نیە و کاریگەری نیە بۆ باشترکردنی ژیانی.

لەسۆنگەی ئەو راستییەی سـەرەوە، من وەکو وەرگێڕێك هەوڵمداوە زۆربــەی ئەوبابەتانە وەربگێڕم، کە پەیوەندی راستەقینەیان بە تێگەیشتن و ژیانی رۆژانەی ئینسانەوە هەیە، بۆئەوەی مرۆڤی کورد بتوانێت مومارەسەی ئەو بیرۆکانە بکات و بتوانێت فەلسەفە و هۆشیاری بکاتە نەریتی رۆژانەی خۆی، هاوکات وەك تاکێك بەشداربێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بۆئاستێکی بەرزتر و شەرەفمەندانەتر. هیوادارم بتوانم لەرێگای ئەم کتێبەوە کەمێك لەو پەیامە بگەیەنم.

وەرگێڕ

شاسوار کەمال مەحمود

# فەلسەفەی کارڵ پۆپەر

نوسینی: HERBERT KEUTH

## - 1 -

کارڵ پۆپەر لە 28ی یولۆی 1902 لە ڤییەننا لەدایکبووە، لە 17ی سێپتەمبەری 1994 لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. باوکی کارڵ پۆپەر پارێزەر بووە و چالاکانە بەشداری لە ریفۆڕمی کۆمەڵایەتیدا کردووە. دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم خوێندنگەی جێهێشتووە و دواتر وەك خوێندکارێکی گوێگر بەشداری لە وانەکانی مێژوو، ئـەدەب، سایکۆلۆژیا، فەلسەفە، بیرکاریدا کـردووە، پاشان پەیوەندی کـردووە بە گروپی لاوانی چەپەوە و بۆماوەی چەند مانگێك خۆی وەك کۆمۆنیست زانیوە.

لە ساڵی 1922دا پۆپەر لە تاقیکردنەوەی ( MATURE) سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت و دەبێتە خوێندکارێکی ئاسایی لە زانکۆی ڤییەننا و پەیوەندی دەکات بە کۆلیژی مامۆستایانەوە ، ساڵی 1924 لە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەردەچێت و دەبێتە مامۆستایی سەرەتایی. لەو بـوارەدا دەستبەکار و خزمەتی خۆی دەکات، پاشان پەیوەندی بەیەکێك لە پەیمانگاکانی ڤییەنناوە دەکات و سەرکەوتووانە ئەویش تەواودەکات، لە ساڵی 1928دا بڕوانامەی دکتۆرا بەدەستدەهێنێت ، نامەی دکتۆراکەشی بەناونیشانی ( لە بارەی گرفتی شێواز لە سایکۆلۆژیایی بیرکردنەوەدا) دەبێت. لێرەوە پۆپەر گشتگیرانەتر روودەکاتە پرسیارەکانی میسۆدۆلۆجیا و ئەبستمۆلۆجیا، ئەو پرسیارانەی کرۆکی فەلسەفی کارڵ پۆپەر

پێکدەهێنن، ئەو لەم چوارچێوەیەدا زاراوەی «عەقڵانییەتی رەخنەگر» بەکاردەهێنێت.

زاراوەی « عەقڵانییەتی رەخنەگر» پێچەوانەی ناعەقڵانییەتە، نەوەکو پێچەوانەی دیاردە کردەنییەکان – EMPIRICISM بێت. ئەم جۆرە عەقڵانیەتە دیاردە کردەنییەکان و عەقڵانیەتی کلاسیکی، بۆنموونە دیکارت، لەخۆدەگرێت و پۆپەر ناوی دەبات بە ( رۆشنگەری). لەبەرامبەردا عەقڵانیەتی نارەخنەگرانە ئەو دیاردەیەیە کە ئەرگومێنت، یاخود ئەزموون نایسەلمێنن، لەبەر ئەوە پۆپەر عەقڵانیەتی رەخنەگرانە لەبری عەقڵانییەتی نارەخنەگرانە بەکاردەهێنێت. بەو پێیەی هەڵوێستە عەقڵانییەکان لانی کەم دەرئەنجامی هەست و باوەڕن. پۆپەر باس لە گرنگی « گفتوگۆی عاقڵانە-بیرکەرەوە» دەکات. گفتوگۆی عاقڵانە لە چوارچێوەی گفتوگۆی رەخنەگرانەدا بەمەبەستی نزیکبوونەوە و دۆزینەوەی راستی بەهۆی ئەو هەوڵانەی ئەنجامیاندەدەین. پۆپەر و گروپێك لەزانایانی ڤییەننا رۆڵی کاریگەریان هەبوو لەم چوارچێوەیەدا.

سەرەتا کارڵ پۆپەر تەنها تێبینی دەنوسی و چاپی نەدەکردن، بەڵام دواتر بە هاندانی (HERBERT FEIGL) بۆچوونەکانی لەچوارچێوەی چەند بەرگێکدا نوسی. یەکەمجار کتێبێکی بە ناونیشانی ( دووگرفتی سەرەکی ئەبستمۆلۆژیا) نوسی و بەچاپ گەیاند. ئەو دووگرفتەش بریتین لە (ناساندن و جیاکردنەوە). دواتریش کتێبێکی دیکەی بەناوی ( لۆژیکی

دۆزینەوەی زانستی) نوسی. پۆپەر جیاوازی دەكات لە نێوان دیاردە زانستی و میتافیزیكییەكان. (RUDOLF CARNAP) كارەكانی پۆپەری بە ناوازە وەسفكرد لە بورای لۆجیكی زانستیدا. بە بۆچوونی پۆپەر ئەو دەستەواژە كورتكراوانەی لە تێستكردنی تیۆرەكاندا بەكاردەهێنرێن، پێویستە خودی خۆیان تێستبكرێن، تابزانرێت لەلایەنی هەستیەوە قبوڵدەكرێن، یان رەتدەكرێنەوە، یاخود دەچنە چوارچێوەی هۆشیاری هەستییەوە، یان دەچنە چوارچێوەی رووداو و شتە فیزیكییەكانەوە. هەروەك ئاشكرایە پەیوەندی هەیە لە نێوان گرفتەكان لەسەر بناغەی تەجریبی لەلایەك و گرفتەكان لەسەر بناغەی ناساندن و جیاكردنەوە لەلایەكی دیكەوە. لەبەر ئەوە لە شیكردنەوەی كۆتایدا پۆپەر گفتوگۆ لەبارەی هەرسێ گرفتەكەوە دەكات بە بەستنەوەی بە واقعەوە.

لەرۆژگاری ئەمڕۆشماندا كتێبی لۆژیكی پۆپەر بەیەكێك لە پەڕتووكە گرنگەكانی بواری فەلسەفەی زانستی دادەنرێت. كە پێكدێت لە بیرۆكە سەرەتاییەكانی عەقڵانیەتی رەخنەگرانە. ئەو كتێبە باس لەوەدەكات، كە بۆچی ئەو زانیاریانەی هەمانە هەڵەیە و بۆچی لەو كارانە فێردەبین، كە تیایدا شكستدەهێنین نەوەك لەو كارانەی سەركەوتوانە ئەنجامیدەدەین. بە بۆچوونی پۆپەر پێشكەوتنی زانست، دەرئەنجامی تاقیكردنەوە و كەمكردنەوەی هەڵەكانە.

سەرکەوتنی کتێبی (لۆژیك) بەو رادەیـە تەنانەت بەلای کارڵ پۆپەریشەوە جێگای سەرسامی بووە، ئەو لە ژیاننامەکەیدا نوسیویەتی کە: «زۆر خوێندنەوە بۆ ئەو کتێبە کراوە بە زمانە جیاوازەکانی دنیا.» زۆربەی خوێندنەوەکانیش بۆ ئەم کتێبە ئەو کاتە بە فراوانی دەستیانپێکرد، کاتێك چاپی وەرگێڕدراوی ئینگلیزەکەی بڵاوبوەوە و ژمارەیکی زۆر لە خوێنەران و پسپۆڕانی تایبەتی ئەو بوارە روویانتێکرد.

- 2 -

لە ژێر کاریگەرییەکانی بارودۆخی سیاسی ساڵانی سییەکانی سەدەی بیستدا، جارێکی تر پابەندبوونەکانی پۆپەر هاتنەوە ریزی پێشەوە. لێرەوە پۆپەر رووی کردە شرۆڤەکردنی گرفتەکانی تیۆرەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی سیاسی. لەو ماوەیەدا پۆپەر چەندین سیمیناری لەسەر ( هـەژاری بزوتنەوەی مێژوویی) لە زانکۆ جیاجیاکانی دنیادا پێشکەشکرد و روونیدەکردەوە، کە چۆن ئەو بزووتنەوە مێژووییانە رۆڵیان هەبووە لە ئیلهام بەخشین بە مارکسیزم و فاشیزم، پاشان ئەو سیمینارانەی بەناونیشانی (هـەژاری بزوتنەوەی مێژووی) بەچاپگەیاند و دواتریش وتارێکی لەهەمان چوارچێوەدا نوسی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیانەی لەوانەیە لەو پەڕتووکەدا بەدیار بکەون بەناونیشانی (تێبینیەکانی سەر بزوتنەوەی مێژوویی). پۆپەر ئەو دووکارە وەك هەوڵەکانی ئەو لەو جەنگەدا وەسفکردووە. کتێبی

دووەمیان پۆپەر ناوی دەبرد بە (پەیامبەرە هەڵەکان- ئەفلاتوون، هیگڵ، مارکس) پاشان ناوی کتێبەکە گۆڕا بۆ ( کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی). ئەم کتێبە ساڵی 1943 نوسینی تەواو بوو، بەڵام ساڵی 1945 چاپکرا ئەویش بەهۆی گرفتی چاپکردنەوە لەوکاتەدا. دواتریش هەردوو کتێبەکە لەشێوەی پەڕتووکی تەواودا دەرکەوتن لە بەریتانیا و ئەمەریکا. کتێبی هەژاری بزوتنەوەی مێژوویی، باس لە خەمە تیۆری و میسۆلۆجییەکان دەکات و کتێبی کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی، باس لە خەمە مێژوویی و سیاسیەکان دەکات- بەتایبەتیش مێژووی فەلسەفە. کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی بە باشترین کاری پۆپەر دادەنرێت تا ئێستا.

لەهەردوو کارەکانیشدا، کارڵ پۆپەر بیری عەقڵانیەتی رەخنەگرانەی وەرگێڕاوەتە سەر فەلسەفەی سیاسی. بەبۆچوونی پۆپەر باشترین هەستەکانی عەقڵ بریتیە لە (کرانەوە بەرەو رووی رەخنەدا)، تەنها بڕیار و راسپاردەکان جێگای رەخنەنین، بەڵکو داواکاری و بەهاکانیش جێگای رەخنەن. پۆپەر پێشنیاردەکات: ئەو داواکاریانەی هەڵوێستی رەخنەگرانەمان فراوانتر دەکەن، دەتوانرێت ناوبرێن وەك عەقڵانیەتی رەخنەگرانە.

بەگوێرەی عەقڵانیەتی رەخنەگرانە هەموو « زانیاریەك- KNOWLEDGE» دەربارەی راستییەکان هەڵەیە و زانیاری ئەخلاقیش شتێکی مەحاڵە. لێرەوە، لەبەرئەوەی نازانین چی بکەین، دەبێت بڕیاربدەین، کە چی بکەین و لێپرسراو بین بەرامبەر بڕیارەکانمان.

- 3 -

چەندان لێکۆڵینەوە لەسەر هەریەك لە ( لۆژيك) و (کۆمەڵگەی کـراوە) نـوسران، کە بەشێوەیەکی سەرەکی دەربـارەی گرفتە میتافیزیکییەکان بـوون. بـەم شێوەیە ئەبستمۆلۆجیا وەك بابەتی سەرەکی کارەکانی پۆپەر دەمێنێتەوە. دوای چارەکە سەدەیەکیش لە دەرچوونی (لۆژیکی دۆزینوەی زانستی)، چاپی ئینگلیزی ئەو کتێبە دەرچوو، کە دوانزە پاشکۆی زیاتری لەگەڵ بوو بەشێوەیەکی سەرەکی دەربارەی (تیۆری لەوانەیە بوون) بوو، هەروەها پاشکۆکان باس لە (گـەردوون و رێکخستن و پێداویستی فیزیکی وسروشتییەکان) دەکەن.

کارکردنی پۆپەر لە میتافیزکی کلاسیك بە نوسینی وتارێك بەناونیشانی (زمان و گرفتی جەستە و بیر) دەستپێدەکات (ساڵی 1953) کۆتایی دێت بە نوسینی کتێبێك بەناونیشانی (زانیاری و گرفتی جەستە و بیر) (ساڵی 1994). ساڵی 1966 پۆپەر کتێبێکی دیکەی بەچاپگەیاند بەناونیشانی (سێ جیهانەکان): جیهانی یەکەم بریتییە لە جیهانی فیزیکی، جیهانی دووەم بریتییە لە جیهانی هۆشەکی (یاخود مێشکی)، جیهانی سێهەمیش بریتییە لەجیهانی هزر، لەپێناو پاراستنی ئـازادی بڕیار، بەرپرسیارێتی داهێناندا، پێویستە ئەم سێ جیهانە بەڕووی یەکتردا کراوەبن.

# ئێرانییەکان
# خەون بەچییەوە دەبینن؟

نوسینی: میشێل فۆکۆ

«هەرگیز بە ویستەکانی ئەوان ناجوڵێینەوە، زیاتر لەوەی (ڤێتنام) یان پێناکرێت.» دەمویست وەڵامیان بدەمەوە بەوەی: ئەوان دەیانوویست، ئێوە ئاڕاستەبکەن کەمێك زیاتر لە ڤێتنام، بەهۆی نەوت بەهۆی ئـەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بەڵام ئەمڕۆ زیاتر ئامادەن ئەو کارەبکەن. دوای کامپ دیڤید، دەشێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، رێگا بدات بە باڵا دەستبوونی سوریا، بەسەر لوبناندا و بەو هۆیەشەوە رێگا بە کاریگەری یەکێتی سۆڤیەت دەدات؟ ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان ئامادەیە لەناوچەیەکی ئاوەها گرنگدا، ئامادە نەبێت؟ بەپێی بارودۆخەکە، ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان رێگایان پێدەدات لە رۆژهەڵاتەوە دەستوەردەنە ناوچەکە، یان چاودێری پرۆسەی ئاشتی بکات؟

لەدووەم (هەینی رەشدا) ئایا ئەمەریکا هانی شا دەدات بۆ تاقیکردنەوەی هێز؟ ژمارەیەکی تر لە دەرچووانی زانکۆ، مانگرتنە نوێیەکان، ئاڵۆزییەکان کە دووبارە دەستیان پێکردۆتەوە، ڤیستیڤاڵە ئایینییەکانی مانگی داهاتوو... دەتوانن ئەم هەلە دروستبکەن؟ پیاوە دەست ئاسنینەکە (موغادەم)ە سەرکردەی نوێی ساواك.

ئەمە جۆری پلانەکەیە، کە بۆ کاتی ئێستا نەگونجاوە و کەسیش حەزی پێ ناکات. بارودۆخەکە بەرەو نائارامی دەڕوات. هەندێك لە جەنەڕاڵەکان دەتوانرێت پشتیان پێ ببەسترێت، بەڵام دیارنییە سوپا وابێت. لەهەندێك سۆنگەوە، پلانەکە بێسودە چونکە (هەڕەشەی کۆمۆنیزم) نە لە دەرەوە نە لەناوەوە بوونی نییە،

لەبەرئەوەی رقلێبوون لە ئەمریکا، یەکسانە بەترس و نیگەرانی لە سۆڤیەت. ئایا راوێژکارەکانی شا، پسپۆڕە ئەمەریکییەکان، تەکنۆکراتەکانی رژێـم، یان گروپە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن (نەتەوەییەکان، یان سۆسیالیستەکان) لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا لەسەر ئەوە رێکەوتوون کارێك بکەن (ئازادی ناوخۆ) زیاد بێت، یان چاوەڕێ دەکەن، خۆی دەربکەوێت. لەکاتی ئێستادا شێوازی ئیسپانی باشە بۆ سەرکردایەتی کردنی سیاسی. ئایا ئەم شێوازە بۆ ئێران گونجاوە؟ زۆر کێشەی تەکنیکی هەیە. پرسیار لەبارەی کاتەکەیەوە هەیە: ئێستا یان دواتر، یان دوای روداوێکی تری توندوتیژ؟ پرسیار دەربارەی تاك هەیە: لەگەڵ یان بەبێ شا؟ لەوانەیە لەگەڵ کوڕەکەی، هاوسەرەکەی؟ ئایا پلانەکەی سەرەك وەزیران (ئەمینی) کە دەیویست سەرکردایەتی جوڵانەوەکە بکات بەسەر نەچووە؟

## شا و پیرۆزی

جیاوازی جەوهەری هەیە لە نێوان ئێران و ئیسپانیادا، سەرەڕای ئەوەش شکستهێنانی گەشەپێدانی ئابووری لە ئێراندا رێگرە لەبەردەم چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی، مودێرنە، رژێمی رۆژئاوایی. لەشوێنی ئەوە لەم چەند ساڵەی دوایدا بزوتنەوەیەکی فراوان لە خوارەوە گەشەی سەندووە، ئەم گەشەسەندنە بۆتە هۆی شڵەقاندنی ئەو پارتە سیاسیانەی لەسەرخۆ خۆیان رێکدەخست. ئەم بزوتنەوەیە نیو ملیۆن پیاوی رژاندە سەر شەقامەکان دژی تانك و ئامێرە سەربازییەکان. تەنها هاواریان نەدەکرد، «بمرێ شا»،

بەڵكو لەگەڵیدا هاواریان دەكرد «ئیسلام، ئیسلام» خومەینی، ئێمە بە شوێنتەوەین خومەینی»، تەنانەت دەیانگوت «خومەینی بۆ پادشایەتی.»

بارودۆخی ئێران دەتوانرێت لەو سۆنگەوە لێی تێ بگەیت، كە ململانێیە لە چوارچێوەی دروشمە ترادسیۆنەكان. دروشمەكانی شا و دروشمە پیرۆزەكان. ململانێیە لەنێوان دەسەڵاتدارێكی خاوەن سوپا و كەسێكی دەربەدەر لە تاراوگە. ململانێیە لەنێوان پیاوێكی دەستبەتاڵ لەگەڵ كەسێك جەماوەر داوایدەكات. ئەم وێنەیە هێزی خۆی هەیە، هاوكات ئاماژە بە راستییەكیش دەكات، كە ملیۆنێك خۆبەخش ئامادەی مردنن. هەنگاونانی نەتەوە بەرەو (ئازاد بوون) لە جەماوەرەوە لە خوارەوە، نەك لەناوجەرگەی دەسەڵاتەوە. ئەو گریمانەیی پێماندەڵێت، كە ئەم بزوتنەوەیە چەند گەشەی سەندوە و زۆر دوورتریش هەنگاو دەنێت. دوێنێ لەپاریس، كە شوێنی حەوانەوەیەتی، سەرەڕای گوشارێكی زۆر ئایەتوڵڵا خومەینی (هەمووی كاولكرد).

خومەینی داوایەكی ئاڕاستەی قوتابیان كرد، لەهەمان كاتدا ئاڕاستەی سوپا و كۆمەڵگەی موسڵمان كرد، تیایدا داوای لێكردن كە ئەوان بەناوی قورئان و نەتەوایەتییەوە رووبـەرووی ئەم ئاشتبونەوەیە دەبنەوە كە دەربارەی: هەڵبژاردن و دەستور و شتی ترە.

ئایا پێشبینی دەكرێت لێكترازان لەنێوان پارتە ئۆپۆزسیۆنەكانی شا رووبدات؟ سیاسییەكانی پارتەكانی ئۆپۆزسیۆن، دەیانەوێت

گرەنتی ئەوە بەدەستبهێنن، کە پشتیوانیکردن لە خومەینی، دەبێتە هۆی بەهێزبوونیان بەرامبەر شاو ئەمەریکا. سیاسییە نەیارەکان دەڵێن « ناوی خومەینی تەنها بۆ هاوارکردنە، چونکە ئەو هیچ پرۆگرامێکی نییە. نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، کە لەساڵی (1963) ەوە پارتە سیاسییەکان، کپکروان. ئێمە ئێستا پشت بە خومەینی دەبەستین، هەرکاتێکیش دیکتاتۆریەت رووخـا ئەم تەمەش نامێنێت. ئەوەی مایەی دڵنیاییە زۆر بە زووی سیاسەت فەرمان دەردەکات، ئەم وتار بێژەمان لەبیردەچێتەوە، بەڵام هەموو ئەو خۆشییەی لەم هەفتەیەدا لە شوێنی حەوانەوەی ئایەتوڵا لە پاریس هەستیپێکرا، لەگەڵ هەموو ئەم هاتووچۆیەی کەسانی پایەبەرز بۆ لای ئایەتوڵا، پێچەوانەی ئەو خۆش باوەڕیەی سەرەوەیە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە، کە تەوژمێکی شاراوە لەنێوان ئەم پیاوە پیرە و هاوڵاتیاندا هەیە. ئەم پیاوە پیرەی بۆ ماوەی (15) ساڵ لە تاراوگە ژیاوە، خەڵکی ئێستا تەنها ناوی ئەودەهێنن. لەچەند مانگی رابـردودا، ئەم تەوژمە منی هەڵخڵەتاند، لەوکاتەوەی چەند شتێك لەبارەیەوە فێربووم، ئەوکاتە کەمێك شەکەت بووم. دەمەوێت دان بەوەدابنێم، کە لەچەند کەسێکی زیرەکم گوێ لێبووە دووبارەیان دەکردەوە:» ئێمە دەزانین کە ئەوان چییان ناوێت، بەڵام ئەوان نازانن چییان دەوێت.»

«چیت دەوێـــت؟» بەم پرسیارە لەناو مێشکمدا بەناو شەقامەکانی تاران و قوم دا پیاسەمدەکرد، زۆر وریابووم کە پرسیار لە سیاسییە باوەڕپێکراوەکان نەکەم. لەجیاتی ئەوە

بڕیارمدا گفتوگۆی درێژ لەگەڵ: سەرکردە دینییەکان، خوێندکاران، رۆشنبیرەکان (ئەوانەی حەزیان لە گرفتەکانی ئیسلام بوو) هەروەها لەگەڵ ئەو گەریلایانەی بەهۆی ململانێکانی ساڵی (1976)ەوە دوور خرابوونەوە، بڕیاریاندابوو بەشێوازێکی زۆر جیاواز لەناو کۆمەڵگەدا درێژە بەکارەکانیان بدەن.

«چیت دەوێـت؟» لەماوەی هەموو مانەوەم لەئێران بۆ تەنها جارێکیش گوێم لەوشەی «شۆڕش» نەبوو، بەڵام چوار جار لەپێنج جار کەسێك وەڵامی دەدایـەوە: «حکومەتی ئیسلامی» ئەمە جێگەی سەرسوڕمان نەبوو. ئایەتوڵا خومەینی وەڵامە پاراوەکانی دابووەوە رۆژنامەنوسان، ئەم وەڵامانەش کاریگەرییان وەك خۆیان مابوو. ئەم وەڵامە چی دەگەیەنێت لەوڵاتێکی وەك ئێراندا، کە موسڵمانان پێکهاتەیەکی سەرەکین، نەعەرەب و نەسونەی تێدایە، بەمەش هەستیارییان بۆ پان-عەرەبیزم و پان-ئیسلامیزم لەهەندێك کەس کەمترە؟

لەراستیدا ئیسلامی شیعە، هەندێك تایبەتمەندی نیشاندەدات، کەڕەنگی تایبەتی بە(حکومەتی ئیسلامی) دەبەخشێت. سەبارەت بەستراکتۆری ڕێکخراوەییان سیلسیلەی هەرەمی پیاوانی ئاینی بوونی نییە. هەندێك سەربەخۆیی لەنێوان پیاوانی ئاینی هەیە، گرنگی دەدرێت بەدەسەڵاتی پاکی رۆحی. دەسەڵاتی پیاوی ئاینی، بریتیە لە سەدا و ئاڕاستەکردن، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری.

ئەمە هەموو ستراکتۆری ڕێکخراوەییانە. بەپێی باوەڕی شیعەکان پرەنسیپێك هەیە ئەویش ئەوەیە، کە (ڕاستی) تەواو نەبووە، لەلایەن دواین پێغەمبەرەوە (د.خ_وەرگێڕ) کۆتایی نەهاتووە، قۆناغێکی تر لەئاشکراکردن دەستپێدەکات.

قۆناغی تەواونەبوونی ئیمامەکان. کە لەڕێگای وشەکانییانەوە، نموونەکانیانەوە، هەروەها لە ڕێگەی شەهیدبوونیانەوە، ڕۆشنایی هەڵدەگرێت. هەمیشە وەکو خۆیەتی و هەمیشەش گۆڕاوە. ئەوە ئەو روناکییە لەتوانایدایە یاسا لە ناوەوە ڕۆشنبکاتەوە. تەمەنی دواییان دروستنەبووە، بۆئەوەی بپارێزرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بەپێی ڕۆژگار مانای ئەو ڕۆحانیەتەی هەڵیدەگرێت، روونیبکاتەوە. ئەم دوانزە ئیمامە بەتەواوەتی غائب نین، ئەوە خەڵکە داوایان لێدەکات دەربکەون، بەمەبەستی رونکردنەوەی زۆرتری ڕاستی.

زۆر باسکراوە لەلایەن شیعەوە کەهەموو هێزێك خراپە ئەگەر هێزی ئیمام نەبێت. وەك دەبینین شتەکان زۆر زیاتر ئاڵۆزن. ئەمە ئەوەیە کە ئایەتوڵا (شاریاتمەداری) لەیەکەم چاوپێکەوتنی پێی وتم:»ئێمە چاوەڕێی گەڕانەوەی ئیمامین.» بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە واز لە گریمانی حکومەتی باشبهێنین. ئەمە وەك ئەوە وایە، کە مەسیحییەکان دەیانەوێت بەدەستیبهێنن، هەروەها ئێوەش چاوەڕێی ڕۆژی بڕیاردانن (ڕۆژی دوایی_وەرگێڕ) لەوکاتەدا کە ئایەتوڵا پێشوازی لەمن دەکرد، دەورە درابوو بە چەند ئەندامێك لە کۆمیەتەی مافەکانی مرۆڤی ئێران.

شتێك پێویستە ئاشکرابێت بەوەی (حکومەتی ئیسلامی) هیچ کەس لەئێران مەبەستی ئەوە نییە، کە پیاوە ئاینییەکان، کۆنترۆڵی حکومەت بکەن، بەڵکو بە بۆچوونی من دوو مانای هەیە:

- «یوتۆپیایەکە بەبێ ناوەڕۆك.»
- «ئایدیایەکە.» زۆربەیان وایان بە من وت، بەهەرشێویەك بێت ئەمە شتێکی کۆن و دوورە. نەتەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەوەی، کە پێغەمبەر (د.خ_وەرگێڕ) هێناویەتی هاوکات گەشەسەندن و نوێبونەوەیە، لەو شوێنەی وەستاوە.

بەهەوڵدان بەدوای ئەم ئایدیایەوە بە بۆچوونی من بەرامبەر شەرعیەت شتێکی بناغەییە بەرامبەر بڕوا بوون بەداهێنەرێتی ئیسلام. دەسەڵاتی ئاینی بۆ منی روونکردەوە، ئەمە کارێکی زۆری دەوێت لەلایەن: پسپۆڕانی ئاینی و مەدەنی و زانایان و بڕواداران بەمەبەستی تیشکخستنەسەر ئەو گرفتانەی، کە وا پیشاندراوە قورئان وڵامیکی تەواوی پێ نییە بۆیان. هەرکەسێك دەتوانێت ئاڕاستە گشتییەکان بزانێت: ئیسلام رێز لەکاردەگرێت، هیچ کەس مەحروم ناکات لەبەری رەنجی خۆی، دەبێت پێداویستییە سەرەکیەکانمان بۆ دابینبکرێت و نابێت لەلایەن کەسەوە کۆنترۆڵبکرێت، ئازادییەکان رێگەیان پێدەدرێت، مومارەسەی ئازادی خۆیان بکەن، بەمەرجێك نەبێتە هۆی ئازاردانی کەسانی دی، کەمە نەتەوایەتییەکان پارێزگارییان لێدەکرێت و بەئازادانە دەژین بەو مەرجەی ئازاری زۆرینە نەدەن. پیاوان و ژنان یەکسان دەبن، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیە سروشتییەکانی نێوانیان. دەبێت

بڕیار لەلایەن زۆرینەوە بدرێت، دەبێت سەرکردە بەرپرس بێت بەرامبەر خەڵك و تاکەکەس، وەك ئەوەی لە قورئاندا هاتووە.

زۆر جار وتراوە پێناسەکانی حکومەتی ئیسلامی تەواونییە. بەپێچەوانەوە ئەو پێناسانە بە بۆچوونی من نـاسراون، بەڵام رونکردنەوەکان جێی دڵنیایی نین. من دەمووت « ئەوانە بناغەی سیغەی دیموکراسین –بۆرژواز و سۆشیالیزم- لەسەدەی هەژدەوە ئێمە دووبارەیان دەکەینەوە و لە وتنیان نەوەستاوین» راستەوخۆ ئەم وەڵامەیان دەدامەوە: «قورئان زۆر پێش فەیلەسوفەکانی ئێوە، ئەوەی ئاشکرا کرودوە، ئەگەر مەسیحیەت و ژیانی پیشەسازی رۆژئاوا، ماناکانیانی لەدەستداون، ئەوا ئیسلام دەتوانێت مانا و کاریگەریان بپارێزێت.»

لەسەرەتادا ئەم بزوتنەوەیە بە ئامانجی بەخشینی رۆڵێکی بەردەوامە لەژیانی سیاسیدا بۆ ستراکتۆری باو لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا. حکومەتی ئیسلامی رێگەدەدات بە چالاکی بەردەوامی ئەو سەنتەرانەی لە مزگەوت و کۆمەڵگە ئاینییەکان دروستبوون، بەمەبەستی بەرگریکردن بەرامبەر رژێمی شا. بۆ نموونە:. دە ساڵ لەمەوبەر زەمین لەرزەیەك لەشاری فیردوس روویدا، تەواوی شارەکە پێویستی بە ئاوەدانکردنەوە بوو، بەڵام لەوکاتەوەی کە پلانی ئاوەدانکردنەوە بۆ شارەکە دانرا، شتێکی ئەوتۆ جێبەجێنەکرا کە دڵـی جوتیار و پیشەگەری سـادەش رازیبکات، ئـەوان سەرکەوتووبوون بەرێنمایی سەرکردەی دینییەکان لە تەواوی هەرێمەکە، پارە و داهاتیان کۆکردەوە و کەمێك لەولاترەوە

شوێنی نیشتەجێبوون و ئاو و پێدوایستی خەڵکیان رێکخست، ناوی شارەکەیان نا (اسلامیە). زەمین لەرزەکە فرسەتێکی باش بوو بۆ بەکارهێنانی ستراکتۆری ئاینی، نەك وەك سەنتەری بەرگری بە تەنها، بەڵکو وەك سەرچاوەی داهێنانی سیاسیش. ئەمە ئەو خەونەیە کاتێك یەکێك باس لە حکومەتی ئیسلامی دەکات.

## ئێستایەکی نادیار

یەکێکی تر خەون بە بزوتنەوەیەکی جیاوازەوە دەبینێت، کە پێچەوانەی یەکەمە و رێگا بە ناساندنی رەهەندی روحی دەدات، لەناو ژیانی سیاسیدا، بەمەبەستی ئەوەی وەك هەمیشە نەبێتە رێگر بۆ رۆحیانەت، بەڵکو وەك سروشتی خۆی سروشتی بێت. ئەمە ئەو سێبەرەیە کە بەدوای ژیانی سیاسی و ئاینی ئەمڕۆی ئێرانەوەیە. ئەوا (عەلی شەریعەتی) کە مردنی دووساڵ لەمەوپێشی پلە و ئیمتیازاتێکی زۆری دایە لەناو شیعەگەریدا لە ئێستایەکی نادیاردا. لەماوەی خوێندنی لە ئەوروپا عەلی شەریعەتی، کە لە ژینگەیەکی ئاینی پەروەردە بووە، لەپەیوەندیدا دەبێت لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشی جەزائیری، لەگەڵ زۆر بزوتنەوەی چەپی مەسیحی، لەگەڵ بزوتنەوەی نامارکسی سوشیالیزم. دوایی هاتەوە بۆ مەشهەد لەوێ دەستیکرد بە وەی، کە مانای راستەقینەی شیعەگەرایی، تەنها ئەوە نییە، کە لەسەدەی حەڤدەوە لەسەری پـەروەردە بووین، بەڵکو دەبێت بچێتە ناو رۆحی دادگـەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی وەك ئەوەی ئیمامی یەکەم مژدەی داوە. بەخت یاوەری بوو لەوەدا، کە چەوساندنەوە ناچاریکرد،

بچێت بۆ تاران و لەوێ لە دەرەوەی زانکۆ خەڵکی فێربکات، لەوێ لە ژوورێکدا کە لەناو مزگەوتدا بۆی ئامادەکرابوو، قسەی بۆ رایگشتی دەکرد، سەرەتا تەنها ئەو بوو پاشان هەزارانت دەبینی لە: خوێندکاران، مەلاکان، رۆشنبیران، خەڵکی میانڕەو لە دەوروبەری بازار، خەڵکانی دی کە لە پارێزگاکانەوە هاتبوون. شەریعەتی وەك شەهیدێك مرد، کتێبەکانی قەدەغەکران. ئەوکاتە دەستی هەڵگرت کە باوکی لەجیاتی ئەو خرایە زیندانەوە، دوای ساڵێك لەزیندان، ماوەیەکی کورت پاش چوونی بۆ تاراوگە مرد، بە شێوازیك کەم کەس قبوڵدەکات ئەو مردنە سروشتی بێت. رۆژێك دوای ئەوە لە خۆپیشاندانێکی فراواندا ناوی ئەو تەنها ناو بوو لەپاڵ ناوی خومەینیدا.

## داهێنەرانی دەوڵەت

هەست بە ئاسودەیی ناکەم کاتێك باس لە حکومەتی ئیسلامی دەکرێت وەك (ئایدیایەك، یان خەیاڵێك). جگەلەوە ئەوەم بۆ روونەبێتەوە، کە ئەمە فۆڕمێکە لە (ئیرادەیەکی سیاسی) ئەوەم بۆ روونەبێتەوە بە سیاسیکردنی پێکهاتەکان، کە چەند بەشێکی لێکجودا نەبوەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەمەبەستی، وەڵامدانەوەی کێشەکانی ئێستا. ئەمە هەوڵێکە بۆ کردنەوەی رەهەندی روحی لە سیاسەتدا.

بەشێوەیەکی کورت ئەم ئیرادە سیاسییە دوو پرسیار دەوروژێنێت:

1. ئایا تەواو روونە (چارەسەری ئەمینیی)، کە لەلایەن شاو

وڵاتانی دەرەوەی پەسەندکراو رەفزبکەین، یان بێ دوو دڵی ئیمتیازاتی ئاینی قبوڵبکەین؟

2. ئەم ئیرادە سیاسییە، کە بە قوڵی رۆچۆتە خوارەوە، بەسە بۆ ئەوەی ببێتە فاکتەرێکی بەردەوام لەژیانی سیاسی ئێران، یان دەڕەویێتەوە، وەکو هەورێك کاتێك ئاسمانی سیاسەت ساماڵ دەبێت، یان دەتوانین باسی پرۆگرام و حزبایەتی و دەستوور و پلانەکان و شتی تر بکەین.

سیاسییەکان لەوانەیە بڵێن بۆ وەڵامـدانـەوەی ئەو دوو پرسیارە، پێویستمان بە چەند(تاکتیکێك) هەیە. لەگەڵ رێزم بۆ ئەو (ئیرادە سیاسییە) دوو پرسیار بەلامەوە گرنگە، یەکەمیان لەسەر ئێران و چارەنوسە تایبەتەکەیەتی. لەبەرەبەیانی مێژووەوە فارسەکان دەوڵەتیان دروستکردووە و مۆدێلی ئیسلامیان لەگەڵ تێکەڵکردووە، لەهەمان ئەو ئیسلامەدا ئاینێك وەرگیراوە، کەسەرچاوەی بێ سنوور دەداتـە خەڵکی، بۆ بەرگریکردن بەرامبەر هێزی دەوڵەت. لەم ئیرادەیەدا بۆ حکومەتی ئیسلامی، کەسێك دەتوانێت ئاشتبوونەوە، دژیەك، یان شتی نوێ دەبینێت.

پرسیارەکەی ترم تایبەتە بەم پارچە بچوکەی سەر گۆی زەوی، لە روخساری دەرەوە و ناوەوە، ستراتیژی گرنگی هەیە لەسەر ئاستی جیهانی. بۆ ئەو خەڵکانەی لێرە دەژین سەرچاوەی گەڕان چییە تەنانەت بۆ بژێوی ژیانیان لەبەرئەوەی ئەم شتەمان لەبیرکردووە لەکاتی رێنیسانسەوە، گرفتی زۆری مەسیحیەت، سیاسەتی روحانی، ئێستا گوێم لێیە فەڕەنسییەکان پێدەکەنن بەڵام هەڵەن...

# سارتەر و ئازادی

چەمکی ئازادی چەقی جەمسەری فکری سارتەرە بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها چەمکێکی زاڵی کارە سیاسییەکانیەتی بەتایبەتی. تێڕوانینی سارتەر بۆ ئازادی گۆڕانی گەوەری بەسەرداهاتووە بە درێژایی ژیانی. لێکۆڵەرەوان کۆك نین لەسەر ئەوەی ئایا بەردەوامی یاخود گۆڕانی بنەڕەتی هەیە لەنێوان تێڕوانینی سارتەر بۆ ئازدی لە کارە سەرەتاییەکانی دا، لەگەڵ تێڕوانینی سارتەر بۆ ئازادی لە کارە کۆتاییەکانیدا. سەرەڕای ئەمەش کۆدەنگییەکی تەواو هەیە لەسەر ئەوەی کە تێڕوانینی سارتەر بۆ ئازادی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە، بەرەو تێڕوانینی ماددیانەی ئازادی بە پێچەوانەی تێڕوانینی زانستیانەی ئازادی، کە لە کارە سەرەتاییەکاندا زاڵ بووە. بەپێی ئارگۆمێنتەکانی ناو کتێبی (بوون و نەبوون)، ئازادی مرۆڤ بریتییە لە توانای هۆشیاری بۆ تێپەڕاندنی بارودۆخی ماددیانەی ئازادی (ل563). دواتر بەتایبەتی لە کتێبی (رەخنە لە دیالێکتی عەقڵی) رەخنە لە دیالێکتی عەقڵی سارتەر تێڕوانینی دەگۆڕێت و پێ وایە مرۆڤ ئازادە، ئەگەر تەنها پێداویستیەکانی تێربن( ل327).

با ووردتر سەیری ئەو تێڕوانینە بکەین. تێڕوانینی سەرەتایی سارتەر بۆ ئازادی یەکسانە بەهۆشیاری مرۆڤ. سارتەر پێی وایە، ئازادی مرۆڤ پێکدێت لە توانای هۆشیاری بۆ راکردن لە ئێستا، بەو مانایەی هیچ مرۆڤێك توشی شکست نابێت لە هەوڵدانی بۆ ئەوەی ئازاد بێت. لە وتارێکدا دەربارەی «دیاردەناسی زانستی» تێگەیشتنی سەرەکی سارتەر لەسەر بوونی مرۆڤ رووندەکاتەوە. لە وەڵامی

پرسیاری (بوون بە مرۆڤ چی دەگەیەنێت؟) سارتەر دەڵێت: مرۆڤ ماددەیەکی بێگیان نییە، مرۆڤ هۆشیارە، لەبەرئەوە مرۆڤ ئازادە.

تێڕوانینی زانستیانەی ئازادی مشتومڕێکی زۆری لەسەرە لە زۆر لاشەوە رەتکرایەوە، چونکە ئەم تێڕوانینە ئەو مانەیە دەگرێتە خۆی، کە مرۆڤ ئازادە لە هەر بارودۆخێك دا بێت. کارە سەرەتاییەکانی سارتەر ئەم تێڕوانینەیان لە خۆگرتبوو دەربــارەی ئــازادی. ئەو دەیووت فەڕەنسییەکان ئازادبوون تەنانەت لەماوەی داگیرکاری ئەڵمانیا بۆ فەڕەنسا. سارتەر بە جۆشەوە باسیدەکرد، کە تەنانەت زیندانییەکانیش ئازادن، چونکە توانای هۆشیارییان هەیە (بوون و نەبوون_ ل622). زیندانی هەر چەندە زوڵمی لێکراوە، کە چۆن رووبەرووی ئەو زیندانی کردنەی ببێتەوە. زیندانی ئازادە، چونکە دەتوانێت کۆنترۆڵی کاردانەوەکەی بکات بەرامبەر زیندانی کردنی: دەتوانێت ملکەچ بێت یاخود بەرگری بکات. لەبەر ئەوەی سنووری بابەتی نییە بۆ ئیرادە، ئەگەر تەنها بیر لە ئیرادەی هەڵاتن بکەمەوە ئەوا تەنها قفلەکانی زیندان رێگرن. لە نموونەیەکی هاوشێوەدا سارتەر پێی وایە چیاکان ئەو کاتە دەبنە سنور، کە تاك دەیەوێت سەرکەوێ بۆ ئەودیوو، بەڵام نایکات . ئەم بۆچوونەی سارتەر لەسەر ئاستی سیاسی و زانستی رووبەرووی رەخنەی توندبۆوە.

ئەوەی جێگەی پرسیارە چۆن هاوسەنگی لەنێوان تێڕوانینی زانستیانەی ئازادی لە کارەکانی کۆتایی سارتەردا بکەین. زۆر خاڵ هەن ئاماژە بەم گۆڕانە دەکەن. لە کارەکانی سارتەردا لە کارەکانی کۆتایدا سارتەر بە هیچ شێوەیەك باسی هۆشیاری نەکردووە

بۆ کارەکتەرایزکردنی (بوونی مـرۆڤ) لە بری ئەوە تێڕوانینی مارکسیانەی بەلاوە پەسەند بووە. زیاتر لەوەش سارتەر تەئکیدی لەسەر (بـارودۆخ – SITUATION) کردۆتەوە لە راڤەکردنی سایکۆلۆژیا و هەڵبژاردنەکانی تاك، هەروەها رەخنەی لە هەموو بیروباوەڕێکی ئازادی (ناوەکی) گرتووە و روونی دەکاتەوە گۆڕانی هەڵوێست ناتەواوە بۆ ئـازادی راستەقینە. گۆڕانی هەڵویستی سارتەر بەرەو چەمکی ماددیانەی ئازادی راستەوخۆ پەیوەندی بە هۆڵۆ کۆست و جەنگی جیهانی دووەمەوە هەبووە. کتێبی (دژە سامی و جو) راستەوخۆ دوای جەنگ چاپکرا. کە بە یەکێك لە کارە یەکەمینەکان دادەنرێت لەسەر شیکردنەوەی بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی ستەمکردن. لە راڤەکردنەکەیدا سارتەر هەمان ئەو میتۆدە دیالێکتیانەی بەکارهێناوە، کە لە پەیوەندی راستەقینە لەگەڵ ئەوانی تردا بەکارهێناوە لە کتێبی بوون و نەبووندا. لە کتێبی دژە سامی و جودا سارتەر پێ وایە، ستەمکردن بریتیە لە پەیوەندی نێوان سەردار و کۆیلە. ئەوکاتەی سەردار نکوڵی لە ئازادی کۆیلەکان دەکات دەبێتە پاشکۆی کۆیلەکان ئەو پێ وایە پەیوەندی نامرۆڤانە دەبێتە هۆی نامۆبوون و لەدەستدانی ئازادی. ئەم دیدە نوێیەی سارتەر دەربارەی ئازادی، ناچاریکرد بەروونی رایبگەیەنێت، کە مرۆڤ ئازادە لە هەندێك بارودۆخدا نەوەك لە هەموو بارودۆخێکدا.

لە کتێبی رەخنەدا، سارتەر دەنوسێت (گرنگە بزانین کە کەسێك ناتوانێت ئازادبێت لەکاتێکدا کەلەپچەکراوە)، هەروەها دەڵێت (کارێکی هەڵەیە وا تەفسیر بکرێت، کە من ووتومە مرۆڤ لە هەموو

بارودۆخێکدا ئازادە). گریمانەی سەرەکی سارتەر لەکارە سیاسیەکانی دا بریتیە لەوەی ستەمکردن واتە لە دەست دانی ئازادی. لەکاتێکدا مرۆڤەکان ئـازادی زانستی لەدەست نـادەن، ئەوە لە دەستانی ئازادی دەبێت جۆرێکی تر بێت لە ئازادی. ستەمکردن واتە دەست بەرداربوون لە ئازادی ماددی. لە کتێبی دژە سامی و جودا، سارتەر باس لە ستەم دەکات و پێیوایە ستەمکردن بە مانای ئەوە نییە مرۆڤ خیاراتی لەبەردەم دا نەبێت، بەڵکو مرۆڤ ناچاردەکرێت خیاراتی خراپ و نامرۆڤانە هەڵبژێریت. بۆ نموونە جولەکەکان لە کۆمەڵگەی دژە سامییەکان دا، ناچار دەبن هەڵبژێرن لەنێوان سڕینەوەی خود یاخود لاسایی کردنەوەی خود، هەروەها لە کتێبی رەخنەدا، سارتەر باس لە گرێبەستی کرێکاران دەکات بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە هەبوونی خیاراتەکان مانای ئەوە نییە ئازادی بوونی هەیە. ئەو پێ وایە کاتێك کەسێکی بێ دەرامەت ناچاردەبێت، کارێکی مووچە کەم قبوڵبکات لەپێناوی تێرکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکانی ژیانیدا ئەو مرۆڤە خیاراتی هەیە، بەڵام خیاراتەکانی نامرۆڤانەن.

لەماوەی سیاسیدا، بەشێوەیەکی گشتی سارتەر تێڕوانینی مادیانەی خۆی بۆ ئازادی پەرەپێداوە بە بەراوردکردنی مرۆڤی ئازاد و کوێلە. سارتەر ئەو تێڕوانینەی لە هیگـڵەوە وەرگرت بوو. سارتەر باس لە کۆیلایەتی ئەمەریکییەکان دەکات بۆ شتومەك. سارتەر هەمان رێچکەی هیگڵی گرتووە بۆ باسکردنی کۆیلایەتی وەك شێوەیەکی (رێزگرتنی یەکلایەن)ە، ئەو کاتەی یەکێك زاڵدەبێت بەسەر کەسێکی تردا لە رووی سایکۆلۆژی و جەستەییەوە. سارتەر

پێ وایە، کۆیلە ئازادنییە لەبەرئەوەی لەلایەن سەردارەکەیەوە کۆنترۆڵکراوە. ئازادی ماددی پێویستی بەوەیە مرۆڤ ئازادبێت لە زوڵم و کۆنترۆڵ نەکرابێت لەلایەن کەسێکی ترەوە. سارتەر پێیوایە لە پەیوەندی سەردار و کۆیلەدا هەردوولا لێکئاڵاون و پەیوەندییەکەیان شێواوە، هەردوولا لە (باوەڕێکی خراپ)دان و هیچیان ئازادنین و ئازادی تەواو پەیڕەو ناکەن. کەواتە هەردوولا ،جەلاد و قوربانی، ئازادنین بەڵام قوربانی رووبەرووی زوڵمی جەستەیش دەبێتەوە.

دیدگای ماددیانەی سارتەر سەربەخۆیە لەهەر تێڕوانێنیك بۆ سروشتی مـرۆڤ ئەو هەمیشە بوونی حـەزە سروشتیەکانی رەتدەکردەوە. تێڕوانینی ماددیانەی ئازادی هەندێك پێداویستی سەرەکی لەخۆدەگرێت لەوانە: پێداویستییە باشەکان وەك (خۆراك، ئاو، حەوانەوە، پەروەردە)، هەروەها پێداویستییە سلبییەکان وەك (ئازادبوون لە: کوێلایەتی، هەژاری، جیاکاری، بەسەردا زاڵبوون). لەکاتێکدا سارتەر بە ووردی باس لە تێرکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەکاتەوە هاوکات باس لە پێداویستی مرۆڤ دەکات بۆ رۆشنبیری و بەها هاوبەشەکان. پوختەی شیکردنەوەی سـەرەوە بریتییە: دەتوانین بە کەسێك بڵێن ماددیانە ئـازادە بە بۆچوونی سارتەر، ئەگەر:

1- کەسێك ئاسایشی ماددیانەی بەردەستبوو.

2- کەسێك زوڵمی لەسەر نەبێت.

3- کەسێك بواری هەبێت بەشداری بەها کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان بکات.

# ڤۆڵتێر،فەیلەسوفی
# شۆڕشی فەڕەنسی

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت، کە رۆشنگەری رۆڵێکی گەورەی هەبووە لەسەر شۆڕشی فەرەنسی. رۆشنگەری یاخود چاخی عەقڵانیەت لەسەدەی هــەژدەدا روویــداوە، کە بریتی بووە لە قۆناغێکی نوێی بیرکردنەوە. کرۆکی سەرەکی چاخی عەقڵانییەت (رۆشنگەری) بریتی بوو لەوەی کە خەڵکی بیر لەخۆیان بکەنەوە، هەربۆیە دەستەواژەی هۆو ئەنجام (CAUSE AND EFFECT) وابەستەی ئەو سەردەمەیە.

لەناو ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوفەکانی ئەوسەردەمە، ڤۆڵتێر (1694-1778)، بە یەکێك لە بیریارە مەزنەکانی سەردەمی رۆشنگەری دادەنـرێـت. کاتێك نـاوی ئەو فەیلەسوفە دێت، راستەوخۆ ناوێکی تر دیتە بیرمان ئەویش (CANDIDE1 رۆمانێکی تەنزئامێزە)، کە بە یەکێك لەسەرکەوتووترین کتێبەکانی جیهان دادەنرێت و ئەوە نیشاندەدات، کە ڤۆڵتێر نوسەرێکی رۆشنگەر بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ڤۆڵتێر پۆلێندەکرێت وەك: مێژوونوس، ووتارنوس، شانۆنوس، چیرۆکخوان، شاعیر.

هەموو نوسینەکانی ڤۆڵتێر کارکردنە لەسەر رەتکردنەوەی: دەسەڵاتی رەها، دڵرەقی مرۆڤ، جیاکاری، جەنگ...و چەندان بابەتی دیکە. سەرەڕای ناوەڕۆکی نوسینەکانی بەکارهێنانی (زمانی هەجوو=ساتیر) لەلایەن ڤۆڵتێرەوە بەیەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو فەیلەسوفە دادەنرێت، کە بەهۆیەوە توانی سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی رابکێشێت.

نوسینەکانی ڤۆڵتێر مایەی سەرئێشەبوون بۆی، هەربۆیە

چەندینجار زیندانی کراوە و تووشی ئازار و چەرمەسەری بووە. ئەو لە نوسینەکانیدا رەخنەی لە پادشا و کڵێسا دەگرت هاوکات دڵنیاش بوو، کە دەرئەنجامی کارەکانی چی دەبێت. ئێمە وای دەبینین، کە دەبوو ئەو کارانەی نەکردایە، بەڵام ئێستا دەزانین کار و ئازایەتییەکانی ئەو چ عەقڵانییەتێکیان بەخشیوەتە شۆڕشی فەڕەنسی، هەروەها چۆن ئازایەتی ئەو کاریگەری و هێزی بەخشی بە شۆڕشەکە.

لایەنێکی دیکە، کە لە رێگایەوە ڤۆڵتێر هاوکار و یارمەتیدەر بووە بۆ شۆڕشی فەڕەنسی بریتییە لە زاڵکردنی کلتوری فەڕەنسی، ئەمەش رێگای خۆشکرد بۆ زاڵبوونی کلتوری فەڕەنسی بەسەر ئەوروپادا. ڤۆڵتێر پێی وابوو: لۆژیك، بیرکردنەوەی ستاندارد و رێکخراو، دەکرێت جێ بەجێ بکرێن بەسەر تەواوی بوارەکان و چالاکییەکانی مرۆڤدا لە ناویشیاندا کاروباری حکومی. ئەم تێگەیشتنە هانی بەرپرسانی زۆربەی بوارەکانی داوە هزر و بیرۆکەکانیان بەکاربهێنن بەئامانجی پێشکەوتنی بوارەکانیان، تەنانەت دوای ئەزموونێکی درێژ لە نارەحەتی.

وەك هەریەك لە فەیلەسوفانی پێش خۆی ڤۆڵتێر کاریگەر بووە بە ژمارەیەك فەیلەسوفی پێشتر. ئەو کاریگەر بووە بە نیوتن و لۆك. ڤۆڵتێر حەزی لەو تیۆرانە نەبووە، کە پشتڕاست نەکراونەتەوە بە ئەزموون و تێبینی کردن، هەربۆیە بۆخۆی تیۆری دادەنا. هاوشێوەی مۆنتیسکۆ، ڤۆڵتێر سەرسامبووە بە دامەزراوەکانی بەریتانیا، هەروەها سەرسام بووە بە یاسای

لێبوردنی بەریتانی ( THE ACT OF TOLERANCE) ساڵی 1689 و نەبوونی چاودێریکردن لە بەریتانیا.

ڤۆڵتێر ئاماژەی بەوە داوە، کە بەریتانیا سوودی لە فرەیی وەرگرتـووە، بەبۆچوونی ئەو ئەگەر بەریتانیا خاوەنی یەك ئاین بوایە ئەوا هەر بە ستەمکاری دەمایەوە، هەروەها ئەگەر بەریتانیا خاوەنی دوو ئاین بوایە ئەوا ئەو دوو ئایینە دەستیان دەخستە بینە قاقای یەکتری، بەڵام بەهۆی بوونی زیاتر لە 30 ئاین، بەریتانیا بۆتە وڵاتی خۆشی و لەخۆشیدا دەژیت هەروەك چۆن روحی یۆنان بەخۆشی ژیاوە.

هەروەها ڤۆڵتێر دژی هەموو شێوەکانی کۆیلایەتی بووە و هیواخواز بووە دەسەڵاتداران حوکمی خەڵك بکەن بەشێوەیەکی تۆلێرانس، بەرژەوەندی خەڵك بخەنەسەروو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیانەوە. ئەو قەناعەتی وابـووە کە زەحمەتە مرۆڤایەتی بگاتە یوتۆپیا (UTOPIA)، هەربۆیە مرۆڤایەتی دەتوانێت جیهان بکاتە شوێنێکی باشتر لە رێگای: خوێندن، گۆڕینی نەزانی و خورافە بە زانیاری، عەقڵ، هاوسۆزی، تۆلێرانس.

ڤۆڵتێر بەشێکی زۆر لە ژیانی لە ئینگلتەرا بەسەربردوە و لەوێ گەورە بووە، بۆیە بۆچوونی جیاوازی هەبوو دەربارەی شۆڕشی فەڕەنسی. لەگەڵ ئەوەی ڤۆڵتێر تامەزرۆی روودانی شۆڕشی فەڕەنسی بوو، بەڵام حەزی لە سیستەمی پادشایەتی بوو بۆ حوکمکردن کە لەلای زۆربەی خەڵکی فەڕەنسا قابیلی قبوڵکردن نەبوو. ئەو پێی وابـوو بەبێ بوونی پادشا وڵات

لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە. ئەم تێگەیشتنەی ڤۆڵتێر دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئەو ماوەیەی کە لە ئینگلتەرا ژیـاوە. لەگەڵ ئەمەشدا ڤۆڵتێر حەزی بە لەناوچوونی دەسەڵاتی کڵێسا کردووە، لەوبارەیەوە زۆر پشتیوانی لە شۆڕشی فەڕەنسی کردووە، پێی وابووە بەسەرهەڵدانی شۆڕش، کڵێسا دەسەڵات لەدەستدەدات و خەڵکیش باجی کەمتر دەدەن بە دەوڵەت، خەڵك بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئامانجی سەرەکی ڤۆڵتێر لە پشتیوانیکردنی شۆڕش بریتی بوو لەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

ڤۆڵتێری فەیلەسوف لە خێزانێکی دەوڵەمەند لەدایکبووە. دەوڵەمەندبوون هەر لەسەرەتای ژیانەوە ئەو هەلەی نەدا بە ڤۆڵتێر بەوەی بزانێت هەژاری چییە، چونکە دەوڵەمەند بوو کێشەی باجدان بەلایەوە کێشەیەکی سەرەکی نەبوو، بۆیە تێڕوانینی هەژاران و ڤۆڵتێر دەربارەی شۆڕش جیاوازی هەبوو: ڤۆڵتێر عەودالّی یەکسانی و دادگەری بوو، هەژارانیش تامەزرۆی باجدانی کەمتربوون.

هەروەها لەبەر ئەوەی ڤۆڵتێر، وەك نوسەر و فەیلەسوف نـاسراو بوو، سەر بەچینی پیاوانی ئاینی و نۆبڵەکان نەبوو (ئەوانەی سەروەتێکی زۆریان هەبوو، باجێکی کەمیان دەدا)، خەڵك ڤۆڵتێریان خۆشدەویست و پشتیوانییان لە نوسین و کار و هەڵوێستەکانی دەکـرد. تەنها هەڵوێستی ڤۆڵتێر کە بەلای خەڵکەوە قابیلی قبوڵکردن نەبوو بەباشزانینی سیستەمی پادشایەتی بوو لەلایەن ئەوەوە.

ڤۆڵتێر داوای سەربەخۆی مرۆڤ و تاکایەتی مرۆڤی دەکرد. ئەو پێی وابوو مرۆڤەکان بەیەکسانی لەدایکدەبن و پێویستە بەیەکسانی و ئازادانە مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت. سەبارەت بە سیستەمی حوکمکردنیش ئەو سیستەمی پادشایەتی بەلاوە پەسەند بوو هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە، فەڕەنسییەکان ئەمەیان قبوڵنەبوو، چونکە بۆ لەناوچوونی ئەو سیستەمە شۆڕشیان دەستپێکردبوو.

نەیاری سەرەکی ڤۆڵتێر (شا لویسی چواردە) بوو، چونکە پەرلەمان و پیاوەکانی دادپەروەر و یەکسانیخواز نەبوون. شا لویس و پیاوەکانی خۆپەرستبوون و پارە دەبەنگی کردبوون، هەروەها باجێکی زۆریـان لە خەڵکی وەردەگـرت. شا لویس خەریکی تێرکردنی حەزە شەخسییەکانی خۆی بوو، لەو پێناوەشدا پارەیەکی زۆری خەرجدەکرد و لەرێگای باجەوە ئەو پارە و خەرجیانەی بۆ دەگەڕایەوە. لەبەر ئەوە ڤۆڵتێر زۆر دژی شا لویس بوو. شۆڕشی فەڕەنسی کۆتایی بەدەسەڵاتی شا هێنا و بەتۆمەتی خیانەتکردن کوژرا.

نەیارێکی دیکەی ڤۆڵتێر کڵێسا بوو، ئەو زۆر رقی لەدەسەڵاتی کڵێسا دەبۆوە و لەگەڵ زۆر فەیلەسوفی دیکە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی، کە دەبێت کڵێسا بڕوات، چونکە پیاوانی ئاینی بەناوی ئاینەوە دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو، سەروەت و سامانێکی زۆریشیان پێکەوەنابوو. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوەبکرێت، کە ڤۆڵتێر کەسێکی بێ باوەڕ نەبووە و چەندین جار باوەڕداری خۆی راگەیاندبوو.

لەسەر ئاستی شەخسیش ڤۆڵتێر نەیاری فەیلەسوف رۆسۆ بووە. رۆسۆ پێی وابوو کۆمەڵگە پێویستی بە (گرێبەست)ێك هەیە کە هەمووان پەیڕەوی بکەن، هەروەها رۆسۆ بڕوای بە یاسای سروشتی هەبوو بەو مانایەی خەڵك بە سروشتی خۆیان بوونەوەرێکی باشن و لەلایەن کۆمەڵگەی مۆدێرنەوە وێرانکراون. ئەم تێگەیشتنە بەلای ڤۆڵتێرەوە قبوڵکراو نەبوو، بۆیە بەشێوەکی گاڵتەجاڕ و تەنزئامێز هێرشی دەکردە سەر رۆسۆ.

**هەندێك لە بۆچوونەکانی ڤۆڵتێر:**

* مرۆڤ ئازادە لەوکاتەوەی کە بیەوێت ئازاد بێت.

* قەڵەم هەڵگرتن بەواتای ئەوەی تۆ لەجەنگدایت.

* خودایە دیـاری ژیانمان پێ ببەخشە، ئیدی پەیوەندی بەخۆمانەوە دەبێت، کە ئێمەش دیاری (باش ژین) بەخۆمان ببەخشین.

پەراوێز:

CANDIDE، رۆمانێکی تەنزئامێزی فەیلەسوف ڤۆڵتێرە، کە لە رێگایەوە رەخنەدەگرێت لە: دەســەڵات، ســەروەت، خۆشەویستی، فەلسەفە، ئاین، پەروەردە، گەشبینی. CANDIDE ناوی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە.

# نامەیەکی فیورباخ
# بۆ هیگڵ

نوسینی: فیورباخ

ڕێگا بەخۆم دەدەم، مامۆستای بەڕێز، بەناردنی ئەم نامەیە بۆ تۆ، هەرچەندە لە نوسینیدا هیچ بەهایەكی تایبەتی پێ نابەستمەوە یاخود پێموانییە جێگەی بایەخی ژێری تۆ بێت. ئەم نامەیە دەنێرم لەبەرئەوەی من (نوسەری نامە) لە پەیوەندیەكی تایبەتیدایە: ئەویش پەیوەندی خوێندكارێكی ڕاست بۆ مامۆستاكەی. لەماوەی دووساڵدا لە بەرلین ئامادەی وانەكانت بووم، بۆیە بەخۆشحاڵییەوە پێزانین و ڕێزگرتنی خۆم وەك ئەركێك بۆ مامۆستاكەم دەردەبڕم، بەڵام لەهەمان كاتدا ئەم پەیوەندییە تایبەتییە ترسێك لەناخمدا دروستدەكات بۆ ناساندنی كارەكانم. ئەگەر پێزانین و ڕێزگرتنی بەرزی قوتابی بۆ مامۆستاكەی دەربربڕدرێت دەبێت لە ڕێگای هەڵسوكەوتی دەرەكی، قسەكردن، یاخود هەستەكانەوە نەبێت، بەڵكو دەبێت تەنها لەڕێگای كارەكانەوە بێت. بۆیە ئەمە شتێكی مومكینە ئەویش تەنها لەڕێگای كارە تەواو بووەكانەوە، كاتێك قوتابی داواكارییەكان جێ بەجێ دەكات، كە بەشێوەیەكی سروشتی لەسەر كەسێك دادەنرێن، ئەوكاتە قوتابی شایەنی ئەوەیە وەك قوتابییەكی ڕاست تەماشابكرێت.

هەرچەندە سەیری كارەكەم دەكەم- ئەگەر ئەم نوسینە بتوانێت ئەو ناونیشانە وەربگرێت- بۆخۆم دەزانم كەچی جێی ڕەخنەیە و چی ناتەواو و خراپ و عەیبدارە، بۆیە ناتوانم وای دابنێم كە نوسینەكەم بەدیهێنەری ئەو داواكاریانەیە كە لەسەر خۆمی دادەنێم – ئەو كەسەی بۆ ماوەی دووساڵ چێژم

لەفێرکردنی گرنگ و بەردەوامی تۆ بینیوە. شتێکی راستە هۆکاری هەڵە و عەیبی زۆری نوسینەکەم دەبێت سەیربکرێت لە روانگەی تەسکی سنورەکانی: بوار، مەبەست، زمانی سەپێندراو بەگشتی و بەتایبەتیش لە بواری فەلسەفەدا. لەبەرئەوە بوونی هەڵەی زۆر شایەنی لێبووردنە. لەگەڵ ئەوشدا ناتوانم لەخۆم ببوورم لە بەکارهێنانی ئەو ئازادیەدا بە ناردنی نامەکەم بۆ تۆ، بەڵام دەتوانم ئەو کارەبکەم تەنها بەهۆی هۆشیارییەوە- بەکراوەیی دانی پێدادەنێم- کە بەشێوەیەکی تەواو و گشتی ئەو هۆشیارییە روحی ئەندێشەبوون هەناسەپێدەدات. هۆشیارییەك- کە بەدڵنیاییەوە پارچەیەکی ریشەکێشکراوە لەلایەن بارودۆخی دەرەکییەوە- ئەو هۆشیارییە بەرهەمی توێژینەوەی ناو ژیانە، بۆیە قسەکردن باشترە لەسەر بنەماکان بێت، نـەوەك قسەکردنبێت لەسەر تێگەیشتنی رەسمی و خەیاڵی هزر و چەمکەکان کە ناوەڕۆکی کار و وانە زارەکییەکانی تۆ پێکدەهێنن. ئەو تێگەیشتنە پەیوەندی هەیە و دەبێتە هۆی خواردنی روح، کە تەنها هێزی بەرهمدار و سەربەخۆی ئەم ناوەڕۆکەیە- کەواتە تێگەیشتنی ئازاد، هیچ مانایەکی لە هەڕەمەکی و هەڵبژاردن و پارچەبووندا نییە.

من بەئاگام لەوەی ئەو بۆچوونانەی لەلام دروستبوون، یاخود بێداربوونەتەوە بەهۆی تۆ و لەرێگەی فەلسەفەکەتەوەن، پلە بڵندی بەدەستناهێنن لەسەر ئاستی جیهانی، ئەمە شتێکی ئاشکرا و هەستپێکراوە، بەڵام بەردەوام لەناومدا هانی داهێنان دەدەن. ئایدیاکانت، ئەگەر باسیانبکەین، لەبەهەشتەوە دێن و لەگەڵ

خۆیان بێ ڕەنگی پاکوڕوونی و جوانی و یەکێتی دروستدەکەن. دێنە خوارەوە و شێوەیەکی ئیدراك دروستدەکەن و تایبەتمەندی دەبڕن، هەڵدەوەشێننەوە و لەناو خودی رووخساردا بەسەر رووخساردا زاڵدەبن. هاوکات هۆشیارم بەوەی نامەکەم هەڵگری هزرێکی گشتییە لە فۆڕمێکی: ناتەواو، خـاو(سـادە)، هەڵە، کەشکستی هێناوە لە دوورخستنەوەی تەجرید (نابەرجەستە) و نوسراوەکەم لەسەر شێوازی جۆرە فەلسەفەکردنێکە، کە دەکرێت بناسرێت وەك ئیدراك و بە عەلمانیکردنی بیرۆکە، یاخود بەرجەستەکردنی لۆگۆ (نیشانە)ی پاك، بەڵام لەهیچ حاڵەتێکدا گشتاندن نییە، یان تەرجەمەکردنی بیرکردنەوە نییە بۆ ئیدراکی بەتاڵا، یاخود تەرجەمەکردنی هزر نییە بۆ وێنە و هێماکان. ئەم هۆشیارییە، ئازایەتی ئەوەم پێدەبەخشێت، سەرەڕای ئەو کەموکوڕییەی لەکارەکەمدا هەستپێدەکەم، کە بتوانم پێشکەشی تۆی بکەم، هەروەها دڵنیام کە ئەم شێوازە لە فەلسەفەکردن، تا ئێستا لەخۆم جیانەبۆتەوە و دەرنەچووە، بەڵام فڕێی دەدات تروسکەیەك لە کارەکەم کە لەمندا ئامادەیە و لەوانە دروستببێت یاخود نەبێت و هەرگیز نەبێتە فۆڕمێکی تـەواو. لەبەرئەوە، هـەروەك وتومە، دڵنیام ئەم شێوازی فەلسەفکردنە لەکاتی گونجاودا دروستدەبێت، یان بە پێچەوانەوە لەرووحی نوێترین و تازەترین فەلسەفەدا، کە بەکاردەهێنرێت دەدۆزرێتەوە.

فەلسەفەیەك کەناوی تۆی هەڵگرتووە و مێژوو و خودی فەلەسەفە ئاشنان پێی کاری رێبازێك نییە، بەڵکو کاری مرۆڤایەتییە.

بەلایەنی کەمەوە روحی نوێترین فەلسەفە داوا دەکـات بۆ نەهێشتنی سنوورەکانی تەنها رێبازێك، بۆ ئەوەی ئیدراك ببێتە شتێکی جیهانی- مێژووی و گشتی. لەوێ لەناو ئەو روحەدا، نەك تەنها تۆوی چالاکی باڵای ئەدەبی، بەڵکو روحێکی جیهانگەرایش نیشتەجێدەبێت و لە رێگەی (راستی)یەوە خۆی بەیاندەکات، وەك چەرخێکی نوێ لە مێژووی جیهان بەوشێوەیەی کە هەبووە. پرسی ئێستا، ئەگەر بیزانین، بریتییە لە دۆزینەوەی شانشینێك، شانشینی ئایدیا، شانشینی هزر، لەخۆی و هەموو ئەو شتانە رادەمێنێت، کە بوونیان هەیە هەروەها هۆشیارە بەرامبەر خۆی. دامەزرێنەری ئەو شانشینە هیچ نازناوێك هەڵناگرێت، یاخود تاکە کەسێك نییە، ئەگەر تاکە کەسیش بێت ئەوا بەتەنها بریتییە لە روحی شانشینەکە. زیاتر لەوە پرسەکە بریتییە لە فڕێدانی (ئیگۆ= خود) لەسەر عەرشەکەوە، کە لەسەرەتای دەرکەوتنی مەسیحییەتەوە بەسەر جیهاندا زاڵبووە و قەناعەتی بەخۆی کردووە، کە بریتیە لە تەنها روح بۆ بوون. ئەم رووحە{بەهۆی تەئکیدکرنەوەی خۆیەوە} وەك رەهـا، خۆی سەلماندووە لە رێگای چەوساندنەوەی راستی رەها و روحی بابەتی بوون. ئەم روحە ئیگۆیە دەبێت لە عەرشی ستەمکاری بهێنرێتە خوارەوە بەشێوەیەك، کە ئایدیا لەوانەیە واقعی بێت و باڵادەست بێت، یان لەوانەیە لەناو هەموو شتەکاندا بدرەوشێتەوە وەك یەك رووناکی و ئیمپراتۆری کۆنی ئەهراموزدا و ئەهریمەن و دوالیزمی بە شێوەیەکی گشتی داگیربکات. ئەمە رووندادات، بەو شێوەیەی

تا ئێستا لە مێژوودا هەبووە، رووناداتی لە باوەڕبوون بە کڵێسای دوور لە دنیا و هەڵگەڕاو بەدەوری خۆیدا، هەروەها رووناداتی لە رێی ئایدیای یەك ماددە و ئایدیای ئەودیوسروشت، یاخود ئایدیای نەگەتیڤ و ئایدیای پەیوەندی تایبەتی هەندێك شت بەیەکتریەوە، بەڵکو ئەمە دەکرێت لە رێگای مەعریفەی عەقڵی، مەعریفەیەك هۆشیار بەخۆی وەك (هەموو واقع)، لەرێگەی عەقڵگەرایی تاك و گەردوون، بوون و زانین، ئامادەبوو لە هەموو شوێن و کاتێك، ئەمە دەکرێت لە رێگەی عەقڵگەرایی دانەبڕاو لە خۆی و لەتنەبوو بەهۆی جیاوازییەکانەوە دەبێت و پێویستە لە کۆتایدا حوکمی تاکلایەنەی عەقڵا باڵادەستبێت. فەلسەفە، کە بۆماوەی هەزاران ساڵ کاری کردووە بۆ کامڵکردنی عەقڵا و ئیدراك و لەو رێگایەوە پلەی خۆی بەرزکردۆتەوە، تا هەموو جیهان لە ئامێزبگرێت- یان هەرناوێکی لێدەنرێت- هەمیشە لەناو بڕیاردانێکی تایبەتدا، کە چەمکێکی یەکلاکەرەوەیە، شتێکی فڕێداوەتە دەرەوە ئەمە شتێکی راستییە و هەمیشە بەردەوامە. ئایا ئەو چارەنوسە بوون خۆیەتی لە: گشتیدا، لە دیندا، لە سروشتدا، یان لە ئیگۆدا...هتد. فەلسەفە، من دەڵێم، کە (هەموو خۆی) وەك شتێکی هەموو (تەواو=یەکپارچە) گرتووە لە فۆڕمی هەمووشدا دەری دەبڕێت، لە دەرئەنجامدا پێویستە هیچ شتێك نەمێنێتەوە وەك شتی دووەم، یان شتێکی تر، لەوانەیە لەگەڵ دەرکەوتن یاخود ماف و داواکردنی شتێك وەك راستی دووەم بۆ نمونە راستی ئاینی...هتد.

شێواز و شێوەی ئیدراککردنی هەزار ساڵە کە باسی یەکەم (دروستبوون)ی ئاسایی دەکەن و خۆیان فراوان کردووە بەدرێژایی مێژوو، دەبێت نەمێنن، چونکە گەیشتونەتە مەعریفەی غرور و سنووری خۆیان، هەرچەندە ئەگەر ئەو مەعریفەیە روون و ئاشکرا نەبێت. هەموو شتێك دەبێت ببێتە ئایدیا و عەقڵا. ئەوەی ئێستا گرنگە بناغەیەکی نوێیە بۆ شتەکان، مێژوویەکی نوێ، درووستبوونی دووەم، کە چیدی کات و دەرەوەی هزری کات بوونی نییە، بەڵکو عەقڵا دەبێتە فۆڕمێکی گشتی بۆ ئیدراککردنی شتەکان. دەبێت بەشێوەیەکی تەواو روونبێت، کە مرۆڤایەتی تاوانباردەبێت بەشێتی ئینکاری ئەگەر باس لە شتەکان بکات بەبێ یاخود لەدەرەوەی هزر، تەنانەت مرۆڤ نابێت باسی ئەوەشبکات کە هزر شتێکی شەخصی و ناڕاستە. لە راستیدا مرۆڤ، هاوشێوەی خودی شتەکان، لەدەرەوەی هزر بوونی نییە. بیرکردنەوە بریتییە لە بۆشایی راستەقینەی گشتگیر بۆ لە ئامێزگرتنی هەموو شت و هەموو بابەتەکان. هەموو شتێك، هەموو بابەتێك ئەوەیە کە هەیە، ئەویش لە رێگای نوێنەرایەتیکردنەوە یاخود بیرکردنەوە لێی، بەڵام دواتر روونەدەبێتەوە کە ئیگۆ - هەروەها هەموو ئەو شتانەی پشتی پێدەبەستێت - زاڵدەبێت لەڕێی مەعریفەوە وەك شتێکی تەواو نەگۆڕ، وەك پرەنسیپێکی گشتی و یەکلاکەرەوەی جیهان و ئیدراك. تەنانەت ئیدراکی دەرەکی نامێنێت و ئەوکاتە ئاشکرادەبێت کە ئیگۆ=خود کۆتایدێت و دەوەستێت لەوشتەی پێشتر هەبووە، تەنانەت لەناویش دەچێت.

لەبەرئەوە، لێرەدا پرسەکە دەربارەی گەشەکردنی چەمکەکان نییە لە فۆڕمی ( گشتێتی و پاکێتی موجەڕەد) و دوور لەخۆیان، بەڵکو پرسەکە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی تێگەیشتنە (جیهانی-مێژوو)یەکانی ئیدراك، کە تارۆژی ئەمڕۆ گریمانەکراون. رێگاکانی تێگەیشتن لە: کات، مردن، ئەم دنیا، ئەو دنیا، من، تاك، کەس، هەروەها ئەو کەسەی دادەنرێت بە کەسێکی رەها لەدەرەوەی ناکۆتایی واتـە خودا،...هتد: ئەو رێگایانەی کە پێکدێن لە بناغەکانی هەریەك لە مێژوو، کە تا ئەمڕۆ مەزەندەکراون لەگەڵ سەرچاوەی نوێنەرایەتیکردنی سیستەمی مەسیحییەت، ئەرتەدۆکس، هەروەها عەقڵانییەت. ئەمە پرسی نقومکردنی ئەو راستییەیە، پاشان بواردان بە زانینەکان بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیان دابنرێن، کە دەستبەجێ دەبنەهۆی دروستکردنی ئیدراکی بڕیاردەری دنیای ئەمڕۆ. ئەو زانینانە خۆیان دەبیننەوە لەناو فەلسەفەی مۆدێرن، هەروەها لەناو شانشینەکە و لە ئایندەدا لە شێوەی راستی رووت و گشتیدا.

لەبەر ئەم هۆکارەیە، کە مەسیحییەت ناتوانرێت وەك ئاینێکی تەواو و رەها لێی بڕوانرێت. ئەمە تەنها دەبێتە شانشینی واقع، شانشینی ئایدیا و عەقڵی مەوجود. مەسیحییەت هیچ نییە جگە لە ئایینی خودپاکی، ئایینێك کەسەکە دەکاتە رووحێکی گۆشەگیر و بەگشتی رێ لەبەروپێشچوون دەگرێت. مەسیحیەت ئەم راستییەیە، کە هاودژە لەگەڵ دنیای کۆن. ئەمە مانای چییە، بۆ نمونە، ئایا سروشت هەیە لەم ئاینەدا؟ سروشت چ شتێکی بێ رووح

و بێ هزری هەیە لەناو ئەم ئاینەدا؟ هەروەها نەبوونی رووح و هزر یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی ئەم ئاینە. لە راستیدا، لەوێ لە سروشت نەگەیشتوون، سروشت نادیارە، سروشت براوەتە سەرەوە بۆ یەکێتی کرۆکی خودایی، بۆیە تەنها کەسێك-نەك سروشت نەك جیهان، نەك رووح- ئاهەنگی رزگاربوون دەگێرێت، رزگاربوونێك کە تەنها لە مەعریفەدا دەتوانرێت بدۆزرێتەوە. ئەمە هۆکاری ئەوەیە، کە تا ئێستا لە مەسیحییەتدا عەقڵا ئازاد نەبووە. هەر لەبەرئەوەشە کە تائێستا مردنیش شیوازێکی بێ رووحی وەرگرتووە- لەگەڵ ئەوەی مردن شتێکی ئاساییە بەلای کرێکارێکی ناو خاوەن رەزێکەوە، بەڵام بۆ قوتابی و هاوەڵی مەسیح بۆ یەکەمجار کردەی رزگاربوون بەتەواوەتی دێتە دی. هەرچەندە بناغە و سەرچاوەی هەر ئاینێك دەکەوێتە ناو فەلسەفەوە، لەناو حاڵەتێکی سنووردار لە ئیدراك ئاین تیایدا لەنگەردەگرێت، بەڵام مەسیحییەت دادەنێت بە ئیدراکی بێ سنووری، نێگەتیڤی، ئەودیو سروشت بەشێوازێکی بێ قەید و شەرت و بڕواپێهێنەر. بەشێوەیەکی گشتی، هەموو ئایینەکان هەتا ئێستا، هیچ نەبوون جگە لە: ئێستای بەردەست، دەرخەر و رووخساری گەردوونی هەندێك فەلسەفە، وەك یەك هەمووی یەکگرتووی هەندێك سیستەمی جیاواز، بۆ نمونە مەسیحیەتی یۆنانی رووخسارێکە بڵاودەبێتەوە لەشێوەی سنوورداری نەگۆڕ لە رووحی فەلسەفەی هێلینستیدا. دەبێت ئێستا هەوڵی تاك ئاڕاستە بکرێت لە رێگای روحی ئایینەوە وەك روحێك، بەرەپێش دەڕوات لە رووخساردا، کە هیچ نییە جگە لە خۆی.

ئێستا پێویستە وازبهێنم لەترسی بەزاندنی سنوورەکانی شەرم و رێز، ئەویش بۆ پاراستنی زیاتری تۆ لە پێناو شرۆڤەی زانینم، هەوڵدانم، هزرەکانم. بەو هیوایەی ئەم نامە و نوسراوەم میهرەبانانە قبوڵبکەیت، کەلانی کەم پێشنیاری فەلسەفەی تەتبیقی زاتی و هەوڵدان دەکات بۆ بانگکردنی ئایدیای ئەبستراکت بۆناو ئامادەبوونی بەردەست. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوپەڕی رێز و پێزانینی دڵسۆزت، لودفیگ فیورباخ، دکتۆری فەلسەفە.

# سروشتی دەوڵەت
# لای سپینۆزا

تێگەیشتنەکانی سپینۆزا بۆ ئایین دەرئەنجامێکی سیاسیان لێدەکەوێتەوە بەڕادەیەك زۆربـەی لێکۆڵەوەران لەکارەکانی سپینۆزا پێیان وایە لە نوسینی کتێبی (رێکەوتن – TREATISE) سپینۆزا ئەجندایەکەی سیاسی هەبووە، چونکە لەو کتێبەدا سپینۆزا رەخنەی توند ئاڕاستەی دەسەڵاتە ئاینییەکان دەکات بۆ دەستخستنە ناو کاروباری سیاسییەوە. لەو کتێبەدا سپینۆزا زۆر بە قوڵی چەمکی دەوڵەت شیدەکاتەوە، لەکاتێکدا زۆر بە سادەیی لە کتێبی ئەخلاق (ETHIC) دا پێشتر باسیکردبوو.

ئاگاداربوون لە سروشتی راستەقینەی کۆمەڵگەی سیاسی گرنگە بۆ ئاشنابوون بە ئارگۆمێنتەکانی سپینۆزا دەربارەی ئازادی رۆشنبیری و ئازادی ئایین، چونکە بە بۆچوونی سپینۆزا ئازادی نەك هاوسەنگی (سیاسەتی باش) دەپارێزێت، بەڵکو بناغەیەکی پتەوی ئەو سیاسەتەیە.

خۆپەرستی ئەخلاقی تاك دەکەوێتە دەرەوەی دەقی بەر لە سیاسەتەوە، کە بە دەوڵەتی سروشت ناسراوە: ئەو دەوڵەتەی کە هیچ یاسا و ئایین و مۆڕاڵێك تیایدا باڵادەست نییە، تاك ئازادە لەوەی چی دەکات و چۆن خۆی پەروەردە دەکات، لەم جۆرە دەوڵەتەدا تاك تەنها لە ژێر کۆنترۆڵی سروشتدایە و سەربەستە لەوەی چۆن دەگاتە ئامانج و مەبەستەکانی لەرێگەی عەقڵەوە، یان لە رێگەی سۆز و ئـــارەزووەوە. مـرۆڤ هـەوڵـدەدات بۆ بەدەستهێنانی سودمەندیەکانی ژیانی بەهەر رێگایەك بێت: بە رێگەی (راست و دروست) یان (هێز و تەڵەکە و درۆ) یان

بەهەر ڕێگایەك، کە بۆ خۆی بە گونجاوی دەزانێت لەهەمانکاتدا ئەو مرۆڤە بۆ خۆی بڕیاردەدات  (کێ و چی) ڕێگر و دوژمنە لە بەرامبەر گەیشتن بە ئامانجەکانی دا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جۆرە حاڵەتە لە ژیاندا ترسناکە و سەلامەت نییە. هۆبز پێی وایە- هاوکات (سپینۆزا)ش، کە بە توندی کەوتۆتە ژێر ئەم خوێندنەوەیەوە: دەوڵەتی سروشتی (دەوڵەتێکی تەمەن کورت، تاکڕەو، هەژار، دڕندە) یە. وەك کائینێکی عاقڵ (ئێمەی مرۆڤ) زوو هەستدەکەین پێویستە واز لەم جۆرە ژیانە بهێنن و بگەینە ڕێککەوتن و تێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوانماندا بۆ ڕێگرتن لە خەون و حەزە (خۆپەرستیەکانی تاك) بۆ ژیان لە ژێر سایەی یاسادا نەك لە ژێر سایەی سروشتدا. بەم هەنگاوەش دەتوانین ژیان و سەلامەتی و بەرژەوەندیەکانمان بەیەکەوە بپارێزین. دەوڵەت ئەگەر (پادشایی) بێت یان (حوکمی کەمینە) بێت، یان دەوڵەتی (دیموکراسی) بێت دەتوانێت پارێزگاری لە هێز و دەسەڵاتی خۆی بکات. هەر کاتێك سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە (ڕێکەوتنی هاوبەشی) نێوانیان پاراست ئەویش لەڕێگای نەشکاندنی (پەیمان کۆمەڵایەتی) کۆمەڵگەکەیان. ملکەچ بوون و گوێڕایەڵ بوونی دەوڵەت پێچەوانەی ئازادیەکانی ژیانمان نییە، لەکاتێکدا ئەگەر ئەوانەی فەرمانڕەوایمان دەکەن، ئازادانە هەڵمانبژاردن و هاوکات فەرمان و داواکارییەکانیشیان پێچەوانەی بەژەوەندییە باڵاکانمان نەبن. لەسەر دەوڵەت ئەو ئازادییە بپارێزیت و هەر یاسایەکیش دەربکات دەبێت ببێتە هۆی پتەوکردنی جەستەی

دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا. ئەم شێوەیە فۆڕمی (سروشتی) حکومەتەکە لە هەناوی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کۆمەڵگە گەشە دەکات، لە دەوڵەتی دیموکراسی دا، کە خەڵکی تەنها گوێڕایەڵی یاسا دەبن، ئەو یاسایانەی لەبەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگە دایە و دژی بەکارهێنانی دەسەڵاتیشە لەلایەن دەوڵەتەوە. لە دەوڵەتی دیموکراسی دا، دیموکراسییەت حکومی گەل و دەوڵەتی ئازادی و سەلامەتییە، لەکاتیکدا دەوڵەتی پادشایی حکومی تاکەکەسی دەوڵەتی چەوساندنەوەو پێشلکارییە. لە کاتێکدا ئاین ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان هاوڵاتیاندا هەیە، بەڵام پێویستە لەسەر دەوڵەت کۆنترۆڵی سەرجەم لایەنە (دین و دنیا) یەکانی کۆمەڵگە بکات، نابێت کڵێسا لە دامـەزراوە دین و دەوڵەتییەکان جیابکرێتەوە، چونکە بەم هەنگاوە ڕێ لە تایەفەگەری و ململانێی ئاینی دەگرێت.

سەبارەت بە تقوس و سروتە ئاینییە دەرەکییەکانیش، پێویستە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدابن، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی هەموو کەسێك دایە، هەروەها لەم کاتەدا دەوڵەت هەستدەکات جێ بەجی کردنی ئەم سروتانە تەریبە لەگەڵ ئاشتی و سەلامەتی کۆمەڵگە. دەوڵەت پێویستە بە شێوەیەك کۆمەڵگە بەڕێوە ببات، کە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی دەبێتە هۆی سەپاندنی یاساکانی خودا: پشتیوانی دەوڵەت لە دادگەری و چاکەکاری هێز دەبەخشێتە کۆمەڵگەی مەدەنی. سەبارەت بە بیروباوەڕ و قەناعەتە زاتییەکان، ئەوانە مافی تایبەتی تاکە کەسن و دەوڵەت

ناتوانی کۆنترۆڵیان بکات و یاسایان بۆ دابنێت. هیچ کەسێك ناتوانێت بیرکردنەوە و باوەڕی کەسێکی دی کۆنترۆڵبکات، ئەگەر دەوڵەت هەوڵێکی لەو شێوەیە بدات، ئەوا کارەساتێکی وێرانکەری لێدەکەوێتەوە، چونکە هەموو تاکێك مافی تایبەتی خۆیەتی بە چ شێوازیك بیردەکاتەوە ئازادیشە چ جۆرە قەناعەتێکی هەیە. هاوکات هەوڵدان بۆ سیستماتیزەکردنی قەناعەتەکانی تاکەکانی وەك ئەوەی دەوڵـەت دەیەوێت کارێکی حەتمییە و زیان بە ڕەفاهیەتی گشتی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، چونکە مرۆڤەکان لە یەکتر جیاوازن و حەز و خولیای جودایان هەیە و ناکرێت لە قاڵببدرێن. سپینۆزا پێ وایە ڕەفتار و گوفتارەکانی تاك سنوردار ناکرێن تەنها لەو کاتانەدا نەبێت، کە ئەو ڕەفتار و گوفتارانە دەبنە هۆی هەرەس پێهینانی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کۆمەڵگە.

سەرئەنجام دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی، کە باشترین دەوڵەت ئەو دەوڵەتەیە ئازادی بیرکردنەوە و ئازادی بیروباوەڕ دابینبکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە، هەندێك جار لە هەناوی ئەو ئازادییەدا سوکایەتی و پێشلکاری ڕوودەدەن، هەربۆیە هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە لەرێگای یاساوە وەك قوڵ کردنەنەوە گرفتەکانە نەوەك چارەسەرکردنیان. سپینۆزا پێ وایە فراوان بوونی مەوداکانی ئازادی دەبێتە هۆی گەشەپێدانی زانست و هونەر (سپینۆزا) زیاتر ڕوونی دەکاتەوەو دەڵێت: ئـەو شوێن و کەسانەی دەسەڵاتدارانیان ئـازادن، لەسەرجەم لایەنەکانی ژیان دا سەرکەوتن.

# تیۆری سیاسی ئەرستۆ

نوسینی: فرید میللەر

ئەرستۆ فەیلەسوف و ژیربێژ و زانـای یۆنانی، لەگەڵ ماموستاکەی ئەفلاتوون بە یەکێك لە بیریارە کاریگەرەکان دادەنرێت لە زۆر بواری فەلسەفیدا، لەوانەش تیۆری سیاسی. ئەرستۆ لە (STAGIRA)ی باکوری یۆنان لەدایکبووە، باوکی پزیشکی بنەماڵەی پادشایەتی بـووە. لەسەردەمی لاوێتیدا لە ئەکادیمیای ئەفلاتوون لە ئەسینا خوێندویەتی. دوای مردنی ئەفلاتوون، ئەرستۆ ئەسینا بەجێدەهێڵێت و بەردەوام دەبێت لە گـەڕان و لێکۆڵینەوەکانی لە بـواری فەلسەفە و زیندەوەرزانیدا، پاشان لەلایەن شا فلیپی دووەم، شای (ماسادۆن – MACEDON) بانگهێشت دەکـرێـت بۆ ئـەوەی ببێتە ماموستای تایبەتی کوڕەکەی، ئەسکەندەری مەزن، دوای ئەوەی ئەسکەندەری مەزن شوێنی باوکی دەگرێتەوە، دەستدەکات بە یەکخستنی شارەکانی یۆنان و دەردەچێت بۆ داگیرکردنی ئیمپراتۆریەتی فارس، ئەرستۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا. لەم کاتەدا ئەرستۆ هەندێك لە کارە سەرەکییەکانی تەواو دەکات. لەوانەش سیاسەت. دوای ئەوەی ئەسکەندەری مەزن دەمرێت، ئەرستۆ ناچار دەبێت ئەسینا بە جێ بهێڵێت بەهۆی ئەوە پەیوەندیانەی لەگەڵ بنەماڵەی ماسادۆنیا هەیبووە، پاش ئەوە بە ماوەیەکی کەم کۆچی دوایی دەکات.

ژیانی تایبەتی ئەرستۆ کاریگەری زۆری خستۆتە سەر بیرکردنەوە سیاسیەکانی لە زۆر لایـەنـەوە: حـەزی ئـەو لە زیندەورزانی ئاماژەی پێکراوە لە سروشتی تیۆرە سیاسیەکەیدا.

حەزی ئەو بۆ سیاسەتی بەراوردکاری و دیموکراسی ئاماژەی پێکراوە لە رێگەی سەفەر و ئەزموونەکانییەوە لە گۆڕانی سیستەمە سیاسیەکاندا بە توندی رەخنەی لە کارەکانی ئەفلاتوون: کۆمار، پیاوی دەوڵەت، یاسا، گرتووە. کتێبی سیاسەت کە لەلایەن خۆیەوە نوسراوە وەك رابەرێك وایە بۆ کاربەدەستان و پیاوانی دەوڵەت.

## زانستی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی

وشـــەی مـۆدێـرنـی سیاسەت POLITICS لـە وشـەی POLITICOS ی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای (شار) دێت. وەك شارەکانی ئەسینا و سپارتا، کە لە چەند یەکەیەکی بچووکی یەکگرتوو پێکهاتبوون و لە رووی خەمی ئاینی و کلتورییەوە هاوبەشبوون، دەوڵەتی نەتەوەیی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەو فۆڕمەی هەیە. وشەی سیاسیەت لای ئەرستۆ بە مانای زانستی سیاسی دێت، کە سەر بە یەکێك لە سێ لقەکانی زانستە و ئەرستۆ بە پێی ئامانجەکانیان پۆلێنیکردوون و لە یەکتری جیاکردونەتەوە. یەکەم: زانستی تێڕامان، کە تایبەتە بە زانینی راستی و زانیاری. دووەم: زانستی جێبەجێکردن، کە تایبەتە بە ئەنجامدانی کـاری باشە. سێیەم: زانستی بەرهەمهێنان، کە تایبەتە بە دروستکردنی شتی جوان و باش. سیاسەت دەچێتە خانەی زانستی جێ بەجێکردنەوە، کە ئامانج لێی ئەنجامدانی کاری باش و ئاسوودەکردنی هاوڵاتیانە. (لەهەمان کاتدا دەتوانین وەك زانستی بەرهەمهێنان سەیری

بکەین، کە ئامانج لێی دروستکردن و پاراستن و چاکسازییە لە سیستەمی سیاسیدا).

ئەرستۆ وا دەڕوانێتە سیاسەت وەك دیسپلینێك، کە دەبێت پەیڕەوبکرێت زیاتر لەوەی شیبکرێتەوە و وەسف بکرێت. لە کتێبی NICOMACHEAN ETHICS 1.2 دا ئەرستۆ وەك زانستێکی دەسەڵاتگەرا دەڕوانێتە سیاسەت، کە دەبێت وەك زانستەکانی تر لە شاردا بخوێنرێت و پیشە و تواناکانی تری وەك: زانستی سەربازی، ماڵداری، وتاردان، بکەونە ژێر دەسەڵاتییەوە، لەبەرئەوەی زانستەکانی تری جێ بەجێکردن بەڕێوەدەبات. ئامانجەکان و هۆکارەکان دیاریدەکەن، کە ئەویش بریتییە لە بەدەستهێنانی چاکە بۆ مرۆڤەکان. تەنانەت ئەگەر ئامانجی تاکەکەس و شار وەك یەك بوو لەم کاتەدا دەبێت، ئامانجی شار لە بەرچاوبگیرێت و بەدەستبهێنرێت و بپارێزرێت. زانستی سیاسی ئەرستۆ لە دوو بوار دەکۆڵێتەوە، کە ئێستا لەلایەن بیریارانی مۆدێرنەوە بە ئەخلاق و فەلسەفەی سیاسی پۆلێن دەکرێن.

## تێڕوانینی ئەرستۆ بۆ سیاسەت

زانستی سیاسەت لە کار و فەرمانی سیاسەتمەداران و پیاوانی دەوڵەت دەکۆڵێتەوە، هەروەك چۆن زانستی پزیشکی گرنگی بە کاری پزیشکەکان دەدات. بەشێوەیەکی وردتر زانستی سیاسەت جەستەی زانیاری پسپۆڕانییەتی بۆ جێبەجی کردنی کارەکانیان. گرنگترین کاری سیاسەتمەداران دیاری کردنی رۆڵی (یاسادانەران)ە

بەمەبەستی دانانی دەستورێکی گونجاو بۆ شار. ئەم دەستورەش دەبێت: یاسایەکی درێژخایەن، داب و نەریت، دامەزراوەکان، لە خۆبگرێت بۆ هاوڵاتیان. کاتێك دەستوریش ئامادەکراو و دانرا لەسەر سیاسەتمەداران پێویستە یاسا و رێنمایی گونجاو دابنێن بۆ پاراستنی، یان ریفۆڕم ئەنجامبدەن ئەگەر پێویست بوو، هەروەها دەبێت سیاسەتمەداران رێگا لەو پێشهاتانە بگرن، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەمی سیاسی. بەمە دەوترێت زانستی یاسادانان، کە بەلای ئەرستۆوە لە سیاسەت گرنگترە کاتێك لە ژیانی رۆژانەدا جێ بەجی دەکرێت وەك جۆرێك لە مەراسیم.

ئەرستۆ بـــەردەوام دەبێت و سیاسەتمەدار بە پێشگەر دەشوبهێنێت. بەراووردەکە زۆر وورد نییە، ئەگەر لە سۆنگەی یاسادانانەوە سەیربکەین، بەڵام ئەگەر لەو سۆنگەیەوە سەیری بکەین، کە سیاسەتمەدار هەڵدەستێت بە دروستکردن و کارپێکردن و پاراستنی سیستەمی سیاسی بەپێی پرەنسیپی گەردوونی ئەوە بەراووردەکە راستدەبێت. بۆ ئەوەی لەم لێکچوونە بگەین، ئەرستۆ کـاری پیشگەرمان بۆ راڤـەدەکـات لە رێگەی چوار قۆناغەوە: قۆناغی مادی، قۆناغی شێوە (فۆڕم)، قۆناغی کارامەیی، قۆناغی کۆتایی. بۆ نموونە قوڕ (قۆناغی مادی)، دەکرێتە گۆزە (قۆناغی شێوە) لەلایەن گۆزەکەرەوە (قۆناغی کارامەیی) پاشان ئاوی تێدەکرێت (قۆناغی کۆتایی).

هەرکەسێك دەتوانێت شار لە رێگەی ئەم چوار قۆناغەوە شیکاربکات. شار کۆمەڵگەیەکە پێکهاتووە لە کۆی چەند

بەشێك كە چەند كار و ئامانجێكی هاوبەشیان هەیە. بەشەكانی كۆمەڵگە بریتین لە: ئابووری (دەوڵەمەند و هەژار) و سیاسی. هەروەها شار پێكدێت لە تاكەكانی كۆمەڵگە، كە لەگەڵ سەرچاوە سروشتیەكان دەبنە (قۆناغی مادی - مـادە) كە لەوانەوە شار دەنەخشێنرێت.

قۆناغی شێوەی شار بریتییە لە دەستوور. بەلای ئەرستۆوە، دەستوور بریتییە لە كۆمەڵێك یاسا و فەرمان بۆ دانیشتوانی شار. ئەرستۆ زیاتر قسە لەسەر دەستوور دەكات و پێی وایە دەستووری كۆمەڵگە (فۆڕمێكی رێككەوتن- یەكخستن)ە و كۆمەڵگەش هەمان كۆمەڵگە دەبێت بە درێژایی رۆژگار ئەگەر هەمان دەستووری هەبێت. دستوور دۆكیومێنتێكی نووسراو نییە، بەڵكو جەوهەری پرەنسیپی رێكخستنە، هەروەها دەستوور شێوازی ژیانی هاوڵاتیانە، ئەو هاوڵاتیانەی هەموو مافێكی سیاسییان هەیە.

دروستبوونی شار پێویستی بە قۆناغی كارامەیی هەیە. ئەگەر ناوی بنێین، ئەو كارامەییە بریتیە لە دەسەڵاتدار. بە بۆچوونی ئەرستۆ كۆمەڵگە كاتێك فەرمان وەردەگریت ئەگەر بنەمای دەسەڵاتداریەتی هەبێت. ئەم پرەسنیپی دەسەڵادارێتییە لە دەسـتووردا پێناسەیان بۆ كـراوە، كە دەسەڵاتی ئۆفیسی سیاسییەكان و ئۆفیسی پاشا دیاری دەكات. بە شێوەیەكی قوڵتر دەبێت لە قۆناغی كارامەیی دا، قەناعەت

به هاوڵاتیان بکرێت بۆچی شار دەستووری پێویستە. ئەو پێی وایە ئەو کەسەی یەکەم جار شار بنیات دەنێت سوودێکی زۆر دەگەیەنێت، وەك دروستکەری پاپۆڕێك، کە لە هەندێك مادە بەرهەمێکی نەخێشندراو دروستدەکات. بیروباوەڕی ئەرستۆش لەسەر قۆناغی کۆتایی لەم دێڕانەی خـوارەوە دەردەکەوێت:

لەکاتێکدا شار جۆرێکە لە کۆمەڵگە و هەر کۆمەڵگەیەك بۆ ئەوە دروستبووە کاری باش ئەنجام بدات (هەموو کەسێك ئەوە دەکات لە پێناوی ئەوەی کە پێ وایە باشە). شتێکی ئاشکراشە هەر کۆمەڵگەیەك ئامانجی هەندێك (باشەیە). ئەو کۆمەڵگەیەش کە دەسـەڵات و مەبەستەکانی زۆربـەی تاکەکانی تێدایە پێی دەوترێت شار، یان کۆمەڵگەی سیاسی. دوای دروستبوونی شار هاوڵاتیان بە دوای باشی و خۆشگوزەرانی شاردا دەگەڕێن، کە ئەمەش ئامانجی کۆتاییە.

## پوختە

شار رێککەوتنی هاوڵاتیانە لەسەر خاك (قۆناغی مادی) و دەستوور (قۆناغی شێوە)، دەستووریش لەلایەن یاسادانەرانەوە دارێژراوە، کە لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە پەیڕەودەکرێت، کە وەك پیشەگەران (قۆناغی کارامەیی)، هاوکات دەستوور ئامانجەکانی شار دیاری دەکات (قۆناغی کۆتایی).

# هایدگەر و پەیوەندی بە نازیزمەوە

نوسینی: DAVID DESMOND

ئەكادیمیای ئەڵمانیا ساڵی (1930)، پارتی نەتەوەیی سۆسیالیزمی قبوڵکرد، مارتن هایدگەر، گەورەترین فەیلەسوفی ئەوکاتەی ئەڵمانیا، لە ساڵی (1934)دا پەیوەندی دەکات بە پارتی نەتەوەیی سۆسیالیزمەوە (نازیزم). پەیوەندی هایدگەر بە نازیزمەوە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، لەبەر گرنگی بۆچوونە فیکیریەکانی ناوبراو، بە تایبەتی لە فەڕەنسا و ئەڵمانیا. پەیوەندی هایدگەر بەنازیزمەوە هێندە جیگای گرنگ نییە، بە ئەندازەی ئەوەی وەك فەیلەسوف پەیوەندی بەو رژێمەوە هەبێت، کە سەرچاوەی ئەو ترس و تۆقاندنە بێت لە کۆمەڵگەی ئەڵمانی و پاشان ئەوروپیدا. شیکردنەوەکان بەردەوامن سەبارەت بە سروشتی پەیوەندی هایدگەر بە نازیزمەوە.

مارتن هایدگەر (29)ی ئەیلولی ساڵی (1889) لەشاری (BADAN) لە خێزانێکی محافزکاری کاسۆلیك لەدایکبووە. باوکی هایدگەر یەکێك بووە لە سەرکردە دیارەکانی کڵیسای کاسۆلیکی لەشارەکەدا. لەماوەی ساڵانی (1909 – 1911) هایدگەر لە زانکۆی (FREIBURG) دەستکیرد بە خوێندنی تایبەت بەو بوارە، بەڵام بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی نەیتوانی خوێندنەکەی تەواو بکات، پاشان لە هەمان زانکۆ دەستیکرد بە خوێندنی فەلسەفە لەسەردەستی فەیلەسوفی بەناوبانگ (ئیدمۆند هۆسرێڵ – EDMUND HURSSEL) دامەزرێنەری فەلسەفەی دیاردەگەرایی. دواتر، هایدگەر دەستیکرد بە وتنەوەی وانەکانی ئاینزانی لەو زانکۆیەوە، و ووردە ووردە لە کاسۆلیکی دوورکەوتەوە و تەواوی وزەی خۆی بۆ فەلسەفە تەرخان

کرد. ساڵی (1923) هایدگەر بوو بە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی (MARBURG) تا ساڵی (1928) لەو زانکۆیە مایەوە، دواتر چۆتە زانکۆی (FREIBURG) و لە شوێنی مامۆستاکەی ئیدمۆند هۆسرێل بووە سەرۆکی بەشی فەلسەفە. تا ساڵی (1933) لەوانە وتنەوە بەردەوام بوو، ئەوکاتەی بووە سەرۆکی زانکۆ.

لە )1ی ئایاری ساڵی 1933)دا هایدگەر پەیوەندی دەکات بە پارتی نەتەوەیی سۆسیالیزمەوە. دوای ئەنجامدانی پرۆسەیەکی پاکسازی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ساڵی (1934) دەست لە پۆستی سەرۆکی زانکۆ هەڵدەگرێت، بەڵام هایدگەر پەیوەندی لەگەڵ پارتی نازیدا هەردەمێنیت و ئابوونەی دیاریکراوی خۆی دەدات بەو پارتە. هایدگەر بەردەوام بوو لە وانە وتنەوە لە زانکۆ تا ساڵی (1944). دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم هێزەکانی هاوپەیمانان ریگەیان نەدا چیتر لە زانکۆ وانە بڵێتەوە، بەڵام هیچ سزایەکی دیکەیان نەدا، چونکە بە بۆچوونی ئەوان پەیوەندی هایدگەر بە نازیزمەوە بۆ کاری خراپەکاری بەکارنەهاتووە.

ساڵی (1927) هایدگەر کتێبی (بوون و کات – BEING AND TIME) بڵاوبۆوە و زۆر زوو ئەم پەڕتووکە چوە خانەی پەڕتووکە گرنگەکانەوە. هایدگەر کاریگەربوو بە فەیلەسوفەکانی پێش خۆی لەوانە (سوکراتیەکان، نیچە، کیرگەگۆر، هۆسرێل). بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان هایدگەر شوێن پێی مامۆستاکەی (هـۆسرێـل) ی گـرتـووە لە بـواری دیـاردەگـەرایـدا، بەهۆی کاریگەریشی بە کیرگەگۆرەوە هەندێکی دیکە لە لێکۆڵەرەوان بە

بوونگەرا دەیناسێنن، لەگەڵ ئەمانەشدا هایدگەر پێیوایە بواری سەرەکی فەلسەفەکەی برییتە لە زانستی بوون.

هایدگەر بـڕوای وابـوو ئامانجی مـرۆڤ بریتییە لە ناسینی ئەزموونەکانی بەو شێوەیەی بیریان لێدەکاتەوە، پاشان گەڕان بە دوای (بوون) لە دنیادا. مرۆڤ بوون پەیوەندییەکی تایبەتی هەیە بە جیهانەوە، هەر مرۆڤێك پێویستە جیاواز سەیربکرێت، بۆ ئەوەی بگات بە ژیانێکی رەسەن. ژیانی ناسەڕەن بریتییە لەوەی مرۆڤ هەڵبدرێتە ناو دنیایەکەوە وونبێت تیایدا و لە ئەنجامدا پەیوەندی بە بوونەوە نەمێنیت. تێگەیشتن لە مانای بوون یەکسانە بە ژیانێکی رەسەن.

زۆربەی فەیلەسوفەکان (بوون و کات) بە کارێکی سیاسی دادەنێن، بەڵام پێیانوایە بۆچوونەکانی ئەو کتێبە کاریگەرییان هەبووە لەسەر هاریکاریکردنی هایدگەر لە داهاتوودا لە گەڵ نازییەکاندا. زۆربەی فەیلەسوفەکان بۆ سەلماندنی بۆچوونەکایان دەگەڕێنەوە سەر نوسینە بەراییەکانی هایدگەر. لەوبارەیەوە (فینسنت فاریەس – VINCENT FARIAS) لە کتێبی هایدگەر و نازیزمدا دەڵێت: «نیشانەکانی رووکردنە نازیزم لە پەڕتووکی (بوون و کات)دا بەڕوونی دیارن.» هەرچەندە ئەو کتێبە لەلایەن فاریەس و زۆربەی لێکۆڵەرەوانەوە وەك کتێبی فەلسەفەی نازیزم نەناسێنراوە، بەڵام پێیانوایە ئەو کتێبە چەند بیروبۆچوونێکی تێدایە کە خزمەتی ئامانجەکانی بزوتنەوەی نازیزمی کردووە. فاریەس لە (هانس ئێبلینگ – HANS ENLING) دەگێڕێتەوە»بە ئەندازەی تامەزۆربوون بۆ ئاژاوە و ئانارشیزم، کە لە پەڕتووکی (بوونو کات)

دا هەیە، ئەوەندەش تامەزرۆبوون بۆ وولاَتێکی تۆتالیتاری هەیە کە لەلایەن هایدگەرەوە لەکاتی پێشکەشکردنی وتاری بوون بە سەرۆکی زانکۆ دەخوێنرێتەوە. لەهەردوو حالەتەکەدا قبولکردنی بەرامبەر بە شێوەیەکی یەکسانییە، هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کەسی بەرامبەر بێ رەحمانە دەچەوسێنرێتەوە.»

هایدگەر نەیدەتوانی تا سەر کەسێکی سیاسی بێت. ئەو پێی وابوو فەلسەفە کرۆکی هەموو دیسپلینەکانە وەك: مێژوو، زانست، سیاسەت... هتد، لەگەڵ ئەوەشدا هایدگەر فەیلەسوف بوو، نەك سیاسی، ئەو خۆی خزاندبووە ناو کایەی سیاسەتەوە بۆ بەدەستهێنانی راستییەکی نوێ دەربارەی ئەڵمانیا. هەندێك لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە هایدگەر کەسێکی هەلپەرست بووە، ئەو بۆیە پەیوەندی کردووە بە نازیزمەوە بۆ ئەوەی دەستبەسەر زانکۆدا بگرێت، لەوێشەوە پەروەردەی نەوەکانی داهاتوو بکات. هەندێکی دیکەش پێیان وایە ئەوەندەی مەبەستی بووە لە نازیزم بینیویەتی.

لە 26 ی مایسی 1933 دا، هایدگەر لە یادی مردنی (ALBERT SCHLAGETER) کە لە بەرگریکردن لە داگیرکاری فەرەنسییەکان دا کوژرا و وتاریك پێشکەش دەکات تیادا هاتووە «ناوبراو لە زەمەنی تاریکی و زەلیلی و خیانەت دا کوژرا.» ئەو لەو ووتەکەیدا راستەوخۆ باسی گەڕانەوەی شەرەف و شکۆمەندی کرد لە داهاتوودا. بە بۆچوونی فاریەس ئەم نوسیانە سەرەتای رێگای هایدگەر بوون بەرەو نازیزم. فاریاس پێ وایە مەزاجی بوون بە نازی لەلایەن هایدگەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ

کاریگەری ئەو گۆڤار و دەزگا ئایدۆلۆژیانەی هایدگەر تێکەڵیان ببوو، لەکاتێکدا نازیزم بەرە و گەشانەوە هەنگاوی دەنا، بەڵام ئەم بۆچوونە بازدانە بەسەر زۆرشتدا، چونکە مەرج نییە مرۆڤ، کە لە ژینگەیەکی تایبەتدا گەورە دەبێت، بەهاکانی ئەو ژینگەیە وەربگرێت بۆ نموونە ئەو کەسانەی دەچنە خوێندنگای کاسۆلیکی مەرج نییە کەسانی لە خواترس و ئاینپەروەر دەربچن.

بەووردبونەوە لەکارەکانی هایدگەر بۆمان روونەدەبێتەوە، کە هایدگەر تامەزرۆی گۆڕانێکی ریشەیی بووە لە کۆمەڵگەی ئەڵمانی و تەنانەت لە تەواوی شارستانیەتی رۆژئاوادا. هایدگەر خۆشەویستییەکی گەورەی بۆ ئەڵمانیا و فەلسەفە هەبووە و زۆر شانازی بە زمانی ئەڵمانی و خەڵکی ئەڵمانیاوە کردووە، پێ وابوو ئەڵمانیا میراتگری کلتور و هزری گریکی کۆنە و زمانەکانی ئەڵمانی و یۆنانی زمانی رەسەن و هزرن. لەکاتێکدا زمانەکانی دیکەی ئەوروپی بە پرۆسەی لاتین بووندا تێپەربوون و خراپ بوون. هایدگەر دەڵێت: «کاتێك مرۆڤیکی فەڕەنسی بیردەکاتەوە، لە ئەڵمانیا قسەدەکات.» بە بۆچوونی هایدگەر، گریکەکان یەکەم کەس بوون هەوڵیان داوە لە مانای بوون تێبگەن، ئێستاش ئەڵمانییەکان یەکەم کەس دەبن، کە لە توانایان دا هەیە پارچە شکاوەکانی شارستانیەتی رۆژئاوا کۆبکەنەوە و جارێکی دیکە زیندووی بکەنەوە. هیتلەریش هەمان بۆچوونی هەبوو» کلتور شەڕی مانەوەی خۆی دەکات، کلتورێك کە هەزاران ساڵ گەشەکردن لەخۆدەگرێت ئەڵمانیا و گریك بەیەکەوە کۆدەکاتەوە.»

هایدگەر دژی مەیلی نویێ کاسۆلیزم بوو، کە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی ئەو لە ئاین. بە بۆچوونی ئەو، مەسیحیەت و تەکنەلۆژیا زانستیان لەو شکۆمەندییەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتا یۆنانییەکان دابڕیوە، هەروەها هایدگەر لە نوسینە بەراییەکانیدا رقلێبوونی خۆی بۆ مۆدیرنە دەردەبڕێت: «کلتوری رووکەشی ئەمڕۆمان هەڵچوونی تازەگەری نیشاندەدات، کە دەبێتە هۆی وێرانکردنی دامەزراوەکان. ئەو چەمکە مۆدێرنانەی ژیانی ئێستا کە چێژێکی زۆر نیشاندەدەن ئەوانە نیشانەی داڕووحانی ژیانن.» بە بۆچوونی هایدگەر، رزگارکردنی شارستانیەتی رۆژئـاوا لە تەکنەلۆژیای بێزارکەر و شارستانییەتی رووسەکان لە هیچگەرایی بەلشەفییەکان لە رێگای ئەڵمانیاوە دەبێت.

بووژاندنەوەی شارستانییەتی رۆژئـاوا و ئەڵمانیا لەرێگای زانـکـۆکـانـەوە دەبـێـت، بۆیە بـوون بـە سـەرۆکـی زانکۆی (FREIBURG) یەکەم هەنگاوی هایدگەر دەبێت بۆ هێنانی شۆڕشی نازیزم بەرەو زانکۆکان. یەکەم وتاری هایدگەر وەك سەرۆکی زانکۆ بە ناونیشانی (خود بڕیاردانی زانکۆکانی ئەڵمانیا) دەبێت، فاریەس دەڵێت: هایدگەر لەو وتارەیدا بۆچوونی نەتەوەی و سۆسیالیزمی خۆی دەربـارەی ریفۆڕمی زانکۆکانی ئەڵمانیا دەخاتەڕوو، هەروەها فاریەس پێی وایە نازیەکان مەبەستیان ریفۆڕم نەبووە، بەڵکو ویستوویانە لایەنگیریەتی خوێندکاران و ستافی ئیدارە و کۆلیژەکان لە رێگەی هایدگەرەوە بەدەستبهێنن. لەم کارەشەدا نازییەکان سەرکەوتوو بوون. هەر لە وتاری دەست

بەکاربوونیدا وەك سەرۆکی زانکۆ، هایدگەر ئاماژە بە (ئەرکی مێژوویی و روحی گەلی ئەڵمانیا) دەکات، کە پێویستە لەسەر زانست بەو ئەرکە کاریگەر بکرێت. هایدگەر هانی ئایدیاڵەکانی نازیزمی دەدا لە بواری خزمەتی کار و خزمەتی سەربازیدا ئەو پێی وایە: جیهانی روحی ئەو هێزە قوڵەیە بۆ پاراستنی زەوی و خوێنی خەڵکی. ئەم وتارەی هایدگەر ئاماژەبوو بۆ ئەڵمانیا بۆ هەنگاونان بەرەو بەهێز بوون، بە پێشەنگی پارتی نازیزم.

وەك سەرۆکی زانکۆ، کارەکانی هایدگەر لە خزمەتی نازیزمدا بوون. مامۆستاکەی خۆی هۆسرێل ناچاربوو واز لە کارەکەی بهێنێت. لەبەرئەوەی جولەکە بوو، هەر چەندە هایدگەر توانی دوو پرۆفیسۆری جولەکە لەسەر کارەکانی خۆیان دەرنەکرێن. لە حوزەیرانی ساڵی (1933)دا، هایدگەر رایگەیاند «پێویستە لەسەر زانکۆکانی ئەڵمانیا خولی فێرکاری پتەو بەروحی سۆسیالیزمی نەتەوەیی پەیڕەو بکەن، نەوەك ئەو کۆرسانەی بە بیرۆکەی مەسیحی و هیومانێتی خنکێنراون.» بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان، ئەم بۆچوونەی هایدگەر لەژێر کاریگەری هیتلەر دابـووە، کە رایگەیاند بوو «لەسەر هەموو ئەڵمانییەك پێویستە بەبێ گومان و دوو دڵی ئەوە بزانێت کە گەلی ئەڵمانیا، یەکگرتوویی و شکۆمەندی و هێزی پێشووی بۆ دەگەڕێتەوە لە رێگەی حکومەتی کرێکارانەوە.» لەو کاتەی هایدگەر سەرۆکی زانکۆ بوو ئەنجامدانی سڵاوکردنی نازییەکان لەسەرەتا و کۆتایی وانەکانی زانکۆدا لەسەر خوێندکاران پێویستبوو.

زۆر بەڵگەی گەورە هەن لەسەر پەیوەندی نێوان هایدگەر و نازییەکان، بەڵام ئەوەی جێگای مشتومڕە سروشتی ئەو پەیوەندیەیە، کە هایدگەر لەگەڵ نازیەکاندا هەیبووە. هەندێك لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە دەبێت تەواوی کارەکانی هایدگەر فەرامۆشبکرێن بەهۆی بوونی پەیوەندی لەگەڵ نازییەکاندا، بەڵام هەندێکی دیکە پێیانوایە پێویستە هایدگەر (وەك مرۆڤ) لە کارەکانی (وەك فەلسەفە) لێکجیابکرێنەوە. هەندێك لەو کەسانە دژی هایدگەرن، لەبەر ئەوەنا کە هایدگەر نازی بووە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەگەڵ فەلسەفە و بۆچوونەکانی هایدگەردا تەبا و هاوڕانین.

دەربارەی کارەکانی هایدگەر، ئەو کارانە بریتی نەبوون لە فەلسەفەی نازیزم. کارە فەلسەفییەکانی هایدگەر زۆر قورسبوون، سەرەڕای ئەوەی پۆلەکانی جمەیان دەهات لە خوێندکاران، بەڵام زۆربەی خوێندکاران لەو بۆچوونانە نەدەگەیشتن کە هایدگەر باسیدەکردن. بە شێوەیەکی سەرەکی هایدگەر ترسی داڕووخانی شارستانییەتی رۆژئاوای هەبوو، بەهۆی لەدەستدانی مرۆڤایەتی پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا. سەرەتا هایدگەر کارەکانی لەسەر ئاستی تاکەس دەستپێکرد، پاشان لەسەر ئاستی ئەڵمانیا و دواتریش لەسەر ئاستی ئەوروپا. هایدگەر رووی وەرگێڕا لە فەلسەفەی (ململانێ)وە بۆ فەلسەفەی هەڕەشە. ئەو بە رێبازی فەلسەفی/ دینی ململانێی تاکەکەسی دەستپێکرد و هەنگاوی نا بەرەو رێبازی فەلسەفی سیاسی/ کلتوری هەڕەشە. هایدگەر، بڕوای بە پتەوی و روحی و عەقڵی ئەڵمانیا هەبوو، ئەو پێی وابوو سۆسیالیزمی

نەتەوەیی دەتوانێت رابەرایەتی جیهان بکات بەرەو رزگاربوون. هایدگەر هەوڵیدا ریفۆڕم تەواوی زانکۆکان بگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش خوێندکاران باشترین پێکهاتەن، بەڵام کاتێك پاکسازی یەکێتی خوێندکارانی بینی، هایدگەر حەقیقەتی بارودۆخەکەی بۆ روونبوویەوە و بۆی دەرکەوت واقعی سیاسی چەند رێگرە. لەو بارەیەوە دوای چەند مانگێك لە پاکسازی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ، هایدگەر دەستلەکارکێشانەوەی خۆی وەك سەرۆکی زانکۆ راگەیاند، پاشان لەوانەوتنەوە بەردەوام بوو تا ساڵی (1944). لەو ماوەیەدا چەندین وتاری دەربارەی نیشتمان پەروەرێتی و بەردەوامبوونی جەنگ بڵاوکردەوە، سەرەڕای دڵنیابوون لە تێکشکانی ئەڵمانیا لەو جەنگەدا. ئەو هێشتا گەشبین بوو بەوەی ئەگەر ئەڵمانیا جەنگ بباتەوە، ئەوا هەلێك هەیە بۆ شارستانییەتی رۆژئاوا، بۆ ئەوەی لە فەوتان رزگاری بێت. هێشتا بڕوای بە راستێتی و شکۆمەندی بزوتنەوەکە هەبوو، کە پێویستە دووبارە بدۆزرێتەوە. هەر چەندە هایدگەر لە کۆتایدا جۆش و خرۆشی سەرەتای بۆ سۆسیالیزمی نەتەوەیی نەما، بەڵام پێی وابوو ئەگەر نازیزم سەربکەوێت ئەوا ئەڵمانیا رابەرایەتی ئەوروپا و رۆژئاوا دەکات. ئەو پێی وابوو ئەگەر جارێکی دی کۆرسێکی فێرکاری بۆ زانکۆکان دابنێت، ئەوا ئەو کۆرسە بریتی دەبێت لە پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو لەسەر رێبازی راستەقینەی سۆسیالیزمی نەتەوەیی. ئەو هێشتا بە ئومێدبوو، ئەگەر ئەڵمانیا جەنگ بباتەوە، ئەوا گەلی ئەڵمانیا دەتوانێت شارستانییەتی خۆرئاوا بخاتەوە سەر رێگای راستەقینەی

خۆی. ئەو ڕێبازەی سەدان ساڵ زیاتر لەلایەن یۆنانییەکانەوە گەشەی پێدراوە و ئێستا لەسەرچاوە و ڕەگەکەی دابڕاوە، بەهۆی هاتنە ناوەوەی عەقڵانییەت و تەکنەلۆژیای ڕۆژئاواوە.

زۆربەی ئەکادیمیستەکان دوو تاوان دەخەن پاڵ هایدگەر، یەکەمیان پەیوەندی ئەو بە نازیزمەوە. دووەمیان فەرامۆشکردنی ڕۆڵی خۆی وەك فەیلەسوف، کە پێویست بوو بێتەدەنگ. لەم بارەیەوە زۆربەی لێکۆڵەرەوان بۆچوونی جیاوازیان هەیە بۆ نمونە (هانس سلوگا) پێی وایە: نەدەبوو هایدگەر هەر لەسەرەتاوە خۆی بخستایە ناو سیاسەتەوە. ئەو پێی وایە بەو شێوەیەی هایدگەر مامەڵەی لەگەڵ نازییەکاندا کردووە، کە کاری فەیلەسوف نییە. سەرەڕای ئەوەش سلوگا بەرگری لە هەڵویستی هایدگەر دەکات و پێی وایە فەلسەفەی ئەڵمانیا وەك وڵاتی ئەڵمانیا ئاڕاستەی بەرەو داهاتوو نادیار و نارۆشن بوو، فەلسەفەی ئەڵمانیا وەکو وڵاتەکەیان لە قەیراندابووە، هەروەها هایدگەر یەکەم فەیلەسوفی ئەڵمانی نەبووە، کە پەیوەندی بە نازییەکانەوە هەبوو بێت.

بە بۆچوونی لێکۆڵەرەوان هەڵەی هایدگەر و فەیلەسوفەکانی دیکە ئەڵمانیا ئەوە بووە، لە بیریان چوو پرسیار بکەن لە ڕاستێتی ئەو هەنگاوەی گرتویانەتە بەر. هەندێکی دیکە لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە فەرامۆشکردنی ڕۆڵی خۆی وەك فەیلەسوف لەلایەن هایدگەرەوە، تەنها ناگەڕێتەوە بۆ پەیوەندکردن و کارکردن لەگەڵ نازیەکاندا، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ بێدەنگی ئەو لە کارەساتی هۆلۆکۆست. ئەو بەرپرسیارێتی خۆی وەك فەیلەسوفێك لەو

بارەیەوە لەبیرکرد. لەوانەیە دەربڕینی چەند وشەیەك هیچ لە بارودۆخەکە نەگۆڕێت، بەڵام ئەو دەبوو وەك فەیلەسوفێك هەوڵی خۆی بدایە. تەنانەت ئەوانەی لە هۆلۆکۆستیش رزگاریان بووە، حەزناکەن گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتە بکەن، چونکە ئەوان پێیان وایە بەدەستهێنانی دادگەری لەو بارەیەوە بەو کەسانە دەکرێت، کە ئێستا لێرە ئامادەنین. نوسەر و فەیلەسوفەکان دەبێت ئەو بەشانە بە یەك بگەیەنن، کە بەیەك ناگەیەنرێن، ئەوان بەشی زۆریان لەبیرخستنەوەی ئەو شتانە هەیە، کە لە بیرچوونەتەوە. سەرەڕای ئەوەی هایدگەر بڕوای بەم بۆچوونانە هەبوو، بەڵام ئەو بێدەنگی لەو بارەیەوە هەڵبژارد.

ساڵی (1949) هایدگەر تەنها لێدوانێکی دەربارەی هۆلۆکۆست دا «کشتوکاڵ ئێستا بووەتە پیشەسازی میکانیزکردنی خۆراك، کە لەناوەڕۆکدا هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ بەرهەمهێنانی دەغڵودان لە ژووره گازییەکان و کەمپەکانی مردندا، هەروەها جیاوازی نییە لەگەڵ ئابڵوقەدانی وڵاتانی دیکە و بەرهەمهێنانی بۆمبی هایدرۆجینی.»

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، کە هایدگەر کەوتۆتە ژێر کاریگەری نازیزمەوە، بەوەی نازییەکان بیرۆکەی باڵا دەستی ئەڵمانیای برەو پێداوە، کە سەرئەنجام دەبێتە هۆی دروستکردنی ژیانێکی رەسەن و شکۆمەند. ئایا هایدگەر نازی بووە، یاخود فەیلەسوف، یاخود هەردووکیان؟ بە دڵنیایەوە کەمێك لە هەردووکیان.

# ئالان تۆرین:
# زیادەڕۆییەك بوونی هەیە بۆ
# لكاندنی تیرۆر بە ئیسلامەوە

## پێشەکی

کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەڕەنسی و جیهانی (ئالان تۆرین) لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (EURONEWS)دا ئەوە رادەگەیەنێت، کە زیادەڕۆیکردنە ئەگەر هەموو کردەوەیەکی تیرۆرستی بدەینە پاڵ ئیسلام و موسڵمانان، هەروەها باس لەوە دەکات ئەوروپا گرفتی پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا هەیە و پێیوایە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەبێتە رێگە چارەیەك بۆ ئەم گرفتە.

ئالان تۆرین کە خاوەنی 40 کتێبە لەساڵی 2009 دا سەرپەرشتی دانیشتنەکانی یەکێتی ئەوروپای کرد، کە تایبەت بوون بە کەیسی ئیسلام. ناوبراو خاوەنی چەندین خەڵاتی جیهانییە بەرامبەر کارەکانی لە بوارەکانی پەیوەندییەکان و مرۆڤاییەتیدا. کارەکانی تۆرین باسکردنە لە گەشەسەندنەکانی مرۆڤایەتی دوای شۆڕشی پیشەسازی، هەروەها باسکردنی ژیانی مرۆڤایەتی لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا.

**EURO NEWS: _ بەڕێز تۆرین بەخێربێیت و زۆر سوپاست دەکەین، کە داوەتەکەی ئێمەت قبوڵکرد.**

**ئالان تۆرێن:** من سوپاسی ئێوە دەکەم.

EURO NEWS: _ ئەگەر سەیری ئیسلام و موسڵمانان

بکەین ئەوا ڕاستەوخۆ مانای تیرۆر و تیرۆریزم دەگەیەنێت؟

ئالان تورێن: پێویستە لەو بارەیەوە زیادەڕۆیی نەکەین، مەیلێکی لەو جۆرە بوونی هەیە لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە تیرۆریزم بۆتە سەردێڕی هەواڵەکان، ئەگەر هێرشەکە زۆر بچووکیش بێت بۆ نموونە تەقینەوەیەکی خۆکوژی یەکسەر لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەبێتەوە.

**EURO NEWS: _ ئایا ئەمە هەڵەی میدیایە؟**

**ئالان تۆرین:** نەخێر، نەخێر .... بەڵام ڕوداوە رادیکاڵییەکان هەمیشە لەبەرچاون.

**EURO NEWS:_ باشە، دەتوانین بڵێین، کە ئایین وەك زەنگێك یاخود ئاماژەیەك سەیردەکرێت؟ من لێرەدا باس لەو ریفراندۆمەی سویسرا دەکەم دەربــارەی بوونی منارەی مزگەوتەکان، هەروەها دەربارەی ئەو دیبەیتەی دەکرێت لەسەر کتێبێك لە فەڕەنسا.**

**ئالان تۆرین :** من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو موسڵمانانەی لە فەڕەنسا دەژین، کە ژمارەیان 5-6 ملیۆن کەس دەبێت، ئەمەش ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانە، هیچ پەیوەندییەکمان بەم شتەوە نییە، بەڵام لەوانەیە ژمارەیەك کۆببنەوە

بابڵێین 2000-3000 کەس کۆدەبنەوە، ئەمەش شتێکی ڕێگەپێدراوە ئەوانە لەسەر هیچ شتێك ساغنەبوونەتەوە، لەناو 5-6 ملیۆندا ئەمە شتێکی ئەوتۆنییە. لە ئەوروپا دین، سیاسەت، ئابووری لێك جیاکراونەتەوە، کاتێك دەڵێیت ئیسلام و پێمانوابێت هەموو ئەمانە پێکەوە گرێدراون، هەروەك هنتگتۆن لە پێکدادانی شارستانیەکاندا باسی دەکات، ئەمە وانییە، چونکە هیچ کۆکوتلەیەك نیە هەمووی ئیسلام بێت و ئەوی دیش هەموو مەسیحی، پێویستە تەبەنی ئەم چەمکە دەربارەی ئاین لە کۆمەڵگەدا بکەین.

**EURO NEWS:_ ئایا ئێمە لەماوەی داڕووخانی کۆمەڵایەتیدا ناژین؟**

**ئالان تۆرین:** ڕاستەوخۆ وەڵامت دەدەمەوە بە نەخێر، ئەویش لەبەر دوو هۆکارە: یەکەم هیچ قەیرانێکی جیهانی سەرتاسەری بوونی نییە. دووەم، دنیا بەردەوامە و لەبەرەو پێشچوندایە، سەیرکە ئەفەریقا زۆر بەباشی بەرەوپێشەوە دەچێت.

**EURO NEWS:_ من مەبەستم لەبەهاکانە.**

**ئالان تۆرین:** ئەوەی باسیدەکەیت شتێکی ڕۆشن نییە. با باس لەوە بکەین کە جیهان (جگە لە ئەوروپا) لە ڕووی ئابووریەوە بەرەو پێشدەڕوات، تەنانەت ئەمەریکییەکانیش جارێکی دیکە

هەستانەوە سەرپێ دوای داڕووخانی دارایی وڵاتەکەیان، بەڵام ئەوروپا سەرەتا لە یۆنان، جارێکی دیکە لە شوێنێکی تر.... نیشاندەری ئەوەیە توانای بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانی نییە. جوان سەیر بکە، هیچ گرفتێکی سەرتاسەری بوونی نییە، ئەگەر گرفتێك بوونی هەبێت ئـەوە گرفتێکی ئەوروپییە... ئەم تێگەیشتنە ووردترە. یەکێتی ئەوروپا هێزێکی بچووکە، تەنانەت بەراورد بە ئەمەریکا و چین و هیندستان هەر بوونی نییە، ئەمە یەکەم. دووەم شت کە نیشاندەری ئەوەیە، گرفتێکی جیهانی بوونی نییە ئەوەیە لە ساڵی 2009 دا وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا توانییان پارە دانراوەکانی خۆیان بەکاربهێنن، بۆ خۆدورخستنەوە لە لاوازبوونی ستانداردەکانی شێوازی ژیانیان، هەر بۆ نموونە ساڵی 2009 گەشەی ئابوری لە فەڕەنسا زۆر لاواز بوو، بەڵام نەگەیشتە ئاستی قەیران.

**EURO NEWS:_ باشە، با جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ باسکردنی ئاین، دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ کار لەسەر دیاردەی بەکارهێنانی خاچ لە خوێندنگەکانی ئیتاڵیا دەکات، ئەم حاڵەتە لای تۆ چ مانایەکی هەیە؟**

**ئالان تۆرین:** زۆربەی ئیتاڵییە میانڕەو و موحافزکارەکان پێیانوایە خاچ هێمایەکی نەتەوەییە، بەڵام ئەمە راست نییە.خاچ بەکارهێنان هێمایەکی نەتەوەیی نییە .

**EURO NEWS:_ ئـەوە بەشێکە لە تەقالیدی ئێمە، تەقالیدی ئیتاڵی؟**

**ئالان تۆرین:** خاچ بەشێکە لە تەقالیدی فەڕەنسی، تەقالیدی ئەڵمانی، تەقالیدی ئینگلیزی.... ئەگەر بەو شێوەیە لێکی بدەینەوە ئیتاڵییەکان بە تەنها خاوەنی ئاینی مەسیحی نین. ئیتاڵییەکان پاپایان هەیە (بە پێکەنینەوە با بۆ خۆتان بێت، ئێمە نامانەوێت، بەو شێوەیە باشترە)، بەڵام ئەگەر دەپرسی رای من چییە لەسەر بەکارهێنانی خاچ؟ من پێتدەڵێم، من کەسێکی فەڕەنسی عەلمانی راستەقینەم، پێموایە جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەوڵەت زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەمڕۆمان، هاوکات خاچ بەکارهێنان هێمایە بۆ ئەو ئازارەی، کە کڵێسای کاسۆلیکی بەسەری هاتووە لە ژیانی گشتی ئیتاڵیادا.

**EURO NEWS: _ تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا، بە بۆچوونی هەندێك لە شرۆڤەکاران ئەوەی رێگرە لەوەی تورکیا ببێتە ئەندام لەم یەکێتییە ئەوەیە، کە تورکیا وڵاتێکە زۆربەی دانیشتوانەکەی موسڵمانن، ئایا تۆش هەمان بۆچونت هەیە؟**

**ئالان تۆرین:** ئەوەندەی من ئاگاداربم، پرەنسیپی بوونە ئەندامی تورکیا لە یەکێتی ئـەوروپـا قۆناغی دەنگدانی

تێپەڕاندووە، بۆیە ئەوەی ماوەتەوە تەنها ئەوەیە، کە وادەکەین تورکیا چاوەڕوانبێت، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە، کە داواکەی رەتکراوەتەوە. زۆربــەی وڵاتــان حەز بە ئەندامبوونی تورکیا دەکەن، تەنها چەند وڵاتێك نەبێت لەوانە فەڕەنسا و ئەڵمانیا بەتایبەتیش فەڕەنسا لەبەر هۆکاری شەخصی کە تایبەتن بە سەرۆك کۆمار و پارتەکەی، ئەگەر لەمن دەپرسی، من یەکێکم لەوانەی سەرسەختانە بەرگری لەوە دەکەم تورکیا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا.

**EURO NEWS: _ بۆچی؟**

**ئالان تۆرین:** بە بۆچونی من گەورەترین گرفتی ئەوروپا لە ئەمڕۆدا بریتییە لە پەیوەندی ئەوروپا لەگەڵ جیهانی ئیسلامی. ئەمەریکییەکان پەیوەندیان لەگەڵ جیهانی ئیسلامیدا پەیداکردووە لە رێگەی وولاتانی عەرەبییەوە، ئەو وولاتانە ناحەزیان بەرامبەر ئەوروپا هەیە، هەرگیز پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئەوروپادا نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتانە ناحەزی سیاسی و کلتوریان بەرامبەر ئەوروپا هەیە، بەڵام تورکیا وڵاتێکە هەرگیز داگیرنەکراوە، ئەو شوێنانی دیکەی داگیرکردووە، بەڵام بۆخۆی هەرگیز داگیرنەکراوە، هەروەها تورکیا بەردەوام وڵاتێکی بەهێزبووە، تەنانەت تورکیای نوێ دوای کەمال ئەتاتورك. بۆیە پێموایە ئەوروپا لەسەر ئاستی دنیا وجودی زیاتری دەبێت، ئەگەر

بتوانێت ببێتە پردی پەیوەندی نێوان بەشێك لە جیهانی ڕۆژئاوا و بەشێك لە جیهانی ئیسلامی، کە لە ئێستادا ئەمەریکییەکان تووشی جەنگێکی ئابڕووبەرانە بوونەتەوە.

**EURO NEWS: _ زۆر سوپاس ئالان تورێن.**

**ئالان تۆرین:** زۆر سوپاس

# هابرمانس و بەشداریکردنی گشتی کۆمەڵگە

لە کتێبی (THE STRUCTURAL TRANSFORMATION OF THE PUBLIC SPHERE)دا، یورگن هابرمانس باس لە گۆڕانی پەیوەندییە گشتیەکانی کۆمەڵگە دەکـات، ئەو گۆڕانکاریانەی ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم، بەڵام پەیوەندییان بە ژیانی مۆدێرنیشەوە هەیە. ئەو کتێبە بریتییە لە تێگەیشتنی هابرمانس بۆ بەشداریکردنی گشتی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا. لای هابرمانس بەشداریکردنی گشتی بریتیە لە بەشداری تایبەتی خەڵکی دوای ئەوەی یەکدەگرن و بواری گشتی پێکدەهێنن، دروستبوونی ئەم بەشدارییەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی چینی بۆرژوازی کۆمەڵگە. پێش دروستبوونی چینی بۆرژواز بۆ نوێنەرایەتیکردنی گشتی، پادشا یاخود لۆردەکان نوێنەرایەتی خەڵکیان دەکرد. پادشا تەنها کەسی گشتی بوو، ئەوانی دیکەش تەنها تەماشاکەر بوون، ئەو سەردەمە سنورەکانی بواری گشتی و تایبەت لێك جیانەکرابوونەوە.

گەشەکردنی ئابووری رۆڵی کاریگەری هەبووە لەدروستکردنی بەشداریکردنی گشتی کۆمەڵگە. هابرمانس تەئکید دەکاتەوە لەوەی، کە گەشەی بەرهەمهێنان و بازرگانی دوور (مەودای سەرمایەداری) رۆڵی کاریگەریان هەبووە لەم گەشەکردنەدا. یەکێك لە دیارترین سیماکانی بەشداریکردنی گشتی لە سەدەی هەژدەیەمدا بریتی بوو لە بەکارهێنانی ئاشکرای عەقڵ لە دیبەتی عەقڵانی و رەخنەییدا. دیبەیتی عەقڵانی و رەخنەیی لە یانە و قاوەخانە رۆشنبیریەکانی ئەوسادا، لەوەڵامی گەشەکردنی ئەدەب و نوسیندا سەریهەڵدا.

بە تێگەیشتنی هابرمانس بەشداریکردنی گشتی لە هەناوی دامەزراوە تایبەتیەکانەوە لەدایکبووە. دامەزراوە تایبەتیەکانی وەك خێزان و شوێنەکانی گفتوگۆکردنی ئەدەبی و هونەری، کە تیایاندا بۆ یەکەمجار گفتوگۆ و راگۆڕینەوە دەربارەی کارە هونەری و ئەدەبییەکان سەریانهەڵدا. لە بناغەدا بەشداریکردنی گشتی بەشدارییەکی تایبەت بوو، بەڵام چونە ناو ئەو بەشدارییە گشتییەوە پەیوەندی بە ئاستی خوێندەواری و خاوەندارێتی موڵکەوە هەبووە. لای هابرمانس دروستبوونی بەشداریکردنی گشتی رۆڵی کاریگەری هەبووە بەرەو دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی.

گەشەکردنی تـــەواوی بەشداریکردنی گشتی بەمانا سیاسییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم لە بەریتانیا و پاشانیش لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەدامەزراویی کرا لەدەستوری وڵاتانی بۆرژوازی ئەوروپا بە مەبەستی چاودێری کردنی زاڵبوون و هەیمەنەتبوون. کەواتە، گەشەکردنی تەواوی بەشداریکردنی گشتی پەیوەندی بەزۆر هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە هەبووە، کە سەرئەنجام گۆڕانکاری بەسەریاندا هاتووە.

هابرمانس پێی وایە (خود-باسکردن) لە بەشداریکردنی گشتیدا بۆتە هۆی دروستبوونی چەمکی (رای گشتی)، ئەم تێگەیشتنەش لای هابرمانس دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی ئەو بۆ کارەکانی: کانت، مارکس، هیگـڵ و چەند فەیلەسوفێکی دیکە.

لە ئێستادا، بەشداریکردنی گشتی روو لە داڕووخانە بەهۆی

گۆڕانکارییە بونیادی و ئابوورییەکانەوە. سنوری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دیارنییە، ئەمەش بۆتە هۆی دووبارە گەڕاندنەوەی دەرەبەگایەتی بۆ کۆمەڵگە. لەئێستادا دەوڵـەت و کۆمەڵگە دەستدەخەنە ناو بواری یەکدییەوە، بواری تایبەت بەرەو خۆی هەرەسدەهێنێت، گرنگترین سیمای بەشداریکردنی گشتی، کە بریتی بوو لە دیبەیتی عەقڵانی رەخنەیی، بۆتە کات بەسەربردن و رابواردن. کەسانی تایبەت کە خاوەن موڵکی گشتی بوون بونیان نەماوە.

هابرمانس ئەرگۆمێنتی ئەوە دەکات، کە ماس میدیا، هەرزان و خاوەن دەسەڵاتە، بەشێوەیەك یاری دەکات و بەشداریکردنی گشتی دروستدەکات، کە بوونی نییە. ئەمە سیمای دیاری سیاسەتی مۆدێرنە، بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی ریکلام و پەیوەندییە گشتییەکاندا. رێکخراوە ناحکومییەکان شوێنی دەزگا کۆنەکانی بەشداری گشتییان گرتۆتەوە. بەشدای گشتی دووبارە شێوەی دەرەبەگایەتی وەرگرتۆتەوە، بۆ نمونە: دەزگا و دامەزراوە سیاسییەکان نوێنەرایەتی خۆیان دەکەن لای دەنگدەران. بۆیە لە ئێستادا زۆر پێویستیمان بە بەشداریکردنی گشتی هەیە بۆ چاودێریکردنی هەیمەنەتی دەوڵەت و رێکخراوە ناحکومییەکان.

## ئەرکە سیاسییەکانی بەشداریکردنی گشتی

سەرەتای بەشداریکردنی گشتی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەم بۆ بەریتانیا، ئەوکاتەی کۆبوونەوەی خاوەن موڵکەکان گۆڕا بۆ پەرلەمانی مۆدێرن. ئەو بەشدارییە سیاسیەش

دوای گەشەی فراوانی بەرهەمهێنان دروستبوو، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی ململانێ لە نێوان ئـارەزووی زیاتری بەرهەمهێنان و ئارەزووی کەمتری پارە سەرفکردن. دروستبوونی بانکی لەندەن و نەمانی چاودێری و دروستبوونی یەکەم کابینە زۆر کاریگەر بوون بۆ ئەو گەشەکردنە و رۆڵی زیاتریان بەخشییە پارە و سەرمایە.

ئەمانە بوونە هۆی بوژاندنەوەی دیبەتی عەقڵانی رەخنەیی و رۆڵی پەرلەمان لە وڵاتدا، رۆژنامەگەری گەشەی کرد، رەخنەگرتن لەتاج و پەرلەمان ناونرا دەسەڵاتی چـوارەم. پەرلەمان رازی بوو وڵامی رەخنە و داخوازییەکان بداتەوە، بەڵام ئەنجامدانی گفتوگۆکان بەنهێنی بوون. دواتر لە سەدەی هەژدەیەمدا، خەڵکی تێگەیشتن لەگرنگی راگرتنی هەستی هاوڵاتیان و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، ئیتر خەڵکی فێربوون دیبەیتی رەخنەیی لەسەر مەسەلە سیاسییەکان بکەن، چیتر کێشە سیاسییەکان بەتەنها موڵکی پەرلەمان نەمان. لە فەڕەنساش، بەشداریکردنی گشتی دوای بەریتانیا دەستیپێکرد ئەویش لەبەر بوونی چاودێری و لاوازی رۆژنامەگەری و کەمی کۆبوونەوەی خاوەن موڵکەکان، بەڵام سەرهەڵدانی شۆڕشی فەڕەنسی بووە هۆی گەشەپێدانی بەشداریکردنی گشتی لەو وڵاتە بەشێوەیەك ئەوەی لە ماوەی 100 ساڵ بەشێوەیەکی هێواش لە بەریتانیا روویدا، فەڕەنسا دوای شۆڕش پێی گەیشت. لە ئەڵمانیاش دوای شۆڕشی حوزەیران سەری هەڵدا.

دەتوانین لەئەرکی سەرەکی بەشداریکردنی گشتی بگەین، تەنها لەرێگەی قۆناغێکی تایبەت لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، ئەویش بەهۆی بوونی ئازادی کارکردن و ئاڵوگۆڕی سەرمایە بەبێ بوونی کۆنترۆڵی حکومەت. بەشداریکردنی گشتی رەگەزێکی مەملەکەتی سیاسییە و حاڵەتی خۆ بەیانکردنی دەدات بە ئەندامان بەپێی پێداویستیەکانیان. خاوەن شتەکان ئۆتۆنۆمی خۆیان لە فراوانبوونی ئەم بەشدارییەوە بەدەستدەهێنن. کەواتە، چەمکی تایبەت گەشەی کردووە لە هەناوی چەمکی ئازادبوونی سەرمایە لە کۆنترۆڵ.

بەپێی ئایدیای کۆمەڵگەی مەدەنی، ململانێی ئازاد پرۆسەیەکی خود رێکخەرە، ئەگەر هەلی یەکسان بە هەمووان بدرێت، ئەوا هیچ بوارێك بۆ دەست خستنە ناوەوەی دەرەکی نامێنێتەوە. بازاڕی ئازاد پارێزراوە لە دەوڵەت لەرێگای زەماناتی یاساییەوە، تەدەخولکردن ترسناك و چاوەڕوان نەکراوبوو. دەستووری بۆرژوازی بووە هۆی دروستکردنی بەشداریکردنی گشتی سیاسی بۆ دڵنیابوون لە پەیوەندی نێوان رای گشتی و یاسا. لەم پەیوەندییەدا ئامانجی یاسا بریتیە لە نەهێشتنی هەیمەنە.

ئامانجی چینی بۆرژواز بۆ دەوڵەتی یاسایی، بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت وەك وەسیلەیەکی خاوەن هەیمەنە. لە دیبەتە گشتییەکاندا راگۆڕینەوە بەزۆر و بە سەپاندن نەبووە، ئامانج لە هەیمەنەی بەشداریکردنی گشتی

بریتی بوو لە ڕێگرتن لە هەیمەنەکانی دیکە، هەروەها ئامانج لە دیبەیتە گشتییەکان بریتی بوو لە گۆڕینی ئیرادە بۆ عەقڵ، لە پێناو بەدەستهێنانی رای گشتی دەربارەی بەرژەوەندی هاوبەش.

ئەمانە هەمووی لە پێناوی ئەوەی کە ئەرکەکانی بەشداریکردنی گشتی بەیاسابکرێن، هەربۆیە: یاسا بنچینەییەکان چەسپێنران، مافی دیبەیتی رەخنەیی دابینکرا، مافی ئازادی تاکە کەسی و جوڵەکردن دابینکران، مافەکانی دروستکردنی دامەزراوەی رۆژنامەگەری و حزبایەتی و خێزان و خاوەندارێتی سەلمێندران. روحی دەستووری وڵاتانی بۆرژواز بریتی بوو لەوەی (گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە)، لە پێناو دڵنیابوون لە پاراستنی بواری تایبەت لە هەیمەنەی دەسەڵاتی گشتی.

بەشداریکردنی گشتی کۆمەڵگە، پشت دەبەستێت بەپرەنسیپی بەدەستڕاگەیشتنی گەردوونی. لەم پرۆسەیەدا نابێت هیچ گروپێك بخرێتە دەرەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە هەرگروپێك ناسنامەی تایبەت بەخۆی هەبێت، بۆ نمونە خوێنەرانی بۆرژوازی سەدەی هەژدەیەم خاوەن موڵك و خوێندەواربوون. بەدەستڕاگەیشتنی گەردوونی دەبێت لەلایەن بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، چونکە بەشداریکردنی گشتی ئەو کاتە زەمانەتی وەرگرت، کە پێوانە ئابوورییەکانی هەلی یەکسانیان دایە هەمووان بۆ بەشداریکردن.

لینین، ئەو سەرکردەیەی نیوەی
جیهانی گۆڕی و نەخشەکەی بە
ڕەنگی سوور کێشایەوە

لینین، بە یەکێك لەسەرکردە سیاسی و بیریارە شۆڕشگێڕەکانی سەدەی بیست دادەنرێت و ئەندازیاری سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی 1917ی روسیایە، هەروەها لینین یەکەم سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت بوو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی سوور.

## لینین کێیە؟

لینین ناوی تەواوی بریتییە لە ( ڤلادیمێر ئیلیچ ئولیانۆف)، لە ناوچەی (سمبیرسك) لە خێزانێکی خوێندەوار لە 1870/4/22 لەدایکبووە. قۆناغەکانی خوێندن بە سەرکەوتووی دەبڕێت تا دەگاتە زانکۆ و دەستدەکات بە خوێندنی یاسا. لە ماوەی خوێندنی لە زانکۆ گۆڕانکاری رادیکاڵی بەسەر بیرکردنەوەیدا دێت و دەبێتە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسی و هاوکات زۆرکاریگەر دەبێت بە برا گەورەکەی ( ئەلێکساندەر) کە ئەندامی یەکێك لە گرووپە شۆڕشگێڕەکان دەبێت.

بەهۆی بیروڕا سیاسیەکانییەوە لە زانکۆ دووردەخرێتەوە، بەڵام لە ساڵی 1891دەتوانێت وەك خوێندکارێکی دەرەکی بەشی یاسا تەواوبکات. پاش تەواوکردنی یاسا دەچێتە شاری سانت پترسبێرگ و لەوێ خۆی تەرخاندەکات بۆ کاروباری شۆڕشگێڕانە و دەبێتە کەسێکی دیار. وەك زۆربەی هاوڕێکانی دەگیرێت و نەفی دەکرێت بۆ سیبیریا، لەوێ لەگەڵ (نادیچدا کروبسکایا- NADEZHDA KRUPSKAYA) ئاشنایەتی پەیدا دەکات و سەرئەنجام دەبنە هاوسەری یەکتری.

دوای تەواوبوونی ماوەی نەفیەکەی لە سیبیریا، بەشێکی

زۆر لە ژیانی لە ئەوروپای خۆرئاوا بەسەر دەبات و بە تەواوەتی تێکەڵی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جیهانی دەبێت و دەبێتە رابەری گرووپی بەلشەفییەکان لە پارتی کرێکارانی سۆسیال دیموکراتی روسیا.

ساڵی 1917 ئەو کاتەی روسیا تەواو ماندووبووبوو بەهۆی جەنگی جیهانی یەکەمەوە، لەو کاتەدا روسیا زۆر پێویستی بە گۆڕان دەبێت هەر بۆیە لینین دەگەڕێتەوە بۆ روسیا، دەستدەکات بە کارکردن دژی حکومەتی کاتی ئەوکاتەی روسیا. سەرئەنجام نارەزایەتی و پلانی شیوعییەکان بەسەرکردایەتی لینین سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت بەسەر دەسەڵاتی قەیسەردا . شـۆڕش و گۆڕانکاریەکانی ئەوکاتەی روسیا بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناسراون.

ئـەوەی جیگەی داخە شۆڕشی ئۆکتۆبەر شەڕی ناوخۆی بـەدوادا هات و جەنگ و برسێتی لە روسیادا بڵاوبۆوە، لەو نێوەندەدا بەلشەفییەکان توانیان سەرکەوتن بەسەر نەیارەکانیاندا مسۆگەربکەن و زۆر بێڕەحمانە لە ناویان ببەن، سەرئەنجام بەلشەفییەکان بە تەواوەتی دەسەڵاتی روسیایان کۆنترۆڵکرد.

ساڵی 1918 لینین لە هەوڵێکی تیرۆرکردن رزگاری دەبێت، بەڵام هەوڵەکە بووە هۆی بریندار کردنی و ئەو رووداوە تامردنیشی کاریگەری لەسەر تەندروستی دەبێت. لە دوا ساڵەکانی کۆتایی ژیانیدا، لینین ترسی ئەوەی هەبوو سۆڤیەت بەرەو بیرۆکراسیەتی لەرادەبەدەر هەنگاوبنێت و هاوکات نیگەرانیش بوو لە فراوان بـوون و گەشەکردنی دەسەڵاتەکانی (جۆزیف ستالین)ی

جێگرەوەی. لینین لە ڕۆژی 1924/1/21 کۆچی دوای دەکات، لەوکاتەوە تەرمەکەی لە یەکێك لە مۆزەخانەکانی گۆڕەپانی سوور پارێزراوە.

## هەنگاوە کاریگەرەکانی لینین لە ماوەی دەسەلاتداریدا

لەگەڵ ئەوەشدا کە لینین سەرکردەیەکی دڵرەق و تاکڕەو بووە، بەڵام لە هەمانکاتدا کەسێکی کرداری (پراکتیکی) بوو هەر لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و وەرگرتنی دەسەڵات کۆمەڵێك هەنگاوی هاویشت، کە دەکرێت وەك هەنگاوی سەرکەوتوو سەیربکرێن لە کەسایەتی رابەرایەتی لینین. ئەو هەنگاوانەش بریتین لە:

## کشانەوە لە جەنگی جیهانی یەکەم

دەستبەجێ لەگەڵ وەرگرتنی دەسـەڵات لە روسیا، لینین فەرمان دەکات بۆ کشانەوەی روسیا لەبەرەی خۆرهەڵات و راگرتنی هەمووجۆرە هەڵوێستێکی دوژمنکارانە لەلایەن روسیاوە. تا ئەو کاتە روسیا بەڕابەرایەتی قەیسەر بەردەوام لە دۆڕاندابوو، هەروەها نزیکەی 8 ملیۆن سەربازی رووسیش ژیانی خۆیان لەدەستدابوو، بوونە قوربانی سیاسەتە چەوتەکانی قەیسەر، ئەمە سەرەڕای بەفیرۆچوونی داهاتەکانی ئەو وڵاتە لەو پێناوەدا.

بەهۆی رێککەوتن لەگەڵ ئەڵمانیا، لینین بڕیاریدا هەندێك

ناوچەی دەوڵەمەندی روسیا بداتە ئەڵمانیا و پاشەکشە بکات لە بـەرەی خۆرهەڵاتی جەنگی جیهانی یەکەم. راستە لەم رێککەوتنەدا روسیا هەندێك ناوچەی لەدەستدا، بەڵام لینین توانی کۆتایی بهێنێت بە لەناوچوونی زیاتری سەرچاوە مرۆییەکانی ئەو وڵاتە، کە هاوڵاتیانی روسیا گیرۆدەی بووبوون.

## کۆتایی هێنان بە سیستەمی دەرەبەگایەتی

دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە روسیا، لینین فەرمانیدا سیستەمی دەرەبەگایەتی هەڵبوەشێنرێتەوە و رایگەیاند چیتر ئەو سیستەمە گونجاونییە بۆ روسیا. لە بەرامبەردا دەوڵەت دەستیگرت بەسەر خاك و کرێکاراندا. ئەم هەنگاوەی لینین بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کرێکار و جووتیار رزگاریان ببێت لە دانی باج و خەراج بە دەرەبەگەکان، داهاتێکی زیاتریان دەستدەکەوت بۆ خۆیان و خێزانەکانیان.

## سیاسەتی نوێی ئابووری

لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لە روسیا، لینین سیاسەتێکی ئابووری راگەیاند بەناوی (جەنگی کۆمۆنیزم). لەم سیاسەتەدا لینین سەرجەم ماڵ و موڵکی تایبەتی خۆماڵی کرد و کردنی بە موڵکی دەوڵەت. ئەم سیاسەتە بووە هۆی ئەوەی ملیۆنان هاوڵاتی سۆڤیەت زەرەرمەندبن بۆیە لینین بڕیاریدا سیاسەتێکی نوێی ئابووری پەیڕەوبکات بەناوی (سیاسەتی نوێی ئابووری). ئەم سیاسەتە دەرئەنجامی ئەو فشارە کۆمەڵایەتیانە بوو، کە

بەهۆی سیاسەتی خۆماڵیکردنەوەکەوە هاوڵاتیانی زەرەرمەند کردبوو. لەو سیاسەتە نوێیەدا بوار بەهاوڵاتیان درا ببنە خاوەنی موڵك و بازرگانی تایبەت، بەڵام بە شێوەیەکی سنوردار.

## پەروەردە

لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتدا بەڕابەرایەتی لینین، پـەروەردە لەسەرجەم ئاستەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان گەشەی کرد. پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر ملیۆنان هاوڵاتی و جووتیاری رووسی تەواوی ژیانیان بەسەر دەبرد بەبێ ئەوەی بتوانن بخوێننەوە و بنوسن، بەڵام لەسەردەمی لینیندا دەوڵەت هاوڵاتیانی ناچارکرد، بەتایبەتی منداڵان، بەشێوەیەك کە ئیلزامی بخوێنن و بنەما سەرەکییەکانی پەروەردە و خوێندن وەربگرن.

## لینین و بۆچوونی دەربارەی ئاین

بۆچوونی لینین دەربارەی ئاین بۆچوونێکی ئیجابی نەبووە، ئەوپێی وابوو ئاین جۆرێکە لەو فشارە دەروونیانەی، کە کاریگەری لەسەر چینی غەدرلێکراوان هەیە لە پێناو کارکردن بۆ ئەوانی دی. لینین دەنوسێت: لاوازی چینی دەستەمۆکراو لە ململانێکانیدا لەگەڵ ستەمکاران، بەحەتمی دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو بیروباوەڕەی، کە ژیانێکی باشتر لەدوای مردن هەیە، هەروەك چۆن مرۆڤی سەرەتایی لاوازبووە بەرامبەر سروشت و باوەڕی هێناوە بە خوداکان و شەیتانەکان و موعجیزەکان.

هەروەها لینین دەنوسێت: ئاین خەڵکی فێری تەسلیم بوون و ئارامگرتن دەکات لەم دنیایەدا، بەمەبەستی بەدەستهێنانی باشتر لە ئاسمانەوە... ئاین هۆشبەری گەلانە، جۆرێکە لەشەرابی روحی، کە قەناعەت بە کۆیلەکانی سەرمایەداری دەکات قوربانی بدەن بە مرۆڤایەتی و هیواکانیان لە پێناو بوونێکی باشتر.

## کەسایەتی لینین

بەدەر لەو وەسفە سیاسیانەی دەربـارەی لینین نوسراون، بەکەسێکی توند و تاکڕەو باسیان کردووە، بەڵام لەسەر ئاستی کەسایەتی و شەخسی بەباشی باسی لینین کـراوە. زۆربەی ئەوانەی لەگەڵی ژیاون یاخود لەبەر هەر هۆکارێك بووبێت ئەویان ناسیووە، لینین بەکەسێکی سادە و بێ فیز وەسفدەکەن.

(بێرتراند راسـڵ- BERTRAND RUSSELL ) یەکێك لەوانەی چەندین گفتوگۆی لەگەڵ لینین ئەنجامداوە نوسیویەتی: لینین کەسێکی دۆستانە و سادە بووە، هیچ جۆرە لەخۆبای بوونێکی نەبووە. ئەگەر کەسێك ئەوە نەناسیایە، ئەوا هەرگیز بڕوای نەدەکرد، کە ئەو چ کەسێکی خاوەن دەسەڵات و پلەوپایەیە لەو وڵاتەدا. هەرگیز کەسی ئاوا سادەم لە ژیانمدا نەبینیوە.

لینین حەزی لە منداڵ و پشیلە و سواربوونی پاسکیل و وێنەگرتن هەبووە، هەروەها حەزی لە خلیسکانێی سەر سەهۆڵ و سەرکەوتن بەسەر چیاکان و راوکردن هەبووە. تەواوی ژیانی لینین لە کتێبی ( یاداشتەکانی لینین - MEMORIES OF LENIN ) کە لە لایەن خێزانەکەیەوە نوسراوە بە درێژی باسکراوە.

# گەشەی سێکسی و پێکهاتەی
# دەروونی تاک لای
# جـاك لاكـان

## لەبارەی گەشەکردنی دەروونی سێکسی تاکەوە

جاك لاکـان، سەلماندی هێزێکی کاریگەرە لەسەر تیۆری رەخنەگرانەی هاوچەرخ، کە کاریگەری هەیە لەسەر زۆر رێبازی دیکە لەوانە: فێمینیزم، تیۆری فیلمسازی، پاش بونیادگەرایی، مارکسیزم، هەروەها لاکان نمونەی ئەو دیاردەیەیە، کە ئێمە وەك دابڕانی پۆستمۆدێرن لە سیگمۆند فرۆید لێی تێدەگەین.

لەکاتێکدا فرۆید لە شێوازی کارکردنیدا پشتی دەبەست بە رێبازی ئەزموونی- EMPIRICAL و ترادسیۆنی مرۆڤانە و پێی وابوو (خودی سەقامگیر) لە توانایدایە بگاتە «راستی»، بەڵام لاکان وەك پۆست بوونیادگەرایەك تەنیا کار لەسەر (خود و راستی) ناکات، بەڵکو هەوڵی دۆزینەوەی ئەوە دەدات، کە چۆن زانیاری دروستدەبێت لە رێگای پێکهاتە زمانەوانی و ئایدۆلۆژییەکانەوە، ئەم پێکهاتەیەش نەك تەنها ئاگایمان کۆنترۆڵدەکات بەڵکو ژیانی نائاگایشمان کۆنترۆڵدەکەن.

لەگەڵ ئەوەی فرۆید شێوازی ئۆرگانیکی و بوونی ئارەزووی بەلاوە پەسەند بوو بۆ دۆزینەوەی دەماری و زانینی هۆکارە سروشتییەکانی گەشەکردنی سێکسی، بەڵام لاکان مۆدێلێکی زمانەوانی پەرەپێدا بۆ تێگەیشتن لە دەروازەی بابەتی مرۆیی بەرەو سیستەمی کۆمەڵایەتی. هەربۆیە لاکان کەمتر گرنگی دەخاتە سەر هۆکارە جەستەییەکان (وەك: تەرکیزی فکری، ئارەزووی جنسی، غەریزە) بۆ ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوت، بەڵکو

زیاتر گرنگی دەخاتە سەر پێکهاتە ئایدۆلۆژییەکان بە تایبەتی لە ڕێگەی زمانەوە، کە مرۆڤ لە ڕێگایەوە لە پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆی و ئەوانی دی تێدەگات.

لە ڕاستیدا، بە بۆچوونی لاکان چوونە ژوورەوە بەرەو زمان لە خۆیدا دەبێتە هۆی دابڕانی ریشەیی لەهەر هەستکردنێکی ماتەریالی . لاکان پێی وایە دەبێت هەر کەسێك جیاوازی بکات لە نێوان واقیع (ئەو جیهانە خەیاڵییەی پێمان وایە جیهانی راستەقینەی دەوروبەرمانە) لەگەڵ راستەقینە_حەقیقەت (بوونی ماتریالی لەسەروو زمان و دەربڕینەوە). بەمانایەکی تر، گەشەکردنی بابەتی مرۆیی، دروستدەبێت لەرێگای ناسینی هەڵە دەربارەی حەقیقەت ئەویش بۆ پێویستیمان بۆ دروستکردنی هەستی واقعی لە ناو زمان و لە ڕێگەی زمانەوە.

بەشی زۆری دەوەستێتە سەر تێگەیشتنی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی خۆمان لەبارەی (واقع) و ئەوەش هەڵچوونی ماتەریالی راستەقینە (حەقیقەت) بۆ ناو ژیانمان بەتەواوی تێکچووە. هەربۆیە، حەقیقەت بەردێکە دژی هەموو پێکهاتە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییە دەستکردەکان، کە بەحەتمی فەشەل دێنن. کەواتە ئەو گرژییەی نێوان راستەقینە و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، ماناکان، ڕێکەوتنەکان، ئارەزووەکانن...هتد... کە بڕیار لەسەر ژیانی دەروونی و سێکسیمان دەدەن. تەنانەت نائاگایشمان ناتوانێت لە زمان رابکات، لەبەر ئەوەیە لاکان پێی وایە « نائاگایمان دارێژراوە وەکو زمان».

کەواتە تێگەیشتنی لاکان لەسەر گەشەکردنی دەروونی، رێکخراوە لەدەوری توانای بابەت بۆ ناسینی هێما دیارەکان و لە کۆتایشدا بۆ زمان. جێگەی ئاماژەیە لاکان، هاوشێوەی فرۆید، پێی وایە قۆناغەکانی گەشەکردنی دەروونی تاکەکان جیاوازە لە یەکتری تەنانەت قۆناغەکانی گەشەکردن لەناو یەك تاکیشدا بوونیان هەیە، هەروەك لە خوارەوە روونکراوەتەوە:

- لەدایك بـوون هەتا 6 مانگی: بە بۆچوونی لاکـان لەم قۆناغەدا گەشەکردنی تاك تێکەڵەیەکە لە تێگەیشتن و هەست و پێداویستی. لەم قۆناغەدا تاك هەست بەجیاوازبوونی خودی خۆی ناکات لەگەڵ باوانی و جیهانی دەوروبەری. هەربۆیە تاك ئەزموونی شتەکانی دەوروبەری دەکات وەك شتی چێژبەخش و لەزەتیان لێ وەردەگرێت، بەبێ بوونی هیچ بەڕاست دانان و سنووردانانێك. لەم قۆناغەدا تاك نزیکە لە (ماتەریالی پاك) کە لاکان ناوی دەنێت « راستەقینە-حەقیقەت»، هەرچەندە لەم قۆناغەشدا چەند شوێنێکی بزواندنی سێکسی بوونیان هەیە و دایك هەوڵ دەدات ئاگاداری تایبەتی ئەو بەشانەی جەستە بێت.

- لە 6 مانگی بۆ 18 مانگی: لاکان ناوی ناوە (قۆناغی ئاوێنە)، تاك شوناسی دەربارەی خۆی بۆ دروستدەبێت و لەم قۆناغەدا منداڵ هەست بەوێنەی خۆی دەکات و خۆی دەناسێت وەك (من). پێویستە ئاماژە بەوەبکرێت وێنەی منداڵ لەم قۆناغەدا تێکەڵ بەشتەکانی دەرەوەی خۆی نەبووە و زمان نەچۆتە ناوی، هەربۆیە وێنەکە گشتییە و وەك بابەت کاردەکات. بەمانایەکی تر،

ئەم وێنە دروستبوونە پێش هاتنە ناوەوەی زمانە، کە دوای ئەوەی زمان دەچێتە ناوەوە، خود دەبێت بزانێت چۆن ئەوم وێنەیە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا جێگیر بکات، یاخود گفتوگۆبکات بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیدا. ئەم خود ناسینە زۆر گرنگە، چونکە خود ناسین وەك (من) وەك ناسینی (ئەوانی دی) وایە.

- لە 18 مانگی بۆ 4 ساڵی: لەم قۆناغەدا، کە منداڵ زمان بەدەستدەهێنێت، ووردە ووردە پەیوندەی لەگەڵ حەقیقەت دەپچڕێت. لاکان ئەمە بنیات دەنێت لەسەر واتاسازی سوسێر (FERDINAND DE SAUSSURE)، کە نیشانیدەدات زمان سیستەمێکە، تەنها ئەو کاتە مانا پەیدادەکات لەناو لۆجیکی ناوەکی جیاوازییەکاندا، بۆ نمونە وشەی (باوك) ئەوکاتە مانای خۆی پەیدا دەکـات کاتێك لەگەڵ وشەکانی دی و دژەکانی بەراووردی دەکەین (وەك: دایك، من، یاسا، کۆمەڵایەتی...هتد...). وەك KAJA SILVERMAN، باسی دەکات، دەلالەتی گرنگی باوك هیچ پەیوەندی بەراستی فیزیکی باوەك وەك تاك نییە، بەڵکو گرنگییەکەی دەردەکەوێت لەناو تۆڕێکی دیکەی گرنگ، کە هەموویان یەکسانن لە سۆنگەی حەقیقەتەوە. لەگەڵ چوونە ناو سیستەمی زمانەوە، تاك تێکەڵی (نیزامی هێماکان) دەبێت و (من) تێکەڵ بە ئەوانی دی دەبێت ئەویش لە ڕێگای زمان و کلتورەوە.

گرێی ئۆدیب، لای لاکان هاوشێوەی فرۆید گرنگی خۆی

هەیە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە، کە لاکان نەخشەرێژی دەکات لە ڕێگای بەدەستهێنانی زمانەوە. پرۆسەکە دەجوڵێت لە ڕێگای (زانینی ئەوەی کە ناتوانین لەگەڵ دایکمان بخەوین، یاخود بەتەواوی ئەومان هەبێت) بەرەو ناسینی ئەوەی، کە پێویستە ملکەچی  پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ببین و پەیڕەوی لە سیستەمی جیکارانەی داخراوی زمان بکەین، کە لە ڕێگەیەوە لە (خود) دەگەین لەپەیوندی بە (ئەوانی دی)یەوە.

لێرەدا فالۆس (هێمای نێرینە، کە نابێت هەمیشە مانای پێنیس) بگەیەنێت، مانای بابەتی خۆی لەدەستدەدات و بەهۆی زمانەوە مانایەکی (تەواو فراوان) وەردەگرێت لە کاتێکدا ئەمە شتێکی مەحاڵە. فالۆس هەموو ئەو مانایانە وەردەگرێت، کە پەیوەستن بە ئەوەی لاکان پێی دەڵێت (باوکی سیمبوڵی).

هاوشێوەی فالۆس (کە هیچ پەیوەندی بە پێنیس)ەوە نییە، ناوی باوك، ماناکەی زۆر زیاترە لە باوکی فعلی. بەشێوەیەکی زۆرتر ئەو پرۆسەیە هاوشێوەی ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەیە، کە ژیانمانی کۆنترۆڵکردووە، هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی هەندێك لە کردارەکانمانی کردووە لەڕێگەی (یاسا، ئایین، دەرمان، پەروەردە). کاتێك کەسێك بە گرێی ئۆدیبدا تێدەپەڕێت، شوێنی فالۆس (لەناو سیستەمی جیاکاریدا) لەلایەن هەمووانەوە گریمانەدەکرێت (لەوانە: مامۆستا، سەرکردەکان، تەنانەت دایکیش) و بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوەی فالۆس هاوواتی پێنیس یاخود باوکی بایەلۆژی ناگەیەنێت.

شایەنی باسکردنە، لە سیستەمی لاکاندا ، جیاوازی توێکاری نێوان کچان و کوڕان دەبێتە هۆی ئەوەی پیاوان و ژنان دوو ڕێگای جیاواز بگرنەبەر. لاکان پێی وایە پیاوان دەتوانن ئیمتیازەکانی فالۆس بەدەستبهێنن لە ڕێگەی ئینکاری کردنی حەقیقەتی سێکسوالیتی خۆیان (پێنیسی ڕاستەقینە)، لەبەر ئەم هۆیە خەساندن کاردەکات وەك چەمکی سەرەکی گەشەکردنی دەروونی و سێکسی کوڕان.

بەقبوڵکردنی ناوی باوك، کە پەیوەستە بە سیمبوڵی فالۆس، نێر پێویستییە جنسیەکانی خۆی ئینکار دەکات، پاشان بۆ هەتا هەتایە لەپەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانی تر تێدەگات، لەسۆنگەی پێگەی خۆی لەناو سیستەمێکی گەورەتری یاساکان، جیاوازی جێندەری، ئارەزوو. لەبەر ئەوەی ژنان، وەك پیاوان (پێنیس)یان نییە، بۆیە بەهەمان ئەزموونی خەساندندا تێناپەڕن، بەهەمان شێوەی پیاوان پەیوەندی کۆمەڵایەتی نابەستن، بۆیە نزیکترن لەو شتەی لاکان پێی دەڵێت (چێژ)، چونکە پیاوان دەستیان لە ژمارەیەك غەریزەی زۆری جەستەییان هەڵگرتووە لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیمبوڵی فالۆس.

## لەبارەی پێکهاتەی دەروونی تاکەوە

بەشێوەیەکی سەرەکی، دەروون دابەشدەبێت بۆ 3پێکهاتە، کە کۆنترۆڵی ژیان و ئارەزووەکانمان دەکەن و کاری سەرەکی لاکانیش لە دەوری ئەم 3 پێکهاتە دەسوڕێتەوە، ئەوانیش: ڕاستەقینە، سیستەمی خەیاڵی، سیستەمی سیمبوڵی (ئەوی دی گەورە):

-1 پێكهاتەی راستەقینە- THE REAL:

ئەم چەمكە بریتییە لە دۆخی سروشتی خۆمان، كە بەهۆی چوونە ناو زمانەوە بۆ هەتا هەتایە لەدەستماندواە. تەنها تازە لەدایكبووان لەم دۆخەوە نزیكن ئەویش بەهۆی ئەوەی هیچ شتێك نییە تەنها پێویستی نەبێت. منداڵ تەنها بەدوای تێركردنی پێداویستیەكانیدا وێڵە و هیچ جیاوازییەك لەنێوان خۆی و جیهانی دەرەوەدا ناكات. لاكان ئەم دۆخە وەك (پڕبوون یاخود كامل) دەشوبهێنێت، كە بەهۆی هاتنەژوورەوەی زمانەوە لەدەستدەچێت. منداڵ (هاوشێوەی ئاژەڵ) كاتێك پێداویستیەكی دەبێت هەوڵی تێركردنی دەدات.

هەرچەندە دوای هاتنە ناوەوەی زمان بەدەستهێنانی دۆخی راستەقینە مەحاڵە، بەڵام لاكان پێی وایە ئەم پێكهاتەیەی منداڵی كارگەری لەسەر ژیانی هەرزەكاری هەیە، وەك بەردێك وایە كاتێك خەیاڵ و پێكهاتە زمانەوانیەكان لە كۆتایدا فەشەلدەهێنن. بۆ نموونە راستەقینە دەگەشێتەوە كاتێك دەمانەوێت مادییەتی بوونمان بزانین.

-2 پێكهاتەی سیستەمی خەیاڵی - THE IMAGINARY ORDER:

ئەم قۆناغە هاوتەریبە لەگەڵ (قۆناغی ئاوێنە)، كە تاك دەجوڵێت لە بەدەستهێنانی پێداویستییەوە بۆ بەدەستهێنانی داواكــاری. پێداویستییەكان لەوانەیە دابینبكرێن، بەڵام داواكارییەكان تێرناكرێن. ئەمە ئەو شتەیە لاكان وەك كەموكوری لە (بابەتی مرۆیی) باسیدەكات.

کاتێك منداڵ هەستدەکات جەستەی لە جیهان و دایکی جیاکراوەتەوە، ئیتر هەست بە دڵتەنگی و وونبوون دەکات. وێنەی منداڵ لە بارەی خۆیەوە جیاوازە لە وێنەی راستەقینەی سەرەتا. ئەم وێنەیە خەیاڵییە و منداڵ دەیەوێت تەعویزی ئەو لەدەستدانە بکاتەوە، کە هەی بووە لەرێگای (منی باڵا)وە، بە چاولێکردن لە کەسانی دی (بۆ نمونە کەسی نمونەیی ناو کۆمەڵگە).

-3 پێکهاتەی سیستەمی سیمبوڵی (یان ئەوی دی گەورە) - :(«THE SYMBOLIC ORDER(THE «BIG OTHER

لە کاتێکدا قۆناغی خەیاڵی دەربــارەی هاوکێشەکان و شوناسەکانە، قۆناغی سیستەمی سیمبوڵی دەربـارەی زمان و گێڕانەوەیە. کاتێك منداڵ دەچێتە ناو زمان و یاساو فەرمانەکانی کۆمەڵگە جێ بەجێ دەکات، لە توانایدا هەیە مامەڵە لەگەڵ (ئەوانی دی)دا بکات. بە بۆچوونی لاکان قبوڵکردنی یاساکانی زمان هاوبەستە لەگەڵ گرێی ئۆدیب.

سیستەمی سیمبوڵی مومکینە بەهۆی قبوڵکردنی ئەو یاسا و سنوورانەی کۆنترۆڵی هەڵسوکەت و پەیوەندییەکانمان دەکەن. بەهۆی قبوڵکردنی (ناوی باوك- مەبەست لێی سیمبوڵی کۆمەڵگە) دەتوانیت بچیتە ناو کۆمەڵگەی ئەوانی تـرەوە. سیستەمی سیمبوڵی لە رێگەی زمانەوە بریتییە لە پەیمانێك، کە هەموو بابەتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە یەك کرداردا. بە تێگەیشتنی فرۆید، کردارەکانی مرۆڤ لە بناغەوە لەسەر دنیای هێماکان بنیاتنراون، ئەوانیش بریتین لە یاسا و گرێبەستەکان.

به بۆچوونی لاکان، پێکهاتەی راستەقینە هەوڵی دابینکردنی پێداویستییەکان دەدات، هەروەها پێکهاتەی سیستەمی خەیاڵی هەوڵی تێرکردنی داواکارییەکان دەدات، پێکهاتەی سیمبوڵیش هەوڵی بەدەستهێنانی ئارەزووەکان دەدات لە رێگای زمانەوە. لەوکاتەوەی تێکەڵ بەزمان دەبین، ئیتر بۆ هەتا هەتایە وابەستەین بە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان لە کۆمەڵگەدا.

# ڕۆشنگەری
# لە ڕوانگەی (کانت)ەوە

بەبۆچوونی (ئیمانوئێل کانت) رۆشنگەری بریتییە: لەو چرکەساتەی کە تاك رزگاری دەبێت لە ناکامڵی خود. مەبەستی کانت لەناکامڵی خود ئەوەیە، کە تاك توانای ئەوەی نەبێت تێگەیشتن و بۆچوونەکانی خۆی بەبێ یارمەتی و رێنمایی کەسانی تر دەرببڕێت. کانت دەڵێت، خەڵکی ناکامڵی بەسەر خۆیاندا دەسەپێنن لەبەرئەوەی لەوە (دەترسن) کە بۆچوون و تێگەیشتنەکانی خۆیان بەبێ یارمەتی کەسانی تر دەرببڕن، سەرەڕای ئەمانەش ترس و تەمبەڵی ئەو دوو شتەن، کە هەمیشە خەڵکی لەدۆخی ناکامڵیدا دەهێڵنەوە. لەبەر ئەم هۆیانەی سەرەوە کانت پێمان دەڵێت: کە زۆر ئاساییە بۆ کەسانی دیی خۆیان وەك پاسەوان و رێنماییکەرێکی ژیانمان پێشان بدەن. لەم بارەیەوە کانت چەند نموونەیەکمان بۆ دەهێنێتەوە، وەك (کتێبی خزمەتکردنی بۆچوونەکانم، رێبەری پەروەردەکردنی ویژدان، بوونی پزیشکێك بۆ دیاریکردنی رێجیمکردنم ..) کانت دەڵێت: « ئەم رێبەرانە خەڵکی زیاتر لە ناڕەحەتییەکان ئاگاداردەکەنەوە، وەك لە رزگارکردنیان و ئەوەش ئاشکرادەکەن، کە خەڵکی تووشی چ کارەساتێك دەبن، ئەگەر بەپێی ئەم رێنماییانە نەڕۆن، کە ئەمان بۆیان دیاریکردوون، هەروەها ئەوەش لە خەڵکی دەگەیەنن، کە هەنگاونان بەرەو کامڵبوون کارێکی سەخت و گرانە، بۆیە ئەم بۆچوونە خەڵکی دەترسێنیت بۆ هەنگاونان بەرەو کامڵبوون. کانت پێی وایە رزگاربوون لە ناکامڵی کارێکی سەختە بۆ خەڵکی، بۆیە قایلن بەوەی لەباری ناکامڵیدا بمێننەوە. بە بۆچوونی ئەو،

یاسا و ڕێساکان هەمیشە خەڵکی لەدۆخی ناکامڵیدا دەهێڵنەوە، هەروەها بە بۆچوونی کانت، ئەو کەسەی توانای ئەوەی هەبێت لە یاسا و ڕێساکان یاخی بێت، ئەوا هەنگاوێکی بچووکی بەرەو کامڵبوون ناوە، چونکە بەو دۆخە ئازاد و سەربەستە ڕانەهاتووە و نامۆیە پێی. بۆیە بە بۆچوونی کانت کەمترین خەڵك لە پرۆسەی کامڵبووندا سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، ئەویش لەڕێگای فراوانکردن و گەشەپێدانی بیر و مێشکیانەوە.

کانت دەڵێت:»پێویستترین شت بۆ ڕۆشنگەری، (ئازادی) یە، ئەویش بە مانای بەکارهێنانی ئاشکرای عەقڵ، مەبەست لە بەکارهێنانی ئاشکرای عەقڵ ئەوەیە بۆ نموونە کەسێکی ڕۆشنبیر توانای بەکارهێنانی بۆچوون و ژیریی خۆی هەبێت پێش ئەوەی بچێتە ناو دنیای ڕۆشنبیرییەوە. بۆیە (کانت) تەئکید لەوە دەکاتەوە، کە بەکارهێنانی ئاشکرای عەقڵ بەتەنیا دەتوانێت خەڵکی بەرەو ڕۆشنگەری بەرێت.

کەواتە ئازادی زەروریترین شتە بۆ ڕۆشنگەری، پێویستە خەڵکی توانای ئەوەیان هەبێت بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن. کەواتە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئایدیا و زانیارییەوەیە، کە خەڵکی دەتوانن ببنە سەرداری خۆیان، چونکە لە کەش و هەوایەکی ئازاددا خەڵکی هەموو پێداویستییەکان بۆ دابین دەکرێت و ئەو باوەڕەیان لەلا دروستدەبێت، کە خزمەتی خۆیان بکەن.

# ژن-پیاو

نوسینی: ئەریك فرۆم

کێشەی پەیوەندی نێوان پیاو و ژن کێشەیەکی ئاڵۆزە، لەبەر ئەو هۆیە، ئەگەر وانەبوایە خەڵکی بەهەڵە مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەکرد، وەك ئەوەی دەیکەن، کەواتە باشترین شت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم پرسە، وروژاندنی چەند پرسیارێکە، تاوەکو لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە بتوانم بیرکردنەوەتان بجوڵێنم، یان خۆتان لە ڕێگەی ئەزموونەکانتانەوە، هەندێك وەڵام بەدەستبهێنن.

یەکەم پرسیار، کە دەمەوێت بیوروژێنم ئەوەیە: ئایا ناونیشانی باسەکە، لەگەڵ خۆی هەڵە هەڵناگرێت؟ ئێمە پێمانوایە ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی نێوان ئافرەت و پیاو دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان ئەو دوو رەگەزە.

بەڵام ئەمە وانییە، پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنان، لە بنەڕەتدا پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانە.

هەرکاتێك پەیوەندی نێوان مرۆڤێك، لەگەڵ مرۆڤێکی دی باشبوو، ئەوا پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنانیش باش دەبێت، بە پێچەوانەوە، ئەگەر پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان خراپ بوو، ئەوا پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنانیش خراپدەبێت، کەواتە خراپی پەیوەندیەکانی نێوان پیاوان و ژنان ناگەڕێتەوە بۆ (مێ) ینەو (نێر)ینەی هەردوو رەگەز، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی مرۆڤێك لەگەڵ مرۆڤێکی تردا.

ئێستا دەمەوێت تێگەیشتنی دووەم لەسەر تەواوی بابەتەکە باسبکەم: پەیوەندی نێوان پیاوان و ژنـان، پەیوەندی نێوان

گروپی سەرکەوتو ژێرکەوتوو.ئەم تێگەیشتنە نامۆیە مایەی گاڵتە جاڕییە، پێویستە لە مێژوی(5) هەزار ساڵەی پەیوەندی نێوان پیاو و ژن بگەین، بۆ ئەوەی بۆمان روونببێتەوە، کە چۆن مێژوو رۆڵی بەرچاوی هەیە، لە پەیوەندی ئێستای نێوان پیاوان و ژنان و لەتێگەیشتنیان بەرامبەر یەکتریدا، تەنها بە تێگەیشتن لەو مێژووە، لەو پرسیارە نزیك دەبینەوە: چۆن پیاوان و ژنان لە یەکتری جیاوازن؟ تەنها ئەو کاتە دەزانین تایبەتمەندیەکانی پەیوەندییەکانی نێوان پیاوان و ئافرەتان چین و رەگی کێشەی پەیوەندیەکانی نێوانیان لە کوێدایە.

سەرەتا دەمەوێت لە تێگەیشتنی دووەمەوە دەستپێبکەم، پێناسەی پەیوەندیەکانی نێوان پیاوان و ئافرەتان بکەم، وەك گروپی سەردەست و گروپی ژێردەست، پێشتر وتم ئەم تێگەیشتنە نامۆیەو مایەی گاڵتە جاڕییە، بە تایبەت لە ویلاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئافرەتان هەست و مامەڵە ناکەن وەك گروپێکی ژێردەست، لەمبارەیەوە گفتوگۆیەکی زۆر کران بەتایبەت، بۆ زانینی رەگەزی نامۆ لە کۆمەڵگەی شارستانی ئێمەدا، پێموانییە گرفتەکە ئەوەندە ئاسان بێت، لە کاتێکدا ئافرەتان ئەمەریکا ئازادی خۆیان بەدەستهێناوە و لەگەڵا پیاواندا یەکسانن، من پێموایە ململانێی هەزاران ساڵەی مێژوو، ئێستاش لە هەندێك جێگەی تایبەتیدا دەردەکەوێت، ئەم تێگەیشتنە لە پەیوەندی نێوان پیاوان و ئافرتاندا لە کلتوری ئێمەدا درێژەی هەیە.

زۆر بەڵگەی مێژووی هەن دەیسەلمێنن، کۆمەڵگەی پیاو

سالاری، کە لەم (5-6) هەزارساڵەی دوایدا لە (چین و هندستان و ئەوروپاو ئەمریکا) بوونی هەیە، تەنها فۆرم و سیستەم نییە، کە هـەردوو رەگەز پێیگەشتبێتن بۆ رێکخستنی ژیانیان، زۆر بەڵگە هەن (ئەگەر لەسەر تاسەری جیهانیشدا نەبێت، لە زۆر شوێنی جیهاندا) کۆمەڵگەی پیاو سالاری، کە لەلایەن پیاوەوە کۆنترۆڵکراوە، دوای کۆمەڵگەی دایکسالاری هاتووەتە کایەوە و راستییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە ئافرەت و دایك سەنتەری کۆمەڵگەو خێزان بوون.

ئافرەت کۆنترۆڵی سیستەمی کۆمەڵگەو خێزانی کردبوو، لەمبارەیەوە دەتوانین شوێن و پێ و باڵادەستی ئافرەت لە زۆربەی ئاینەکاندا ببینین. دەتوانین شوێنپێی ئافرەت لە زۆربەی دیکۆمێنتەکاندا ببینین، تەنانەت لەو دیکۆمێنتانەی ئێمە، زۆر پێیان ئاشناین، لەوانە-پەیمانی دێرین-العهد القدیم( OLD- TESTAMENT ).

ئەگەر چیرۆکی ئـادەم و حـەوا، بە چاوێکی بابەتیانەوە بخوێنیتەوە، چی دەدۆزینەوە؟ ئەوە دەدۆزێتەوە، کە نەفرەتکردن و جنێودان دژی حەوا وتراوە، بە ناڕاستەوخۆش دژی ئادەم، چونکە باڵادەستبوون بەسەر کەسانی تردا، باشتر نییە لە ژێر دەستبوون.

وەك سـزایـەك بـۆ تـاوانـەکـەی، پێویستە پیاو ئافرەت بەڕێوەبەرێت، پێویستیشە سەرجەم حەزو ئارەزوەکانی ئافرەت لە خزمەتی مێردەکەیدا بێت. شتێکی ئاشکرایە ئەگەر زاڵبوونی پیاو بەسەر ئافرەتدا، شتێکی(نوێ) بێت، دەبێت کاتێك، کە ئەم

ڕەوشە وەها نەبووبێت لەراستیدا زۆر بەڵگەمان هەن ئەم راستییە دەسەلمێنن، ئەگەر تێگەیشتنی بابلییەکان بۆ دورستبوون(خلق) بەراورد بکەی، لەگەڵا چیرۆکی(ئینجیل) دەربارەی دروستبوون، جیاوازیەکی زۆرت بەرچاودەکەوێت.

لـە چیرۆکی بابلییەکاندا، کـە پێش چیرۆکی ئینجیل نوسراوەتەوە بۆمان، دەردەکەوێت (خواوەندی نێر)بوونی نەبووە، بەڵکو خواوەندی ژن (تایمات) باڵادەستبووە، پاشان کوڕی ئەو خواوەندە لە دایکی یاخی بووە، لە ئەنجامدا شکستی بە دایکی هێناوە و سیستەمی نێر سالاری بەڕابەرایەتی (مەردۆخ)ی گەورە، خواوەندی نێری بابلییەکان دامەزراندووە.

مەردۆخ پێویستبوو تاقیکردنەوەی دەسەڵاتی تێپەڕێنێت، بۆئەوەی بیسەلمێنێت، ئەو شایەنی ئەوە بووە سەربکەوێت بەسەر خواوەندی ژندا، ئەو پێویست بوو ئەو دەسەڵاتەی لە رێگەی وشەوە نیشانبدات، رایگەیاند کە دەتوانێت پارچە قوماشێك لەناو بەرێت، پاشان دووبارە دروستیبکاتەوە، ئەم تاقیکردنەوەیە، شتێکی گەوجانە دیارە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئامانجێکی بنەڕەتی دەپێکێت، لە بەرئەوەی لە کۆمەڵگەی دایکسالاریدا، ئافرەتان، لەیەك لایەنەوە، لە پیاوان باڵاتر بوون ئەویش: ئافرەتان توانای منالابوونیان هەیە، بەڵام پیاوان ئەو توانایەیان نییە. پیاوان لە هەوڵەکانیاندا بۆ لەسەر کار لابردنی ژنان، رایانگەیاند ئەوان(وەك ژنـان) دەتوانن شت دروستبکەن و لەناوی بـەرن- بەرێگەی سروشتی نا، وەك ئافرەتان، بەڵکو لە ڕێگەی وشەو روحەوە.

ئەگەر چیرۆکی ئینجیل دەربارەی دروستبوون بخوێنیتەوە، تێبینی ئەوە دەکەیت، لەو شوێنەی چیرۆکی بابلییەکان تەواو بووە، ئەم لەو شوێنە دەستپێدەکات: پەروەردگار جیهانی دروستکردووە، لە رێگەی وتەکانییەوە، هەروەها بۆ جەختکردنەوەی لەسەر بەرزی و باڵای پیاوان بەسەر ئافرەتاندا(ئینجیل) پێمان دەڵێت: حەوا لە پیاو دروستبووە، نەك پیاو لە ئافرەت لە دایکبووە.

کلتوری پیاو سالاری، ئەو کلتورەی پێیوایە قەدەر وایکردووە پیاوان زاڵ بن بەسەر ژناندا، یان پیاوان رەگەزی باڵاو بەهێزن، لەزۆربەی جیهاندا باوە، لە راستیدا لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا، چەند کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی کەممان بەرچاودەکەوێت، کە تیایاندا سیستەمی ژن سالاری بوونی ماوە.

لە کۆمەڵگەی پیاو سالاریدا، هەموو جۆرە ئایدۆلۆژیاو پێشینە(گریمانە) یەك بوونی هەیە، کە لە بەرژەوەندی پیاواندایە. ئەو ئایدۆلۆژیایانە درێژەو گەشە بە مانەوەی پیاو سالاری دەدات بەرامبەر گروپی ژێردەست، هەندێك لەو بۆ چونانە: ئافرەتان عاتیفین، بێسەرو بەرن، لە خۆباین، وەك مناڵان وان، کاروبار بە باشی بەڕێوەنابەن، هەروەها ئافرەتان بە ئەندازەی پیاوان بەهێزنین، بەڵکو تەنها سەرنجراکێشەرن (جەستەیان جوانە).

ئەم بۆچوونانە کە لە کۆمەڵگەی پیاو سالاریدا، بەرامبەر سروشتی ژن، گەشەیکرد,وە، لە راستیDەوە دوورن. سەبارەت بەوەی گوایە ئافرەتان لە پیاوان لە خۆبایی ترن، من پێموایە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر سروشتی پیاو بکەین، بۆمان

روون دەبێتەوە، پیاوان لە خۆباین، تەنانەت بۆماندەردەکەوێت پیاوان کارێك ئەنجامنادەن، بەبێ لە خۆبایی بوون، ئافرەتان کەمتر لە پیاوان لە خۆیان باین.

لە هەندێك بارودۆخشیدا، کە ئافرەتان لە خۆبایی بوون دەردەبڕن، راستیەکەی ئەوەیە، ئەوان خراونەتە ژێر فشارەوە بۆ دەربڕینی ئەو حاڵەتە، چونکە لەلایەن رەگەزی بەرامبەرەوە (کە پیاوانن) بە چاوێکی کەمەوە سەیرکراون و ئەوانیش لەو رێگەیەوە دەیانەوێت، خۆشەویستی و پشتگیری بەدەستبهێنن، کەواتە ئەو وەهمەی پێیوایە ئافرەتان لە خۆیان باین، بە وردبونەوەیەکی عەقڵانی نەسەلمێندراوە.

با گریمانەیەکی تر وەربگرین: ئەو بۆچونەی پێیوایە پیاوان لە ئافرەتان بەهێزترن، بەڵام راستیەکەی ئەزانن چییە؟ ئەگەر لە هەر پەرستارێك (ممرچە-سستەر) بپرسی ئەوا بێ دوو دڵی پێت دەڵێت: رێژەی سەدی ئەو پیاوانەی لە کاتی دەرزی لە خۆدان، یان لە کاتی تاقیکردنەوەی خوێندا، لاوازن و لە هۆش ئەچن، زۆر زیاترە لە رێژەی ژنان، بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتان، زیاتر بەرگەی ناڕەحەتی دەگرن، ئەو ناڕەحەتیانەی پیاوان بێ هیوا دەکات و وایان لێدەکات، وەك مناڵان بە دوای دایکیاندا رابکەن، لەگەڵا ئەمانەشدا بە درێژایی سەدان ساڵا، هەزاران ساڵا، پیاوان پەرەیان بەو بۆچوونەدا، کە ئەوان رەگەزی باڵاو بەهێزن.

لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزەدەهەمدا، کێشەی پەیوەندی نێوان پیاو و ژن و یەکسانی نێوانیان گەیشتە لوتکە، زۆر چەمك

و دیاردە گەشەیانکرد. ئەوانەی دەیانگوت پێویستە ژنان لەگەڵ پیاواندا، هەمان مافیان هەبێت، رایانگەیاند هیچ جیاوازیەکی سایکۆلۆژی لە نێوان هەردوو رەگەزدا نییە، هەروەك شۆرشی فەرەنسا (گیانی بێرەگەزی) واتە (جیاوازی نەکردن لە نێوان نیرۆ مێ دا)ی داهێنا، هەمان چەمك، سەر لەنوێ گەشەی کردەوە و مافەکانی ئافرەت لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی جەختیان لەسەر کرایەوە، ئەم بۆ چوونانە لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بەبێ بەشداری ئافرەتان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، مەحاڵە یەکسانی لەگەڵ پیاواندا بێتە دی.

لەو سەردەمەوە، تا ئێستاش هەمان بۆچوون و هەڵویست لەناو فێمینستەکان، پێشکەوتنخوازەکان و ئازادیخوازەکاندا بڵاوە، تەنانەت لە رۆژگاری ئەمرۆماندا، ئەو بۆچوونانە لەناو ئەو گروپانەشدا بڵاوە، کە هەوڵی هێنانەکایەی یەکسانی لە نێوان مرۆڤەکان بە شێوەیەکی گشتی و یەکسانی لە نێوان پیاو و ژن بە تایبەت دەدەن، ئەوانەی ئەم هەڵوێستەیان هەیە، دەڵێن جیاوازی لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدا نییە، یان ئەو جیاوازیانە کەم دەکەنەوە.

ئەوانە پێیانوایە ئەگەر، چەند جیاوازیەك بوونی هەبێت، ئەوا دەگەرێتەوە بۆ ژینگەی رۆشنبیری و پەروەردەیی... ئەگەر نا، جیاوازی ناوەکی و سایکۆلۆژی لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدا نییە.

ئەم بۆچوونە، کە لەناوداکۆکیکەرانی یەکسانی پیاوان و ژناندا بڵاوە، منی زۆر نیگەران کردووە و ئەم بۆچونەش لە زۆر لاوە هەڵەیە، ئەمەخراپترین هەڵەیە، ئەمە وەك ئەو وتەیەیە، کە

پێیوایە هیچ جیاوازیەکی سایکۆلۆژی، لە نێوان گروپە نەتەوەیی ئەتنیەکاندا نییە، هەر کەسێك وشەی (رەگەز) بەکاردەهێنێت، لێرەو لەوێ شتی ترسناك دەڵێت، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە، جیاوازی جەستەیی و دەرونی و مەزاجی لە نێوان خەڵکانی گروپە جیاوازەکاندا هەیە.

هۆی دووەم، کە بۆچی پێموایە ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە، ئەوەیە ئەم تێگەیشتنە (چەمکی هەڵە) بەرهەمدێنێت.

ئەم تێگەیشتنە لە پەنای یەکساندا جیاوازی دەکوژێت و پێیوایە، هەموو مرۆڤەکان وەك یەکن و بەمەش ناسنامەو تایبەتمەندیان وندەبێت، لەراستیدا یەکسانی بەواتای هەبوونی (دژ) واتە: سەبارەت هەبوونی جیاوازیەکان هیچ کەسێك بۆ خزمەتی کەس دروستنەکراوە و هەر مرۆڤێك لەسەرەتاو کۆتایدا، خزمەتکاری خۆیەتی.

بە مانایەکی تر، هەرتاکێك ئازادە گەشە بە تایبەتمەندیەکانی خۆی بدات: وەك تاکێك، وەك ئەندامی رەگەزێك، وەك ئەندامی نەتەوەیەك. یەکسانی مانای لە ناوبردنی جیاوازیەکان ناگەیەنێت، بەڵکو بە واتای تێگەیشتنی راستەقینە لەجیاوازەکان دێت.

ئەگەر یەکسانی مەبەستی لە ناوبردنی جیاوازەکان بێت، ئەوا ئەو مەیلە بەهێزدەکەین، کە دەبێتە هۆی هەژارکردنی کلتورەکەمان و بەهای راستەقینەی مرۆڤایەتیش لەناو دەبات، ئەو بەهایەی گەشە بەتایبەتمەندی هەر مرۆڤێك دەدات.

من پێموایە لە ئەمەریکا تێگەیشتنە هەڵەکە ئەوەیە یەکسانی

هاو واتای (ناسنامەیە) دیاردەیەکی تایبەتی کلتوری ئێمە، بریتییە لەوەی جیاوازییەکانی نێوان هـەردوو رەگەز کەمبکرێتەوەو پـەردەی بەسەردابدرێت، گفتوگۆی لەسەرنەکرێت، ئافرەتان هەوڵدەدەن وەك پیاوانیان لێبێت، هەندێك جاریش پیاوان حەزدەکەن، وەك ئافرەتان مامەڵەبکەن، بەمەش هەمەرەنگی نێوان ئەم رەگەزانە، لەناو دەچێت.

لە راستیدان بە بـڕوای من، تەنها وەڵام بۆ کێشەی دوو جەمسەری نێوان هەردوو رەگەز ئەوەیە؛ لە پەیوەندی نێوانیاندا جەمسەری (سالب و موجەب)دانەنرێت، بە واتایەکی تر هیچ رەگەزێکیان لەوی تر باڵا تر نییە و هیچ رەگەزێکی تریشیان لەوی تر کەمتر نییە، دەبێت پێمان وابێت، گۆڕەپانی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە، لەو فرە جەمسەری و فرە رەنگییە دروستبووە، ئەم فرە رەنگیەش، بناغەی هێزی بەرهەمهێنانە.

ئێستا با بێمە سەر ئەو گریمانەیەی لە سەرەتای بابەتەکەمدا باسمکرد، پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی ناو هەر کۆمەڵگەیەك باشترو خراپترنابێت، واتە ئەگەر پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤەکانی هەر کۆمەڵگەیەك باشبوو، ئەوا پەیوەندی نێوان پیاو ئافرەتیش، باش دەبێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی هەر کۆمەڵگەیەك خراپبوو، ئەوا پەیوەندی نێوان ئافرەتان و پیاوانیش خراپ دەبێت.

ئەگەر باسم لە پەیوەندییە ناوەکییەکانی تاکە کەس و کاریگەرییان لەسەر پەیوەندی نێوان ژنان و پیاوان بکردایە،

ئەوا قسەم لەوە دەکرد، کە لە کتێبی (مرۆڤ لە پێناوی خۆیدا) باسمکردووە، کە بە (کەسایەتی بازاڕکەر) وەسفم کـردوە و پێویست بوو، باس لەوە بکەم کە ئێمە چەند تەنهاین، هەرچەند ئێمە لە روکاردا، کۆمەڵایەتین و (پەیوەندی)مان لەگەڵا زۆر کەسدا هەیە، بەڵام لە ناخدا «تەنها»ین، ژمارەیەکی زۆری مرۆڤەکان لە رۆژگـاری ئەمڕۆدا هەست بە تەنیایی دەکەن، ئەوانە هەست دەکەن وەك (کەل و پەل، کەرەستە) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەمە مەبەستم ئەوەیە بەهای مرۆڤ بەستراوەتەوە بە چەندێتی کڕینی شت لە بازاڕدا، بەستراوەتەوە بەدان پێدانانی ئەوانی تردا، بەستراوەتەوە بەسەرکەوتنەوەکانییەوە. واتە مرۆڤ لە روانگەی کەسایەتی و ناواخنییەوە هەڵناسەنگێنرێت مرۆڤ لە روانگەی هێزی تایبەتی خۆیی و توانای خۆشەویستییەوە هەڵناسەنگێنرێت.

لە رۆژگـاری ئەمڕۆماندا (خۆناسین و نرخ بۆ دانـان) لای زۆربەی خەڵکی شلۆقە، خۆیان بە نرخدار نایەتە پێشچاو.

ئەویش پەیوەندی بەو خۆتاوانبارکردنەوە هەیە، کە بەخۆیان دەڵێن (ئەوە منم، ئەوە توانای منە بۆ خۆشەویستی کردن، ئەمە توانای منە لە هەستکردن و بیرکردنەوەدا)، بەڵام لەبەرئەوەی لە لایەن خەڵکی ترەوە بەسەرکەوتوو لە قەڵەم دەردێن، خۆیان بەسەرکەوتوو دەزانن.

ئەوانە خۆیان بە خەڵکی فرۆشتوە، چونکە (خەڵکی) دەڵێن:( ئەو پیاوێکی باشە، یان ئەوە ئافرەتێکی باشە).

سروشتی ژیان وایە، ئەو هەستی خۆناسینەی، لەسەر بناغەی

ئەوانی دی دامـەزرا بێت، هەستێکی ناجێگرە، هەموو ڕۆژێك دەبێت خۆت بۆجەنگێکی نوی ئامادەبکەیت و قەناعەت بەخەڵکی بهێنیت و خۆت بۆ خەڵکی بسەلمێنیت: کە تۆ کەسێکی باشیت.

وەك پێوەرێك حەزدەکەم باس لە جانتایەکی دەستی بکەم و بزانن هەستی چۆنە، کاتێك لە دوکانێك دادەنرێت بۆ فرۆشتن جۆرێك، لەو جانتایانەی دەفرۆشێن، سەر لە ئێوارە هەست بە دڵخۆشی دەکەن، ئەو جانتایانەش لەبەر هەرهۆیەك (گرانت، یان مۆدیان بەسەر چووە) نافرۆشرێن، هەست بە دڵ تەنگی دەکەن. جانتا فرۆشراوەکە هەستدەکات: (من جوانم) جانتاکەی تریش هەستدەکات: (من بێبایەخم) لە ڕاستیشدا جانتا(جوانەکە) لە جانتاکەی تر سودی زیاتر نییە.

لە زاراوەی مرۆڤدا ئەمە واتای ئەوەیە، پێویستە هیچ مرۆڤێك خاوەن تایبەتمەندی نەبێت، کەسایەتی هەر مرۆڤێك، پێویستە هەمیشە ئامادەی گۆڕانکاری بێت، بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵا نوێترین مۆدیلدا بگونجێنێت. لەبەر ئەم هۆشەیە دایکان و باوکان هەست بە شەرمەزاری دەکەن، کاتێك لەگەڵا مناڵەکانیان. منداڵان باشتر ئاگاداری تازەترین مۆدیلن، وەك لە دایکان و باوکان، بەڵام دایکان و باوکانیش زۆر ئامادەن، بۆ ئەوەی فێربکرێن، ئاگاداربکرێنەوە.

ئەوانیش، وەك منداڵان، گوێ بۆ دەنگوباسەکانی (کەسایەتی بازارڕکەر) دەگرن.

باشە لە کوێ و چۆن ئاگاداری ئەو دەنگوباسانە دەبین؟... لە سینەماو لە فیلمەکان، لە ریکلامی جلوبەرگەوە، لە ریکلامی

خواردەمەنییەکانەوە... هەروەها لە ڕێگەی ئەوەوەی، کەخەڵکانی گەورە چی لە بەردەکەن و چۆن قسە دەکەن. ئەوەی ئەمساڵا مۆدێلە، دوای چەند ساڵێکی کەم، بەسەر دەچێت.

لە گۆڤاری (ساندای تایمز) خوێندمەوە: کچێکی چواردە ساڵانە، دایکی خۆی بە بێ ئاگا لە مۆدیل وەسفکردبوو، کە پێیوایە ئێستاش ساڵی(1945)ە. سەرەتا لەمە تێنەگیشتم، بیرم کردەوە ئەمە هەڵەی چاپ بێت، بەڵام دوای بۆم ڕوونبۆوە، بەلای ئەم کچەوە ساڵی(1945) لە دەرەوەی مێژووە، واتە بەسەر چووە. دڵنیام دایکەکە زانیویەتی، پێویستە لەسەری خێرا هەنگاو بنێت.

چۆن چالاکی بازاڕکردن (کڕین و فرۆشتن) کار لە پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز دەکات؟ پێموایە ئەوەی لە ژێر ناوی خۆشەویستییەوە بەڕێوە دەچێت، بریتییە لە گەڕان بە دوای سەرکەوتندا لەپێناو سەلماندندا هەر یەك لە ئێمە، پێویستی بەوەیە، کەسێك نەك کاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆ، بەڵکو کاتژمێر (10--12...) پێویستە یەکێك پێی بڵێت: (تۆ کەسێکی باشیت، تۆ گونجاویت، تۆ کارێکی باش دەکەیت، تۆ سەرکەوتویت) ئەمە یەکێکە لە فاکتەرەکان.

فاکتەرێکی تر، بریتیە لەوەی کەسێك بەهای کەسێکی تر دەسەلمێنێت، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کەسی دروستەوە. کەسێك پێویستی بەوەیە، ببێتە باشترین مۆدیلی خۆی، پاشان مافی ئەوەی هەیە خۆشەویستی بکات لەگەڵا نوێترین مۆدیلدا(کەسێکی هاوتای خۆی) ئەمە کوڕێکی (18) ساڵانم بیردێنێتەوە، کە

لەسەرەتای تەمەنیدا بوو، دەیویست ئوتومبێلەکەی کە (فۆرد-FORD) بوو، بگۆڕێت بۆ (بوك BUICK- ) بە مەبەستی سەرنج ڕاکێشانی باشترین کچان. ئەم کوڕە زۆر ڕاشکاوانە هەڵسوکەوتی کــردووە. ئەم هەڵوێستە دەمانگەیەنێتە ئەو تێگەیشتنەی هەڵبژاردنی (بەرامبەر) بە چ شێوەیەکە لە کلتوری ئێمەدایە.

چالاکی (بــازاڕکــردن) کاریگەریەکی تری هەیە، لەسەر پەیوەندی ڕەگــەزەکــان. لە کــرداری کڕیندا، هەموو شتێك ئامادەکراوە، شێوەکەی بەردەستەو هەموومان تامە زرۆین، ژیانمان لەسەر تازەترین مۆدێل بخەین و لەسەر تازەترین مۆدیل بڕۆین بە ڕێدا، کەواتە ئەو ڕۆڵەی ئێمە لە ژیاندا دەیبینین، ڕۆڵێکی ئامادەکراوە.

مرۆڤ بۆ ئەوەی بژی، پێویستە کاربکات و لەماڵەوەش کەسێکی سۆزدار بێت. دەبێت بژی بۆ ئەو کارەی دەیکات و ئێوارەش، کە گەڕایەوە ماڵەوە هەست بەشەکەتی و هیلاکی نەکات، پێویستە هەست بە ماندوێتی نەکات لەگەڵ کڕیارەکانیدا، لەگەڵ ئەوانەی پێشبڕکێی لەگەڵدا دەکەن و دەبێت لەگەڵ خێزان و مناڵەکانیشیدا گونجاو بێت،

پێویستە لەلایەن هەموو کەسەوە خۆشەویست بێت و قوڵترین هەستی خۆشی بۆ خێزانەکەی دەرببڕێت.

کــەواتــە، پــیــاوی هـــەژار، دەبــێــت لــەگــەڵ ئــەم مۆدیلە ئامادەکراوانەدا بژیت، تەنها ڕاستییەك بۆ ئەوەی توشی (شێت) بوون نەبێت، ئەوەیە ئەم شتانە بە (جدی) وەرنەگرێت، ئەم وتانە

بۆ ئافرەتانیش راستن، چونکە ئەوانیش پێویستە بە پێی مۆدیلە ئامادەکراوەکان، ژیان بەسەربەرن.

بێگومان لە هەر کلتورێکدا، کۆمەڵێك شتی ئامادەکراو هەیە، کە هەندێکیان تایبەتن بە ئافرەتان و هەندێکی تریان تایبەتن بە پیاوان، بەڵام لەو کلتورەی ئەمڕۆ، ئێمە پشتی پێ دەبەستین تایبەتمەندێتی ژنان و پیاوان لێڵە، روون نییەو تایبەتمەندیەکانی پەیوەندی نێوان هەردوو رەگەز لەناو چوون، نەماون.

ئەگەر هەڵبژاردنی پەیوەندیەکانی پیاوان و ژنان، لەسە بناغەی (کڕین) راوەستا بێت، کە رۆڵەکەیان لەو کاتەدا (ئامادە کراوە) ،... ئەوا تەنها شتێك کە بەدەستیدەهێنن بریتیە لە : (بێزاری) پێموایە، ئێمە حەقی خۆیمان نەداوەتە ئەم وشەیە. ئێمە باس لەوەدەکەین، کەسێك لە تەنیایدا هەست بە بێزاری دەکات، بەڵام لەوە خراپتر ئەوەیە، کە لەگەڵا بەرامبەرەکەت بیت و هەست بە بێزاری بکەیت.

زۆربەی خەڵکی پێیانوایە، دووچارەسەریان بۆ ئەم کێشەیە لە بەردەمدایە: یان ئەڕۆن بۆ ئاهەنگەکان و لەوێ پەیوەندی دەبەستن و ئەخۆنەوەو یاری وەرەقە دەکەن و گوێ لە رادیۆ دەگرن و گاڵتەو گەپ دەکـەن...، یان هاوبەشی ژیانیان (ئەو کەسەی وەك هاوسەر لەگەڵیدا دەژی) دەگۆڕن و پەنا بۆ کەسێکی تر دەبەن، چونکە پێیانوایە، لەم هاوسەرگیرییەدا کەسی گونجاویان هەڵنەبژاردووە، بۆیە هەست بە بەختەوەری ناکەن. لە بەرئەوە پێیانوایە، بە گۆڕینی هاوسەری ژیانیان بێزاریەکەیان کۆتایی دێت.

خەڵکی نازانن، کە پرسیاری سەرەکی بریتی نییە لە (من کەسێکی خۆشەویستم؟)، بەڵکو پرسیاری راستەقینەو سەرەکی بریتییە (ئایا ئەتوانم خۆشەویستی بکەم ؟). بە راستی ئەمە قورسە.

خۆشەویستبوون و کەوتنە داوی خۆشەویستییەوە، کارێکی ئاسانە، تا ئەو جێگەیەی هەست بە بێزاری دەکەیت، بەڵام خۆشەویستیکردن (بەردەوامبوون لەسەری) بە شێوەی راستەقینەی خۆی کارێکی ئەستەمە. ئەگەر دوو کەس نەتوانن رێگە لە تەنهایی بگرن، ئەوا هەست بە بێزاری دەکەن، ئەگەر پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت، تەنها بۆ شارنەوەی (تەنهایی) بێت، ئەوا پەیوەندی نێوانیان، پەیوەندیەکی راستەقینە نییە.

دەمەوێت ئاماژە بە چەمکێکی تری هەڵەبکەم. کێشەی راستەقینەی نێوان پیاو ئافرەت (سێکس)ە، چەندین ساڵ لەمەوبەر دوای بڵاوبونەوەی (ئـازادی سێکسی) زۆربـەمـان پێمانوایە، کەلەپچەی رابـردوو پیاوەو قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دەستپێکردووە. پێمان وابوو پەیوەندی مرۆڤایەتی بەرەو ئاسۆ کراوەتەوە، بەڵام دەرئەنجامەکانی بەو شێوەیە (دڵخۆشکەر) نەبوون، وەك زۆربەمان دامانابوو، چونکە هەموو ئەو گوناهبارییەی دەکرێت (سێکس) نییە، هەروەها زۆر (مۆتیڤ)یش لە پشت بەردەوامی ئەو کارە سێکسیانەوەن، کە لە بنەڕەتدا (سێکس) نین.

لە خۆباییبوون، یەکێکە لە گەورەترین هاندەرەکانی سێکس، گەورەتر لەهەموو هاندەرێك، هەروەها تەنهایی یاخی بوون لەو پەیوەندییە مرۆڤایەتیانەدا بونیان هەیە. پیاوێك کاتێك

داگیرکردنێکی سێکسی ئەنجامئەدات، مۆتیڤدراوە بە جوانی ئافرەتێك، کە ئەبێت موڵکی ئەو بێت، بەڵام لە راستیدا ئەو پیاوە، هاندراوە بە هەستی لە خۆباییبوون، چونکە ئەو خۆی بە باڵاتر لە (نێرەکانی تر) دەبینێت.

هیچ پەیوەندیەکی سێکسی باشتر نییە لە پەیوەندی مرۆڤانەی نێوان دووکەس. سێکس رێگایەکی زۆر کورتە بەرەو نزیکبوونەوە، بەڵام رێگایەکی فێڵبازە.لە کاتێکدا سێکس بەشێکی گرنگی ژیانە، بەڵام لە کلتوری ئێمەدا، بارگرانییەکی زۆری خراوەتە سەر، بەناوی (ئازادی سێکسی)یەوە، کە هیچ پەیوەندیەکی بە سروشتی سێکسەوە نییە.

ئایا ئێمە هیچ دەربارەی جیاوازیەکانی نێوان پیاوان و ژنان ئەزانین؟ ئەوەی تا ئێستا وتومە (سلبی)یە، ئەگەر پێشبینی زانیاری ئاشکرا، دەربارەی ئەو جیاوازیانە بکەیت، ئەوا بێئومێد دەبیت... پێم وایە ئێمە ئەو جیاوازیانە نازانین، ناناسین، وەك ئەو شێوەیەی من لە پێشەوە باسمکرد، ئەگەر ئەو دوو رەگەزە هەزاران ساڵا، جەنگی نێوان یەکتریان کرد بێت و لە ئەنجامدا، رقو کینەیان بەرامبەر یەکتری دروستبووبێت و گەشەیکردبێت، چۆن دەتوانین جیاوازیە راستەقینەکانی نێوان ئەم دوو رەگەزە بزانین؟

تەنها بە لە بیرکردنی ئەو جیاوازیانە، دەتوانین هەستی یەکسانی بڵاوبکەینەوە.. تەنها بە هەبوونی تایبەتمەندی ئافرەت بۆ خۆی و پیاو بۆ خۆی... دەتوانین بزانین جیاوازیە راستەقینەکانی نێوان پیاوان و ژنان چین.

پێویستە باس لە جیاوازیەك بكەم، كە پێموایە، پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە سەركەوتنی پەیوەندیەكانی نێوان پیاوان و ژنان پێویستە لە كلتوری ئێمەدا لە بەرچاوبگیرێت.

پێموایە ئافرەتان سۆزدارترو نەرمونیانترن لە پیاوان. ئەمە شتێكی سەرسوڕهێنەر نییە، چونكە نەرمونیانی ئافرەت، بەرامبەر مناڵەكەی سەرەكترین چاكەو باشترین ڕەوشت بەرزیە. هەموومان گوێبیستدەبین، كە ڕۆڵی دایك لە پــەروەردە و گەشەكردنی منداڵەكەیدا، چەند كاریگەرە. خەڵكی شتێكی گرنگیان لە بیركردووە، ئەویش سۆزی دایكە بۆ مناڵەكەی، سۆزی دایك بۆ منداڵەكەی، واتە: خۆشەویستی، ڕێز، زانست،.... سۆزی سروشتی، بەم شێوەیە جیاوازە لە سێكس و برسێتی و تینویەتی، لەوانەیە زۆربەمان پێمانوابێت، لە ڕووی سایكۆلۆژیەوە، سێكس و برسێتی و تینویەتی هانمان دەدەن، پاڵمان پێوە دەنێت، بۆ بە دەستخستنی ئەو شتەی مەبەستمانە، لەو كاتەی پێویستمانە، بەڵام سۆزو نەرمونیانی، پەیوەندی بە برسێتی و تینویەتییەوە نییە، مەبەست نییە، كۆتایی نییە، بەڵكو: لە خۆیدا ڕازیبوونە، خۆشی هاوڕێیەتییە، كە پێیوایە گەرمی و ڕێزی كەسێك، لەپێناو بەختەوەری ئەو دایە.

من تێگەیشتنێكم هەیە، لە كۆمەڵگەی ئێمەدا سۆزو نەرمونیانی بوونی كەمە، سەیری چیرۆكە خۆشەویستیەكانی ناو فیلمەكان بكە، ماچەكانی لێلابراوە، پاشان بینەر خەیاڵا دەكات، ئەو ماچانە چەند خۆشبوون.

ئەو فیلمانەی لە خانەی فیلمە(عاتیفی)یەكان وەسفكراون، بۆ

زۆربەمان رازیکەرنین و بەلای هەندێکیشمانەوە وایە، کە ئەمانە فیلمی خۆشەویستین، بەڵام ئایا لەو فیلمانەدا سۆزو خۆشەویستی راستەقینەی نێوان ئەو دوو رەگەزە، هەستپێدەکەین ؟ یان نێوان گەورەو مناڵا؟

یان خۆشەویستی نێوان مرۆڤەکان بە شێوەیەکی گشتی؟ پێموابێت بە دەگمەن، بەمە مەبەستم ئەوە نییە، ئێمە توانای سۆزو خۆشەویستیمان نییە، بەڵام هاندان لە کلتوری ئێمەدا کەمە. هۆکاری راستەقینەش ئەوەیە، لە کلتوری ئێمەدا، هەموو شتێك مەبەست و ئامانجێکی هەیە هەر شتێك بکەیت، دەبێت بگەیتە کۆتایی و بگەیتە شوێنێکی دیاریکراو.

دەمانەوێت، کات بەدەستبهێنین (کۆبکەینەوە)، بەڵام کاتێك دەستمان دەکەوێت، دەیکوژین. هاندەری یەکەممان گەیشتنە ئامانجە، تەنانەت سود لە خودی ژیانیش وەرناگرین. دەخۆین، دەخۆینەوە، دەنوین، شت دەبینین، پێمانوایە ژیانی بێئامانج، شتێکی باش نییە، بەڵام خۆشەویستی، سۆز: ئامانج نییە، بەڵکو گەرمی و خۆشی و بەخشینی لەزەتە بە بەرامبەرەکەت.

ئێمە هانی نەرمونیانی نادەین، بەتایبەتی پیاوان، هەست بە نارەحەتی دەکەن، کاتێك سۆزو نەرمونیانی دەردەبڕن، هەروەها هـەوڵـدەدەن، جیاوازی نێوان هـەردوو رەگـەز لەناو بەرن، هەوڵدەدەن پیاوان و ئافرەتان وەك یەکیان لێببێت. ئافرەتان رێگریان لێ دەکرێت بۆ دەربڕینی سۆزو نەرمونیانییان، کە نەرمونیانی تایبەتمەندێتی راستەقینەی مێینەیە.

لێرەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەی باسەکەم لێوەی دەستپێکردبوو، جەنگی نێوان ئەم دوو رەگەزە کۆتایی نەهاتووە. ئافرەتان لە ئەمەریکادا زۆر دەسکەوتیان بەدەستهێناوە و زۆر بەرەو یەکسانی هەنگاویان ناوە.

ئەم یەکسانییە، تـەواو نییە، بەڵام باشترە لە بارودۆخی رابردو، دەبێت بەرگری زیاتر لە یەکسانی خۆیان بکەن، دەبێت تامەزرۆبن بەرەو سەلماندنی مافەکانی یەکسان بوونیان، لەگەڵا پیاواندا، ئەوەیش لە رێگەی دیاریکردنی جیاوازکانیان، لەگەڵا پیاواندا دەبێت ژنان بــەردەوام بن لە خۆسەلماندن، چونکە رێگریان لێدەکرێت، لە ئازادبوون.

بۆ کۆتایی هێنانی بابەتەکەم، دەربــارەی پەیوەندیەکانی پیاوان و ژنان، جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، بۆ ئەوەی لە جیاوازی نێوان ژن و پیاو تێبگەین، دەبێت جیاوازیەکان لە بیر بکەین، هەروەها رێگە بە خۆمان بدەین وەکو مرۆڤ بژین و خۆمان لەم پرسیارانە بە دوور بگرین: ئایا من پیاوێك، یان ئافرەتێکی (کامڵا)م؟ ئایا لەگەڵا کلتوری خۆماندا گونجاوم؟ ئایا لە پەیوەندییە سێکسیەکانمدا سەرکەوتووم؟ ئەگەر کەسێك توانی ئەم پرسیارانە لە یادبکات، ئەوا بێگومان دەتوانێت هەست بەفرەنگی ژیانی نێوان هەردوو رەگەز بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی هێزی بەرهەمهێنان.

# ژنان دەبێت رابەری خۆیان بن
# (دوونمونە)

سیمۆن دی بۆڤوار، فێمێنیستەکەی ئەوروپا
مەلالا یوسفزای، نمونەی کچە ئازاکەی رۆژهەڵات

## سیمۆن دی بۆڤوار،
## فێمێنیستەکەی ئەوروپا

## دی بۆڤوار و ژن

سیمۆن دی بۆڤوار (1946-1986) فەیلەسوفی بوونگەرایی فەڕەنسی، هاوكات وەك روناكبیرێكی گشتی، چالاكوانێكی سیاسی، تیۆریستێكی فێمێنیست و كۆمەڵایەتی ناسراوە. ئەو خۆی وەك فەیلەسوف نەناسیوە، بەڵام كاروهاوبەشە مەزنەكانی لەبواری بوونگەرایی و فێمێنیستی بوونگەرایی، ئەو دەكەنە فەیلەسوف و فیمێنیستی دیاری سەدەی بیست. نوسینەكانی دی بۆڤوار جۆراوجۆرن: رۆمان، وتار، ژیاننامە، دەربارەی فەلسەفە، سیاسەت و كێشە كۆمەڵایەتییەكان.

## فەلسەفەی فێمێنیستی دی بۆڤوار

لەڕێگەی نوسینەكانی و ئەو شێوازە ژیانەی پەیڕەوی كردووە، سیمۆن دی بۆڤوار یارمەتی زۆر كەسی داوە دید و نیگایان بۆ ژیانیان بدۆزنەوە بەتایبەتی ئافرەت. ئەو پڕۆفیسۆر، چالاكوانی سیاسی، فێمینیست، فەیلەسوف و نووسەر بوو. سەرەڕای ئەوەش زۆرترین ناسراوی ئەو بریتییە لە هاوڕێیەتی بەردەوامی لەگەڵ ژان پۆل سارتەری دامەزرێنەری بوونگەرایی نوێدا. دی بۆڤوار زۆر زوو بووە پەیڕەوكەری بۆچوونەكانی سارتەر دەربارەی بوونگەرایی: ئەو فەلسەفەیەی تەئكید لەسەر بەرپرساریەتی تاك دەكاتەوە بۆ ئازادییەكانی بەرامبەر ژیان و بیرو باوەرە تایبەتیەكانی.

لە كتێبی ( رەگەزی دووەم- THE SECOND SEX)دا، دی بۆڤوار زۆر راشكاوانە دەست بۆ گرفتەكانی ژنان دەبات. سەرەتا

باس لە چەمکی ئافرەت بوون دەکات و دەپرسێت، ئایا لەراستیدا شتێك بوونی هەیە بەناوی ئافرەتەوە؟ ئەگەر هەشبێت، ئایا شتێکی پەسەندە؟ ئایا رۆڵی ئافرەت چییە لە جیهاندا و دەبێت رۆڵی ئافرەت چی بێت لە جیهاندا؟

دی بۆڤوار سەرەتا لەو راستییەوە دەستپێدەکات و پێیوایە (مێ) بوون واتای ئافرەت بوون ناگەیەنێت. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە ژنان هەمیشە پێویستیان بەوە هەیە رەگەزی خۆیان  پێناسەبکەن، لەکاتێکدا پیاوان هەرگیز پێویستیان بەوە نەبووە رەگەزی خۆیان بناسێنن. لەم روانگەیەشەوە رەگەزی پیاوان هەمیشە وەك رەگەزی باوی کۆمەڵگە سەیرکراوە و هاوتا کراوە بەرەگەزی مرۆڤایەتی. بەتێگەیشتنی دی بۆڤوار (نێر)بوون لە روانگەی کۆمەڵگەوە گرفت نییە، بەڵام (مێ) بوون بارێکی تایبەتە. بۆ سەلماندنی ئەم تێگەیشتنەش ئاماژە بە بۆچوونەکانی (ئەرستۆ و سانت تۆماس) دەکات، کە ئافرەت وەك (بوونێکی ناتەواو یاخود مرۆڤێکی ناتەواو) وێنادەکەن.

لەم روانگەیەوە دی بۆڤوار دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە چەمکی (ئافرەت بوون) چەمکێکە لە گۆشەنیگای دنیایەکی نێرسالارییەوە پێناسەی بۆ کراوە بەو شێوەیەی، کە پیاو حەزی پێیەتی و ئارەزووی دەکات، بۆیە دی بۆڤوار پێیوایە، کە چەمکی ئافرەت بوون نابێت پێچەوانەی پیاو بوون بگەیەنێت، چونکە ئافرەتیش وەك پیاو بوونێکی تەواو و سەربەخۆیە.

مرۆڤایەتی ئاشنایە بە پۆلێنکردنی شتەکان بە پێوەری دوالیزمی وەك:رەسەن و بیانی ، باوەڕدار و بێباوەڕ، چینی باڵا و چینی خوارەوە، بەڵام دی بۆڤوار لەگەڵ ئەم پۆلێنکردنەدا نییە و پێیوایە شتێکی دروست نییە ئەم دوالیزمییە بۆ پۆلێنکردنی نێوان رەگەزەکان ( نێرو مێ) بەکار بهێنرێت.

سەبارەت بە هۆکاری باڵادەست بوونی نێرسالاریش لە کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا، دی بۆڤوار رەتیدەکاتەوە، کە ژمارەی پیاوان، یاخود سروشتی ئافرەت هۆکاربن بۆ ئەم باڵادەستییە. دی بۆڤوار ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەگەڕاندنەوەیەك بۆ مێژوو ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەمیشە ژمارەی ژنان لە پیاوان زیاتر بووە. سەبارەت بەوەی کە سروشتی ئافرەت هۆکارێك بێت بۆ باڵادەستی پیاوان، دی بۆڤوار پێی وایە سروشتی شتەکان شتێك نین، کە نەتوانرێت گۆڕانکاریان بەسەردا نەیەت. بۆیە ئەم هۆکارەش دوورە لە راستییەوە.

بە تێگەیشتنی بۆڤوار باڵادەستی پیاوان و ژێردەستی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ خودی ژنان خۆیان. ئەو پێی وایە ژنان وەك هێزێکی کۆی یەکگرتوو هەوڵنادەن تا ناسنامەیەکی تایبەت بۆ خۆیان دروستبکەن. بۆڤوار رایدەگەیەنێت تائێستا بزووتنەوەیەکی راستەقینەی یەکسانیخوازی ژنان بوونی نەبووە لەبەر نەبوونی ئەو یەکێتییەی نێوان ژنان خۆیان.

سەبارەت بەو بۆچوونەش، کە پێیوایە ئافرەتان بەشێکی

دانەبڕاون لە پیاوان و ناتوانن بەبێ پیاوان بژین، ئەو دەڵێت راستە ژنان پێویستیان بە پیاوان هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا پیاوانیش پێویستیان بە ژنان هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان بە تایبەتی تێرکردنی غەریزەی سێکسی.

لە کۆتاییدا بۆڤوار دەڵێت: پیاوان لەوەدا سەرکەوتوو بوون، کە لە رێگەی دابینکردنی پێداویستییە فسیۆلۆژییەکانەوە توانیویانە ئافرەتان کۆنترۆڵ بکەن و رۆڵی پاسیڤیان پێ ببەخشن. بۆ رزگاربوون لەو بارودۆخەش ئەو پێیوایە ئافرەتان لە رێگەی هێزی جەستەیی و دەروونی و ئابوورییەوە ناتوانن بگەنە ئازادی راستەقینە، بەڵکو لە رێگەی هێزی یەکگرتووی خۆیانەوە بۆ تێکشکاندنی ئەو دنیایەی پیاوان بۆی دروستکردوون.

## چەمکی جەستە و ئافرەت بوون

هەر لە کتێبی (رەگەزی دووەم-THE SECOND SEX) دی بۆڤوار سکێچێکی روونمان پیشاندەدات دەربارەی تێگەیشتنی ئافرەت بۆ جەستەی خۆی و بۆ کاری ئۆرگانەکانی جەستەی، هەروەها باس لە کاریگەرییەکانی کۆمەڵگە دەکات بۆ دروستبوونی ئەو تێگەیشتنە.

دی بۆڤوار پێیوایە هیچ کەسێك لەدایك نابێت وەك ئەوەی کە هەیە، بەڵکو بوونمان دەرئەنجامی کۆمەڵێك هەڵبژاردەیە، کە لە ژیانماندا دەیگرینە بەر. کاتێك لەو سەرچاوانەی خۆمان یاخود ئەو سەرچاوانەی کۆمەڵگە بۆی فەراهەمکردووین خۆمان بنیات دەنێین، ئەوا تەنها بەهاکان دروستناکەین، بەڵکو لەو رێگەیەوە

خۆشمان دروستدەکەین. بوونمان دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانمانە.

سەبارەت بە جەستەی ئافرەت، دی بۆڤوار لەڕێگای کۆمەڵێك حاڵەتەوە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە ئافرەت لە ڕێگەی جەستەی خۆیەوە دەتوانێت تێڕوانینی پۆزەتیڤ، یاخود نێگەتیڤی دەربـارەی بوونی خۆی هەبێت. ئافرەت دەتوانێت جەستەی خۆی بەکاربهێنێت بەشێوەیەك، کە وەك بوونێکی ئازاد مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یاخود بەشێوەیەك کە بچەوسێنرێتەوە. دی بۆڤوار پێیوایە هیچ گرفتێك دەربارەی جەستەی ئافرەت بوونی نییە، ئەوەی هەیە پەیوەندی بە تێگەیشتنی ئافرەت خۆیەوە هەیە. ئایا ئافرەت خۆی وەك بابەتێکی ئازاد دەبینێت یاخود وەك شتێکی بینراوی کۆمەڵگە.

بە تێگەیشتنی دی بۆڤوار – کە بیرۆکەکەی لە سارتەرەوە وەرگرتووە- ئافرەت بوون شتێکە لە ڕوانگەی پیاوانەوە. چەمکی ئافرەت بوون چەمکێکی نێرانەیە، چونکە هەمیشە نێر سەیر کەر بووە و ئافرەتیش سەیرکراو، کەواتە مانای ئافرەت بوون مانایەکە لەلایەن پیاوانەوە داڕێژراوە، هەروەها سکپڕبوون و ئۆرگانەکانی دیکەی ئافرەت شتێك نین مایەی شەرم و نەنگی بن بۆ ئافرەت ئەگەر کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەکی تەندروست و کراوە بێت.

بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیشی دی بۆڤوار ئاماژە بە قۆناغی منداڵی کچان و کوڕان دەکات، کە هەردوو ڕەگەز هەمان حەز و ئارەزوویان هەیە و جیاوازی نێوانیشیان شتێکی زۆر سادەیە. ئەو دەپرسێت بۆچی دواتر ئەم جیاوازییە گەورەتر دەبێت و گرنگی

زیاتر پەیدا دەکات؟ ئەو دەپرسێت ئەو شتانە چین کەوا لەکەسێك دەکەن ببێت بە ئافرەت؟

دی بۆڤوار لەسەر ئەم ئارگومێنتە بەردەوام دەبێت و ئاماژە بەوە دەکـات، کاتێك جەستەی کوڕان و کچان گەشە دەکات، کۆمەڵگە دوو تێڕوانینی جیاوازی هەیە. سەبارەت بە جەستەی کوڕان وەك پرۆسەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بەڵام سەبارەت بەجەستەی کچان زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

پیاوان چاو لە جەستەی مێ دەبـڕن، سەیری دەکەن وەك بوونێکی سێکس بەخش، دایك بـەردەوام کچەکەی دەربـارەی جەستەی ئاگادار دەکاتەوە، کوڕانیش کۆمێنتی سێکسی دەربارەی جەستەی کچان دەدەن...هتد... هەموو ئەمانە وادەکەن ئافرەت رقی لەجەستەی خۆی بێت و حەزبکات بوونی نادیار بێت.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە دەروونییەش دی بۆڤوار ژنان هۆشیاردەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەك هەست بەشەرم نەکەن دەربارەی جەستەی خۆیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست بە فەخر و سەرفرازی بکەن، چونکە ئەو کۆت و بەندانەی رووبـەڕووی دەبنەوە دروستکراوی کۆمەڵگەیە و سروشت لێیان بەرپرس نییە. بەڵگەش بۆ ئەو تێگەیشتنە ئەوەیە: ئایا کاتێك ئافرەتان بەتەنها لەشوێنێك دوور لە پیاوان پیاسە دەکەن و بەناو سروشتدا گەشت دەکەن هەمان هەستیان هەیە؟ لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر ئافرەتان بەشێوەیەکی ئەرێنی لەجەستەی خۆیان بڕوانن.

هاوکات داواش لە کۆمەڵگە دەکـات بـواری زیاتر بدات بە نەوەکانی بۆ ئـەوەی ئـازادی ئافرەت زیاتر گەشە بکات، بەشێوەیەکی تەندروستیش پەروەردەی سێکسی نەوەکانی (نێر و مێ) بکات بۆئەوەی هەردوولا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەیەکدی بڕوانن نەوەك بەشێوەیەکی خۆپەرستانە.

## باکگراوند

سیمۆن دی بۆڤوار ساڵی (1908) لە پاریس لەدایکبووە. دایکی، ئافرەتێکی شەرمنی خواپەرست بووە باوکیشی سەرکێشیکی ژیان دۆست بووە. ئەم دوو جۆرە جیاوازیە لە کەسایەتی نێوان باوك و دایکدا وای لە سیمۆنی گەنج کرد بۆ خۆی ژیان بدۆزیتەوە و لە دنیا تێبگات. لە تەمەنی هەرزەکاریدا دەستی کرد بە پرسیارکردن دەربارەی بەها مادی و جیاوازییەکان. دواتر دایکی دەینێریت بۆ قوتابخانەیەکی کاسۆلیکی تایبەت. لەکاتێکدا دی بۆڤوار ناڕازی بوو بەرامبەر سنووردارکردنە زۆرەکانی قوتابخانەکەی. سیمۆن کەوتە نێوان ناسین و بەراوردکردنی دوو جۆر ژیانی جیاوازەوە: ژیانێکیان بریتی بوو لە بیروباوەڕێکی پیرۆز و خۆئامادەکردن بۆ ژیانی دوایی مردن. ژیانەکەی تریشیان بریتی بوو لە باوەش کردن بە دنیادا بە هەموو خۆشی لەزەتەکانییەوە. ژیانێك تام لە خۆشی و لەزەتەکەی دنیا بکات و گرنگی بدات بەو واقعیەی کە هەیە. سیمۆن ڕێگای دووەمی هەڵبژارد هەر بۆیە لەو کاتەوە پەیوەندی و تێگەیشتنی لەگەڵ دایکدا بـەرەو ناڕەحەتی و زەحمەتی ڕۆیشت.

## خوێندەواری

دی بۆڤوار لەساڵی (1929) بڕوانامەی زانکۆ لە بواری فەلسەفە لە زانکۆی سۆربۆن - فەڕەنسا بەدەستدەهێنێت. لەساڵی (1931-1943) وەك مامۆستا لە خوێندنگە جیاوازەکانی پاریس وانەی فەلسەفە دەڵێتەوە. سەرەتا سەرپەرشتیارەکانی نمرەی مام ناوەندیان بۆ دادەنا لەکاتی هەڵسەنگاندنیدا، بەڵام دوای ماوەیەك گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە سیمۆن دی بۆڤوار مامۆستایەکی زۆر سەرکەوتووی وتنەوەی وانەی فەلسەفەیە. لەساڵی (1943) دا سیمۆن واز لە کاری مامۆستایەتی دەهێنێت و دەست دەکات بە کاری نوسین، لەکاتێکدا ئەو کارەکانی دەنوسی زۆر کاریگەر بوو بە بارودۆخی سیاسی دوای جەنگی جیهانی لە فەرەنسا، هەروەها زۆر کاریگەر بوو بە بیرەوەرییەکانی سارتەر، کە ماوەی نۆ مانگ زیندانی بوو لای ئەڵمانییەکان.

ئەو کاتەی فەڕەنسا لەلایەن ئەڵمانیەکانەوە داگیرکرابوو لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا، سارتەر و سیمۆن و هاوڕێکانی بەیەکەوە کاریان دەکرد و هیواخوازبوون هاوپەیمانان ئەوروپا لەدەست ئەڵمانیا رزگاربکەن. دوای کۆتایی جەنگ سارتەر و سیمۆن و هاوڕێ رۆشنبیرەکانی تریان پەیوەندیان نەکرد بە پارتی کۆمۆنیستی دەسەڵاتدارەوە، بەڵکو بۆ خۆیان پارتێکی دیموکراتیان دامەزراند. سەرەتا سارتەر و سیمۆن و هاورێیەکانی زۆر گەشبین بوون بەو هەنگاوەیان، بەڵام دوای ساڵێکی زۆر لە کارکردن و ململانێ تەواو بێ هیوا بوون.

## چالاکیەکانی دی بۆڤوار

سەرەڕای کارە سیاسی و فەلسەفیەکانی، سیمۆن دی بۆڤوار چالاك بووە لە بـواری مافەکانی کۆمەڵی مەدەنی. ئەو زۆر پشتیوانی لە یاسای لەباربردن دەکرد، هەروەها بەرگری زۆری لەو ئافرەتانە دەکـرد، کە رووبـەرووی ئـازاردان بووبونەوە لە سەنتەرەکانی دالّدەدان ژیانیان بەسەر دەبرد. لە ماوەی کارکردن و چالاکی سیاسیدا سیمۆن زۆر چیرۆکی دەربارەی ژیانی ئافرەتان کۆکردەوە، دوای ساڵانیکی زۆر لە ئامادەکردن و کۆکردنەوە ئەو چیرۆکانە بوون بە بناغەی یەکێك لە بەناوبانگترین کتێبەکانی ئەویش کتێبی رەگـەزی دووەم (THE SECOND SEX) لەکاتێکدا ئەو پەڕتووکە لەساڵی (1949)دا نوسراوە، کاریگەری لەسەر جوڵانەوەی ژنان تا رۆژی ئەمڕۆش بەردەوامە. چالاکوانانی نوێی ژنـان ئەم پەڕتووکە بە رێگا خۆشکەرێك دادەنێن بۆ دروستبوونی جوڵانەوەی ژنانی جیهان.

لەو کتێبەدا، دی بۆڤوار تێگەیشتنی دەربارەی ژیانی خۆی باسدەکات، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات، کە بوون بە ئافرەت لە سروشتەوە بەدەست نەهاتووە، بەڵکو کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگە خوڵقاندوویەتی. هەر لەو کتێبەدا دی بۆڤوار روونی دەکاتەوە، کە ئافرەت پەراوێز خراوە لەلایەن کۆمەڵگەی پیاوسالارەوە ئەگەرنا ئافرەتان لە رووی بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی و رۆشنبیریەوە لە پیاوان کەمترن نین. سیمۆن دی بۆڤوار لەماوەی ژیانیدا پێنج رۆمانی نوسیوە، کە باس لە بیروبۆچوونە بونگەراییەکانی دەکات،

هەروەها پێنج ئۆتۆبایۆگرافیشی نوسیوە. لە ئۆتوبایۆگرافییەکانی سەرەتادا باس لە ژیانی منداڵی و هەرزەکاری و بینینی سارتەر و داگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە دەکات. لە ئۆتۆبایۆگرافییەکانی کۆتایدا باس لە هەندێك بابەتی جدی فەلسەفی دەکات وەك: پیربوون، مردن، جەنگی جەزائیر و شەری سارد بەهۆی دەوڵەمەندی و سەرکەوتنی کارەکانییەوە دی بۆڤوار چەندان خەڵاتی وەرگرتووە، لە وانە:

- ساڵی (1954) PRIX GONCOURT
- ساڵی (1972) JERUSALEM PRIZE
- ساڵی (1978) AUSTRIAN STATE PRIZE
- ساڵی (1983) THE SUMMING PRIZE

## لەگەڵ سارتەر

دی بۆڤوار، کاتێك قوتابی دەبێت لە زانکۆی سۆربۆن هاوڕێیەتی لەگەڵ سارتەردا پەیدادەکات، ئەو کاتە تەمەنی (21) ساڵان بووە لەو رۆژەوە یەکتریان بینیوە هاوڕێیەتییان بەردەوام بووە بۆ ماوەی (51) ساڵ. وەك دوو هاورێ و خۆشەویست بەیەکەوە دەستیان بە کارکردنکرد، گۆڤارێکی ئەدەبیان دەرکرد، هەروەها بۆ ماوەی چەندین ساڵ بەیەکەوە هەفتانە بەرنامەی رادیۆییان پێشکەش دەکرد، لە زۆر وولات و زۆر شوێنی جیاواز دا محازەرەو کۆبونەوەیان لەسەر زۆر بابەتی زیندوویی رۆژگار ئەنجامداوە.

دی بۆڤوار نامەنووسێکی سەرکەوتوو بووە ئەگەر لە ماڵ بوایە یاخود لە سەفەر، دوای مردنی بە دوو بەرگ نامەکانی چاپکران، کە زیاتر لە هەزاران پەڕە دەبن. لە بەرگێکیاندا کە ناوی (نامەکان بۆ سارتەر)ە، کە (4) ساڵ دوای مردنی چاپکراوە لە نامەیەکدا، ئەو کاتەی لەسەردانی کالیفۆرنیا بووە، بۆ سارتەر نوسیویەتی: بەم وولاتە زۆر ئالودەبووم هەروەك نیشتمانی خۆم ... بێ ئومێدیم تووش دەبێت لەلایەنی سیاسییەوە. بەرگی دووەمی نامەکانی بەناوی «دڵداری ئەتلەنتی»یە. زۆربەی نامەکانی ئەم بەرگە بۆ (نیلسۆن ئەلگرین) نوسراون.

سیمۆن دی بۆڤوار ناسراو بوو بە پەیوەندییە تایبەتیەکانی. بۆ نموونە لەگەڵ سارتەر باسیان لە ژیانی هاوسەری کردبوو، بەڵام پێیان باشتر بوو ئەم کارە نەکەن خۆیان دانابوو بۆ (خۆشەویستیەکی لەناکاو). سەرەڕای پەیوەندی لەگەڵ سارتەر دی بۆڤوار خۆشەویستی لەناکاوی لەگەڵ نوسەر و خاوەنی خەڵاتی شیکاگۆ (نیلسۆن ئەلگرین) هەبووە. ئەوان لە ویلایەتی شیکاگۆ یەکتریان بینیبوو، لە یەکەم سەردانی دی بۆڤوار بۆ ویلایەتی یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لەساڵی (1947) دا. لە یەکێك لە نامەکانی دا بۆ نیلسۆن، سیمۆن باس لە بەسەربردنی رۆژێك لە ژیانی دەکات، لەو کاتەوەی لە خەو هەڵدەستێت تا نیوە شەو ئەو کاتەی دووبارە دەخەوێتەوە. لە نامەکەدا بە ووردی باس لە بەسەر بردنی کاتەکانی و حەزەکانی خواردنەکانی دەکات. ئەمەش بەهێزی پەیوەندی نێوانیان دەردەخات. پەیوەندی نێوان

سیمۆن و نیلسۆن ماوەی ( 17ساڵ) بەردەوام بوو لەو ماوەیەدا هەشت جار یەکتریان بینیوە، هەندێك سەردانیان ماوەکەی کورت بووە، کە سێ ڕۆژی خایاندووە، هەندێك سەردانیشیان ماوەکەی درێژبووە، کە چەند مانگێکی خایاندووە. دوای مردنی تەواوی ئەونامانەی بۆ سارتەر و کەسانی دی ناردبوو، بەبێ دەستکاری کردن بڵاودەکرێنەوە.

## دی بۆڤوار وەك مرۆڤ

سیمۆن دی بۆڤوار لەخانەوادەیەکی دەوڵەمەندی کاسۆلیك لەدایکبووە. لە قۆناغی منداڵییەوە تا تەمەنی 14 ساڵی منداڵێکی دیندار بووە و حەزی کردووە ببێت بە راهیبە، بەڵام لەتەمەنی 14 ساڵیدا گرفتی باوەڕی بۆ دروستدەبێت و تا دەمرێت وەك کەسێکی بێ باوەڕ دەمێنێتەوە. لەرووی ڕۆشنبیریشەوە باوکی کاریگەری گەورەی لەسەری هەبووە.

پاش بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس و دبلۆم، فەلسەفە دەخوێنێت لە زانکۆی سۆربۆن. دوای ئەوە بەشداری تاقیکردنەوەی (AGRÉGATION)دەکات. ئەو تاقیکردنەوەیە بەیەکێك لە تاقیکردنەوە ئاست بەرزەکان دادەنرێت. هەر لەوکاتەشدا سارتەر دەناسێت و هەردووکیان بەسەرکەوتووی لەو تاقیکردنەوەیە دەردەچن. سارتەر یەکەم دەبێت و دی بۆڤواریش دووەم. لەو کاتەدا دی بۆڤوار لاوترین کەس دەبێت، کە ئەو بڕوانامەیە بەدەستبهێنێت.

هەرچەندە سارتەر داوای لێدەکات شووی پێ بکات، بەڵام دی بۆڤوار ئەم داوایە ڕەتدەکاتە، لەبری ئەوە پەیوەندییەکی هەمیشەیی لەگەڵ گرێ دەدات لە دەرەوەی سنووری ژن و مێردایەتی. دی بۆڤوار قەناعەتی بەشووکردن نەبوو، بۆیە خۆی نەخستە ناو ئەو گرێبەستەوە. دی بۆڤوار منداڵی نەبوو، هەروەها هیچ ئیلتیزامێکی ژن و مێردایەتی نەبوو، ئەمەش کاتێکی باشی بۆ گەڕاندبۆوە بۆ نوسین و بەدەستهێنانی پلەی ئەکادیمی و بەشداریکردن لەچالاکییە سیاسیەکان و گەشتکردن بۆ وڵاتان.

لەماوەی کاری مامۆستایەتیدا دی بۆڤوار پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ژمارەیەك لە خوێندکارە کچەکانی خۆیدا دروستدەکات. هەر لەسەر ئەو کارەشی لە ساڵی 1943 دا لەکاری مامۆستایی دوور دەخرێتەوە، بەڵام ئەو لە نوسینی کارە فەلسەفی و بوونگەراییەکانی بەردەوام دەبێت.

ساڵی 1944 یەکەم وتاری فەلسەفی خۆی بەناوی (PYRRHUS ET CINÉAS) بڵاودەکاتەوە. لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا لەگەڵ سارتەر و هەندێك لە هاوڕێکانیدا بڵاوکراوەیکی سیاسی بەناوی (LES TEMPS MODERNES) بڵاو دەکەنەوە، تامردنیشی دی بۆڤوار لەو بڵاوکراوەیە کاردەکات.

ساڵی 1949 کتێبی THE SECOND SEX بڵاودەکاتەوە. ساڵی 1954 کتێبی THE MANDARINS بڵاودەکاتەوە،

کە بەهۆی ئەو کتێبەوە دەبێتە خاوەنی بەرزترین خەڵاتی ئەدەبی فەڕەنسی: PRIX GONCOURT، دواى ئەوەش بەردەوامدەبێت لەبڵاو کردنەوەی یادەوەری گەشت و سەفەرەکانی.

لەساڵی 1970دا بەشداری دەکات لە بزوتنەوەی ئازادی ژنان. ساڵی 1980 کۆمەڵێك کورتە چیرۆك بەناوی WHEN THINGS OF THE SPIRIT COME FIRST بڵاودەکاتەوە. ساڵی 1981 وتارێك دەربارەی ساڵەکانی کۆتایی ژیانی سارتەر بڵاودەکاتەوە. دوای مردنی سارتەر، دی بۆڤوار ئەو نامانەی، کە سارتەر بۆی ناردبوو بە دەستکاریکردنەوە بڵاودەکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی نەبنە هۆی ئازاردنی ئەو کەسانەی تا ئەو کاتە لە ژیاندا مابوون. سمۆن دی بۆڤوار لە ساڵی (1986) کۆچی دوایی دەکات و دوای پێنج رۆژ تەرمەکەی لە پاریس لە تەنشیت گۆڕەکەی سارتەرەوە بە خاك دەسپێردرێت.

لە مەراسیمەکەدا، هەزاران کەس لەسەرتاسەری دنیاوە لە: کەسانی سەربەخۆ، رێکخراوەکانی ژنان، تەندروستکاران، دەزگاکانی چاپ و خەڵکانی دی ئامادەیبوون. نوسین و فێرکردنەکانی دی بۆڤوار دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی بوون، ژیانێك کە خۆی هەڵیبژاردبوو، بەڵام لەهەمانکاتدا خەڵکانێکی زۆر سوودیان لێ وەرگرت و پێی کاریگەربوون. کاروچالاکییە مەزنەکانی سیمۆن فێرمان دەکات، کە تەنها کەسێك دەتوانێت جیاوازی گەورە لە جیهاندا بخوڵقینێت.

# مەلالا یوسفزای، نمونەی کچە ئازاکەی رۆژهەلات

## پێشەکی

هەرچی بڵێین دەربارەی مەلالا یوسفزای، ئەو کچەی لەلایەن بزوتنەوەی تاڵیبانی پاکستانەوە تەقەی لێکرا تەنها لەبەر ئەوەی داوای دەکرد کچان بواری ئەوەیان پێبدرێت بچنە بەر خوێندن، لەوانەیە هیچمان نەووتبێت. هەوڵی تیرۆرکردنی مەلالا لەلایەن تاڵیبانەوە کردەیەکی ناشرین و قێزەون بوو، بەڵام ئەو راستیەیی بە بیر جیهان خستەوە، کە خوێندن و پـەروەردە بەهێزترین چەکن بۆ رووبەرووبونەوەی فکری تیرۆر، هاوکات کاریگەرترین ئامرازن بۆ پێشخستن و پرۆسەی گۆڕان لە کۆمەڵگەدا.

هەوڵەکانی مەلالا بۆ برەودان بە خوێندن سەلمێنەری ئەو وتەیەیە، کە پێشتر نوسەر و رۆماننووسی بەناوبانگی جیهانی ڤیکتۆرهۆگۆ وتبووی» ئەوکەسەی دەرگای خوێندنگەیەك بکاتەوە، دەرگـای بەندینخانەیەك دادەخـات». هەربۆیە کاتێك مەلالا بەهاوکاری خێزان و هاوڕێکانی هانی خەڵکی دەدەن کچەکانیان بخەنە بەرخوێندن دەستبەجێ دەکرێتە ئامانج لەلایەن تاڵیبانەوە، چونکە ئـەوان دڵنیابوون لـەوەی بە گەشەسەندنی خوێندن بەگشتی و خوێندنی کچان بە تایبەتی ئەوان دەبنە مێژوو و کۆمەڵگەی پاکستانیش هاوڕێیەتی لەگەڵ ئارامی و ئاسوودەی پەیدادەکات.

تەقەکردن لەمەلالا کاریگەری هێزی یەك کەسی سەلماند و ئەو بیرۆکەیەی گەیاند، کە ئازایەتی و رەوایەتی پەیامی یەك کەس دەبنە هەوێنی گۆڕانکاری و ئیلهام بەهەزاران دەبەخشن

لەپرۆسەی گۆڕانی خود و کۆمەڵگەدا، هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە پرۆسەی گۆڕانی سەرکەوتوو لە ناوخودی کۆمەڵگەوە سەرچاوەدەگرێت و دەرئەنجامەکەشی بەرهەمدار دەبێت.

## مـەلالا یـوسـفـزای، سیمبوڵی خـوێـنـدن بۆ هەمووان

رۆژی 2012/10/9 ئەوکاتەی مەلالای 15ساڵ لە خوێندنگە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، چەکدارانی تاڵیبان ڕێگایان لە پاسەکەی گرت و تەقەیان لێکرد بەمەبەستی کوشتنی، چونکە ئەو خوێندکارە منداڵە داوای دەکرد هەموو منداڵان بەتایبەتی کچان دەرفەتی چوونە خوێندنگەیان هەبێت، بتوانن فێری خوێندەواری بن. بەو کارەیان تاڵیبان وایاندەزانی ئەو منداڵە چالاکە دەمکوت دەکەن، بەڵام نەیاندەزانی بەوکارەیان ئەو منداڵە دەکەنە چالاکوانێکی جیهانی بواری پەروەردە و خوێندن، هاوکات بەو کارەیان رووی راستەقینەی خۆشیان دەرخست، کە چ جۆرە حکومڕانییەك دەخوازن ئەگەر دەسەڵاتیان بکەوێتە دەست.

ئێستا چیتر مەلالا منداڵە خنجیلانەکەی دۆڵی سواتی پاکستان نییە، بەڵکو ئەو ئێستا کەسایەتییەکی دیاری جیهانیە و تەواوی تواناکانی خۆی تەرخانکردووە بۆ کێشەکانی ژنان بەگشتی و بواری خوێندنی کچان بەتایبەتی، ئەو ئێستا تەمەنی نەگەیشتۆتە 20 ساڵ بەڵام خاوەنی گەورەترین خەونی گۆڕانە لە پێناوی دابینکردنی خوێندن بۆ هەموو منداڵانی جیهان.

ئێستا ئەو لە خوێندنگەیەکی بێخزمەتی دۆڵی سوات لە

پاکستان وانە ناخوێنێت، بەڵکو لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتی و ژمارەیەك لە لاوانی سەرکردەی سەرتاسەری جیهان وتار پێشکەش دەکات، فەرمانڕەوایانی جیهان ئاگادار دەکاتەوە لە گرنگی دابینکردنی خوێندن و پەروەردە بۆ منداڵانی جیهان.

رۆژی 2013/7/12 لە یادی 16 ساڵەی تەمەنیدا لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان مەلالا یوسفزای کچە مێردمنداڵی پاکستانی و چالاکوانی بـواری خوێندنی کچان ووتارێکی پێشکەش بە کۆمەڵێك سەرکردەی لاو کرد. لەو ووتـارەدا مەلالا داوای کرد خوێندنی بەزۆر بۆ منداڵانی سەرتاسەری جیهان دابینبکرێت. لە ئێستادا رۆژی 12ی تەمووز لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك رۆژی مەلالا ناسراوە، لەو رۆژەدا باس لەگرنگی خوێندن، نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندن لە جیهاندا دەکرێت.

پێش ئەوەی مەلالا وتارەکەی پێشەکەش بکات، سەرجەم ئامادەبووان بە ( رۆژی لەدایکبوونت پیرۆز بێت) پێشوازیان لە مـەلالا کـرد، پاشان بانکی مۆن سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی لە ئازایەتی مـەلالای مێرد منداڵ کرد. بانکی مۆن رایگەیاند «ئێمە ئێستا رێز لە کەسێك دەگرین، کە لە ئۆکتۆبەری رابردوودا کەوتە بەر هێرشی تیرۆرستان و دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە مانگی ئازاری رابردوودا گەڕایەوە بۆ خوێندنگە». هەروەها بانکی مۆن باسی لە گرنگی خوێندن کرد

و رایگەیاند «خوێندن و پەروەردە گرنگترین ئەرکی سەرشانمانن و پێویستە لەسەرمان وەبەرهێنان لە گەنجانی جیهاندا بکرێت ئەویش لە پێناو داهاتوویەکی باشتردا».

دواتر گۆردن براون سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد و رایگەیاند «تۆ سەرچاوە ئیلهامی ئێمەیت و داوامان لێدەکەیت، کە کاری زیاتر بکەین». هەروەها وتی « نایەتە بیرم هیچ کەسێك جەژنی 16 ساڵەی لەدایکبوونی بەم شێوەیە کردبێت، بڕواناکەم هیچ مێرد منداڵێك هێندەی تۆ ئازایەتی پێشانمان دابێت».

پاشان بە چەپڵە لێدانێکی زۆرەوە پێشوازی لە مەلالا کرا و بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە ووتارەکەی پێشکەش کرد. مەلالا وتی «هەزاران کەس لەلایەن تیرۆرستانەوە کوژراون و ملیۆنەهای دیکەش بریندداربوون، من یەکێکم لەوان. من ئێستا لە بەردەمتان راوەستاوم کچێکم لە ناو ژمارەیکی زۆر لە کچان، من ئێستا تەنها تەعبیر لەخۆم ناکەم، بەڵکو من دەنگی ئەوانەم کە دەنگیان نابیسترێت. من دەنگی ئەوانەم کە خەبات دەکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، ئەویش مافی بەدەستهێنانی ژیانێکی ئارام».

هەروەها وتی» لە ئۆکتۆبەری رابـردوودا تاڵیبان تەقەیان لێکردم و سەرو دەموچاویان پێکام، ئەوان وایاندەزانی بە فیشەك بێدەنگم دەکەن، بەڵام شکستیان خوارد. تیرۆرستان وایان دەزانی ئامانجەکانم دەگۆڕن و خۆزگەکانم دەکوژن، بەڵام هیچ شتێك لە ژیانم نەگۆڕاوە جگە لەمە: لاوازی، ترس، بێ ئومێدی هەموویان

مردن. لە شوێنی ئەوان هێز و ئازایەتی لەدایكبوو».

دوای ئەوە مەلالا باسی لە گرنگی خوێندن كرد و رایگەیاند « با قەڵەم و كتێبەكانمان هەڵبگرین، چونكە ئەوان كاریگەرترین چەكن». هەروەها وتی» یەك منداڵ، یەك مامۆستا، یەك قەڵەم لەگەڵ یەك كتێب دەتوانن جیهان بگۆڕن. خوێندن تەنها چارەسەرە، خوێندن یەكەمین شتە».

لە ئێستادا مـەلالا هەڵگری وزەیـەكـی گەشبینی لەبن نەهاتووە، كە تەعبیر لە زۆر شت دەكات لەسەروو هەموویانەوە (بڕوابوونێكی دڵسۆزانە بە گۆڕان). گۆردن بڕوان رایگەیاند « ئەمە ئەو رۆژەیە، كە تاڵیبان حەزیان نەدەكرد ببینن».

## هەندێك ئاماری تۆقێنەر

هەوڵی تیرۆركردنی مەلالا جارێكی تر گرنگی خوێندنی خستەوە بەرباس و لە ئێستادا بە پێی ئامارەكانی یونسكۆ 57 ملیۆن منداڵ لەسەرتاسەری جیهاندا لە خوێندن بێبەشن. هەر بەپێی سەرچاوەكانی یونسكۆ وڵاتەكانی (ئەسیوبا، پاكستان، نەیجیریا) لەو وڵاتانەن كە زۆرترین رێژەی منداڵی نەخوێندەواریان هەیە، كە ناتوانن بچنە خوێندنگە و ناچارن كاربكەن بۆئەوەی بتوانن ژیانی خۆیان و خێزانەكانیان دابینبكەن. سەرچاوەكانی یونسكۆ ئاماژە بەوەش دەكەن لەساڵی رابردوودا 3,600 هێرش دۆكیومێنتكراون، كە تیایاندا هێرشكراوەتە سەر مامۆستایان و خوێندكاران و بەهۆیانەوە كوژراو و توندوتیژی لێكەوتۆتەوە.

# ئێمەهەمووومان (مەلالا)ین

نوسینی: ئەنجێلینا جۆلی (ئەکتەری ناوداری هۆلیود)

بەمنداڵەکانم وت، هـەروەهـا بە ئێوەش دەڵێم: « کە خوێندنی کچان لە پاکستان، ئەفغانستان و سەرتاسەری جیهان لە ژێر هەڕەشەدایە، بۆیە دەبێت هەر ئێستا هەمووان بەر بەو هەڕەشەیە بگرین.»

سەرلەبەیانی چوارشەممە کاتێك منداڵەکانم ئامادە دەکرد بۆ خوێندنگە، وەك هەمیشە بۆڵەیان دەهات و دەیانوویست نەچن بۆ خوێندن، لەوکاتەدا سەردێڕی بەرگی نیۆرك تایمز- (THE NEW YORK TIMES) م بینی نوسرابوو: تاڵیبان تەقەی لە کچێك کـردووە، چونکە داوای مافەکانی کچانی کـردووە. بزوتنەوەی تاڵیبان رایگەیاند (مەلالا یوسفزای 14 ساڵ) ئەو ئاگادارکردنەوانەی فەرامۆشکردووە، کە تاڵیبان بۆی ناردووە و تاڵیبانیش هیچ بژاردەیەکی دیکەی نەمابوو جگە لە تەقەکردن لێی. لەو کردەوەیەدا چەکدارانی تاڵیبان نزیك پاسەکەی دەبنەوە لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە قوتابخانە، دوای ناوهێنان و ناسینەوەی چەند فیشەکێك دەنێن بەسەر و ملیەوەیەوە، چونکە مەلالا دوای کردبوو کچان بچنە قوتابخانە و بخوێنن.

دوای خوێندنەوەی وتارەکە، بڕیارمدا ئەو چیرۆکەی مەلالا لەگەڵ منداڵەکانم  باس بکەم. بەلای منداڵەکانمەوە کارێکی زۆر قورس بوو تێبەگەن، کە پیاوان ئامادەن منداڵێك بکوژن، کە تەنها «تاوانی» حەزکردن بێت لەوەی خۆی و هاوڕێکانی بڕۆنە خوێندنگە.

بەدرێژای ئەو رۆژە منداڵەکانم ئەو رووداوەیان لە خەیاڵدا

بوو، کە شەو داهات مێشکیان پڕبوو لە پرسیار. ئێمە بەیەکەوە لە بارەی مەلالا وە فێربووین، سەیری چاوپێکەوتنەکانیمان دەکرد، یادەوەریەکەیمان دەخوێندەوە. مەلالا تەنها تەمەنی (11ساڵ) بوو کاتێك نوسینەکانی دەنــارد بۆ بلۆگی BBC. ئەو باسی چۆنیەتی ژیانی خۆی دەکرد لەژێر سایەی تاڵیباندا: جلوبەرگی خوێندنگە سادەو بێڕەنگبوون ، لە کاتی چونیشی بۆ خوێندنگە لە ترسی ئەوان کتێبەکانی لەناو جلەکانیدا دەشاردەوە، سەرەڕای ئەمانەش لە کۆتاییدا تاڵیبان فەرمانیان دەرکرد، کە دەبێت واز لە خوێندنگە بهێنێت.

منداڵە هەشتساڵەکەم پێشنیاری ئەوەی کرد، کە پەیکەرێك بۆ مەلالا دروستبکەین و لەنزیك پەیکەرەکەشەوە شوێنێکی گونجاوی خوێندنەوە ئامادەبکەین، هەروەها منداڵە شەش ساڵانەکەم پرسیارێکی عەمەلی کرد، ئەو وتی ئاخۆ مەلالا ئاژەڵی ماڵی هەبووە، ئەگەر هەی بووە ئێستا کێ چاودێریان دەکات؟ هەروەها پرسیاری دەربــارەی دایك و باوکی مەلالا کرد، کە لەوانەیە ئێستا بگرین. ئێمەش وتمان بەڵێ ئێستا دایك و باوکی ئەو دەگرین، بەڵام تەنها بۆ مەلالا ناگرین، بەڵکو بۆ هەموو منداڵانی جیهان دەگرین، کە مافە سەرەتاییەکانیان پێشێلدەکرێت. بەهەمان شێوەی مەلالا، دایك و باوکیشی قارەمان و بەهێزن. باوکی مەلالا کە بە داکۆکیکاری خوێندنی کچان نــاسراوە لە هەمانکاتدا بەڕێوبەری خوێندنگە و مامۆستا و شاعیریشە.

بەیانی دواتــر میدیاکان هەواڵی خۆپیشاندانی منداڵانی

پاکستانی بـڵاوکـردەوە، کە وێنەی مەلالایان بەرزکردبۆوە و پشتیوانیان لێدەکرد و دوعای چاکبوونەوەیان بۆ دەخواست. کوڕەکەم دڵتەنگی ئەوە بوو کە ئەو منداڵانەش رووبـەرووی هەڕەشە ببنەوە بەهۆی بەرگریکردنیان لە مەلالا، من وتم ئەوان ئاگاداری ئەو ڕارودۆخە ترسناکەن، بەڵام ئەم پشتیوانییە گشتییە دەری دەخات مەلالا چەند گەورەیە بۆ ئەوان. جەربەزەیی مەلالا پاکستانییەکانی ئاگادارکردەوە لە گرنگی پەروەردە و خوێندن، ئازایەتی مەلالا ئیلهامی بەخشییە ئەوان.

منداڵەکانم ئێستاش دەیانەوێت تێبگەن و پرسیار دەکەن بۆچی پیاوانێك دەیانەوێت «مەلالا بکوژن»، منیش وڵامم دانەوە لەبەرئەوەی» پەروەردە و خوێندن شتێکی کاریگەرە.»

تەقەکردن لە مەلالا، تەقەکردن بوو لە دڵی پاکستان، هەروەك چۆن تاڵیبان واز لە کردەوەکانی ناهێنێت، پاکستانییەکانیش لەخەباتی خۆیان دژی توندوتیژی وازناهێنن و پرەنسیپەکانی مەلالا پەیڕەودەکەن و رووبەڕووی ترس دەبنەوە. ئەم کارە توند و دڵڕەقانە نیازی ئەنجامدەرانی دەردەخات. لەمبارەیەوە وتەبێژی تاڵیبان رایگەیاند» ئەو کارەیان دەبێت بە وانەیەك». بەڵێ، ئەو کارە بوو بە وانەیەك. وانەیەك سەبارەت بەوەی خوێندن مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە و کچانی پاکستانیش لەم مافەیان خۆش نابن.

لەکاتێکدا کچان لەسەرتاسەری پاکستان بەرگری دەکەن و دەڵێن « ئێمە مەلالاین»، ئەوان بەتەنها نین، بەڵکو دایکان و مامۆستایانی جیهانیان لەگەڵدایە. ئەوان، منداڵان و خوێندکارانی

خۆیان فێردەکەن دەربـارەی مەلالا، هەروەها هانیان دەدەن ببنە بەشێك لەو بزووتنەوەیە بۆ داواکردن لە خوێندنی کچان. لە پاکستان بزووتنەوەیەکی نیشتیمانی دروستبووە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی خوێندنگەکان و ئیلزامی کردنی خوێندن بۆ سەرجەم منداڵان. ئەم رووداوە کارەسات ئامێزە سەرەتای شۆڕشێکی پێویستە لە خوێندنی کچاندا.

مەلالا سەلماندی دەنگی کەسێکی ئازا بەسە بۆ ئەوەی ئیلهام ببەخشێت بە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ژنان و منداڵان. لە پۆلەکاندا، لە ناو مەتبەخەکان لە دەوری مێزی نانخواردن لەسەرتاسەری جیهاندا: دایکان، باوکان و خوشکان نوێژ و دوعا دەکەن بۆئەوەی مەلالا زوو چاك بێتەوە، هەروەها بەڵێن دەدەن هەمان مەشخەڵی ئەو هەڵبگرن. لەکاتێکدا کۆمیتەی خەڵاتی ئاشتی کۆدەبێتەوە بۆ بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، پێم وایە مەلالا چانسێکی گەورەی دەبێت.

## -خوێندن بۆ نەهێشتنی فکری تیرۆر

### وتاری مەلالا یوسفزای لە نەتەوە یەکگرتووەکان

لە درێژەی هەوڵەکانی بۆ برەودان بە خوێندن و نەهێشتنی نەخوێندەواری لە سەرتاسەری جیهاندا، رۆژی هەینی بەرواری 2013/7/12 لە بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان، مەلالا یوسفزایی کچە مێرد منداڵی پاکستانی و چالاکوانی بواری خوێندنی کچان

وتارێكی پێشكەش بە كۆمەڵێك سەركردەی لاو كرد. لەو وتارەدا (مەلالا) داوای كرد خوێندنی بەزۆر بۆ منداڵانی سەرتاسەری جیهان دابینبكرێت. لە ئێستادا رۆژی 12 تەمموز لەلایەن نەتەوە یەكگرتوەكانەوە وەك رۆژی مەلالا ناسراوە و لەو رۆژەدا باس لە گرنگی خوێندن، نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئاستەنگەكانی بەردەم خوێندن دەكرێت. ئەم وەرگێڕانەی بەردەستان بریتییە لەو وتارەی مەلالا لەو رۆژەدا لە ئاهەنگی 16 ساڵەی لە دایك بوونیدا پێشكەشی ئامادەبووان و جیهانی كرد.(وەرگێڕ)

**بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان**

بەڕێز سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتووەكان بان كی مۆن

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی گشتی ڤوك جێرمیك

بەڕێز باڵیۆزی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ خوێندنی جیهانی گۆردن براون

بەڕێزان سەركردە، خوشكان، برایان ...

**سڵاوی خواتان لێبێت...**

ئەمڕۆ جێگای شانازییە بۆ من دوای ماوەیەكی درێژ، دوبارە قسەتان بۆ بكەمەوە. ئامادەبوون لێرە لەگەڵ ئەو خەڵك و بەڕێزانە ساتێكی گەورەیە لە ژیانمدا، هەروەها ئەمڕۆ فەخر دەكەم، كە شاڵی شەهید بەنازیر بۆتم داوە بەسەر شانمدا. نازانم لە كوێوە دەست بە قسەكانم بكەم، نازانم دەبێت خەڵكی چاوەڕوانی چیم

لێبکەن کە بیڵێم، زۆر سوپاس بۆ هەر کەسێك کە دوعای بۆ کردوم بۆ زوو چاکبونەوەم و ژیانی نوێم، ناتوانم بڕوا بکەم بەرامبەر ئەو هەموو خۆشەویستییەی خەڵکی کە بۆ من نیشانیاندا، لە سەرتاسەری جیهانەوە هـەزاران کارتی بەخت باشی و دیاریم بەدەستگەیشتوون، سوپاس بۆ هەموویان سوپاس بۆ منداڵان، کە ووشـە بێ گەردەکانیان ئازایەتیان پێ بەخشیم، سوپاس بۆ گەورەکان، کە دوعاکانیان هێزیان پێ بەخشیم، هەروەها حەزدەکەم سوپاسی پەرستیار و پزیشك و ستافی نەخۆشخانەکانی پاکستان و بەریتانیا و حکومەتی ئیماراتی عەرەبی بکەم، کە یارمەتییاندام باشترببم و دوبارە هێز بە دەستبهێنمەوە.

بە تەواوەتی پشتیوانی لە هەوڵی بان کی مۆن دەکەم سەبارەت بە دەستپێشخەری خوێندنی جیهانی، هەروەها پشتیوانی لە کارەکانی باڵیۆزی تایبەتی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ خوێندنی جیهانی گۆردن براون دەکەم، سوپاسی سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ڤۆك جێرمیك دەکەم، سوپاسی سەرکردایەتی کردنی بەردەوامیان دەکـەم، ئەوان بەردەوام ئیلهامیان بە ئێمە بەخشیوە بۆ تەقەلادان.

**برایان و خوشکانی بەڕێز،**

حەزدەکەم یەك شتتان لە بیربێت، ڕۆژی مەلالا ڕۆژی من نییە ئەمڕۆ ڕۆژی هەموو ژنێکە، ڕۆژی هەموو کوڕ و کچێکە، کە دەنگیان هەڵبڕیووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانییان. ئێستا

سەدان چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ و کارکەرانی کۆمەڵایەتی هەن، کە نەك تەنها داوای مافەکانیان دەکەن، بەڵکو ململانێ دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە ئاشتی و خوێندن و یەکسانی، هەزاران کەس لەلایەن تیرۆرستانەوە کوژراون، ملیۆنان کەس بریندار بوون، من تەنها یەکێکم لەئەوان، بۆیە من لێرە رادەوەستم، کە یەکێکم لەناو زۆری دیکەدا.

من قسە بۆ خۆم ناکەم، بەڵکو قسە دەکەم بۆ ئەوانەی دەنگیان نابیسترێت، قسەدەکەم بۆ ئەوانەی شەڕیان کرد بۆ مافەکانی خۆیان، مافی ئەوەی بە ئارامی بژین، مافی ئەوەی بە کەرامەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، مافی ئەوەی هەلی یەکسانیان هەبێت، مافی ئەوەی بتوانن بخوێنن.

**هاوڕێیانی ئازیـــــز ،**

لە ئۆکتۆبەری 2012 دا تاڵیبان تەقەیان لێکردم و لای چەپی روخسارمیان پێکا، هەروەها تەقەیان لە هاوڕێکانیشم کرد. ئەوان پێیان وابوو، کە ئەو فیشەکانە بێدەنگم دەکات، بەڵام لەوەدا شکستیان هێنا، لەو بێدەنگییەدا هەزارەها دەنگ دروستبوون، تیرۆرستان پێیانوابوو، کە من ئامانجەکانم دەگۆڕم و واز لە تموحەکانم دەهێنم، بەڵام هیچ شتێك لە ژیانمدا نەگۆڕاوە جگە لەمە: لاوازی، ترس، بێ ئومێدی لەناومدا مردن و لە شوێنی ئەوان هێز، کاریگەری، ئازایەتی لەدایکبوون. من هەمان مەلالام، تموحەکانم هەمان تموحن، هیواکانم هەمان هیوان، هەروەها خەونەکانم هەمان خەونن.

**برایان و خوشكانی ئازیز،**

من دژی هیچ كەسێك نیم، هەروەها من لێرە نیم بۆ ئەوەی قسەبكەم و بمەوێت تۆڵەی شەخصی لە تاڵیبان یاخود لەهەر گروپێكی دیكەی تیرۆرستی بكەمەوە. من لێرەم بۆ ئەوەی باس لە مافی خوێندن بۆ هەموو منداڵێك بكەم، داوای خوێندن بۆ كوڕان و كچانی تاڵیبان و تیرۆرستان و توندڕەوەكان دەكەم، تەنانەت رقم لەو چەكدارەی تاڵیبان نییە، كە تەقەی لێكردم.

ئەگەر ئێستا من چەكێكم پێبێت و ئەو كەسە لەبەردەمم وەستابێت من تەقەی لێناكەم، ئـەم بەزەییە لە محەمەد پێغەمبەر (د.خ) فێربووم، لە عیسای مەسیح فێربووم، لە بەڕێز بودا فێربووم، ئەو گۆڕانەم وەرگرتووە لە مارتن لۆسەر كینگ لە نیلسۆن ماندێلا و محەمەد عەلی جیناح. ئەو فەلسەفەی ناتوندوتیژییە فێربووم لە گاندی، لە بێچاخان و دایكە تێریزا، هەروەها ئەو بەخشندەییە فێربووم لە دایك و باوكی خۆم، ئەوە ئەو شتەیە كە روحی خۆم پێم دەڵێت: كەسێكی ئاشتی خوازبە و هەموو كەست خۆشبووێت.

**خوشكان و برایانی ئازیز،**

گرنگی رووناكی دەزانین ئەو كاتەی تاریكی دەبینین، گرنگی دەنگمان دەزانین ئەو كاتەی بێدەنگین، بەهەمان شێوە ئەو كاتەی لە سوات بوین، كە دەكەوێتە باكوری پاكستان، گرنگی قەڵەم و كتێبمان زانی كاتێك چەكمان بینی. پەندێك هەیە دەڵێت

(قەڵەم بەهێزترە لە چەك)، ئەمە راستە،  توندڕەوەكان لە قەڵەم و كتێب دەترسن، هێزی خوێندن ئەوانی تۆقاندووە، ئەوان لە ژنان دەترسن، هێزی دەنگی ژنان ئەوانی تۆقاندووە، هەر لەبەر ئەوەیە لەو هێرشەی ئەم دواییەدا (14) خوێندكاری بێ تاوانیان كوشت، هەر لەبەرئەوەیە ماموستا ژنەكانیان كوشت، رۆژانە خوێندگاكان دەتەقێنرێنەوە، چونكە ئەوان دەترسن لە گۆڕان و یەكسانی، كە ئێمە بۆ كۆمەڵگەی خۆمانی داوادەكەین.

لە بیرمە لە خوێندنگەكەی ئێمە كوڕێكی لێ بوو كاتێك یەكێك لە رۆژنامەنوسەكان لێی پرسی: «بۆچی تاڵیبان دژی خوێندنن؟» كوڕە منداڵەكە بەسادەیی وەڵامی دایەوە و ئاماژەی بۆ كتێبەكانی كرد و وتی:»چونكە تاڵیبان نازانن چی لە ناو ئەم كتێبانەدا نوسراوە».

ئەوان وا دەزانن خودا بچووك و بێ دەسەڵات و موحافیزكارە و چەك دەخاتە سەر سەری خەڵكی تەنها لەبەر ئەوەی دەچن بۆ خوێندنگە. ئەو تیرۆرستانە بە خراپی ناوی ئیسلام بەكاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی قازانجی شەخصی خۆیان. پاكستان وڵاتێكی دیموكرات و ئاشتی خوازە، پەشتونییەكان خوێندنیان دەوێت بۆ كوڕ و كچەكانیان. ئیسلام ئاینی ئاشتی و مرۆڤایەتی و برایەتییە.

وەك دەوترێت ئەرك و بەرپرسیارێتییە بۆ ئەوەی هەموو منداڵان خوێندن بەدەستبهێنن، ئاشتی پێویستە بۆ فەراهەم بوونی خوێندن. لەو بەشەی من لە جیهاندا، بە تایبەتی لە پاكستان و ئەفغانستان: تیرۆریزم، جەنگ، ململانێ، رێگا لە منداڵان دەگرن

بۆ چوون بۆ خوێندنگە. بەڕاستی ئەوان ماندووبوون لەو هەموو جەنگانە، ژنان و منداڵان بە زۆر شێوەی جیاواز ناڕەحەتی دەچێژن لە سەرتاسەری جیهاندا.

لە هیندستان منداڵان بوونەتە قوربانی کارکردن، زۆر خوێندنگە وێرانکران لە نێجیریا، خەڵکی ئەفغانستان کاریگەری توندڕەوەکانیان کەوتۆتە سەر. کچانی منداڵ دەبێت کاری ناوماڵ بکەن، پاشان لە تەمەنێکی زۆر زوودا ناچاردەکرێن شوو بکەن. هەژاری، ناعەدالەتی، رەگەزپەرستی، هەروەها مەحروم بوون لە سەرەتایترین مافەکان گرفتی سەرەکین و زۆربەی پیاوان و ژنان رووبەرووی دەبنەوە.

لە ئێستادا من زۆر گرنگی دەخەمە سەر مافەکانی ژنان و خوێندنی کچان، چونکە ئەوان زۆرترین ناڕەحەتی دەچێژن. پێشتر ژنانی چالاکوان داوایان لە پیاوان دەکرد داوای مافی ژنان بکەن، بەڵام ئێستا بۆ خۆمان داوای ئەو مافانە دەکەین. من داوا ناکەم پیاوان دوربکەونەوە لە باسکردنی مافەکانی ژنان، بەڵام من گرنگی دەخەمە سەر ژنان بۆ ئەوەی ببنە کەسانی سەربەخۆ و شەڕ بکەن لە پێناو خۆیاندا، هەر بۆیە خوشکان و برایان ئێستا کاتی ئەوەیە بێینە دەنگ ئەمڕۆ داوا لە سەرکردەکانی جیهان دەکەین سیاسەتە ستراتیژیەکانیان بگۆڕن لە بەرژەوەندی ئاشتی و خۆشگوزەرانی.

داوا لە سەرکردەکانی جیهان دەکەین، کە دەبێت هەموو رێکەوتنەکان مافەکانی ژنان و کچان بپارێزن، هەر رێککەوتنێك لە

دژی مافەکانی ژنان بێت قابیلی قبوڵکردن نییە. داوا لە سەرجەم حکومەتەکانی سەرتاسەری جیهان دەکەین زامنی خوێندنی بە زۆر و بە خۆڕایی بۆ هەر منداڵێك بکەن، داوا لە حکومەتەکان دەکەین بجەنگن دژی تیرۆر و توندوتیژی، لە پێناو پاراستنی منداڵان لە دڵڕەقی و ئازاردان، داوا لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەکەین پشتیوانی لە فراوانبوونی هەلەکانی خوێندنی کچان بکەن لە وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا، داوا لە کۆمەڵگەکان دەکەین زیاتر کراوەبن و دژی هەر ناعەدالەتییەك بن لەسەر بنەمای چینایەتی، باوەڕ، لایەنداری، رەنگ، ئاین، رەگەز ئەویش لە پێناو زامنکردنی ئازادی و یەکسانی بۆ ژنان بە شێوەیەك کە بتوانن بگەشێنەوە، ئێمە هەموومان ناتوانین سەرکەوتووبین ئەگەر نیوەکەی ترمان بەرەو دواوە بڕوات. داوا لە خوشکانمان دەکەین لە سەرتاسەری جیهاندا بۆ ئـەوەی ئازادبن هێز بدەنە خۆیان و لە تەواوی تواناکانی خۆیان بگەن.

**برایان و خوشکانی ئازیز،**

خوێندن و خوێندنگەمان دەوێـت لە پێناو داهاتویەکی پرشنگدار بۆ هەر منداڵێك، بەردەوام دەبین لە کاروانەکەمان تا گەیشتن بە دوا مەنزڵگەی ئارامی و خوێندن. هیچ کەسێك ناتوانێت رامانگرێت، داوای مافەکانی خۆمان دەکەین و گۆڕانکاری بەسەر بانگەشەکانماندا دێنین، بڕوامان بە بەهێزی و کاریگەری وشەکانمان هەیە، وشەکانمان دەتوانن جیهان بگۆڕن،

چونکە ئێمە هەموومان بەیەکەوەین، یەکگرتووین لەبەرخوێندن. بۆیە ئەگەر دەمانەوێت بە ئامانجەکانی خۆمان بگەین با خۆمان بەهێز بکەین بە چەکی زانیاری، با خۆمان بپارێزین بە یەککبوون و یەکگرتوویی.

**برایان و خوشکانی ئازیز،**

نابێت لە بیرمان بچێت، کە ملیۆنان کەس نارەحەتی دەچێژن بەهۆی برسێتی، ناعەدالەتی، نەزانین. نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، کە ملیۆنان منداڵ لە دەرەوەی خوێندنگەکانن، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت، کە خوشك و برایانمان چاوەڕوانی پاشەڕۆژێکی پرشنگدار و ئارامن.

کەواتە با هەوڵێکی بێوچان بدەین دژی نەخوێندەواری، هەژاری، تیرۆریزم. با قەڵەم و کتێبەکانمان هەڵبگرین، چونکە ئەوان کاریگەرترین چەکن. یەك منداڵ، یەك مامۆستا، یەك کتێب لەگەڵ یەك قەڵەم دەتوانن دنیا بگۆڕن. خوێندن تەنها چارەسەرە، خوێندن یەکەم شتە. زۆر سوپاس.

**مەلالا: خوێندن بەهێزترین چەکە بۆ کچان**

پایزی ساڵی 2014، کتێبی (من مەلالام-I AM MALALA) ی کچە چالاکوانی پاکستانی مەلالا یوسفزای بڵاوکرایەوە، کە تیایدا باس لەهەوڵەکانی خۆی دەکات لە پێناو بەدەستهێنانی مافی خوێندنی کچان لە دۆڵی سواتی پاکستان، دوای ئەوەی

تاڵیبان مافی خوێندن لە کچان زەوت دەکات لەو ناوچەیە. مەلالا کتێبەکەی بەهاوبەشی لەگەڵ (CHRISTINA LAMB) ی رۆژنامەنوسی بەریتانی نوسیوە، کەتیایدا باسی ووردەکاری ژیان لە سوات و هەوڵەکانی خۆی بۆ پێشخستنی خوێندنی کچان دەخاتەڕوو، تا دەگاتە رووداوی هەوڵی تیرۆرکردنەکەی. کتێبەکە لە 276 لاپەڕە پێکهاتووە و لەلایەن چاپەمەنی (HACHETTE INDIA) بڵاوکراوەتەوە. پەیامی سەرەکی کتێبەکەی مەلالا بریتیە لە باوەڕبوون بەوەی دەنگی یەك کەس ئیلهام دەبەخشێتە کردەی گۆڕان لەسەر ئاستی جیهان.

دوای بڵاوبوونەوەی کتێبەکە، جارێکی دیکە مەلالا بوویەوە جێی بایەخی دەزگاکانی میدیای جیهانی و چاوپێکەوتن و رانان دەربارەی کتێبەکە لەگەڵیدا سازکرا. ئەو چاوپێکەوتنەی خـوارەوەش یەکێکە لەو چاوپێکەوتنانەی کە پێشکەشکاری بەناوبانگی جیهانی (جـۆن ستیوارت- JON STEWART) لەمیانەی بەرنامەی (THE DAILY SHOW) لەگەڵی ئەنجامی داوە، کە یەکێکە لە بەرنامە سیاسییە تەنزئامێزەکانی کەناڵی (COMEDY CENTRAL ) و لەسەر ئاستی جیهان بینەرێکی زۆری هەیە.(وەرگێڕ)

### دەقی چاوپێکەوتنەکە

جۆن ستیوارت: میوانی ئەمڕۆمان چالاکوانێکی داکۆکیکارە لە مافی خوێندنی کچان لەسەرتاسەری جیهان و بچوکترین کەسیشە،

که تائێستا پاڵێورابێت بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی. کتێبەکەی بەناوی (من مەلالام-I AM MALALA)، ئەو کچەی داوای خوێندنی کچانی کرد و لەلایەن تاڵیبانەوە تەقەی لێکرا. تکایە بەخێرهاتنی مەلالا یوسفزای بکەن بۆ پرۆگرامەکەمان.

جۆن ستیوارت: خۆشحاڵم بە بینینت، زۆر سوپاس بۆ هاتنت.

مەلالا: زۆر سوپاس، مایەی شەرفە بۆ من کە لێرەم.

جۆن ستیوارت: مایەی شەرەف بۆ ئێمە، کە تۆ لێرەیت. من خۆم دەناسم (مەلالا پێدەکەنێت). پێش پرۆگرامەکە قسەمان کرد، دەمەوێ ئەوەت پێ بڵێم هیچ شتێك لەوەخۆشتر نییە، کە وا لە تۆ بکات پێبکەنیت، من زۆر ئاسودەم بەو شتە. بینینی تۆ شەرەفێکی گەورەیە، تۆ تەنها تەمەنت 16 ساڵانە، پێم بڵێ خۆشەویستی تۆ بۆ خوێندن لە کوێوە هاتووە؟

مـەلالا: ئێمە مرۆڤین، ئەوە بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ، کە گرنگی هیچ شتێك نازانین هەتا ئەو کاتەی لە دەستمان دەردەچێت. لە پاکستان ئەو کاتەی چیتر نەمانتوانی بچین بۆ خوێندنگە ئیتر تێگەیشتین خوێندن چەند گرنگە. من تێگەیشتم خوێندن چەند گرنگە، تێگەیشتم خوێندن هێزە بۆ کچان. هەر لەبەر ئەوەشە تیرۆرستان لە خوێندن دەترسن. ئەوان حەزناکەن کچان فێری خوێندەواری بن، چونکە ئەوە دەبێتە بەهێزی کچان.

جۆن ستیوارت: تەواوە، بەڕاستی وایە. باشە کەی تاڵیبان هاتن بۆ دۆڵی سوات؟ تۆ لە کتێبەکەتدا باسی ئەوەت کردووە کە پێش هاتنی ئەوان دۆڵی سوات وەك بەهەشت وابووە؟

مەلالا: تاڵیبان ساڵی 2002 هاتن بۆ سوات. ئەوکاتە ئەوان باش بـوون، ئەوکاتە سروشتی تیرۆرستانەی خۆیان ئاشکرا نەکردبوو، هیچ خوێندنگەیەکیان نەدەتەقاندەوە. کاری تیرۆرستی ئەوان لە ساڵی 2007ەو دەستیپێکرد، نزیکەی 400 خوێندنگەیان لە سوات تەقاندەوە، هەروەها دەستیانکرد بەسەربڕینی خەڵکی، تەنانەت لە مانگی جانیوەری 2009دا گەیشتنە ئەو رادەیەی هەر شەوێك 2-3 کەسیان سەردەبڕی. بەڕاستی بارودۆخێکی بەربەری سەدەی بیست و یەکمان بینی. ناخۆشی و دڵەڕاوکێیەکی زۆرمان بینی. ئەو رۆژانە تاریکترین رۆژەکانی ژیانمان بوون. بەڕاستی بارودۆخێکی سەخت بوو بۆمان.

جۆن ستیوارت: وەك لە کتێبەکەتدا باستکردووە، تاڵیبان هێمای خوێندنگەکانیان لێدەکردەوە، هەروەها دوای دیارنەمانیشیان لەو کارانەیان بەردەوام بوون، بەڵام تۆ بەئاشکرا بەرامبەریان قسەت دەکرد. پێم بڵێ چ شتێك ئازایەتی پێ بەخشیت کە لەو کارەت بەردەوام بیت؟

مەلالا: باوکم هاندەرێکی گەورە بوو بۆ من، چونکە ئەو داوای مافی ژنانی دەکرد، هەروەها داوای مافی خوێندنی کچانی دەکـرد. لەو کاتانەدا بە خۆمم وت بۆچی چاوەڕێی کەسێکی دیکە بـم؟ بۆچی چـاوەڕێـی حکومەت و هێزی چەکداربم، کە هاوکاریم بکەن؟ ئەی بۆچی بۆ خۆم دەنگ هەڵنەبڕم؟ بۆچی بۆ خۆمان داوای مافەکانمان نەکەین؟

هەربۆیە کچانی سوات دەستیان کرد بە داواکردنی مافەکانیان، هەروەها منیش دەستم کرد بە نوسینی ڕۆژانە و دەستم کرد بە قسەکردن لە کەناڵەکانی میدیا. قسەم بۆ هەر کەناڵێك دەکرد، کە توانای دەست پێڕاگەیشتنم هەبوو. لە هەر چالاکییەك کە توانای ئەنجامدانیم هەبوو دەنگی خۆم هەڵبڕی. بەخۆمم وت پێویستە جیهان ئاگادار بکەمەوە، کە چ شتێك لە سوات روو دەدات. هەروەها وتم پێویستە جیهان ئاگادار بکەمەوە، کە سوات ئازاری تیرۆریزم دەچێژێت، بۆیە پێویستە دژی تیرۆریزم بجەنگین.

جۆن ستیوارت: چ کاتێك زانیت، کە تۆ لەلایەن تاڵیبانەوە کراویتە ئامانج؟

مەلالا: لەساڵی 2011دا رۆژێکیان لەگەڵ باوکمدا بووم، کچێك هات و وتی ئایا نەتزانیوە، کە تاڵیبان هەڕەشەی لێکردوویت؟ گۆگڵ بگەڕێن هەڕەشەکە دەبینن. باوەڕم نەبوو، وتم ئەوە راست نییە. تەنانەت دوای ئەوەش کە هەڕەشەکەم بینی زۆر لەخۆم نەدەترسام، بەڵکو زیاتر دڵتەنگی باوکم بووم، چونکە پێم وابوو تاڵیبان ئەوەندە دڵڕەق نین کە منداڵێك بکوژن. ئەو کاتە من تەمەن 14 ساڵان بوو.

بەڵام دواتر بیرم کردەوە و وتم لەوانەیە چەکدارێکی تاڵیبان بێت و بمکوژێت. ئینجا بەخۆمم وت ئەگەر هات مەلالا چی دەکەیت؟ وڵامی خۆمم دەدایەوە بەوەی، کە تاکە پێڵاوەکەم هەڵدەگرم و لێیدەدەم، بەڵام دواتر وتم ئەگەر تۆ لە کەسێکی

تاڵیبان بدەیت بە پێڵاوەکانت، کەواتە جیاوازی لە نێوان تۆ و ئەو نییە. بۆیە پێویستە لەگەڵ خەڵکی بە دڵڕقی و سەختیەوە مامەڵە نەکەیت، بەڵکو پێویستە رووبـەرووی خەڵکانی دی ببیتەوە لە رێگای ئاشتی و گفتوگۆ و خوێندنەوە. بۆیە بەخۆمم وت ئەگەر شتێکی لەو شێوە روویدا، ئەوا بەو کەسەی تاڵیبان دەڵێم خوێندن چەند گرنگە. پێی دەڵێم داوای خوێندن بۆ منداڵەکەی تۆش دەکەم. لە کۆتایدا پێی دەڵێم ئەوە مەبەستی منە، ئێستا تۆش چی دەکەیت بیکە. (چەپڵەی ئامادەبووان و سەرسووڕمانی جۆن ستیوارت).

جۆن ستیوارت: وەك ئاگاداربم، باوکت لە پشت پەردەیە و زۆر شانازیت پێوەدەکات. وەك بزانیت ئەگەر تۆ هەڵبگرمەوە باوکت تورە دەبێت؟ ( پێکەنین و هاواری ئامادەبووان و مەلالا). ئەگەر دوای بەرنامەکە بمێنیتەوە، حەزدەکەم زیاتر باسی دۆڵی سواتم بۆ بکەیت. وێنەکە چۆنە ئەگەر کەسێك لەوێ گەورە بێت؟ هەروەها چۆن خەڵکان دەتوانن بەشداری پرۆگرامی (مەلالا فەند- MALALA FUND) بکەن لەگەڵ چەندان شتی دیکە. ئایا کاتت هەیە بۆ ئەوانە؟

مەلالا: بەدڵنیاییەوە.

جۆن ستیوارت: کارێکی زۆر باشە. زۆرسوپاس. ئاگاداربن ئێستا کتیبَی (من مەلالام- I AM MALALA ) لە کتێبخانەکاندا دەسـت دەکەوێت و دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی WWW. MALALAFUND.ORG بکەن، بەختەوەر بن.

## مەلالا یوسفزای کێ یە؟

• مەلالا یوسفزای لە 1997/7/12 لە شارۆچکەی مینگۆرا لە ناوچەی سوات لە پاکستان لەدایکبووە. خوێندکاری خوێندنگە بووە و وەك داکۆکیکارێکی مافی خوێندنی کچان و مافەکانی ژنان ناسراوە لە دۆڵی سوات، ئەو شوێنەی بزووتنەوەی تاڵیبان لەکاتی دەسەڵاتیاندا خوێندنی کچانی لێ قەدەغەکردبوو.

• لەسەرەتای ساڵی 2009وە بەناوێکی خوازراو بۆ بلۆگی BBCی دەنووسی و باسی ژیانی خۆی و بۆچوونەکانی خۆی دەرکرد دەربارەی پەرەپێدانی خوێندنی کچان لە دۆڵی سوات. ئەو کارانەش مەلالای کردە چالاکوانێکی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی ژنان، هەروەها بووە ئامانجیش لەلایەن تاڵیبانەوە بۆ ئەوەی لەناوی بەرن و بێدەنگی بکەن.

• دوای رزگارکردنی سوات لە چەکدارانی تاڵیبان لەلایەن سوپای پاکستانەوە، مەلالا بە ئاشکرا لە میدیا و چاپەمەنیەکاندا دەردەکەوێت بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی سەبارەت بە پێشخستنی خوێندنی کچان و مافەکانی ژنان.

• رۆژی 2012/10/9 لەکاتی گەڕانەوەی لە خوێندنگە بۆ ماڵەوە، چەکدارانی بزووتنەوەی تاڵیبان تەقە لە سەروملی دەکەن بەمەبەستی کوشتنی. دوای هێرشەکەش مەلالا بۆماوەیکی زۆر بێ هۆش دەبێت و باری تەندروستی زۆر خراپ دەبێت، پاشان دەگەیەنرێتە وڵاتی بەریتانیا بەمەبەستی چارەسەرکردن.

• دوای نزیکەی سێ مانگ چاودێری و چارەسەری رۆژی 2013/1/4 مەلالا نەخۆشخانە جێدەهێڵێت و دووبارە دەچێتەوە

ناوخێزانەکەی، کە ئێستا لە بەریتانیا ژیان بەسەردەبەن.

• رۆژی 12ی تەمموزی هەموو ساڵێك لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك رۆژی مەلالا ناسراوە. لەو ڕۆژەدا باس لە گرنگی خوێندن، نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئاستەنگەکانی بەردەم خوێندن دەکرێت.

• مەلالا یەکێك بوو لەو کەسانەی پاڵێورا بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی لە ساڵی 2013 دا.

• لە تازەترین چالاکیشدا، رێکخراوی مەلالا فەند بە هاوکاری دەزگای ڤۆدافۆن هەڵمەتی خوێندەواری مۆبایلی ئەنجامدەدات، بۆ خوێندەوارکردنی 493 ملیۆن ژن و 76 ملیۆن کچ لەسەرتاسەری جیهاندا ئەویش لە رێگای تەلەفۆنی مۆبایلەوە.

• یەکێك بوو لەو چالاکوانانەی داوای کرد گروپی (بۆکۆحەرام) ی توندڕەوی نەیجیری ئەو کچانە ئازادبکات، کە لە خوێندنگەیەکی وڵاتی نەیجیریا فڕاندبوونی.

• رۆژی 2014/10/10 لەتەمەنی 17 ساڵیدا، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەهاوبەشی لەگەڵ چالاکوانی هندی بواری مافەکانی منداڵان (کایلاش ساتیارسی) بەدەستهێنا. وەرگرتنی خەڵاتەکە دوای دووساڵ و یەك رۆژ دێت لەو رۆژەی لە 2012/10/9 تاڵیبان تەقەیان لێکرد بەمەبەستی تیرۆرکردنی. بەمەش مەلالا بووە بچوکترین کەس لە مێژووی بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتەدا.

## پاڵەوانەکە هەستایەوە سەرپێ

رۆژی 2013/1/4 مەلالا یوسفزای نەخۆشخانەی بێرمینگهام کوین ئێلیزابیسی بەجیهێشت دوای نزیکەی 3مانگ چارەسەرکردن

بۆی. ستافی نەخۆشخانەکە مەلالایان وەك کچێکی گەنجی خۆڕاگر وەسفکرد، کە داوای مافەکانی ژنان دەکات لە وڵاتەکەی خۆیدا.

مەلالا دوای هەوڵی تیرۆرکردنی گەیەنرایە بەریتانیا بۆ چـارەسـەرکـردن، ئێستاش دوای دەرچـوونـی لەنەخۆشخانە لەگەڵ دایك و باوك و خوشك و براکانی بەشێوەیەکی کاتی لە وێست میدلاند لە بەریتانیا ژیان بەسەردەبات. دەرچوونی مەلالا لە نەخۆشخانە لەسەر ڕەزامەندی پزیشکەکانی بووە، دوای ئەوەی دڵنیابوون لەسەلامەتی تەندروستی لەدەرەوەی نەخۆشخانە. هەروەك لەکاتی بەجێهێشتنی نەخۆشخانە مەلالا بەزەردەخەنەیەکەوە دەرکەوت، کە ئەمەش هێمای خۆڕاگری و متمانە بەخۆیی ئەو دەردەخات.

بەپێی وتەی پزیشکەکانی هەفتانە جارێك مەلالا سەردانی نەخۆشخانە دەکاتەوە، بەمەبەستی چاودێریکردن و دڵنیابوون لە بەرەوپێشچوونی باری تەندروستی، هەروەها بڕیارە لەزووترین کاتدا عەمەلیاتێك بۆ سەر و کەللەی بکرێت بۆ چارەسەر کردنی شوێنی پێکرانەکەی.

## کاردانەوە جیهانیەکان

لەوکاتەوەی هێرشی کراوەتە سەر، لە زۆربەی وڵاتانی دنیا پشتیوانی لە مەلالا دەستیپێکردوە، هاوڵاتیان مۆمیان دادەگیرساند و دوعاونوێژیان ئەنجامدا بۆ زوو چاکبوونەوەی. کەسانی

بەناوبانگ بۆ نمونە (مادۆنا، ئەنجێلینا جۆلی) بەشداری ملیۆنان خەڵکی دیکەیان کرد لەسەرتاسەری جیهاندا بۆ پشتیوانیکردن لێی، هەروەها بەردەوام بانگەوازی ئەوە دەکرێت خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەناوبراو ببەخشرێت.

سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا (گۆردن براون) و سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (بانکی مۆن) هەڵمەتێکی خوێندنی جیهانیان دەستپێکرد بە ناوی (من مەلالام) و رایانگەیاند پێویستە تا ساڵی 2015 هەموو منداڵانی جیهان چوبێتنە بەر خوێندن. هێرشکردنە سەر مەلالا لە پاکستان بووە هۆی بێدارکردنەوەی دنیا سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی منداڵان و مێردمنداڵان لە جیهاندا.

# فرۆید و بیری مرۆڤ

## ئاگایی و نائاگایی

فرۆید چەمکی (ئاگایی و نائاگایی) دانەهێنا، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو بەرپرسە لە زیاتر ئاشکراکردنی ئەو چەمکە و کردنی بەباو. (ئاگایی بیر) بریتییە لە هۆشداری بەرامبەر ساتێکی دیاریکراو، گوزەرانی ئێستات، یادەوەریەکان، بیرکردنەوەکان، خەیاڵکردنەوەکان، هەستەکان، ئەوەی کە هەتە کارکردنی نزیك لە (ئاگایی بیر) ئەوەیە کە فرۆید پێی دەڵێت «پێش هۆشیاری»، ئەوەی کە ئێمە ئەمڕۆ دەتوانین پێی بڵێین «میمۆری بەردەست»: هەرشتێك کە بەئاسانی بتوانرێت بهێنرێتەوە هـۆش. ئەو یادەوەریانەی، کە لە ساتی ئێستادا بیریان لێ ناکەیتەوە، بەڵام بەئاسانی دەتوانیت بیانهێنیتەوە ناو بیرو هۆشی خۆت. هیچ کەسێك گرفتی لەگەڵ ئەم دوو چینەی بیردا نییە، هاوکات فرۆید پێیوایە ئەو دوو بەشە بچوکترین بەشی بیری مرۆڤن.

گەورەترین بەشی بیری مرۆڤ (نائاگایی) یە، کە پێکدێت لە هەموو ئەو شتانەی ئاسان نییە بیانهێنینەوە ئاگایی خۆمان، پێکدێت لە زۆرشت کە ڕەگ و ڕیشەیان لەوێدایە، وەکو: پاڵنەر و غەریزەکان، یـان ئـەو شتانەی ناتوانین سەیریانبکەین، وەکـو ئـەو سـۆز و یادەوەریانەی توشی شۆکمان دەکەن. بە بۆ چوونی فرۆید (نائاگایی) مرۆڤ سەرچاوەی هاندەر و پاڵنەرەکانیەتی، جا ئەو پاڵنەرانە سادە بن، وەك حەزی خواردن و سێکس، یان پاڵنەری هونەرمەندان و زانایان، بەڵام ئێمە هەمیشە ڕێگرین لەوەی ئاگاداربین لەو هاندەرانە، هەمیشەش لەژیانماندا لە روخسارێکی درۆدا دەردەکەون.

واقیعەتی سایکۆلۆژیای فرۆیدی لەگەڵ جیهانێکی پڕ لەشت دەستپێدەکات، لەنێوان ئەو شتانەدا شتێکی تایبەت هەیە ئەویش: (ئۆرگازم). ئۆرگازم تایبەتە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی ژیانەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوە. ئۆرگازم رێنمایی ئامانجەکان دەکات، بۆ ئەوەی بگەنە کۆتایی، ئەویش لە رێگای پێدوایستییەکانیانەوە: برسێتی، تونێتی، دوورکەوتنەوە لەئازار، سێکس.

گرنگترین بەشی ئۆرگازم سیستەمی (اعصاب) ە، کە هەستیارە بەرامبەر پێدوایستیەکانی ئۆرگازم. نائاگایی- ID پێدوایستیەکانی ئۆرگازم دەگۆڕێت، بۆ هێزی پاڵنەر، کە پێی دەوترێت (غەریزە، یان حەز و ئارەزوو) فرۆید ناویان دەبات بە (خۆزگەکان)، ئەم گۆڕانە لە پێدوایستییەوە بۆ خۆزگە، پێیدەوترێت پرۆسەی سەرەتایی.

نائاگایی، کار  بە پرەنسیپی (لەزەت) دەکات و لەهەوڵی تێرکردنی پێدوایستیەکاندایە، بۆ نمونە حەزی خواردن، داوات لێدەکات تێربێت، ئەم حەز و پێداویستییە زیاد دەکات، ئەگەر تێری نەکەیت، وات لێدێت، ناتوانیت بیر لەهیچ شتێکی تر بکەیتەوە.

هەروەك ئۆرگازم، ئاگایی مرۆڤ، مامەڵە لەگەڵ جیهاندا دەکات، لە رێگەی هەستەکانەوە. لەساڵی یەکەمی ژیانی منداڵدا، هەندێك لە نائاگایی ئەو دەبێتە (من – ئیگۆ EGO-). ئیگۆ ئۆرگازم بە ژیانی واقیعەوە دەبەستێتەوە لەڕێگەی ئاگاییەوە، هەروەها ئیگۆ بۆ ئەو شتانە دەگەڕێت کە دەبنە مایەی تێرکردنی

حەزو ئارەزووەکان. ئەم چالاکی نواندنە پێیدەوترێت پرۆسەی دووەم. ئیگۆ(EGO) وەك نائاگایی(ID) نییە، بەپێی پرەنسیپی واقیعەت کاردەکات. هەڵدەستێت بەتێرکردنی حەزو ئارەزوەکان، بەپێی ئەو شتە گونجاوانەی لەبەردەستدایە. ئیگۆ نوێنەری واقیعەت و عەقڵە.

لەکاتێکدا ئیگۆ هەموو کارێك دەکات بۆ ئەوەی (نائاگایی) و ئۆرگازم تێربکات و بەختەوەریان بکات، ئەوا لەدنیای دەرەوەدا ڕووبەڕووی زۆر ڕێگر و بەربەست دەبێتەوە. هەندێك جاریش ڕووبــەڕووی هەندێك شت دەبێتەوە، کە هاوکاری دەکەن بۆ گەیشتن بە حەز و ئارەزووەکانی تۆماری ئەو بەربەست و ڕێگرانە دەکات، بەتایبەتی پاداشت و سزای گرنگترین دوو کەس لەژیانی منداڵیدا )دایك و باوك(. تۆمارکردنی چی بکرێت و چی نەکرێت، دەبێتە منی باڵا(SUPER EGÓ). ئەمە تەواو نابێت تا تەمەنی (7 ساڵ)ی لەهەندێك کەسیشدا، هەرگیز تەواو نابێت. لە سوپەر ئیگۆدا دوو چەمك بوونیان هەیە: یەکەم (ئاگایی) کە تێکەڵە لە سزادان و ئاگادارکردنەوە. دووەم (منی ئایدیاڵ)، کە سەرچاوەکەی خەڵات و مۆدیلی پۆزەتیڤە بۆ منداڵ. ئاگایی و منی ئایدیاڵ داوای پێداویستییەکانیان لە ئیگۆ دەکەن، لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەك: خۆ بە زل زانین، شەرم، هەست بە تاوانکردن.

لێرەوە کۆمەڵێك حەزی تر دروستدەبن، کە ڕەگی حەزەکان زیاتر کۆمەڵایەتییە وەك لەوەی بایەلۆژی بێت. بەداخەوە ئەم حەزو خولیا نوێیانە، توشی ململانێ دەبن، لەگەڵ نائاگایی.

هەروەك دەبینین منی باڵا نوێنەری کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەش حەزناکات هەموو پێداویستییەکان تێربکات.

## غەریزەی ژیان و غەریزەی مردن

فرۆید، پێیوایە سەرجەم هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ ئاڕاستە دەکرێن لەلایەن خۆزگە و غـەریـزەوە، کە دەربـڕی پێداویستییە فسیۆلۆژیەکانی مرۆڤن. فرۆید باسیاندەکات وەك (غەریزەی ژیان) ئەو غەریزانە نەمری دەدەن بە ژیانی تاك لە ڕێگەی هاندانیان بۆ بەدەستهێنانی خواردن و ئاو، هەروەها نەمری دەداتە ڕەگەز و نەوە جۆر بە جۆرەکان لە ڕێگەی هاندانیان بۆ ئەنجامدانی سێکس. پاڵنەر و وزەی ئەم هێزە دەرونییە پێی دەوترێت (لیبیدۆ- LIBIDO).

ئەزموونی عیادی، فرۆیدی گەیاندە ئەو بڕوایەی، کە پێی وابێت «سێکس» گرنگترین پێداویستییە روحییەکانی مرۆڤە. مرۆڤ کائینی کۆمەڵایەتییە، سێکسیش گرنگترین پێداویستی کۆمەڵایەتییە. پێویستە بوترێت سێکس لـەلای فرۆید زۆر گەورەترە، قۆڵترە وەك لەوەی بریتیبێت لە جووت بوونی دوو جەستە.

پاشان دوای بەردەوام بوون لەسەر کار و ئەزموونەکانی، فرۆید گەیشتە ئەو بڕوایەی کە غەریزەی ژیان، تەواوی چیرۆکەکەمان پێ ناڵێت. لیبیدۆ شتێکی زیندووە، پڕەنسیپی لەزەتە، کە هەوڵدەدات بەختەوەرمان بکات و تێرمانبکات و ڕازیمانبکات.

لیبیدۆ هەوڵدەدات، کە ئێمە سەرجەم پێدوایستیەکانمان دابین بێت و لەئاشتیدا بژین. فرۆید گەیشتە ئەوەی، کە لەپاڵ غەریزەی ژیان (غەریزەی مردن) یش هەیە. فرۆید پێیوایە هەموو کەسێك خۆزگەیەکی نائاگایی هەیە بۆ ئەوەی بمرێت.

ئەم بیرۆکەیە لەسەرەتادا نامۆ دەردەکەت و لەلایەن زۆرینەی خوێندکارەکانی فرۆیدەوە رەتکرایەوە، بەڵام بە بۆچوونی من هەندێك بناغەی ئەزموونی هەیە. ژیان لەوانەیە پرۆسەیەکی ئازار بەخش و هیلاککەربێت، شتێکی سانایە، کە زۆربەی خەڵکی دنیا ناخۆشییان زیاترە لەخۆشییەکانیان (ئەمە شتێکە کە ئێمە حەز ناکەین دانی پێدا بنێین) مردن پەیمانی رزگاربوونە لەو ململانێیە.

لەم بارەیەوە فرۆید باس لە پڕەنسیپی نیرڤانا دەکات (نیرڤانا ئایدیایەکی بوزییە، کە بە مانای کوژانەوە دێت، وەك کوژانەوەی مۆمێك، مەبەست لەکوژانەوە - نەبوون، هیچێتی دەگرێتەوە- کە ئەویش ئامانجی فەلسەفەی بوزییە). رۆژ بە رۆژ بەڵگەکانی غەریزەی مردن و نیرڤانا لەناوماندا چەکەرەدەکات. وەکو خواردنەوەی ئەلکهول، بەکارهێنانی دەرمانی ئارام بەخش، خۆ ونکردن لەناو کتێب خوێندنەوە و سەیرکردنی فیلمدا، تامەزرۆیمان بۆ پشو لەگەڵ خەوتن، هەندێك جاریش بەخۆکوشتن دەری دەبڕین. فرۆید پێیوایە هەندێك جار مرۆڤ راستەوخۆ غەریزەی مردن لەخۆیدا دەردەبڕێت، ئەویش لە رێگەی: دڵڕەقی و تاوان و وێرانکارییەوە.

## شڵەژان

جارێکیان فرۆید وتبووی «ژیان ئاسان نییە.»

ئیگۆ (من) لەسەنتەری نێوان دوو هێزی گەورەدا راوەستاوە: کۆمەڵگە و واقیعەت، کە لەلایەن منی باڵاوە نوێنەرایەتی دەکرێن، پێدوایستییە بایەلۆژییەکان، کە لەلایەن نائاگاییەوە نوێنەرایەتی دەکرێن کاتێك ئەم دوو هێزە لە ململانێدان و گوشار دەخەنە سەر ئیگۆی هەژار، ئەوکاتەی کە هەستدەکەیت هەڕەشەت لەسەرە و خەریکە شکستدەهێنیت، بەرامبەر ئەو گوشارە زۆرەی لەسەرتە، ئەوە بەو هەستە دەوترێت (شڵەژان).

لە تیۆرەکانیدا، فرۆید باسی لە سێ جۆر شڵەژان کردووە: یەکەمیان: شڵەژانی ریالیستی واتە ترس. فرۆید بۆ خۆی ئەوکاتەی لە ئەڵمانیا بوو ئەم ترسەی بەسەردا هات، لەژێردەستی نازییەکاندا. ئەگەر هەریەك لە ئێمە بخەنە ناو کۆمەڵێك ماری ژەهراوییەوە، ئەوە بەڕاستی لەو ترسە تێدەگەین. دووەمیان بریتییە لە شڵەژانی ئەخلاقی (مۆراڵی):ئەم ترسە ئەوکاتە هەستیپێدەکەین، کە هەڕەشەکە لەدەرەوە بێت، لە کۆمەڵگەوە بەناو سوپەر ئیگۆدا. نمونەی ئەم شڵەژانەش هەستکردنە بەشەرم و گوناهـ و ترسان لە سزادان. سێیەم و کۆتایی بریتییە لە شڵەژانی اعصاب: ئەم شڵەژانە کاتێك دروستدەبێت، کاتێك گوشارێکی زۆر لەلایەن نائاگایی بیری مرۆڤەوە دێت. نمونەی ئەم جۆرە شڵەژانەش، ئەو کاتایەنە کە کۆنترۆڵی خۆمان لە دەستدەدەین، مەزاجمان تێکدەچێت، عەقڵمان لەدەستدەدەین. فرۆید زۆر خۆی بەم جۆرە شڵەژانەوە سەرقاڵکرد، بەڵام ئێمە زۆر بەسادەیی تەنها دەڵێین شڵەژاوین.

# چەمکی (مرۆڤی باڵا)
# لای نیچە

## پێشەکی

چەمکی (مرۆڤی باڵا) بەیەکێك لەگرنگترین چەمکەکانی فەلسەفەی نیچە دادەنـرێـت. هەرچەندە ئەم چەمکە زۆر بەکورتی لەپێشەکی کتێبی (زەردەشت وەهای گوت) دا باسکراوە، بەڵام دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی پێمان وابێت نیچە «هەندێك شتی لەبیر»دا بووە سەبارەت بەوەی چۆن مرۆڤ دەتوانێت زیاتر بێت لەوەی کە مرۆڤە. ئەگەر وابێت یاخود نا، ئەوا ئەم چەمکە بەشێوەیەك لە شێوەکان نیچە لە کارەکانیدا باسیکردووە. تێگەیشتن لەم چەمکەش وا دەکات بزانین چۆن نیچە روانیویەتییە (ژیان). ئەم وتارە هەوڵێکە بۆناساندنی چەمکی «مرۆڤی باڵا» لای نیچە و زانینی چەمکی ژیان لای مرۆڤی باڵا.

## ناوەڕۆك

لە کتێبی (زەردەشـــت وەهــای گــوت) دا لەسەر زاری زەردەشــت، کەسایەتی سەرەکی کتێبەکە، نیچە بەم شێوەیە باسی مرۆڤی بـاڵادەکـات، بــەوەی ژیانی خۆی تەرخانبکات لەپێناو بەهێزکردنی بەها مرۆڤایەتیەکاندا، هەروەها مرۆڤی باڵا ئەوکەسەیە، کە دەتوانێت بەهای تایبەت بەخۆی دروستبکات لەجیهانێکدا خەڵکانی دی تیایدا دەژین و پێشتر بەو چەمك و بەهایانە ئاشنانەبوون. واتا مرۆڤی باڵا کاریگەری دەخاتە سەر ژیانی کەسانی دی و دەتوانێت بەهای جیاواز و تایبەت بەخۆی دروستبکات، کە سەربەخۆیە لەکەسانی دی و کار دەکاتە سەر

کەسانی تر و بێ مانا ژیان بەسەر نابات. هەربۆیە ئەگەر رابردوو لەگەڵ ئێستا و داهاتوش بێ مانابن ئەو لەپێناوی مرۆڤایەتیدا دەژێت.

نیچە پێیوایە (مرۆڤی باڵا) بەڕادەیەکی بێسنوور کاردەکاتە سەر مێژوو. ئەو دەبێت کەسێکبێت هەمیشە لە رێگەی بیری کەسانی ترەوە جارێکی تر بێتەوە ناو ژیان و کاریگەری بخاتەسەر بیرکردنەوە و بەهاکانیان. ناپلیۆن، بۆ نموونە، بەیەکێك لەو کەسانە دادەنرێت، کە زۆر سەرسامی بیروبۆچوونەکانی نیچە بووە. ناپلیۆن کاریگەری کردە سەر مێژووی ئەوروپا و سیستمی ئەوروپای گۆڕی و لە شوێنیدا سیستمی نوێی دامەزراند. ئەو کارەی ئەو کردی کاریگەری کردە سەر ئەوروپای ئەمڕۆش. ئەم بیرکردنەوەیەی نیچە پەیوەندی بە بۆچوونێکی تری نیچەوە هەیە، ئەویش (ورە و هێز)ە بەو مانایەی مرۆڤ دەتوانێت بەهێز و ورەیەکی زۆرەوە رووبەرووی هەموو بارودۆخێك ببێتەوە، کاریگەری خۆی لەسەر دەوروبەر و بارودۆخەکە هەبێت.

نیچە وەڵامی بۆ(چەمکی ژیان) یش هەیە، کە بە ناڕەحەت دێتەبەرچاو، وەڵامی نیچە بەرامبەر بەژیان لە هەمان کتێبدا «زەردەشت وەهای گوت» دا هاتووە بەوەی ژیان بریتییە لەکۆمەڵێك بازنەی بێ سەرەتا و کۆتا و بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، لەگەڵ ناخۆشی و ناڕەحەتییەکانی ژیاندا هەندێ کەس تووشی دڵا تەنگی و خەمۆکی دەبن، بەڵام گرنگترین شت بۆمرۆڤی باڵا ئەوەیە «ژیان» بەشێوەیەکی تر ببینێت و وابزانێت

هەندێك سات هەن لەژیاندا پڕمانان و مرۆڤ تووشی خۆشبەختی دەکەن، پاشان دەتوانێت ئەم خۆشییە دووبارە بکاتەوە بەمەش کەسی باڵا هەست بەساتە خۆش و ناخوشەکانی ژیان دەکات و دەتوانێت بڵێت ژیان شتێکی باشە هەرچەندە دیاردەیەکی ترسناك و پڕ پرسیارە. بەشێوەیەکی رونتر ئەو کەسە رووبەرووی ژیان دەبێتەوە هەرچەندە ناڕەحەت و بێ ماناش دیاربێت. لەهەمان کاتدا مرۆڤی باڵا دەبێت ئەو راستیەش بزانێت«جەوهەری ژیان» ناگۆڕێت تەنانەت ئەگەر ئەو لە لوتکەی باڵابوونیدابێت.

لەم سۆنگەیەوە، دەتوانین بڵێین مرۆڤی باڵا کەسێکی بەسەر خۆدا زاڵە و هەڵوێستی بەرامبەر ژیان هەیە، کاتێك خەڵکانی دی بەلایانەوە بێ مانایە. ئەم تێگەیشتنەش رێگای بۆدۆزینەوەی (راستی- TRUTH) خۆش دەکات بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هەروەك چۆن بۆ بردنەوەی دڵی ئافرەتێك لە سەرخۆ و وردە وردە هەنگاو دەنێت. خاسیەتێکی تری مرۆڤی باڵا، کە نیچە لە کتێبی (لە دایکبوونی تراژیدیا (THE BIRTH OF TRAGEDY) باسیکردووە، بریتییە لە تێکەڵکردنی هەردوو بەهای (هزر و هەست).

نیچە پێیوایە هاوسەنگی دروستکردن لەنێوان ئەو دوو بنەمایەدا گرنگە بۆ بەخشینی مانا بە ژیان، هەروەها نیچە پێیوایە پێویستە مرۆڤ سروشتی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە و بەشێوەیەکی دروست بەکاریبهێنێت. نیچە زۆر ئالودەی کارە ئەدەبی و هونەری و مۆسیقییەکان بووە، زۆر تایبەت مامەڵەی

لەگەڵ (هونەر) دا دەکرد و بەرزتر لەهەموو کارە عەقڵانی و زانستیەکان سەیری دەکردن، بەلای نیچەوە داهێنانی هونەری لەسەرووی هەموو شتێکەوە بووە. لای نیچە مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە (هونەرمەند) بێت. هونەرمەندێك هەست و سۆزی خۆی بەکاربهێنێت. بۆکارێکی تایبەت، کە رەنگدانەوەی روئیای تایبەتی خۆی بێت بەرامبەر ژیان و جیهان. لەم بارەیەوە نیچە زۆر بە پۆزەتیڤی باسی شارستانیەتی یۆنانیەکان دەکات، کە هزر و هەستەکانیان بەکارهێناوە و لەئەنجامیشدا کاریگەری گەورە و داهێنەرانەیان ئەنجام داوە زیاتر لەکۆمەڵگەی ئەمڕۆ، هەروەها نیچە رەخنە لە(شارستانیەتی رۆژئاوا) دەگرێت بەوەی زۆر رۆچووتەوە ناو بەهای (هـزر)ەوە. رۆژئاوا پێیوایە مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی (عەقڵ- هزر) ەوە بگات بە هەموو شتێك و سەرجەم خراپییەکانی سروشت راستبکاتەوە.

هەرئەم بیرکردنەوەیەشە، کە ئەمڕۆ رۆژئـاوای گەیاندۆتە ترۆپکی زانست و تەکنەلۆژیا، بەڵام نیچە رەخنە لەم بۆچوونە دەگرێت و پێیوایە جوانی ژیان لە ئەنجامی هاوسەنگی نێوان بەها (رۆحی و عەقڵییەکان)ەوە دێتەدی. ئەم هاوسەنگیەش وەك دەزانین لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا زۆر بەکەمی بەرچاودەکەوێت. لای نیچە (هەست و سـۆز) بەشێکن لە سروشتی مـرۆڤ و فەرامۆشکردنیان دەبێتە هۆی تێکچوونی سایکۆلۆژیای مرۆڤ، کەواتە مرۆڤی باڵا ئەو کەسەیە هاوسەنگی لە نێوان سەرجەم هەست و سۆزو هۆزەکانیدا دروستدەکات، بەشێوەیەکی راست

ئاڕاستەیان دەکات. لەرۆژگاری ئەمڕۆدا کەعەقڵ و زانست لە ترۆپکی گەشە کردنیدایە پێموایە کارێکی سەختە بتوانین قەناعەت بەخەڵکی بکەین بەرامبەر لایەنە خراپەکانی (عەقڵ و زانست)، چونکە خەڵکی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا پێیان وایە هزر و زانست چارەسەری سەرجەم گرفتەکانی کۆمەڵگە دەکات، بەبێ زانست کۆمەڵگە دەکەوێتە ناو گێژاو و وێرانکارییەوە. من بۆخۆم لەگەڵا نیچە هاوڕام، کە پێیوایە جوانی ژیان لە وەدایە (عەقلا و سۆز) تێکەڵبکرێت، چونکە دنیایەکی بێ سۆز، جیهانێکی ناسروشتە و بێ (هزر)یش مرۆڤ رووە و وون بوون هەنگاودەنێت.

## کۆتایی

لە سۆنگەی ئـەو بۆچوونانەی سـەرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بڵێین (مرۆڤی باڵا) ئەو کەسەیە بتوانێت کاریگەری بکاتە سەر مێژوو، دەوروبەری، هەروەها بتوانێت هاوسەنگی لەنێوان (هزر و هەست) دا دروستبکات و بەشێوەیەکی راست ئاڕاستەیان بکات. مرۆڤی باڵا مرۆڤێکە سنورەکانی ژیان دەزانێت، سنورێك کەخۆی دیـاری کـردووە نەك کۆمەڵگە بەسەریدا سەپاندبێت. (مرۆڤی باڵا) ژیانی خۆشدەوێت و هەست بەبێزاری ناکات و بـەردەوام لە هەوڵی هێنانەدی بەهای جوان دایە و بەردەوام دەتوانێت کاریگەری لەسەر کەسانی تر دروستبکات و کەسێکە رووبـەرووی «ژیان» دەبێتەوە و بەرگەی سەرجەم بارودۆخە (خۆش و ناخۆش)ەکان دەگرێت و لە بەرامبەریاندا چۆك دانادات.

# دوكانبڕانی جیهان یەکگرن

نوسینی: سلاڤۆی ژیژاك

بە بۆچوونی هیگڵ دووبارەبوونەوە رۆڵێکی گرنگی هەیە لە مێژوودا، کاتێك شتێك بۆ یەکەمجار روودەدات ئەوا دەکرێت وەك رووداوێك سەیربکرێت، وەك شتێك کە دەکرا رووی نەدایە، ئەگەر بارودۆخەکە بە شێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵ بکرایە، بەڵام کاتێك شتێك خۆی دووبارە دەکاتەوە مانای وایە پرۆسەیەکی مێژوویی قوڵتر ئاشکرا دەبێت. کاتێك ناپلیۆن (لایپزینگ1) ی لەدەستدا لە ساڵی 1813دا، ئەو رووداوە وەك بەدبەختیەك سەیردەکرا، بەڵام کاتێك دووبارە لە (واتەرلۆ2)ش دۆڕا، ئیتر ئەوە ئاشکرا بوو، کە سەردەمی ئەو بەسەرچووە. هەمان شت دروستە بۆ بەردەوامی قەیرانی دارایی.

لە سێپتەمبەری 2008دا لەلایەن هەندێك کەسەوە قەیرانەکە وەك رووداوێکی تایبەت سەیردەکرا، کە دەتوانرێت راستبکرێتەوە ئەویش لە رێگای رێکخستنی باشترەوە... لە ئێستادا نیشانەکانی دووبارە دارِمانی دارایی کەڵەکەبوونەتەوە. ئەوە نیشانەیەکی ئاشکرایە، کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ گرفتێکی بوونیادیدا دەکەین.

بەردەوام ئەوەمان پێدەوترێت، کە ئێمە لە ماوەی قەیرانی قەرزداریدا ژیان دەگوزەرێنین، بۆیە پێویستە هەمووان بەشداری ئەو بارگرانییە بکەین و قایشەکانمان توندبکەینەوە. هەموومان تەنها (زۆر) دەوڵەمەندەکان نەبێت. بیرۆکەی باج زیادکردن رێگە پێدراونییە، ئەگەر ئەوەمان کرد ئەوا مشتومڕەکان بەردەوام دەبن و دەوڵەمەندەکان هیچ هاندەرێکیان نابێت وەبەرهێنان بکەن، چونکە کاری کەمتر دروستدەبن و هەمووان ئازار دەکێشن.

تەنها ڕێگاش بۆ ڕزگاربوونمان لە کاتە سەختەکاندا بریتییە لەوەی هەژارەکان هەژارتربن و دەوڵەمەندەکانیش دەوڵەمەنتربن. لە ئێستادا پێویستە هەژارەکان چی بکەن؟ ئەی ئەوان دەتوانن چی بکەن؟

لەگەڵ ئەوەی دەرئەنجامی ئاژاوەکانی بەریتانیا کوژرانی (مارك دووگـان3 )بوو، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو ئاژاوانەوە پیشاندەری نائۆقرەی قووڵترن، بەڵام چ جۆرە نائۆقرەییەك؟ هاوشێوەی ئۆتومبێل سوتاندنەکانی گەڕەکەکانی پاریس لە ساڵی 2005دا، ئاژاوەگێڕانی بەریتانیا هیچ پەیامێکیان نەبوو، کە بیگەیەنن (ئەمە پێچەوانەی خۆپیشاندەرەکانی نۆڤەمبەری 2010ی بەریتانیا بوو، کەتیایدا خوێندکاران دژی چاکسازییە پێشنیازکراوەکانن خوێندنی باڵابوون). لەبەرئەوە کارێکی زەحمەتە لە ئاژاوەکانی بەریتانیا بگەین لە گۆشە نیگای مارکسییەوە. وەك سەرهەڵدانێکی شۆڕشگێڕی، ئەو ئاژاوانە زیاتر لەگەڵ چەمکی (قەرەباڵغی) هیگڵی دەگونجێن: ئەوانەی لە دەرەوە لە فەزای کۆمەڵایەتی خۆیان ڕێکخستووە، کە دەتوانن ناڕەزایی خۆیان دەرببڕن تەنها لە ڕێگای توڕەیی (نائەقڵانی) وێرانکەری توندوتیژەوە. هیگڵ بەمە دەڵێت: نەرێنی ئەبستراکتی.

چیرۆکێکی کۆن هەیە دەربارەی کرێکارێك، کە گومانی دزی لێدەکرا، هەموو ئێوارانێك دوای ئەوەی ئیشەکەی تەواودەکرد، کارگەکەی بەجێ دەهێشت و لەلایەن پاسەوانەکانەوە زۆر بەووردییەوە دەپشکنرا، بەڵام پاسەوانەکان هیچیان نەدەدۆزییەوە.

تا لە کۆتایدا بۆیاندەرکەوت، کە کرێکارەکە عەرەبانەکان دەدزێت. پاسەوانەکان حەقیقەتێکی ئاشکرایان لێ ون بووبوو هەروەك ئەوانەی قسەیان لەسەر ئەو ئاژاوانە کردووە، کە روویانداوە.

پێمان وتـرا، کە هەرەسهێنانی رژێمە کۆمۆنستییەکان لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا هێما بوو بۆ کۆتایهاتنی ئایدۆلۆژیا: سەردەمی پڕۆژەی ئایدۆلۆژی مەزن، کە گەیشتبووە لوتکەی کارەساتی تۆتالیتاری کۆتایهات، ئێستا هەنگاومان ناوەتە ناو سەردەمی نوێی عەقڵانییەت و پراگماتێکی سیاسی. ئەگەر بواری گشتی کە لە سەردەمی پاش-ئایدۆلۆژیا، کە ئێستا تیایدادەژین بەهەر شێوەیەك راستبێت، دەتوانرێت لە گۆشە نیگای ئەو ئاژاوانەوەی ئەم دواییەوە سەیر بکرێت. ئەو تورەییانە پلەی سفری نارەزایەتی بوون، کاری توندوتیژی هیچی ناوێت. بۆ تێگەیشتن لە مانای ئاژاوەکان کۆمەڵناسان و بلاگ نوسان بوونە هۆی شێواندنی ئەو مەتەڵەی کە ئاژاوەکان پێشەکەشیانکرد.

نـارازی بـوون، لەگەڵ ئـەوەی مەحرومکراون لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە پەراوێزخراون، بەڵام لەسەر لێواری لەبرسان مردن نەبوون. خەڵکانێك لە بارودۆخی مادی خراپتر ژیاون و بەتەنهایی لە بارودۆخی فیزیکی و ئایدۆلۆژی جێهێڵراون، بەڵام لە توانایاندا بووە خۆیان لە هێزێکی سیاسیدا رێکبخەن و ببنە خاوەن ئەجێندایەکی ئاشکرا، هەربۆیە کە ئاژاوەگێڕییەکان هیچ پرۆگرامێکیان نییە دەبێت ئەمە لە خودی خۆیدا روونبکرێتەوە: ئەمە زۆر شتمان پێدەڵێت دەربـارەی ئـەوەی، کە ئێمە لە

چ کارەساتێکی ئایدۆلۆژی و سیاسیدا دەژیـن و لە چ جۆرە کۆمەڵگەیەکدا نیشتەجێین. ئەو کۆمەڵگەیەی ئاهەنگی بوونی بژاردەکان دەگێڕێت، بەڵام تەنها بژاردەی بەردەست بریتییە لە پەیڕەوکردنی کوێرانەی دیموکراسی زۆرەملێی دەستەجەمعی.

ناڕازی بوون لە سیستەمەکە چیدی ناتوانێت خۆی دەرببڕێت لە فۆڕمی ئەلتەرناتیڤە راستەقینەکاندا، تەنانەت لە رێگەی پرۆژەی (یوتۆپیا)شەوە بێت، بەڵکو تەنها دەتوانێت گوزارشت لە خۆی بکات لە رێگای توڕەیی بێ ماناوە. کەواتە بۆ دڵخۆش بین بە بوونی ئازادی بژاردەکان، کە تەنها بریتییە لە هەڵبژاردن لە نێوان پەیڕەوکردنی یاساکان و توندوتیژی خود-وێرانکەر؟

(ئالان بادیۆ4) پێی وایە کە ئێمە لە فەزایەکی کۆمەڵایەتی (ناجیهانی بوون) دا دەژین، بەو مانایەی لەو فەزایەدا تەنها فۆڕمی ناڕازی بوون بریتییە لە توندوتیژی بێ مانا. لەوانەیە ئەمە یەکێك بێت لە گەورەترین ترسناکی سەرمایەداریدا: هەرچەندە بوون بە گلۆباڵ بە مانای لە خۆگرتنی (هەموودنیا) دێت، بەڵام پشتگیری لە ئایدۆلۆژیای (ناجیهانی بوون) دەکات، بەو مانایەی خەڵکی رێگایەك نادۆزنەوە بۆ بەدەستهێنانی مانا بۆ ژیانی خۆیان. وانەی سەرەکی گلۆباڵیزەیشن بریتییە لەوەی، کە دەتوانێت هەموو شارستانییەتەکان لە خۆبگرێت: لە مەسیحیتەوە بۆ بودایزم، لە رۆژئـاواوە بۆ رۆژهـەڵات. تێگەیشتنی بە (جیهانی بوونی سەرمایەداری) بوونی نییە، هەروەها شارستانیەتی سەرمایەداری بوونی نییە. رەهەندی بەجیهانی بوونی سەرمایەداری بریتییە لە نیشاندانی راستی بەبێ بوونی مانا.

کەواتە، یەکەم دەرئەنجام، کە پێیدەگەین دەربـارەی ئەو ئاژاوانە بریتییە لەوەی، کە کاردانەوەی کۆنەپارێز و لیبراڵەکان دروستنەبوون. کاردانەوەی کۆنەپارێزەکان چاوەڕوان کراوبوون: بە بۆچوونی ئەوان هیچ بیانوویەك بۆ ئەو کارە تێکدەرانە نییە و پێویستە تەواوی رێگاکان بگرینەبەر بۆ گێڕانەوەی سیستەم، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو کارانە دووبـارە نەبنەوە پێویستمان بە لێبووردەیی و یارمەتی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو پێویستمان بە دیسپلین و کاری سەخت و هەستی بەرپرسیارێتی هەیە. هەڵەی ئەم تێگەیشتنە هەر ئەوەنییە، کە بارودۆخی بێ ئومێدی کۆمەڵایەتی لەبەرچاوناگرێت، کە دەبێتە مایەی هەڵچوونی توندی گەنجان، بەڵکو فەرامۆشکردنی ئەو راستیەشە کە ئەو توڕەییانە رەنگدانەوەی ناوەکی بنەماکانی ئایدۆلۆژیای کۆنسێرڤاتیڤن.

لە ساڵانی نەوەدەکان، ئەوکاتەی موحافیزکارەکان کەمپینی (گەڕانەوە بۆ بنەماکان)یان راگەیاند، لەلایەن (نۆرمان تیبت5) ناشرینترین تەواوکاری ئاشکرابوو بـەوەی، کە دەڵێن: مرۆڤ تەنها ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئاژەڵێکی موڵکداریشە. کەواتە پێویستە لە بەرنامەی ئێمەدا بێت، کە ئەو غەریزە خێڵەکی و موڵکدارییە بناغەییانە تێربکەین. گەڕانەوە بۆ بنەماکان بەڕاستی مانای ئەوەیە: ئازادکردنی بەربەریەتی ناو ئەم کۆمەڵگە شارستانییە بۆرژوایە، ئەویش لە رێگای تێرکردنی غەریزە بەربەرییە بناغەییەکانەوە. لە ساڵانی شەستەکاندا هێربیرت مارکۆز چەمکی (چەوسێنەری ناباڵابوون)ی داهێنا بۆ تێگەیشتن

لە (شۆڕشی سێکسی) بەو مانایەی: ئارەزووەکانی مرۆڤ دەکرێت ناباڵا بکرێن، هەروەها ئازادبکرێن، بەڵام هەر لە چوارچێوەی کۆنترۆڵی سەرمایەداریدا دەمێننەوە. بەمانایەکی تر (پیشەسازی پۆرن6). لەسەر شەقامەکانی بەریتانیا لە ماوەی نائارامیەکاندا مرۆڤمان نەبینی، کە بووبێتە (دڕندە= وەحش، بەڵکو مرۆڤمان بینی کرابوونە دڕندە، کە لەلایەن ئایدۆلۆژیای سەرمایەداریەوە بەهەمهێنرابوون).

لەلایەکی دیکەوە، کەمتر چاوەڕوانکراو نەبوو، کاردانەوەی لیبراڵەکان خۆی قەتیس کردبوو لەسەر باسکردنی بەرنامەی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی دەستپێشخەری، هەروەها باسکردنی پەراوێزبوونی نەوەی دووەم و سێیەمی پەنابەران لە ئاسۆکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی: هەربۆیە هەڵچوونی توند تەنها رێگایە بۆ گوزارشتکردن لە ناڕازی بوونیان. بۆ ئەوەی خۆمان نەخزێنینە ناو تۆڵەی خەیاڵییەوە، پێویستە هەوڵی زیاتر بدەین تا لە هۆکاری سەرەکی ئەو هەڵچوونان بگەین. دەتوانین خەیاڵی ئەوە بکەین ژیان چۆن دەبێت، کە گەنج بیت لە گەڕەکێکی هەژار، لە گەڕەکێکی فرە رەگەزی تێکەڵاو، کە پێشوەختە گومانی لەسەرە و لە لایەن پۆلیسەوە نارەحەت دەکرێت، نەوەك بێکارە بەڵکو لەکارخراوە، کە هیچ ئومێدێکی بۆ ئایندە نییە. بێگومان لەم جـۆرە بـارودۆخـەدا خەڵکی دەڕژێنە سەر شەقامەکان. هەڵەی ئەم تێگەیشتنە ئەوەیە، کە تەنها بارودۆخە بابەتییەکان لەبەرچاودەگرێت، بەڵام لە راستیدا ئاژاوەنانەوە ئامانج لێی

گەیاندنی پەیامی زاتییە. پەیامێکە، کە چۆن کەسێك گرێدراوە بە بارودۆخێکی بابەتییەوە.

لەسەردەمێکی گاڵتەجاڕدا دەژین و کارێکی ئاسانە ئەو نارازییەی ئاگر لە دوکانەکان بەردەدات، دەیان سووتێنێت و فشاری خۆی لەسەرە، کە بەهەمان زمانی کرێکارێکی کۆمەڵایەتی یاخود کۆمەڵناسێك، وەڵام بداتەوە: بە نەبوونی جوڵەی کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئارامی، لاوازی دەسەڵاتی دایك و باوك، بێ بەشبوون لە خۆشەویستی لە قۆناغی منداڵیدا، ئەو دەزانێت چی دەکات، بەڵام دەشزانێت ئەوەی دەیکات بێ مانایە.

کارێکی بێ مانایە ئەگەر هەر یەکێك لەو دوو تێگەیشتنە وەربگرین، تێگەیشتنی موحافیزکارەکان، یان لیبڕاڵەکان، هەردوو تێگەیشتنەکان خراپن، بێ گومان بەلای (ستالین)یشەوە خراپ دەبوون، چونکە ئەو ئاگادارکردنەوانەی، کە لەلایەن هەردوولاوە پێشکەشکراون بریتی بوون لە کاردانەوەی راسیستی (زۆرینەی بێ دەنگ). یەکێك لە شێوەکانی کاردانەوەکان بریتی بوو لە دروستکردنی یەکەی تایبەت لەلایەن کۆمەڵەکانی (وەك: تورك، کاریبی، سیك) بۆ پاراستنی موڵك و ماڵیان. ئایا دوکاندارەکان دژی خۆپیشاندەرێکی پاکی دژ بە سیستەمەکەن؟ یاخود نوێنەری چینی کارکەرن و دەجەنگن دژی هێزەکانی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی؟ لێرەدا، کەسێك دەبێت ئـەوە رەتبکاتەوە کە هەرلایەکیان وەربگرێت. لەراستیدا، ئەوە ململانێیە لە نێوان دوو بەرەدا. بەرەیەکیان توانیویەتی کاربکات لە ناو سیستەمەکدا،

لەگەڵ بەرەیەکیان سەرەڕای هەوڵەکان بێ هیوایە لەوەی بتوانێت زیاتر بڕوات. توندوتیژی ئاژاوەگێڕان لە راستیدا دژی خۆیان بوو. ئەو دوکانانەی سوتێنران، ئەو ئۆتۆمبیلانەی سوتێنران لەگەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکان نەبوون، بەڵکو لە کۆڵانەکانی خۆیان بوون. ململانێکە، ململانێی نێوان گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر رادیکاڵ، ململانێی کۆمەڵگە بوو لەگەڵ کۆمەڵگە، ململانێ لە نێوان ئەوانەی هەموو شتێك لەدەستدەدەن لەگەڵ ئەوانەی هیچ لەدەستنادەن. ململانێ بوو لە نێوان ئەوانەی هیچ بەرژەوەندییەکان لەناو کۆمەڵگەدا نییە، لەگەڵ ئەوانەی خاوەن بەرژەوەندی باڵان لە ناو کۆمەڵگەدا.

(زیگمەنت بومان7)، سەیری ئەو ئاژاوەگێڕییانە دەکات وەك کردەی (بەکاربەری عەیبدار و ناکارامە) زیاتر لەوەی شتی دیکەبن. ئەمەش بەو مانایەی ئەو ئاژاوانە دەربڕی حەزی بەکاربردنبوون بەشێوەیەکی توندوتیژ، ئەوکاتەی بوار نییە بەشێوەیەکی دروست گوزارشت لە خۆیانبکەن لەرێگای بازاڕکردنەوە. کەواتە لە ناو ئەو ئاژاوانەدا نارەزایی دروستبوون هەیە، کە تیایدا وەڵامی پێچەوانەن بۆ ئایدۆلۆژیای بەکاربردن. واتە: ئێوە بە ئێمە دەڵێن وەرن شت بەکاربەرن، بەڵام مەحرومومان دەکەن بەوەی بە شێوەیەکی گونجاو ئەو کارە بکەین- لەبەرئەوە ئێمەش بەو رێگایە دەیکەین، کە دەتوانین! ئەو ئاژاوانە نیشاندەری هێزی مادی ئایدۆلۆژیان. لەوەش زیاتر لەوانەیە نیشاندەری کۆمەڵگەی پاش- ئایدۆلۆژیابن. لە گۆشەنیگای شۆڕشگێڕییەوە، کێشەی ئاژاوەگێڕی بریتی نییە

لە توندوتیژی، بەڵکو ئەوەیە کە توندوتیژی بەشێوەیەکی ڕاست خود-دڵنیاکەر نییە. ئاژاوەگێڕی، توڕەیی و بێ هیوایی بێ توانایە لە شکڵی هێزدا، هەروەها حەسودیە لە شێوەی کەرنەڤاڵی سەرکەوتندا.

وا باشترە کـردەی ئاژاوەگێڕی لەگەڵ جۆرێکی دیکەی توندوتیژی گرێبدەین، کە بە بۆچوونی زۆربـەی لیبڕاڵەکان هەڕەشەیە بۆسەر شێوازی ژیانی ئێستامان، ئەویش بریتییە لە هێرشی تیرۆرستی بۆمبی خۆکوژ. لەهەردوو حاڵەتەکەدا: توندوتیژی و توندوتیژی بەرامبەر لەناو بازنەیەکی شەڕانگێزدا قەتیس بـوون، هەریەکێکیان ئەو هێزە دروستدەکات، کە شەڕی پێدەکات. لەهەردوو حاڵەتەکەدا کوێری هەڵسوکەوتیان پێدەکات، کە تیایدا توندوتیژی دانپێدانانی ناوەکییە بە بێ توانایی. تەنها جیاوازی کردە تیرۆرستەکان لەگەڵ ئاژاوەکانی پاریس و بەریتانیا ئەوەیە، کە ئەو کـردەوە تیرۆرستیانە ئەنجامدەدرێن لە پێناو خزمەتکردنی (مانایەکی موتڵەق)ە، کە لەلایەن ئایینەوە دابینکراوە.

بەڵام ئایا ڕاپەڕینەکانی جیهانی عەرەبی، بەرەنگاربوونەوەی دەستەجەمعی نەبوون بۆ ڕێگرتن لە ئەڵتەرناتیڤی خود-وێرانکەر و توندوتیژی فەندەمێنتالیزمی ئاینی؟ بەداخەوە هاوینی 2011ی میسر خاڵی کۆتایهاتنی شۆڕشە، ئەو کاتەی ئـازادبـوون (کە دەشێت ببێت) خنکێنرا. گۆڕهەڵکەنەکان

بریتی بوون لە سوپا و ئیسلامییەکان. ئاماژەکانی ڕێکەوتنی سوپا (کە سوپای موبارەکە) و ئیسلامیەکان (کە لەسەرەتای شۆڕشدا لە پەراوێزدا بـوون، بەڵام ئێستا دەسەڵاتی زیاتر بەدەستدەهێنن) ئاشکرایە. ئیسلامییەکان نەرمی دەنوێنن بەرامبەر سوپا بۆئەوەی سوپا قازانجی ماددی بەدەستبهێنێت، لە بەرامبەریشدا سوپا نەرمی بەرامبەر ئیسلامیەکان دەنوێنێت بۆ بەرقەراربوونی هەژموونی ئەوان. دۆڕاوەکان بریتی دەبن لە لیبراڵەکان- کە زۆر لاوازن سەرەڕای هاوکاری ماددی CIA بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی- هەروەها دۆڕاوێکی تر بریتییە لە نوێنەرانی راستەقینەی شۆڕش، ئەوانیش عەلمانییە چەپەکانن. ئەوانەی دەیانویست تۆڕێك لە ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دروستبکەن لە سەندیکاکانی بازرگانییەوە بۆ فێمێنیستەکان. بارودۆخی ئابووری زوو بێ یان درەنگ، هەژارەکان، ئەوانەی لە نارەزایەتییەکانی شۆڕشدا نا ئامادەبوون، دەڕژێنێتەوە سەر شەقامەکان. هەروەك دیارە تەقینەوەیەکی نوێ رووددەدات. پرسیاری قورس بۆ کایەی سیاسی میسر بریتییە لـەوەی چ لایەنێك رابەرایەتی تورەیی هـەژاران دەکـات؟ چ لایەنێك دەیکاتە پرۆگرامێکی سیاسی: عەلمانییە چەپەکان یاخود ئیسلامیەکان؟

کاردانەوەی زاڵی رای گشتی رۆژئـاوا بەبێ گومان بریتی دەبێت لە نیشاندانی سەرکەوتن بۆ حیکمەتێکی گاڵتەجاڕ، کە ئەم

شتەمان پێدەڵێت: هەروەك شۆڕشی وڵاتێكی (ناعەرەبی) ئێران ئاشكرای كردووە، كە شۆڕشی خەڵكی لە وڵاتانی عەرەبی هەمیشە كۆتاییەكەی بریتی دەبێت لە ئیسلامیزمی میلیشیایی. لەم دۆخەدا موبارەك باشتر دەردەكەوێت، چونكە پاراستنی ئەو شەیتانەی دەیناسیت باشترە لەوەی یاری لەگەڵ ئازادبووندا بكەیت. لە دژی گاڵتەجاڕییەكی لەو شێوەیەدا، باشترە بۆ هەركەسێك كە بێ مەرج پشتیوانی لە كرۆكی ئازادبوونی رادیكاڵی شۆڕشی میسر بكات، بەڵام پێویستە خۆمان لەسحری كەیسێكی دۆڕاو بپارێزین و كارێكی ئاسانە ئیعجابی خۆمان بۆ جوانی سەرنجڕاكێشی راپەڕینەكان، كە مەحكومن بە شكست نیشانبدەین. چەپی ئەمڕۆ رووبەرووی گرفتی (نەرێی یەكلاكەرەوە دەبێتەوە): بەوەی چ جۆرە سیستەمێك لە جێگای سیستەمە كۆنەكە دابنێین دوای بەرپابوونی ئەو شۆڕشانە، لە كاتێكدا حەماسەتی گەورە بۆ چركە ساتی یەكەم كۆتایهاتووە؟ لەو چوارچێوەیەدا، لە (خۆپیشاندانەكانی مایسی ئیسپانیا8- INDIGNADOS )، مانیفێستی ئەوە راگەیەندرا یەكەمشت، كە پێویستمان پێی دەبێت بریتییە لە زمانێكی سیاسی نوێ: هەندێك لە ئێمە خۆیان بە پێشكەوتوخواز دەزانن، هەندێكی دیكەمان خۆیان بە بڕوادار و هەندێكمان بێ بڕوا، هەروەها هەندێكی دیكەمان خاوەن ئایدۆلۆژیایەكی دیاریكراون، هەندێكیشمان كەسانی سیاسین...هتد، بەڵام هەمووومان دوودڵین و توڕەین لە داهاتووی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەی دەوری

ئێمەی داوە ئەویش لەبەرئەوەی: گەندەڵییەکی زۆر هەیە لە ناو سیاسیەکاندا، لە ناو بازرگاناندا، لەناو خاوەن بانکەکاندا... ئەمانە ئێمەیان لە پەلوپۆخستوە بەبێ بوونی هیچ دەنگێك. ناڕازی بووان خۆپیشاندان دەکەن لە پێناو راستییەکی نەگۆڕدا، کە دەبێت لە کۆمەڵگەدا هەبێت ئەویش بریتییە لە: مافی شوێنی نیشتەجێ بوون، بوونی ئیش، مافی کلتوری، تەندروستی، خوێندن، بەشداری سیاسی، مافی ئازادی پەرەپێدانی شەخسی، مافەکانی بەکاربردن بۆ ژیانێکی خۆش بەخت و تەندروست. ئەوانە دژی توندوتیژین و داوای (شۆڕشێکی ئەخلاقی) دەکەن. لەبری ئـەوەی پارە بخرێتە سـەروو مرۆڤەوە، پێویستە پارە لەپشت خۆمان دابنێین بۆ خزمەتکردن. ئێمە مرۆڤین نەوەك شت. من بەرهەمی ئەو شتەنیم کە دەیکڕم، یان چۆن دەیکڕم و لە کێی دەکڕم. کێ دەبێتە نوێنەری ئەو شۆڕشە. بزوتنەوەکەی ئیسپانیا، بەتەواوی چینی سیاسی، بەهەردوولای راست و چەپ، دوورخستۆتەوە چونکە ئەوانە گەندەڵن و تامەزرۆی دەسەڵاتن. لەگەڵ ئەوەشدا زنجیرەیەك داوای ئاڕاستە کردووە- بۆ کێ؟ بۆ خودی خەڵکیش نا. بزووتنەوەی INDIGNADOS داوا دەکات، خەڵکی خۆیان ببنە ئەو گۆڕانەی کە دەیانەوێت ببێت، چونکە کەسی دیکە نییە ئەو کارەیان بۆ بکات. ئەمە خاڵی لاوازی سەرەکی نارەزایەتییەکانی ئێستایە: ئەو نارەزایەتیانەی گوزارشت لە تورەیی راستەقینەدەکەن، بەڵام لە توانایاندا نییە خۆیان وەربگێڕنە سەر بەرنامەیەکی پۆزەتیڤ بۆ گۆڕانی سیاسی و

کۆمەڵایەتی. ئەو نارەزایەتیانە گوزارشتن لە روحی شۆڕش، بەڵام بەبێ بوونی شۆڕش.

بـارودۆخـی یۆنان مایەی دڵخۆشییە، ئەویش بەهۆی پابەندبوون بە نەریتی خۆڕێکخستنی هەنگاو بەهەنگاو (ئەو نەریتە لە ئیسپانیا لە دوای روخانی رژێمی فرانکۆوە نەماوە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە یۆنان ئاستی خۆرێکخستنی خۆپێشاندەران سنووردارە ئەویش بەهۆی بوونی ماوەیەکی یەکسانی ئازاد بۆ هەمووان بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆ بەڕێوەبردنی ئەو دۆخە. لە بواری گشتیدا هەمووان وەك یەك کاتیان هەیە بۆ قسەکردن و هەموو ئەو شتانەی دیکەش، کە دەیانەوێت بیکەن. کاتێك خۆپیشاندەران رایانگەیاند، کە دەیانەوێت چی بکەن، چۆن زیاتر تەنها لە خۆپیشاندان ئەنجامبدەن؟ بۆچوونی دەستەجەمعی بریتی بوو لەوەی کە ئەوان خوازیاری دروستکردنی پارتێکی نوێ نین، هەروەها نایانەوێت دەستبەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتدا بگرن، بەڵکو ئامانجی بزوتنەوەکەیان بریتی دەبێت لە فشارخستنە سەر پارتە سیاسییەکان، بەڵام وەك ئاشکرایە ئەمە بەس نییە بۆ سەپاندنی دووبارە رێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی. پێکهاتەیەکی بەهێز پێویستە بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ دەرکردنی بڕیاری خێرا و جێبەجێکردنیان لەگەڵ بەکارهێنانی هەر توندییەکی پێویستدا.

## پەراوێزەکان:

2. لێپزینگ:شارێکی ئەڵمانییە لە نـاوجـەرگـەی هەرێمی میترۆپۆلیتان.

3. جەنگی بەناوبانگی واتەرلۆ کە تیایدا سوپای ناپلیۆن لەلایەن هێزی هاوپەیمانانی 7 وڵاتەوە تێکشکێنرا، لە 18ی حوزەیرانی ساڵی 1815. واتەرلۆ شوێنێکە لەو کاتەدا سەر بە هۆڵەندا بووە، بەڵام ئێستا سەر بە وڵاتی بەلجیکایە.

4. مارك دوگان: گەنجێکی29 ساڵەی دانیشتووی شاری تۆتنهامی بەریتانیا بوو، لە خۆپیشاندانەکانی ئابی 2011 ئەو وڵاتەدا لە لایەن پۆلیسەوە کوژرا.

5. ئالان بادیۆ( -1937 نەمردووە): فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە، سەر بە باڵی چەپ و ترادیسۆنی کۆمۆنیزمە.

6. نۆرمان تیبت (-1931نەمردوە): سیاسیەکی بەریتانییە، سەر بەپارتی پارێزگارانە. لەماوەی کاری سیاسی خوێدا چەندین پۆستی جیاجیای وەرگرتووە.

7. پیشەسازی پۆرن: پیشەسازی سێکس فرۆشی، کە لە رێگای جۆراوجۆرەوە ئەنجامدەدرێت بۆ نمونە: فیلم، گۆڤار، کتێب... هتد.

8. زیگمەنت بومان ( -1925 نەمردووە): کۆمەڵناسێکی پۆڵەندییە، دەربارەی مۆدێرنیتە، پۆست مۆدێرنە، هۆلۆکۆست، بەرخۆری،

مۆدێرنیتەی شل دەنوسێت.

9. INDIGNADOS: بزووتنەوەی ناڕازی ئیسپانیا، کە لە ساڵی 2011 دا سەری هەڵدا، بزووتنەوەیەکە بە مانای تووڕەیی دێت، کە تیایدا خۆپیشاندەران داوای چاکسازی سیاسی و ئابوریان دەکرد.

**سەرچاوەکان:**


1. HTTP://WWW.LRB.CO.UK/2011/08/19/SLAVOJ-ZIZEK/SHOPLIFTERS-OF-THE-WORLD-UNITE

2. زانیاریەکان دەربارەی پەراوێزەکان لە سایتی ویکیپیدیا وەرگیراون لەلایەن وەرگێڕەوە

# كلتور و میدیا

نوسینی: عەبدولرەحمان مونیف

لەدوای هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت، جیهان بەسەر چەند دیاردەیەکدا کرایەوە: رووکردنە سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهان و دابەشبوونی وڵاتان لەسەر ئاستی وڵاتان و هەرێمەکان، هەروەها پەنابردن بۆ هێزی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی کێشەکان. لەبەرامبەر ئەم هێزە سەربازیەشدا، هێزە سیاسی و ئابووری و فکرییەکان توشی پاشەکشە و داڕمان بوون. هاوکات بەرژەوەندییەکان تێکەڵاوبوون و بەریەککدەکەون لە رێگای چەمکی بە جیهانیبوونەوە و گەشەکردنی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندن، بە رادەیەکە مەحاڵە بەر بە شەپۆلەکانی گۆڕانکاری بگیرێت، کە روویان لە جیهان کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، کە جیهان لەلایەن یەك جەمسەرەوە بەڕێوەدەبرێت، دیـاردەی دابەشبوونی هەرکۆمەڵگەیەك لە هەموو کات زیاترە: دابەشبوونی نەتەوەیی، ئیتنی، دینی، مەزهەبی، هەروەها دابەشبوونی چینەکانی کۆمەڵگە بەڕادەیەك هەندێك چینی ناو کۆمەڵگە بوونیان نەماوە.

لەگەڵ هەیمەنی سیستمی تاکجەمسەری و بۆ بەردەوام بوونی ئەو هەیمەنەیە زمانی سەربازی بۆتە تاکەچارەسەری زۆربـەی کێشەکانی جیهان، هاوکات وڵاتانیش لەناوخۆیاندا هەمان زمان بەکاردەهێنن بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی و مەزهەبیەکانیان. لەبەرامبەر ئـەم هێزە سەربازیەشدا پەرچەکردارەکان توندوتیژدەبن، ئەویش بەبێ رەچاوکردنی دەرئەنجامەکانی ئەم رووبەرووبوونەوەیە، کە لە زۆربـەی

حاڵەتەکاندا وێرانکەر دەبێت.

بوونی ئەم هێزە سەربازییە، بەتایبەتی لای ئەمەریکا، بۆتە هۆی دروستبوونی ململانێی ئابووری و تەکنەلۆژی لە نێوان هێزە سەرمایەدارەکاندا. پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی لەکاتی ئێستادا لەخزمەتی کێبڕکێی ئابووریدایە، ئێستا ئەم کێبڕکێیە بوونی هەیە لە نێوان ئەمەریکا و ئەوروپا و ژاپۆن، ئەویش بە سوودوەرگرتن لە پێگەی جوگرافی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان.

بۆئەوەی سیستمی تاکجەمسەری درێژە بەمانەوەی خۆی بدات، بەسوود وەرگرتن لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بەتایبەتی لەبورای گەیاندن و پەیوەندیکردندا، پێویستە لەسەری مامەڵە لەگەڵ کلتور و میدیادا بکات بەو شێوەیەی دەبێتە هۆی زیاتری خۆسەپاندن و بەهێزبوونی ئەو سیستەمە، هەروەها دەبێت هەوڵبدات نمونەیەکی تایبەت زاڵبکات بەسەر نمونەکانی دیکەدا.

ئەو جیهانەی ئەمڕۆ تیایدا دەژیـن جیاوازە لە جیهانی رابردوو، ئەمە راستییەکە دەبێت دانیپێدابنێین. جیهانەکەمان جیهانێکی بچوکە، بەو مانایەی زۆر تێکەڵ و بەیەکەوە گرێدراوە، بەشێوەیەك دوورە پەرێزی مەحاڵە و هەرشتێك لەهەر بەشێکی جیهاندا رووبدات کاردەکاتە سەر بەشەکانی تر بە شێوەیەکی کاریگەر.

بەهۆی ناهاوسەنگی لە نێوان لایەنی پێشکەوتوو لەگەڵ لایەنی دواکەوتوو لە زۆربەی لایەنەکاندا، ئەوا لایەنی پێشکەوتوو،

که لایەنی سیاسی و ئابووری زاڵە، فەرزی هەیمەنەی خۆی دەکات لەلایەنی میدیاییەوە و بەڕادەیەکی بەهێزیش لەلایەنی کلتورییەوە. بەشێوەیەك زۆربەی هەواڵ و فکرە و نمونەکان لەلای ئەوەوە سەرچاوەدەگرن و لایەنی دواکەوتوو تەنها رۆڵی بەکاربەر دەبینێت، دەبێتە ئەو شێوەیەی لایەنی پێشکەوتوو دەیەوێت ببێت.

ئەگەر بەوردی لە کاریگەرییەکانی میدیای رۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمەریکا، بکۆڵینەوە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان و جلوبەرگ و گۆرانی و هونەر، بۆمان دەردەکەوێت کە ئاڕاستەی زاڵ لەم میدیایە بەرەو لەناوبردنی (فرەیی و رەنگاو رەنگی)یە لە پێناو زاڵکردنی یەك جۆر لەژیان ئەویش شێوە ژیانی ئەمەریکی.

## لە بارودۆخێکی لەو شێوەیەدا کلتور چی پێدەکرێت؟

سەرەتا دەبێت جیاوازی لە نێوان چەمکی کلتور و میدیادا بکەین، دواتریش دیاریکردنی رۆڵی هەریەکێکیان لە ئێستا و داهاتوودا. کلتور: بریتییە لە رەسیدی روحی هەر شارستانیەتێك، کەلەپوور و وزەی نوێبوونەوەیەتی بۆ بەردەوامی و داهێنان. هێزی بەرەنگاربوونەوە و مانەوەیە، واتە کلتور عەقڵ و ویژدانی نەتەوە دروستدەکات. لەبەرامبەردا میدیا: بریتییە لە چۆنیەتی گەیاندنی  زانیاری و راستییەکان بۆ خەڵکی، گۆڕینەوەی بیروڕا و بەرگریکردن لەبیروبۆچوون.

ئەگەر کلتور دراوە قورسەکە بێت، ئەوا میدیا نانی رۆژانەیە

بۆ خەڵکی. لەبەرئەوە دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر ببینێت لە دروستکردنی قەناعەت و فکر و هەڵوێستی خەڵکی، ئەویش لە رێگەی راستگۆیی و پشت بەستن بە عەقڵ و کرانەوە.

بەشی زۆری میدیای سەرچاوە، بەشێوەیەك ئاڕاستەدەکرێت، کە لە بەرژەوەندی سیاسەتی ئابووری وڵاتانی سەردەست بێت، ئەمەش هەڕەشەیە بۆ وڵاتانی بەکاربەر کە لایەنی لاوازن لەم پەیوەندیەدا، هەروەها ئەم میدیایە دەشێت دوای ببێتە هەڕەشە بۆسەر شارستانیەتی مرۆڤایەتی، چونکە هەوڵی لەناوبردنی (فرەیی و رەنگاو رەنگی) دەدات کە پێویستە بمێنێت، هەروەها کەسایەتی نیشتمانی لاوازدەکات، کە سەرچاوەی کلتور و بەهای ناوخۆیین.

کلتوری نیشتمانی ئەو ناسنامەیەیە، کە گەلان لەیەکدی جیادەکاتەوە، هاوکات دژی کارلێکردنی نێوان کلتورەکان نییە، بەڵام لە ئەنجامی نەبوونی کلتوری نیشتمانی و زاڵ بوونی کلتوری هاوردە شارستانییەتی مرۆڤایەتی وندەبێت و هەژاردەبێت.

بەداخەوە ئێستا ئەمە روودەدات لە زاڵبوونی نمونەی ئەمەریکی لـەخـواردن و پۆشاك و بینادروستکردن، بەبێ رەچاوکردنی لایەنی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی، هەروەها زاڵبوونی بەهای ئەمەریکی تایبەت بە پێوەرەکانی سەرکەوتن و پێشکەوتن و دوورخستنەوەی ئەوەی لەگەڵ ئەودا ناکۆکە. لە ئێستادا نمونەی ئەمەریکی بەمان سلبییەکەی گەورەترین رێگرە لەبەردەم گەلاندا، لەم پێناوەشدا هەندێك لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، وەك

فەڕەنسا و ئەڵمانیا، ڕێوشوێنی تایبەتیان گرتۆتە بەر بۆ پاراستنی کلتور و زمانی تایبەتی خۆیان. بۆیە پێویستە هەڵوێستەیەکی عەقڵانی بکرێت بەرامبەر غەزوی میدیایی ئەمەریکی، ئەویش بە پتەوکردنی کلتوری نیشتمانی و بەهێزکردنی ناسنامە، بەڵام بەبێ دەمارگیری و داخران. هەروەك پێشتر باسمان لە جیاوازی نێوان کلتور و میدیا کرد، ئەوە بەومانایە نییە، کە ئەو دوو بوارە پێچەوانەی یەکترن، بەڵکو تەواوکەری یەکترن، ئەگەر لەلایەن عەقڵێکی کراوە و لێبووردەوە ئاڕاستەبکرێن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، میدیا تەنها بۆ شۆردنی بیری تاکەکانی کۆمەڵگە بەکارناهێنرێت، بەڵکو بۆ لەناوبردنی هەر ئاسۆیەکی ڕوو لە ئاییندە بەکاردێت. چیتر میدیا بەمانای گەیشتن بە حەقیقەت نییە، بەڵکو بریتییە لە بەرگریکردن لەهەر هەڵوێستێکی ئێستایی و شەخسی، کە ئەو هەڵوێستەش پاش ماوەیەکی کەم گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی بۆشایی لە نێوان هاوڵاتی و ئەو شتەی لە میدیاوە وەریدەگرێت، لەئەنجامیشدا ڕۆڵی میدیای ناوخۆیی لاواز و سنووردار دەبێت.

کلتور ئەرکێکی دیکەشی هەیە ئەویش: ئەوەندەی دەبێت لە واقع تێبگات بەوئەندازەیەش دەبێت دووربێت لە ساتەوەختی و کاتی بوون، هەروەها دەبێت کلتور زاڵبێت بەسەر ڕێگرە شەخسیەکاندا و ڕوو لە ڕابردوو و داهاتووبێت بە شێوەیەکی پاك و بوێرانە. کلتور دەبێت هۆکارە ڕاستەقینەکانی گرفتەکان بدۆزێتەوە و ئازایانە چارەسەریان بۆ بکات.

پێویستە بوارێکی فـراوان  لەئازادی و جووڵە بۆ کلتور دابینبکرێت. نابێت بەهیچ شێوەیەك ترس لە کلتور هەبێت، هەرچەندە رەخنەگریش بێت. کلتور وەك دەرمان وایە، سەرەڕای تاڵییەکەی، بـەڵام پێویستە، چونکە کەسی نەخۆش تووشی نارەحەتی گەورەتر دەبێت.

ملکەچکردنی کلتور بۆ میدیا دەبێتە هۆی کوشتنی کلتور و ماهیەتی خۆی لەدەستدەدات، سەرئەنجام دەبێتە دژ، لەم حاڵەتەشدا کلتور پەنا بۆ فێڵکردن دەبـات، لەبەرئەوەش کە خەڵکی متمانەی تەواویان بە میدیا نییە، ئەوا پەنا بۆ هۆکاری تر دەبەن بۆ دەربڕینی پێداویستیەکانیان، لەم کاتەدا کلتور دەبێتە شتێکی ترسناك  و وەك ئەو ئاوەی لێدێت کەپەنگی خواردوەتەوە و لە ناکاودا دەتەقێتەوە.

رۆڵی روناکبیر لە رۆژگـاری ئەمڕۆماندا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. روناکبیر ئەو کەسەنییە کە گرێیەکانی کۆمەڵگەیەکی نەخویندەوار بکاتەوە، یان لە بۆنەکاندا هۆنراوە بخوێنێتەوە، یاخود ئەو سۆفییە نییە دوورەپەرێزبێت و بەدوای راستیەکاندا وێڵبێت، پاشان بۆ خەڵکیان ئاشکرا بکات. لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا روناکبیر روحی سەردەمەکەیەتی، لە رێگەی وشە و فکرەوە کارلێك لەگەڵ رەوتەکان دەکات. روناکبیر هەوڵی زیادکردنی زانیاری هاوڵاتیان دەدات لەپێناو زیاتربوون بە مرۆڤ. ئەمە مانای ئەوە نییە، کە روناکبیر هەرقلی سەدەی بیستویەك بێت و بتوانێت هەموو شتێك بکات، بەڵکو  بەشێکە لە هەموو، بەشێکە لە جووڵەی کۆمەڵگە. نابێت زیـادەڕۆی لە رۆڵی روناکبیردا

بكرێت، چونكە ئەمە روناكبیر تووشی وەهم دەكات و هاوكات ئەوانی دیكەش خۆیان لەبەر پرسیارێتی دەدزنەوە.

روناكبیر بەدیلی موئەسەسەی سیاسی نییە، هاوكات پێویست ناكات خۆی لەناو ئەو دەزگایەدا ونبكات بەشێوەیەك هیچ كاریگەری نەبێت و تەنها ئەوەبكات كەپێی دەوترێت، بەبێ ئەوەی رۆڵێكی هەبێت لەراستكردنەوەی ئاڕاستە هەڵەكاندا.

جیاوازی نێوان كلتور و میدیا لەبەر گرنگی هەریەكێكیان نییە، بەڵكو لە رۆڵی هەریەكێكیانە كە پێویستە تێكەڵاوی یەكتری نەكرێن، چونكە هەر یەكێكیان بـواری تایبەتی خۆی هەیە. میدیا رەنگدانەوەی واقعی بەردەستە، لە كاتێكدا كاری كلتور دروستكردنی واقعێكی باشترە. ئەم واقعەش زۆر زوو دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت هەر لەخوێندنی سەرەتاییەوە تادەگاتە زانكۆ، هەروەها لە رێگەی دروستكردنی ناوەندەكانی توێژینەوە و كادر و دانانی سیاسەتێكی ئاشكرا بۆ ئایندە.

لە كۆتایدا دەبێت ئاماژە بەوەبكرێت، كە گۆڕینی واقعی خراپ شەڕێكی كلتوری شارستانییە بە پلەی یەكەم و كۆتاییەكەی بەهۆی كاریگەری ئەو هێزانەوە دەبێت، كە بەشداری تێدا دەكەن.

**سەرچاوە:**

بین الپقافه والسیاسه.عبدالرحمن مـنـیـف.2007. المؤسسه العربیه للدراسات والنشر، المركز الپقافی العربی للنشر والتوزیع. ص-65 75.

# ماوتسی تۆنگ

«دەسەلاتی سیاسی لە لولەی تفەنگەوە
سەرچاوەی گرتووە»

ژمارەیەکی کەم خەڵك هەن لە مێژوودا شانازی ئەوەیان بەربکەوێت، کە بەتەنیا چارەنوسی نەتەوەیەکیان گۆڕی بێت، یەکێك لەوکەسانە ماوتسی تۆنگە. ئەو کەسەی لە جوتیارییەوە پێگەیشت و بووە تیۆریستێکی شۆڕشگێڕ، سەرکردەیەکی سیاسی، پیاوی دەوڵەتی چینی کۆمۆنیستی.

کاریگەریەکانی ماو بۆ زیاتر لە 10 ساڵ درێژەی کێشا، لە رۆیشتنی مەزنەوە لە ساڵانی سییەکاندا، تا سەرکەوتنی سوپای سور لە ساڵی 1949. ماوتسی تۆنگ تامردنی لە ساڵی 1976 لە تەمەنی 83 ساڵیدا وەك رابەری حزب ماوەتەوە.

دوای مەرگی ماوتسی تۆنگ، مێژوو بەرەحم نەبووە بەرامبەر یادکردنەوەی، بەوەی دەسەڵاتی ماویزم لەسەر بڕیاردان و مۆدیلی کراوە دوای ساڵی 1976 کەمیکردووە، بەڵام بەپێی بڵاوکراوەیەکی رەسمی، کە ساڵی 1981 بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە کراوە، کە ژیانی سیاسی ماو تاساڵی 1957 بەشێوەیەکی راستبووە و دوای ئەو ماوەیە خەباتەکەی نایەکسان بووە و جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە.

## سەرەتاکانی ژیانی ماوتسی تۆنگ

ماو لە گوندی SHAOSHAN لە خێزانێکی جوتیار لەدایکبووە. باوکی بە جوتیاری پێگەیشتووە تا دەوڵەمەند بووە و بۆتە بەڵێندەری دەغڵودان. ماو هەرزەکارێکی یاخی بووە، باوکی ویستویەتی ببێت بە جوتیار، بەڵام ماو دەیوست خوێندنی زیاتر لەوەی لە خوێندنگاکەیان هەبوو بەدەستبهێنێت. لە تەمەنی

13 ساڵیدا ماو ماڵەوە بەجێدەهێڵێت و لەناوچەیەکی نزیك گوندەکەیان داخڵی خوێندنگایەکی پێشکەوتووتردەبێت. لەساڵی 1911 دەگاتە CHANGSHA کە پایتەختێکی ناوچەیی بووە و داخڵی خوێندنگای ئامادەیی دەبێت.

لە کۆتاییەکانی تەمەنی هەرزەکاریدا بوو ئەو کاتەی نائارامی گەورە لە چین سەریهەڵدا، بنەماڵەی چینگ بەتەواوی هەرەسی هێنابوو و شۆڕشی یات سێن دەستیپێکردبوو. ماو پەیوەندی دەکات بە یەکەی شۆڕشەوە لە ناوچەکە. لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەی تەنها 6 مانگ لە خزمەتدا بوو، ئەو ئەزموونە بوو بووە رازیکەری حەزە گەنجانییەکانی و ئیلهامی پاڵەوانی سەربازی لە جۆرج واشنتۆن و ناپلیۆن و جەنگاوەر چینیەکانەوە وەردەگرت.

دوای گەڕانەوەی بۆ CHANGSHA، ماو بڕیاری نەدابوو کە چی بخوێنێت، زۆربەی هاوتەمەنەکانیشی بەوشێوەیە بوون لەوکاتە ئاڵۆزەدا. بۆیە بوارەکانی یاسا و بازرگانی و مێژووی تاقیکردەوە پێش ئەوەی لە بواری پــەروەردە جێگیربێت و لە ساڵی 1918دا خوێندنگای راهێنانی مامۆستایان تەواودەکات. دواتر دەچێتە پەکین بۆ پەیوەندیکردن بە زانکۆوە. لەبەر نەبوونی پارەی پێویست بۆ خوێندنەکەی، ناچاردەبێت وەك یاریدەدەری کتێبخانە کاربکات، دوای 6 مانگ دەگەڕێتەوە بۆ CHANGSHA بۆ سەرلەنوێ وانەوتنەوە. ساڵی 1920 ژیان خێزانی لەگەڵ YANG KAIHUI پێکدەهێنێت.

## لەدایکبوونی کۆمۆنیستێك

لە ساڵانی بیستی سەدەی رابردوودا، وڵاتی چین بەدەست

هەمان ئەوگرفتانەوە دەینالاند، کە ماوەی چەند دەیەیەك بوو ئالودەی بوو بوو: هەژارییەکی تاقەت پڕوکێن، گەندەڵی حکومی فراوان، دەستوەردانی گەورەی بیانی لە وڵات. هەر لەوکاتەوە خوێندکار بوو لە شانگشا و پەکین کاریگەر بوو بە فەلسەفەی مارکسی- لینینی، هەروەها پەیوەندیکرد بەو کەسە شۆڕشگێڕانەی وەك خۆی بوون، کە پێیان وابوو سۆسیالیزم چارەسەری گرفتەکانی چین دەکات.

لە ساڵی 1920 دا بووە بەڕێوبەری خوێندنگا لە شانگشا. لەدەرەوەی کاتی دەوامی رەسمی، خوێندکاران و کرێکاران و بازرگانانی کۆدەکردەوە، هانیدەدان دژی دەستبەسەرداگرتنی ژاپۆن بۆ ناوچەی شاندۆنگ بوەستنەوە، کە بەپێی رێکەوتنامەی ڤێرسای دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئیمتیازی چین بوو. ئەم دەستوەردانەی ژاپـۆن وەك ئیهانەیەك وابـوو بۆ سـەروەری دەسەڵاتی چین، هاوکات هاندەرێکیش بوو بۆ کۆمۆنیست و کۆمارییەکان تا گیانی دژە ئیمپریالیزم لە چیندا گەشەپێبدەن. ساڵی 1921 ماوتسی تۆنگ نوێنەری هونان بوو بۆ کۆبوونەوەی دامەزراندنی پارتی کۆمۆنیستی چینی لە شانگەهای.

لە ساڵی 1923 دا کۆمۆنیستی جیهانی (کومنترن) کۆمۆنیستەکانی چینی ئاڕاستەکرد، کە کار لەگەڵ پارتی نەتەوەیی سەن یات-سێن (کۆمێنتانگ) بکەن. کومنترن بەڵێنی بە سەن یات دابوو ئەگەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی چیندا بکات، ئـەوا یەکێتی سۆڤیەت یارمەتی دەدات لە

دابینکردنی چەك و راوێژكاری سەربازی بۆ دروستکردنی سوپایەکی بەهێز، کە بتوانێت دووبارە وڵات یەکبخاتەوە و میرەکانی جەنگ لەناوبەرێت، کە دەستیان بەسەر ناوچەیەکی زۆری چیندا گرت بـوو، هەروەها نائاراميشان لە وڵاتدا دروستکردبوو.

ساڵی 1924 ماو لەگەڵ خێزانەکەی دەڕوات بۆ شانگەهای وەك بەڕێوبەری یەکێك لە کۆمێنتانگەکان. لەماوەی ساڵێکدا گەڕایەوە و دەستیکرد بە رێکخستنی نارەزایی جوتیاران ئەمەش دەبێتە هۆی تورەبوونی دەسەڵاتدارانی سەربازی و ناچاردەبێت هەڵبێت بۆ کانتۆن – شوێنی سەرکردایەتی سەن یات-سێن.

لە مارسی 1925 سەن یات-سێن بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەمرێت و سەرکردایەتی پارتی کۆمینتانگ دەگوازرێتەوە بۆ چینك کای-شێك، کە هاوسەری خوشکی سەرۆکی کۆچکردوو بـوو، ئەمەش پێگەی لەناو حزبدا بەهێزکردبوو. یەکێك لەکارەکانی چینك بریتی بوو لە دوورخستنەوەی کۆمۆنیستەکان لە پۆستەکانی سەرکردایەتیدا، ئەمە بـووە هـۆی ئـەوەی هاوپەیمانی نێوان نەتەوەییەکان و کۆمۆنیستەکان لەساڵی 1927دا هەرەسبهێنێت. دوای ئەوە کۆمۆنیستەکان گەڕانەوە بۆ گوندەکان ئەو شوێنانەی نارەزایی جوتیاران لەگەشەکردندا بوو، هەروەها شوێنێکی گونجاویش بوو بۆ پەیداکردنی پشتیوانی بۆ خۆیان.

## سالانێك لە دەرەوە

لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1927دا، ماو سەرکردایەتی گرووپێکی بچوك لە جوتیارانی هونان دەکات بەرەو چیاکانی ناوچەی (جیانگشی). لـەوێ لەگەڵ ئەندامانی دیکەی پارتەکەیدا حکومەتێك لە شێوەی یەکێتی سۆڤیەت دروستدەکەن و دەستدەکەن بەدروستکردنی سوپا بەشێوەی گەریلا. بەهۆی دابەشکردنی زەوییەوە پشتیوانی جوتیارانیان بەدەستهێنا. سوپای تازە دروستبوو بەهۆی تاکتیکەکانییەوە بووە مەترسی بۆ سەر نەتەوەپەرستەکانی 22ساڵ دواتر. فراوان بوونی پشتیوای جوتیارانی گوندەکان لە کۆمۆنیستەکان بووە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی نەتەوەپەرستەکان لەشارەکاندا سنووردارب‌کرێت. لەماوەی سێ ساڵدا حکومەتی شێوە سۆڤیەتی (جیانگشی)، بووە هۆی ئەوەی کۆنترۆڵی ملیۆنان خەڵك بکات لە گوندەکاندا، هەروەها سوپای سوور بووە خاوەنی 200,000 پیاو.

ماوەی سێ ساڵ بەس بوو بۆ ئەوەی نەتەوەپەرستەکان شکست بە میرەکانی جەنگ بهێننن و سەرلەنوێ وڵات یەکبخەنەوە. دوای ئەوەش لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستدا، نەتەوە پەرستەکان هەڵمەتی لەناوبردنی کۆمۆنیستەکانیان دەستپێکرد و چەندین کەسیان لەناوبرد، یەکێك لەوانە هاوسەری ماوتسی تۆنگ بوو. دوای ئەوە ماو ئافرەتێکی دیکەی کردە هاوسەری خۆی.

لەساڵی 1934دا نەتەوە پەرستەکان باشترین کەسانی

خۆیان خستەکار بۆ دژایەتی کردنی کۆمۆنیستەکان، ئەمەش کۆمۆنیستەکانی ناچارکرد هەڵبێن. دوای ئەمە ڕێپێوانی ئەفسانەیی مەزن دەستیپَکرد (جەنگی 60,000میل). لەو جەنگەدا کە 80,000 گەریلا بەشداریانکرد ژمارەیەکی زۆر کەم رزگاریانبوو. لەم قۆناغەوە ماوتسی تۆنگ بووە باشترین سەرکردەی کۆمۆنیستی چین تەنانەت لە بوارەکانی سیاسی و سەربازیشدا.

لەماوەی ژیانی ماودا، حکومەتی چین هەمیشە وێنەیەکی باشی دەربارەی ماو و هاوڕێ شۆڕشگێڕەکانی پێشاندەدا. لە ئێستادا مێژوونوسان پێیان وایە ماوتسی تۆنگ لەماوەی حوکمکردنیدا زۆر بە وەحشیانە بەرامبەر رکابەرەکانی دەسەڵاتی بەکارهێناوە. ماو گرنگی بە: شیعرنوسین، کۆکردنەوەی بۆچونەکانی دەربارەی تیۆرەکانی مارکسی- لینینی دەدا بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ جەماوەری جوتیاری چیندا- ئێستا ئەو تێگەیشتنە لە سۆسیالیزم پێی دەوترێت ماویزم.

خوێندنەوەی بیروبۆچونەکانە ماوتسی تۆنگ بووبوونە پێداویستیەکی کۆمۆنیستی، هـاوکـات دۆزیـنـەوەی هەر کەموکوڕییەك لەو بۆچوونانەدا وەك عەیبەیەکی شەخسی و پاشان بـۆرژوازی سەیردەکرا، کە دەبـووە هۆی نـاڕازی بوونی سەرکردەکانی حزب و پێویست بوو لەبەردەم رای گشتیدا داوای لێبوردنبکرێت.

دوای ئـەوەی ماوتسی تۆنگ ساڵی 1939لـە هاوسەری دووەمی جیادەبێتەوە، هاوسەرگیری لەگەڵ جیانگ چینگ یەکێك

لە ئەکتەرە ناودارەکانی ئەوکاتدا دەکات. دواتر جیانگ چینگ ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لە شۆڕشی کلتوری چین لە ناوەڕاستی شەستەکاندا.

دوای ئەوەی ژاپۆن ساڵی 1937 چین داگیردەکات، لەسەرداوای کۆمارییەکان و بەتایبەتیش لەسەر داوای کۆمۆنیستی جیهانی (کومنترن)، هەردوولا هاوپەیمانێتی نێوانیان نوێ دەکەنەوە لە پێناو شەڕکردن لەگەڵ دوژمنی هاوبەشدا. ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ماو 100 ملیۆن کەسی لەخۆدەگرت و سوپای سوور لە نێوان 500,000 بۆ ملیۆنێك سەرباز دەبوو. دوای تەسلیم بوونی ژاپۆن بە ساڵێك، دووبارە وڵاتی چین دووچاری شەڕی ناوخۆ دەبێتەوە.

لەگەڵ هاتنی تشرینی یەکەمی ساڵی 1949دا کۆمۆنیستەکان نەتەوە پەرستەکانیان لەتەواوی چین دوورخستەوە بۆدوورگەی تایوان. ئیتر ماو بووە سەرۆکی پارتی کۆمیۆنیستی چینی، سەرۆکی کۆماری میللی چین، سەرۆکی هێزە چەکدارەکان.

فێربوون بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت

ماوتسی تۆنگ و بازنەی دەسەڵات لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزب زۆر بەخێرایی پلانی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی خاوەن زۆرترین دانیشتوانیان لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دانا. لەسەرەتادا پلانێکی پێنج ساڵەیان لەسەر شێوەی یەکێتی سۆڤیەت دانا بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی.

پلان و سیاسەتەکان ڕاگەیەنران و لەکاتی جێ بەجێکردنیشدا پلان و سیاسەتی نوێی خرایە سەر. سیاسەتی ماو بریتی بوو

(لێگەڕێن باسەد گوڵەکان بکرێنەوە)، بۆ بەدەستهێنانی نوخبەی وڵاتیش ماوتسی تۆنگ ڕێگەی بەئازادی ڕادەربڕین دا، کە لە هەندێك حاڵەتدا ڕەخنە لە پارتی کۆمیونیست دەگیرا و ماوتسی تۆنگ ئەو ڕۆشنبیرانەی دووردەخستەوە بۆ گوندەکان بۆ ئەوەی (دووبارە پەروەردە بکرێنەوە).

ساڵی 1958 ماو هەنگاوێکی گەورەتری هەڵگرت بەرەو مۆدێرنکردنی توانای پیشەسازی چین لە پێناو زۆرکردنی بەرهەمی کشتوکاڵیدا. گرفتی سەرەکی ئەو پلانانە ئەو بوو لەسەر بناغەی سیاسی دارێژرا بوون نەوەك لەسەر بناغەیەکی عەمەلی، هەروەها کارەساتە سروشتیەکان و نەمانی یارمەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بارودۆخەکەی قورستر کردبوو.

بە بۆچوونی مێژوونوس باتریسیا باکلی ئێبرێی - PATRICIA BUCKLEY EBREY، سیاسەتە ئابوورییە هەڵەکانی ماوتسی تۆنگ بوونە هۆی دروستکردنی برسێتییەکی کوشندە لە چیندا و 30 ملیۆن هاوڵاتی لەماوەی ساڵانی 1959-1962 بەهۆی برسێتیەوە گیانیان لەدەستدا. ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی ماوتسی تۆنگ هەندێك لە کاریگەرییەکانی لەدەستبدات.

لە ساڵی 1966دا، بە پاڵپشتی سوپا شۆڕشی کلتوری ڕاگەیاند و دژی هەموو ئەوانەش وەستایەوە، کە گومانیان لێدەکرا دژی ئەم پرۆسەیە بن. ملیۆنان هاوڵاتی چینی توشی نارەحەتی بوون یاخود گیانیان لە دەستدا بەتایبەتی مامۆستایان و نوسەران و

هونەرمەندان و سەرکردەکانی حزب... هەر کەسێك کاردانەوەی هەبووایە بە کۆنەپەرست لەقەڵەم دەدرا.

هاوکات ماکینەی ئیعلامی چین لە پڕوپاگەندەی بەردەوامدا بوو بۆ ماوتسی تۆنگ، هەروەها هاوڵاتیانی هۆشیار دەکردەوە لەوەی لەسەر هەموو کەسێك، ئەگەر بتوانێت بخوێنێتەوە یاخود نا، پێویستە (کتێبی سوور)ی هەبێت کە وتەکانی ماوتسی تۆنگی لەخۆگرتبوو. ماوتسی تۆنگ ساڵی 1976 کۆچی دوایی کرد و کاردانەوەی توند لە چین دروستبوو دەربارەی پەرستن و بەرز ڕاگرتنی کەسەکان.

ساڵی 1981 وڵاتی چین هەڵسەنگاندنی رەسمی دەربارەی ماوتسی تۆنگ بڵاوکردەوە. لە بڵاوکراوەکەدا هاتووە سەرکردایەتیکردن و بۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگ تا ساڵی 1957 جێگای شانازین، بۆکارەکانی دیکەشی، کە لەماوەی دوو دەیەی دواتردا ئەنجامیداون و هەڵەبوون رەخنەی لێگیراوە.

**سەرچاوە:**

سایتی CNN، بەم ناونیشانەی خوارەوە:

HTTP://WWW.CNN.COM/SPECIALS/1999/CHINA.50/INSIDE.CHINA/PROFILES/MAO.TSETUNG/

# بیری سۆسیال دیموکرات

## دەروازە

سۆسیالیستی دیموکراسی بریتیە لە ئایدۆلۆژیای سیاسی چەپی ناوەڕاست. سۆسیالیستی دیموکراتی نوێ بزوتنەوەیەکە هەوڵدەدات بۆ ریفۆڕم کردنی سەرمایەداری بۆ ئەوەی بگونجێت لەگەڵ بەهاکانی دادگەری کۆمەڵایەتی، بەمەبەستی دروستکردنی ئەلتەرناتیڤێك بۆ سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی. سۆسیال دیموکراتی نوێی پراکتیکی هەوڵی گرتنەخۆی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئابووریەکی دیموکرات دەدات، بەمەبەستی پاراستنی مافەکانی کرێکاران.

لەرووی مێژووییەوە، سۆسیالیستی دیموکراتی بریتییە لە شکلی گەشەسەندوی سۆسیالیزمی ریفۆڕمیست، کە بانگەشەی دامەزراندنی ئابووری سۆسیالیستی دەکات لەڕێگەی ململانێی چینەکانەوە. لەسەرەتای سەدەی بیستدا زۆربەی وولاتانی ئەوروپی رەتیانکردەوە بیری مارکسیزم و سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ و ململانێی چینەکان پەسەندبکەن، بۆیە پێیان وابوو سۆسیالیزم دەکرێت جێ بەجێ بکرێت لەڕێگەی ریفۆڕمی سیاسییەوە. لە (راگەیاندنی فراکفۆرت)دا کە لەلایەن سۆسیالیست ئەنتەرناسیونال لەساڵی 1951 راگەیاندرا، تیایدا فۆڕمی سۆسیالیستی بەلشەفی و کۆمۆنیستی و ستالینی رەتکراوەتەوە و پێداگری لەسەر پلە بە پلەی گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم کراوە.

سۆسیالیستی دیموکراتی کە لە دوای ساڵانی سەدەی رابردوودا لە ئەوروپا کەوتە بواری پراکتیککردنەوە بریتی بوو

لە جوڵانەوەیەکی سۆسیالیستی، کە پشتگیری لە بیری (هەنگاو بەهەنگاو - GRADUALISM) ی دەکرد. لە سۆنگەی ئەو بڕوایەی، کە ریفۆڕمکردنی ئابووری سەرمایەداری هەنگاو بەهەنگاو لە کۆتایدا دەبێتە هۆی دروستبوونی سیستەمی ئابووری سۆسیالیستی. لەگەڵ رەتکردنەوەی بیری شۆڕشگێڕانە بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم. ئەم تێزەش رووبـەرووی زۆر بیری توندڕەوانە بۆیەوە لەناویاندا کۆمۆنیستەکان، کە بیری سۆسیال دیموکراتیان بە ناپاك بەرامبەر بیری رەسەنی سۆسیالیزم تۆمەتباردەکرد، بەهۆی قبوڵکردنی هەندێك لە بەهاکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، هەروەها بیری سۆسیال دیموکرات بنەما مارکسییەکانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دەوڵەتی سۆسیالیستی رەتدەکاتەوە و پێیوایە ریفۆڕمی دیموکراتی هەنگا و بەهەنگاو دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی مافەکانی چینی کرێکار.

لەگەڵ بڵاوبونەوەی ماف و ئازادییە نوێیەکان، زۆر پارتی سۆسیال دیموکرات دەستبەرداری بیری هەنگا و بەهەنگاوی گواستنەوەی سەرمایەداری بوون بۆ سۆسیالیزم، لە جێگەیدا داوای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سەرمایەدارییان کرد.

رێکخراوی (سۆسیالیست ئەنتەرناسیونال-SI) تاکە رێکخراو و نێوەندی پارتە سۆسیال دیموکراتییەکانی جیهانە. ئەم رێکخراوە چەند بنەمایەك لەخۆدەگرێت:

1. ئازادی، نەك تەنها ئازادی تاکەکەسی، بەڵکو ئازادی بۆ

نەمانی جیاکاری و ئازادی بۆ خراپ بەکارنەهێنانی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵاتی سیاسی.

2. یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی، نەك تەنها یەکسانی یاسایی، بەڵکو یەکسانی ئابووری و کلتوری لەهەمان کاتدا .

3. هاوپشتی، هەستی یەکێتی و هـاوسـۆزی بەرامبەر قوربانیانی ناعەدالەتی و نایەکسانی.

## رەگ و ریشەی سۆسیالیستی دیموکراتی

سەرەتای سەرهەڵدانی بیری سۆسیال دیموکرات دەگەڕێتەوە بۆ سـەدەی نـۆزدە، بۆ ئەو سۆسیالیستانەی هەڵگری بنەما سەرەکیەکانی کـارل مارکس بـوون، بـەڵام دژی ئەوانە بوون بانگەشەیان بۆ یۆتۆپیای سۆسیالیزم دەرکـرد. یەکەم کاریش لەسەر سۆسیالیزمی ئەوروپی کە بۆ خوێنەرانی ئەمریکی نوسراوە بریتیە لە (FRENCH AND GERMAN SOCIALISM IN MODERN TIMES) کە لەلایەن (RICHARD T. ELY) لەساڵی (1883) دا نووسراوە. بەپێی ئەو کارە، داواکارییەکانی سۆسیال دیموکراتەکان بریتین لە: «دەوڵەت پێویستە تەنها بۆ چینی کرێکاران بێت و سەرمایە و خاك و موڵکی گشتی دەبێت و بەرهەمهێنانیش لەرێگای هەمووانەوە دەبێت و هەستی پێشبرکێی تاکەکەسی بۆ ئاستێکی زۆر کەم دادەبەزێت.» زۆر پارتی ئەوروپی هەبوون هەڵگری ئەو تێڕوانینانە بوون لە ئەڵمانیا و بەریتانیا و روسیا و هەموویان درێژە پێدەری ئەو تێزە بوون، تا

سەرهەڵدانی تێرمی (کۆمۆنیزم)، کە بڕوای بە ڕێبازی شۆڕشگێڕی هەبوو بۆ بەدیهێنانی سۆسیالیزم.

## سۆسیالیستی دیموکراتی هاوچەرخ

جوڵانەوەی سۆسیال دیموکراتی هاوچەرخ دابڕانێکی ناوەکی دروستکردووە لەگەڵ ئەوانە بڕوایان بە ڕێبازی شۆڕشگێڕانە هەیە بۆ هێنانەدی سۆسیالیزم، هەروەها لەگەڵ ئەوانەش، کە بڕوایان بە هەنگاوبەهەنگاوی گواستنەوەی سەرمایەداری بۆ سۆسیالیزم هەبوو.

یەکێك لە رابــەر دیارەکانی سۆسیالیستی دیموکراتی هاوچەرخ (ئیدوارد بێرنستین-EDUARD BERNSTEIN)ە، کە پێشتر کەسێکی مارکسی بووە و ئاوێتە بوونێکی زۆری لەگەڵ بیروڕاکانی مارکس و ئەنگلس هەبوو، بەڵام چەند ناتەواوییەکی دیاری لە بیری مارکسیزم دۆزییەوە، بەتایبەتی ئەو بیروڕایانەی تایبەت بوون بە ماتریاڵیزمی مێژوویی. لەگەڵ ئەوەشدا بێرنستین رەخنەی لە چەمکی کۆتایی نەهاتنی ململانێی چینەکانی مارکسیزم و دژایەتی مارکسیزم بۆ لیبراڵیزم گرت. ئەو پێی وابوو دیموکراتیەتی لیبراڵی و دیموکراتیەتی سۆسیالیستی هەڵگری هەمان زەمینەی هاوبەشن، کە دەکرێت لەرێگەی یەکگرتنی ئەم دووانەوە «کۆماری سۆسیالیستی» دروستببێت.

دەربــارەی ململانێی چینایەتیش، ئیدوارد بێرنستین، پێی وابوو ناهاوسەنگی نێوان چینی بـۆرژواز و پرۆلیتار دەکرێت

کەمبکرێتەوە لەرێگەی ریفۆڕمی یاسایی و ئابوورییەوە، هەروەها ئەو دژی چەمکی مارکسی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو و پێداگیری دەکرد، کە ریفۆڕمی دیموکراتی هەنگاو بەهەنگاو دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی مافەکانی کرێکاران، هەروەها ئەو بڕوای بە ئەوە هەبوو، کە هاوکاری نێوان چینەکان دەبێتە هۆی هێنانەدی سۆسیالیزم نەوەك ململانێی نێوان چینەکان.

ئێدوارد دەنوسێت: «سۆسیالیستی دیموکراتی نایەوێت کۆمەڵگەی مەدەنی هەڵوەشێنێتەوە و ئەندامەکانی بکات بە پرۆلیتار، بەڵکو سۆسیالیستی دیموکراتی بێوچان هەوڵدەدات ئاستی کۆمەڵایەتی کرێکاران بەرزبکاتەوە بـەرەو هاووڵاتی بوون و ئەو هاوڵاتیبوونەش بکات بە گەردوونی. سۆسیالیستی دیموکراتی، نایەوێت کۆمەڵگەی مەدەنی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی پرۆلیتاری، بەڵکو دەیەوێت رێکخستنی سەرمایەداری کۆمەڵگە بگۆڕێت بۆ رێکخستنی سۆسیالیستی.»

سۆسیال دیموکراتەکانی ئەو قۆناغە، بیری مارکسیزمیان رەتنەکردۆتەوە، بەڵکو ئەوان مەبەستیان بوو ریفۆڕم لە ئارگومێنتەکانی مارکس بکەن، تا ئەوەندە توند و دوژمنانە نەبن بەرامبەر سەرمایەداری. ئەوان پێیان وابوو کۆمەڵگەی سۆسیالیزمی بەدەستدێت لە رێگەی گەشەی کۆمەڵگەوە نەوەك لە رێگەی ئەنجامدانی شۆڕشەوە. ئەم تێڕوانینەش کەوتە بەر رەخنەی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان و ئەوان پێیان وابوو هەموو هەوڵەکان بۆ ریفۆڕمکردنی سەرمایەداری شکستیانهێناوە، بە بۆچوونی ئەوان ئەو ریفۆڕمیستانە، هەنگاو بە

هەنگاو گەندەڵ دەبن و لە کۆتایشدا دەبنە سەرمایەدار. سەرەڕای جیاوازی تێڕوانینی نێوان هەدوو باڵەکەی سۆسیالیزم، بەڵام لەماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا بە یەکگرتووی مانەوە و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا، سۆسیال دیموکراتەکان بەهەمان ناوەکەی خۆیان مانەوە و سۆسیالیزمە شۆڕشگێڕەکانیش ناوەکەی خۆیان گۆڕی بۆ کۆمۆنیست و بزوتنەوەکەشیان بۆ کۆمۆنیزم.

## سۆسیالیستی دیموکراتی دوای جەنگی جیهانی دووەم

دوای جەنگی جیهانی دووەم، سۆسیال دیموکراتەکان رێکخراوێکیان دروستکرد بۆ نوێنەرایەتی کردنی خۆیان بەناوی (سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال-SI) لەساڵی 1951دا، لە راگەیاندنی دامەزراندندا کە بە (راگەیاندنی فرانکفۆرت) ناسراوە سەرزەنشتی هەریەك لە سەرمایەداری و کۆمۆنیزمی بەلشەفی دەکات.

لەمادەکانی (7، 8، 9، 10) ی ئەو راگەیاندنەدا، رەخنەی توند ئاڕاستەی کۆمۆنیزمی بەلشەفی دەکرێت، بەوەی بۆتە هۆی دروستکردنی هەڕەشە لەسەر ئازادی و دادی کۆمەڵایەتی، هاوکات کۆمۆنیزمی بەلشەفی لە رۆحی مارکسیەت دوور کەوتووەتەوە، بە زۆر دەیەوێت جیاوازی چینایەتی دروستبکات بەمەبەستی سەپاندنی بیرۆکەی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا. هەر بەپێی ئەو راگەیاندنە کۆمۆنیزمی جیهانی ئامرازێکە لە ئامرازەکانی ئیمپریالیزمی نوێ بۆ تێکشکاندنی ئازادی. کۆمۆنیزم بوەتە هۆی دروستکردنی بیرۆکراسی سەربازی و تیرۆری پۆلیس لەناو کۆمەڵگەدا.

دوای لێکجیابوونەوەی سۆسیالیستی دیموکراسی و کۆمۆنیزم لە یەکتری، چەندین لێکترازان و جیابوونەوەی دیکەش لەهەناوی سۆسیال دیموکراتدا روویاندا لەنێوان ئەوانەی بڕوایان بە کۆتایهێنانی سەرمایەداری هەبوو (بەبێ شۆڕش) بە رێگەی دیموکراسی و پەرلەمانی بەرەو سۆسیالیزم، لەگەڵ ئەوانەی بڕوایان بە ئەنجامدانی ریفۆڕم هەبوو، بەڵام بە مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری لەپێناو هێنانەدی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان لەرێگەی (خوێندنی گشتی و تەندروستی بۆ هەمووان و بە میللیکردنی بازرگانییە مەزنەکان ... هتد).

سەرئەنجام زۆربەی پارتە سۆسیال دیموکراتەکان شێوازی دووەمیان هەڵبژارد، کە بوار بە مانەوەی سیستەمی سەرمایەداری دەدات لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا لەگەڵ دەستخستنە ناوەوەی حکومەت لە هەندێ خزمەتگوزاری گشتیدا. ئەم تێڕوانینە بە (رێگای سێهەم) ناسراوە، زۆربەی سۆسیال دیموکراتەکان گۆڕانکاری گەورەیان بەسەرهاتووە، سەبارەت بە ئامانجە بنەڕەتییەکانیان، کە بریتی بوون لە دادی کۆمەڵایەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ و کێشە ژینگەییەکان.

## سۆسیالیستی دیموکراتی لە رۆژگاری ئەمڕۆدا

زۆربەی ئەو داوایانەی لەسەرەتای سەدەی بیستدا لەلایەن پارتە سۆسیال دیموکراتەکانەوە داوا دەکران، ئێستا لەلایەن ئەو حکومەتانەی سۆسیال دیموکراتن هاتوونەتە دی، زۆربەی

پیشەسازییەکان بە میللی کراون، خەرجییەکی زۆر لەلایەن حکومەتەکانەوە بۆ کەرتی گشتی تەرخانکراوە، تەندروستی و پەروەردەی بە خۆڕایی بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەیکردووە. لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکاش (کە پارتە سۆسیال دیموکراتەکان بوونێکی گەورەیان نییە) ریفۆڕمەکانیان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لە بەدەستهێنانی بەرنامەی گرنگی پێدانی کەرتی تەندروستی گشتی و بواری پاراستنی ژینگەدا. هەروەها (رێگەی سێهەم) ی سۆسیالیستی دیموکراتی کە گرنگی بە کەرتی تایبەت و کۆنترۆڵی سنوورداری حکومەت دەکات لەلایەن زۆر کەسایەتی و پارتی ناودارەوە پەیڕەوی لێکراوە، بۆ نمونە پارتی کرێکارانی بەریتانیا بە سەرۆکایەتی تۆنی بلێر.

## ئایدۆلۆژیاکانی بیری سۆسیالیستی دیموکراتی

بە شێوەیەکی گشتی بیری سۆسیالیستی دیموکراتی پشتگیری ئەمانەی خوارەوە دەکات:

• ئابووری تێکهەڵکیش، کە پێکدێت لە تیکەڵکردنی هەردوو بواری تایبەت و گشتی بەتایبەتی لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی گشتی، گرنگیدان بە منداڵ، خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی.

• زەمانەتی کۆمەڵایەتی، بە ئامانجی پاراستنی هاووڵاتیان لە هەژاری لەکاتی لەدەستدانی کار، نەخۆشی، خانەنشین بوون.

• هەبوونی چەند دەزگایەکی حکومی بۆ پاراستنی مافی کرێکاران (کەرتی گشتی و تایبەت) ، پاراستنی مافی بەکاربەر، پاراستنی کێبڕکێی شەریفانەی بازاڕ.

• ژینگە پارێزی و بوونی یاسایی پاراستنی ژینگە، یارمەتیدان لە دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکەی وزە، کە ئامانج لێی پاراستنی گەرمبوونی گۆی زەوییە.

• سیستەمی باج وەرگرتن بۆ یارمەتیدانی خەرجییەکانی حکومەت.

• سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی و عەلمانی پێشکەوتوخواز.

• بازرگانیەکی عادیلانە لەناو بازاڕی ئازاددا.

• فرە کلتوری.

• داواکردنی مافەکانی مرۆڤ، مافە کۆمەڵایەتییەکان، مافە مەدەنییەکان، ئازادییە مەدەنییەکان.

**سەرچاوە:**

ئینتەرنێت

# مۆدێرنیته چی یه؟

## ناساندن

به شێوەیەکی تایبەتی مۆدێرنیتە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی مێژوویی دوای نەریتگەرایی (POST-TRADITIONAL) و دوای سەدەکانی ناوەڕاست (POST-MEDIEVAL)، ئەویش دوای هەنگاونان لە دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری، پیشەسازی، عەلمانیەت، عەقلانی بوون، دەوڵەتی نەتەوەیی، دەزگا دامەزراوەکان لەگەڵ بوونی شێوازەکانی چاودێریکردن. لەڕووی چەمکەوە مۆدێرنیتە مەبەست لێی سەردەمی نوێ و تازەگەرییەی، بەڵام بە واتایەکی جیاواز چارلس بۆدلێری شاعیری فەڕەنسی بە داهێنەری زاراوەی مۆدێرنیتە دادەنرێت.

لە کاتێکدا رۆشنگەری بزوتنەوەیەکی تایبەتە بە فەلسەفەی رۆژئــاوا، بەڵام مۆدێرنیتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەی لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداریدا دروستبوون، هەروەها مۆدێرنیتە مەبەست لێی هەندێك مەیلی رۆشنبیری فکرییە بەتایبەتی بزوتنەوەکانی وەك عەلمانیەت و ژیانی دوای پیشەسازی (POST-INDUSTRIAL) بۆ نمونە مارکسیزم، بوونگەرایی، هەروەها پەیدابوونی رەسمی زانستی کۆمەڵایەتی. لە کۆنتێکستی خۆیدا مۆدێرنیتە گرێدراوە بە بزوتنەوە کلتوری و فکرییەکانی ساڵانی 1436-1789 تا درێژ دەبێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان و دواتری سەدەی رابردوو. زاراوەی مۆدێرنیتە لە وشەی لاتینی (MODERNUS- بەواتای «ئێستا»)

وەرگیراوە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەم. بۆ یەکەمجاریش لەلایەن نوسەر و پیاوی دەوڵەتی رۆمانی کسیودوروس- CASSIODORUS بەکارهاتووە.

## قۆناغەکانی مۆدێرنیتە

مۆدێرنیتە بەزۆر شێوە باسکراوە. بەشێوەیەکی سەرەکی بەستراوەتەوە بە سەردەمی رۆشنگەری سەدەی هەژدەیەمەوە، بەڵام هەندێك تێگەیشتنی تر هەن، کە پێیانوایە دەکرێت مۆدێرنیتە زۆر پێش ئەو ماوەیە دەستی پێکردبێت. ئەوان دەستپێکردنی مۆدێرنیتە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئیمپریالیزمی رۆژئاوای لە ماوەی سەدەی شانزەهەمدا. ژمارەیەکی دیکەش دەیبەستنەوە بەسەرهەڵدانی میدیا لەسەدەی پانزەهەمدا، ئەوکاتەی بۆ یەکەمجار ئامێری چاپ داهێنرا. لەگەڵ ئەوانەشدا، مارشاڵ بیرمان مۆدێرنیتە دەکات بە 3 قۆناغەوە:

1. مۆدێرنیتەی بەرایی لەماوەی ساڵانی 1500-1789
2. مۆدێرنیتەی کلاسیك لە ماوەی ساڵانی 1789- 1900
3. مۆدێرنیتەی درەنگ لەماوەی ساڵانی 1900-1989

لە قۆناغی دووەمـدا بەهۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی سەرچاوەکانی ماس میدیا وەك: رۆژنامە، تەلەگراف...هتد... گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ژیانی مۆدێرنتیدا بەناوی سەرمایەداری پیشەسازییەوە روودەدات. قۆناغی سێیەمیش دوای سەرهەڵدانی هونەری نوێ و داهێنانی تاکەکەسی دەستپێدەکات، کە سەرەتای

سەردەمێکی تازە بوو بۆ بەگژاچوونەوەی چەوساندنەوەی سیاسی و ئابووری و هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەناویاندا هێزی ماس میدیا.

هەندێك نوسەری دیکەش لەوانە لیوتارد، بودریار(LYOTARD، BAUDRILLARD) پێیان وایە مۆدێرنیتە لە ناوەڕاست یاخود دوا بەشی سەدەی بیست کۆتایی هاتووە، قۆناغێکی دیکەی تازەگەری دەستیپێکردووە بەناوی دوای مۆدێرنیتە (POST MODERNITY ). هاوکات هەندێك تیۆریسینی دیکەی وەك بومان، گیدنز (BAUMAN، GIDDENS) باس لەدوا قۆناغی سەدەی بیست دەکەن، وەك مۆدێرنیتەی شل، یان مۆدێرنیتە باڵا، وەك ئاماژەیەك بۆ گەشەی تەکنەلۆژیا و شۆڕشی تەکنەلۆژیا لەو کاتەوە.

## مۆدێرنیتە لە رووی سیاسییەوە

لەگۆشە نیگای سیاسییەوە، سەرەتایترین قۆناغی مۆدێرنیتە دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی نیکۆلۆ ماکیاڤیلی، کە بەئاشکرا دژی شێوازەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەرستۆییەکان بوو بۆ شیکردنەوەی سیاسەت، کە بریتی بوون لە بەراوورد کردنی بۆچوونەکان و پێشنیارکردنی ئەوەی، کە سیاسەت دەبێت چۆن بێت. لەبەرامبەردا ماکیاڤیلی لە کارەکانیدا شرۆڤەی سیاسەت دەکات بەوشێوەیەی کە هەیە بەلەبەرچاوگرتنی واقع. ماکیاڤیلی پێی وایە ئامانجی سەرەکی سیاسەت بریتییە لەوەی چۆن کەسێك کۆنترۆڵی چانس یاخود سەروەتی خۆی دەکات، هەروەها

پێی وایە پشت بەستن بە هێزی دەرەوەی مرۆڤ دەبێتە هۆی دروستبوونی خراپەکاری، هەروەها ئاماژە بەوەش دەکات، کە توندوتیژی نێوان گروپە سیاسیەکان شتێکی حەتمییە، بەڵام ئەمە دەکرێت وەك سەرچاوەی بەهێزبوون سەیربکرێت، کەپێویستە سەرکردە و یاسادانەران لەبەرچاوی بگرن و تەنانەت هانیشی بدەن لەرێگای هەندێك شێوازی گونجاوەوە.

بەدەستپێکردن بە تۆماس هۆبز، هەوڵەکان سەریانهەڵدا بۆ بەکارهێنانی میتۆدەکانی زانستی فیزیا، کە لەلایەن باکۆن و دیکارتەوە پێشنیارکرابوون، لە بـوارەکـان مرۆڤایەتی و سیاسەتدا. هەوڵە گرنگەکان بـەردەوام بوون بۆ باشترکردنی میتۆدە زانستیەکانی باکۆن بەمەبەستی بەکارهێنانیان لە کایەی سیاسەتدا. ئەم هەوڵانەش لەلایەن زۆر کەسەوە دراون لەوانە: جۆن لۆك، سپینۆزا، جان جاك رۆسۆ، دیڤد هیوم... هتد... هاوکات هەندێك لە رێبازەکانی هۆبز رەتکرانەوە.

کۆماریخوازە مۆدێرنەکان بەفراوانی کاریگەریان هەبوو لەسەر دروستبوونی کۆمارەکان لە ماوەی شۆڕشی هۆڵەندی (1568-1609) و جەنگی ناوخۆیی ئینگلیز (1642-1651)، هەروەها شۆڕشی ئەمریکی (1775-1783) و شۆڕشی فەڕەنسی (1789-1799).

قۆناغی دووەمـــی مۆدێرنیتەی سیاسی لـەگـەڵ رۆسـۆ دەستپێدەکات، کە لە کارەکانیدا سروشتی عەقلانی بوون و سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤی وروژانــدوە، بەپێشنیازکردنی ئـەوەی سروشتی مـرۆڤ زیاتر ملدەرە (نەرمونیان) لەوەی

پێشتر بیری لێکراوەتەوە. ئەم لۆجیکە وا پێشنیازدەکات ئەوەی، کە سیستەمێکی سیاسی یاخود کەسێکی باش دروستدەکات دەوەستێتەوە سەر ئەو شاڕێگایەی، کە خەڵکان بەدرێژایی مێژوو گرتویانەتەبەر. ئەم هزرە کاری کردە سەر بیرکردنەوەی سیاسی و بیرکردنەوەی جوانی کەسانی وەك کانت، ئیدمۆند بورك... هتد... کە بووە هۆی پێداچونەوەی رەخنەیی مۆدێرنەی سیاسی. هەر لەم هزرەوە جوڵانەوە مژدەبەخشەکانی وەك رۆمانتیسیزم، هیستۆریزم، کۆمۆنیزمی مارکسی، دەوڵەتی نوێی نەتەوەیی، بزوتنەوەی توندڕەوی نازیی ئەڵمانی دروستبوون.

لەلایەکی دیکەشەوە چەمکی مۆدێرنیتە رکابەری بۆ پەیدا بوو ئەویش دوای گەشەکردنی هێزە ناڕۆژئاواییەکان، کە پێیان وابوو مۆدێرنیتە چەمکێکی ئەوروپی ناوەندە. پێویستە ئەوەش بوترێت کە مۆدێرنیتە گرێدراوی چەند چەمکێکی دیکەیە وەك: دیموکراسی، گەشەپێدان، دیسپلینی کۆمەڵایەتی.

## مۆدێرنیتە لە رووی کۆمەڵناسییەوە

لەگۆشە نیگای کۆمەڵناسییەوە، مۆدێرنیتە بریتیە لەو دیسپلینانەی سەرهەڵدەدەن بۆ وڵامدانەوەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم زاراوەیە بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها بۆ ئەو دیسکۆرسانەی دەرئەنجامی سەردەمی رۆشنگەرین. لەلای خۆیەوە ئەنسۆنی گیدێس – ANTHONY GIDDENS بەم

شێوەیە وەسفی مۆدێرنیتە دەکات، کە کۆمەڵگەی مۆدێرن یاخود شارستانیەتی پیشەسازی گرێدراوە بە:

1. هەندێك هەڵوێست بەرامبەر جیهان. ئایدیای ئەوەی، کە جیهان کراوەیە بۆ گۆڕانکاری لە ڕێگای مرۆڤەوە.

2. بوونی دامـــەزراوە ئاڵۆزەکانی ئـابـووری، بەتایبەتی پێشەسازی بەرهەمهێنان و ئابووری بازاڕ.

3. بوونی زنجیرەیەك دامەزراوەی سیاسی لەناویاندا دەوڵەتی نەتەوەیی و دیموکراسی هەمەلایەن.

لەدەرئەنجامی ئەو تایبەتمەندیانەدا، مۆدێرنیتە بەشێوەیەکی فراوان خاوەنی سیستمێکی بزۆز وجوڵاوە بە بەراورد بەهەر سیستمێکی کۆنتری پێشوو. کۆمەڵگەی مۆدێرن کۆمەڵگەیەکی تەکنیکییە و خاوەن کۆمەڵێك دەزگای ئاڵۆزیشە، کە بەپێچەوانەی هەر کلتورێکی پێش خۆی لە داهاتودا دەژیت زیاتر لەوەی لە رابردوودا بژیت.

## مۆدێرنیتە لە رووی کلتوری و فەلسەفییەوە

ســەردەمــی مۆدێرنیتە دەنـاسرێـتـەوە بـەوەی لـەرووی کۆمەڵایەتییەوە سەردەمێکی پیشەسازییە، هەروەها سەردەمی دابەشبوونی کرێکاران و فەلسەفەیە، ئەویش بە لەدەستدانی دڵنیایی و گەیشتنە ئـەو قەناعەتەی کە دڵنیایی هەرگیز بەدەستنایەت تەنانەت بۆ یەکجاریش بێت ئەمە بۆ هەمووان دروسـتـە. لەگەڵ دروستبوونی بـارودۆخـی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی نوێ گرفتی نوێش پەیدابوون. زۆربەی بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم هەر لە ئۆگست کۆتەوە بۆ کارل مارکس و

فرۆید هەوڵیانداوە ئایدۆلۆژیای زانستی و سیاسی پێشکەشبکەن ئەویش دوای سەرهەڵدانی عەلمانیەت.

مۆدێرنیتە لەوانەیە وەك سەردەمی ئایدۆلۆژیاکان سەیربکرێت. بەلای کارل مارکسەوە مۆدێرنیتە بریتییە لە پەیدابوونی سەرمایەداری و بـۆرژوای شۆڕشگێڕ، کە بوونەتە هۆی فراوانبوونی هێزی بەرهەمهێنان و بازاڕی جیهانی. دۆرکهایم سەبارەت بە مۆدێرنیتە قورسایی دەخاتە سەر لایەنی پێشەسازی هاوتا لەگەڵ پەیدابوونی هێزی زانستی نوێ. بە بۆچوونی ماکس ڤیبەر مۆدێرنیتە گرێدراوی پرۆسەی بەعەقلانی بوون و دوورکەوتنەوەیە لە وەهمی دنیا.

لە روانـگـەی تیۆرسینە رەخنەگرەکانی وەك (تیودۆر ئەدۆمۆ، بومان)ەوە مۆدێرنیتە بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە بنەما سەرەکیەکانی رۆشنگەری بەرەو پرۆسە خراپەکارییەکانی نامۆبوون وەك تامەزرۆی شت هەبوون و هۆلۆکۆست. تیۆری سۆسیۆلۆژیای رەخنەگر بەشێوەیەکی نەرێنی باس لە عەقڵانیبوون دەکات دوور لەوەی، کە ڤیبەر باسیکردووە. بە بۆچوونی ئەوان عەقڵانیبوون پێشکەوتنە لە پێناو پێشکەوتندا، ئەمەش دەبێتە هۆی خراپ بوون و نامرۆڤ بوونی کۆمەڵگەی مۆدێرن.

لە دەرئەنجامی ئابووری گڵۆباڵ و شیکردنەوەی بەراوردکاری شارستانییەتەکان و گۆشەنیگای دوای داگیرکاریدا، کۆمەڵناس شاموئیل نوح ئیزنشتات، چەمکی فرەمۆدێرنیتەی داهێنا، لای ئەو مۆدێرنیتە حاڵەتێکی (کۆ)یە. ئەمەش پێناسەکانی مۆدێرنیتە فراوانتردەکات، کە تەنها تایبەت نەبێت بە کلتوری ئەوروپای رۆژئـاوا، بەڵکو چەمکێکە پەیوەندیدارە بەهەر کلتورێکی

تایبەتەوە. کەوابێت، مۆدێرنیتە پرۆسەیەکی رۆژئاوایی نییە، بەڵکو مۆدێرنیتە بریتیە لەو پرۆسە و جوڵانەی، کە دەکرێت لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بدۆزرێنەوە.

## مۆدێرنیتە لە رووی زانستییەوە

لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا کۆپەرنیکۆس، کێپلەر، گالیلۆ و ئەوانی دی گەشەیان بە رێبازێکی نوێ دا بۆ فیزیا و گەردووناسی، کە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی بیرکردنەوەیان دەربارەی زۆرشت بگۆڕێت.

کۆپەرنیکۆس مۆدیلێکی نوێی پێشکەشکرد، کە چیتر زەوی چەقەکەی نییە، هەروەها کێپلەر بیرکاری بەکارهێنا بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی فیزیا و رێکخستنەوەی وەسفکراوەکان. گالیلۆش بەڵگە بەناوبانگەکەی پێشکەش کرد دەربارەی کەوتنە خوارەوەی ئازاد لە رووی بیرکارییەوە. فرانسیس باکۆن داوای گرنگی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نوێی دەکرد، کە بناغەکەی لەسەر زانست دامەزرا بێت، هەربۆیە ئەو پێشنیازی ئەوەی کرد، کە دەبێت زانست هەوڵبدات کۆنترۆڵی سروشت بکات لە پێناو خزمەتی مرۆڤایەتیدا، نەوەك هەوڵی تێگەیشتن بدات تەنها لە پێناو تێگەیشتندا. لەو حاڵەتانەدا باکۆن کاریگەر بووە بە ماکیاڤیلی، کە رەخنەی لە رێبازەکانی سەدەی ناوەڕاست گرت بوو و داوای دەکرد سەرکردەکان کۆنترۆڵی سامانی خۆیان بکەن.

بەهۆی کاریگەرییەکانی گالیلۆ و باکۆنەوە، دیکارت باسی

ئەوەی دەکـرد، کە چۆن دەکرێت زانیاری زانست لەسەر یەك بنیاتبنرێت لە رێگای هەنگاوی بچوکەوە، هەروەها بەڕاشکاوی رایگەیاند، کە دەکرێت وەك ئامێرە ئاڵۆزەکان سەیری خودی مرۆڤ بکەین. هەر لەسەر هەنگاوەکانی کەسانی پێش خۆی، ئیسحاق نیوتن داوای ئەنجامدانی تەجروبەی زانستی دەکرد و ئاماژەی بەوە داوە، کە هەردوو لایەنی تیۆری و تەجریبی دەبنە هۆی پێشخستنی تێگەیشتنی کرداریی لە رێکخستنەکانی سروشت.

## مۆدێرنیتە لە رووی هونەرییەوە

دوای ئـەوەی بیری سیاسی مۆدێرن بـووە شتێکی باو لە فەڕەنسا، هەروەها دووبارە تێڕامانی رۆسۆ، کە رێگە خۆشکەر بوو بۆ رەخنەگرتنی نوێ لە خودی مەنتق. لە دەرئەنجامی ئەمانەدا تێگەیشتنی نوێی کەمترعەقڵانیبوون دروستبوون بۆ چالاکیەکانی مرۆڤ بە تایبەتی لە بواری هونەردا. سەرەتای ئەو کاریگەرییەش سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی ئایدیالیزمی ئەڵمانی و رۆمانتیسیزم بوون لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا. کەواتە تازەگەری لە بواری هونەردا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغەکانی کۆتایی مۆدێرنیتە. پاش ئەوەی مۆدێرنیتە بووە راستی ژیان و هاوکات لەگەڵ داهێنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا هونەر و شێوازەکانی بەرهەمهێنانی هونەر گۆڕانکاریان بەسەردا هات، ئەمانەش بە خێرای بوونە هۆی گۆڕینی پێگەی هونەر لە کۆمەڵگەدا.

**سەرچاوە:**

HTTP://EN.WIKIPEDIA.ORG/WIKI/MODERNITY

# پۆست مۆدێرنیزم،دیدێکی نوێ

نوسینی: R. WESLEY HURD

لە کۆتایی سەدەی بیستدا پرسیارکردن دەربارەی حەقیقەت و (بوون بە مـرۆڤ)، بە شێوەیەکی چـاوەڕوان نەکراو سەری هەڵدا، بەردەوام و بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین: بوون بە مرۆڤ واتای چییە؟ چۆن مرۆڤ لەگەڵ ئەم گەردوونە زەبەلاحەدا خۆی دەگونجێنێت؟ لەم جیهانەدا بەرەو کوێ هەنگاو دەنێین؟ ئێمە ژیان لە زەمەنێکی پڕ دڵەڕاوکێدا بەسەر دەبەین. زەمەنێك کە لە گەشبینییەکی بە جەرگ و ڕووناکەوە بۆ داهاتوو و بەرەو دوو دڵییەکی قوڵ و روحێکی هیچگەرا دەربارەی دۆزینەوەی ڕێگایەکی گەردوونی بۆ رەگەزی مرۆڤایەتی دەڕوات. ئەو زەمەنە، زەمەنی پۆست مۆدێرنیزمە.

زاراوەی پۆست مۆدێرنیزم لە رۆژنامە و گۆڤار و میدیا جۆر بە جۆرەکاندا بە بەربڵاوی بەکاردێت، ئامانجی من لەم وتارە بریتییە لە شیکردنەوەی تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانی پۆست مۆدێرنیزم، لەگەڵ پیشاندانی هەندێك نمونە دەربـارەی کاریگەری پۆست مۆدێرنیزم لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی. لە بەشی یەکەمی وتارەکەمدا باس لە بنەما سەرەکییەکانی پۆست مۆدێرنیزم دەکەم و لە بەشی دووەمیشدا باس لە هەندێك نموونە دەکەم دەربارەی ئەوەی چۆن پۆست مۆدێرنیزم خۆی نیشاندەدات لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا.

## بنەما سەرەکیەکانی پۆست مۆدێرنیزم

بۆ تێگەیشتن لە پۆست مۆدێرنیزم، پێویستە کەمێك بۆ دواوە بگەڕێینەوە ، بۆ ئەوەی بزانین چ شتێك پێش ئەو هاتووە

كە مۆدێرنیزمە، وشەی مۆدێرن وەك ئاوەڵناوێك زۆر ئازادانە بەكارهات بۆ باسكردنی زۆر شت لە بچوكترین شتی متەبەخەوە، تاوەكو قوتابخانەیەكی تایبەتی هونەری، لەگەڵ ئەوەشدا مۆدێرنیزم بریتیە لە ماوەی نێوان (1870 تا 1960) لەوماوەیەدا خەڵكی بە چەندان بیروباوەڕ و ئایدیای كلتوری و كاری هونەری گۆشكران.

مۆدێرنیزم لە هەناوی رۆشنگەریدا سەریهەڵدا، ئەو كاتەی بیرمەندە مەزنەكانی رۆژئاوا چیتر باوەڕیان بە مەسیحیەت، خودا نەما وەك بنەمایەك بۆ گەیەشتن بە حەقیقەت و بەهێزكردنی كۆمەڵگە، كلتوری مرۆڤایەتی لە شوێنی باوەڕی تەقلیدی بە خودا و كڵێسا و پادشا، دەسەڵاتێكی نوێیان دامەزراند. دەسەڵاتی ناوەندێتی، كە مرۆڤ پشت دەبەستێت بە توانستە عەقڵییەكانی مـرۆڤ بۆ دروستكردنی كۆمەڵگەیەكی ئـازاد و بناغەیەكی رۆشنبیری نوێ بۆ تێكۆشانی مرۆڤایەتی.

كەسی مۆدێرن پێیوابوو، كە زانست بنەما سەرەكییەكانی دەسەڵاتە تەقلیدیەكان و حەقیقەتی هەڵتەكاندووە بۆ نمونە: بزانە سێ پێشكەوتن هۆشیاری مرۆڤی رۆژئاوایی گۆڕی: بەرهەمهێنانی كارەبا، داهێنانی كەشتی هەڵمی، بیردۆزی پەرەسەندنی داروین. ئەم مرۆڤە نوێیە لە توانایدا بوو، دامەزراوەی نوێ و عەقڵانی بەكاربهێنیت بۆ دۆزینەوەی راستی گەردوونی بەتایبەتی زانست لە توانایدایە راستی نوێ بدۆزیتەوە، كە باشتر بەسەر كۆمەڵگە و دامەزراوەكاندا جێبەجێدەكرێت و جارێكی دی جیهان سیاغە دەكرێتەوە.

لێرەدا دەمەوێت کەمێك راتبگرم و بڵێم لە خۆشباوەڕیەکانتدا دەستبڵاو مەبە، چونکە هونەر و زاست، نەك تەنها کۆنترۆڵی هێزەکانی سروشتیان کـردووە، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنمان بۆ خود، جیهان پێشکەوتنی ئەخلاق، دادپەروەری، لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت ئاسوودەیی مرۆڤیش جێهێشتووە.

لە تێڕوانینی مۆدێرنیزمدا گریمانەی تێگەیشتن لە ناسنامەی مرۆڤ و خود، بریتی بوو لەوەی مرۆڤ کائینێکی یەکگرتوو، گونجاو، سەربەخۆیە. مرۆڤ هەستدەکات، دەزانێت، هەروەها لە توانایدایە جیهان کۆنترۆڵبکات، بۆ ئەوەی وەك کەسێکی مۆدێرن حیسابت بۆ بکردایە، دەبوو هێزی عەقڵانی زانست و روحی پێشکەوتن و ئەوپەری توانستی مرۆڤت بۆ کۆمەڵگە لە خۆ بگرتایە، هەروەها دەبووایە گەشبین بوویتایە سەبارەت بە داهاتووی مرۆڤ، کە لە توانایدایە دوو پێداویستی گرنگ بەدەستبهێنیت، ئەوانیش: ئاسودەیی مادی و مەعنەوین.

گرنگیدان بە مرۆڤ نەك بە خودا، چەقی بیری مۆدێرنیزم بوو، بەڵام ئەم بیروباوەڕە راست دەرنەچوو، درۆ بوو وەڵامی مرۆڤایەتی بۆ ئەم دۆخە نالەبارە بریتی بوو لە پۆست مۆدێرنیزم. بۆ تێگەیشتن لە بیری پۆست مۆدێرنیزم بە شێوەیەکی کورت لەسەر پێنج گریمانە کاردەکەم، کە لە هزری پۆست مۆدێرنیزمدا چەسپیوون:

## یەکەم

گەڕان بۆ بەدەستهێنانی (حەقیقەت) هەوڵدانێکی دۆڕاو لەلایەن مرۆڤەوە. حەقیقەت بوونی نییە و هەرگیزیش بوونی نابێت، پۆست مۆدێرنەکان پێماندەڵێن حەقیقەتی بابەتی و گەردوونی شتێکی ئەفسانەییە. ئەوەی تا ئێستا لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا بەدەستمانهێناوە، بریتین لە بەدەستهێنانی کۆمەڵێك راستی قایلکەر لەکات و زەمـان و کلتوری تایبەتی خۆیاندا هەرگیز بە حەقیقەتی خاوێن نەگەیشتووین. ئەگەر ئیدیعای ئەوەشبکەین، کە حەقیقەتمان بەدەستهێناوە، ئەوە لەباشترین حاڵەتەدا خۆخەڵەتاندنە و لە خراپترین حاڵەتیشدا کارێکی مەترسیدار دەکەین.

## دووەم

ناسنامەی تاکەکەسی بریتییە لە تێکەڵەیەکی دروستکراو بەو هێزانەی لە دەوری مرۆڤدان. هۆشیاری تاکەکەسی شتێکی نەبووە. نا سەنتەربوونی مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵێك پێکهاتەیە لە باوەڕی ئاگایی و نائاگایی، زانیاری، دامەزراوە دەربارەی خود و جیهان، کە دەوری تاکەکەسیان داوە و گرێدراون بە ژینگەی کلتورییەوە. پۆست مۆدێرنیزم پێچەوانەی مۆدێرنیزمە، ئەویش بریتییە لە توانەوەی خود. لە گۆشەنیگای پۆست مۆدێرنیزمەوە نابێت خۆمان وەك کەسێکی تاك، یەکگرتوو، هۆشیار، سەربەخۆ بێتە پێشچاو.

## سێیەم

زمانی رۆشنبیریمان (بیستراو بینراو) بنیاتنەری ئەو شتەیە، کە ئێمە بە (واقیع)ی دەزانین لە ژیانی رۆژانەماندا. واقیع بریتیە لە (دەق) ێك یاخود تێکەڵەی چەند دەقێك. ئەم دەقانەش تەنها (واقیع)ن، کە ئێمە دەیزانین تێگەیشتنمان بۆ خود و خۆمان و جیهان و ئەو مانایەی بە ژیانی خۆمانی دەبەخشین لەرێگەی ئەو زمانەوە دەبێت، کە دەوری داوین.

## چوارەم

واقیع لەلایەن ئـەوانـەوە دروستدەکرێت، کە هێز و دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە یەکێك. لە دیارترین بیرمەندەکانی پۆست مۆدێرنیزم، میشێل فۆکۆ، ئایدیاکانی نیچە وەردەگرێت دەربارەی ئەوەی چۆن ئەوانەی دەسەڵاتیان هەیە جیهان بەو شێوەیە دادەڕێـژن، کە خۆیان مەبەستیانە و زمانیش باشترین ئامڕازە بۆ دروستکردنی رۆشنبیری. فۆکۆ پێیوایە ئەو لایەنەی بەکارهێنانی رەسمی زمانی بەدەستەوە بێت لە کۆمەڵگەدا ئەوا ئەو لایەنە کلیلی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەدەستەوەیە. (بیربکەرەوە چۆن وتارە سیاسییە رەسمیەکان وشە و دەستەواژەی تایبەت بەکاردەهێنن، بە شێوەیەك دەبنە هۆی گۆڕینی رای گشتی و بڕیاری سیاسی و بەرنامە و رووداوەکان). نیچە پێیوایە واقیعی هەر کەسێك بنیاتنانێکی بەهێز و مەبەستدارە فۆکۆش پێیوایە زمان ئامڕازی سەرەکی ئەو بنیاتنانەیە.

## پێنجەم

پێویستە کاریگەری سیاسیانەی زمان بێلایەن بکەین لەرێگای «هەڵوەشاندنەوە» وە. بیرمەندی بەناوبانگ جاك دریدا تیۆریزەی ئەوە دەکات، کە ئەو وتە و قسانەی ئێمە دەیانکەین، هەمیشە کۆمەڵێك مانای دژ بەیەك لە خۆ دەگرن. وتەکانمان هەمیشە دوو لایەنن: لایەنێکیان بەرز راگیراوە و لایەنەکەی تریش پەراوێزخراوە. مانا بەرز راگیراوەکە هەمیشە بەلای کۆمەڵگەوە پەسەندە. بۆ نمونە ئەگەر کەسێك بڵێت «هەنگوین لە شەکری سپی باشترە بۆ تۆ.» لەم ووتەیەدا هەنگوین بەرزتر راگیراوە لە شەکری سپی. لە بواری ئەخلاقیشدا، لەوانەیە کەسێك پێت بڵێت «پێویستە سێکس تەنها لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا ئەنجامبدرێت.» لەم وتەیەدا سێکس لە چوارچێوەی هاوسەرگیریدا بەرز راگیراوە و لە دەرەوەی ئەم پرۆسەیەشدا پەراوێزخراوە. بە بۆچوونی دریدا هەموو زمانێك لە دوالیزم (باینەر) پێکدێت و هەمیشە لەلایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە بارگاوی دەکرێت. هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە تێکشکاندنی ئەم دوالیزم و دولایەنییەی زمان، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ دابڕێژریتەوە، بە بێ ئەوەی هیچ مانایەك لەماناکان بەسەر ئەوی دیکەدا بەرز رابگیرێت یاخود پەراوێز بخرێت.

## هەندێك نمونە

بنەما سەرەکییەکانی پۆست مۆدێرنیزم دیدگایەکی نوێمان لەسەر ژیان پێشاندەدەن، لەم کاتەدا پێویستە ئەو پەندەمان بە

بیربێت کە دەڵێت (گەر دەتەوێت زانیاریت لەسەر ئاو هەبێت، پرسیار لە ماسی مەکە). بنەماکانی پۆست مۆدێرنیزم بۆ کلتوری ئێمە وەك گرنگی بوونی ئاو وایە بۆ ماسی: ئێمە رۆژانە دەیخۆین و هەناسەی پێدەدەین. تەنانەت زۆر جار بوونەتە بەشێکی گەورەی ژیانمان بێئەوەی هەستیان پێبکەین.

لەوانەیە بنەمای سەرەکی پۆست مۆدێرنیزم بریتیبێت لە بەش بەش بوون و فرە جۆری کلتور و رۆشنبیریمان گەیشتوەتە خاڵێك، کە چیتر بیر لە خۆمان ناکەینەوە وەك کەسێکی یەك گەردوونی، بەڵکو وەك مرۆڤێکی فرەگەردوونی کە بەردەوام لە گۆڕاندایە. باشە ئـەم دۆخـە لە تـەواوی بوارەکاندا چ کاریگەریەك لەسەر دەوروبەرمان دەکات؟ تیشکخستنە سەر ئەم بوارانەی خوارەوە تیگەیشتنی باشترمان دەداتێ دەربارەی پۆست مۆدێرنیزم.

## ناسنامەی کەسێتی

لەسەر ئاستی تاکەکەسی - کە دڵە راوکێ و نائارامی لە پەرەسەندندایە دەربارەی خود- زۆر کەس لە هەوڵی گەڕاندان بە دوای ناسنامەی خۆیاندا دەیانەوێت بزانن کێن و چیاندەوێت و بەتەمای چین. میدیای زەبەلاحی بەکاربەیش رۆژانـە هـەزاران هەڵبژاردنمان دەداتـێ بۆ ئەوەی بین بە ئەو شتەی، کە خۆمان حەز دەکەین ببین. ئەو میدیایە ئاڕاستەمان دەکات، کە بەها بۆچی دابنێین

و گرنگی و بایەخ بە چ شتێك بدەین. هەرشتێکیش لە ڕێگەی ئەو میدیایەوە پێمانبگات بـڕوای پێدەکەین. یەکێك لەو زنجیرە کۆمیدیایانەی بە شێوەیەکی سەیر بڵاوبۆوە، زنجیرەی (سێنفیلد)ە. لەو زنجیرەیەدا کە باس لە خۆپەرستی و هیچ گەرایی و پەراوێزبوون دەکات. کۆمەڵێك لاوی سی ساڵەی ڕەبەن، دەیانەوێت مانا ببەخشنە ئەو کارە بێمانایانەی ئەنجامیدەدەن. ئێمەی بینەریش تەواو بەو ئەکتەرانە پێدەکەنین، کە هیچ ناسنامەیەکیان نییە. سەرکەوتنی ئەم کارە بە تەنها ناگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتوویی دەق و کارەکتەرەکان، بەڵکو دەشگەڕێتەوە بۆ ئاوێتەبوونی بینەران لەگەڵ بەش و ساتەکانی زنجیرەکەدا، کە ناسنامەی کارەکتەرەکان دیاریدەکات. ئەم زنجیرە، هێمایە بۆ مرۆڤی پۆست مۆدێرن، کە هیچ ناسنامە و زەمینەیەکی پتەوی نییە.

## ئەکادیمیا و پەروەردە

لە گۆشە نیگای مۆدێرنەوە حەقیقەت شتێکی ڕێژەیی بوو، لەڕێگای بەدەستهێنای زانیارییەوە قایلەکەربوو، بەڵام لە زەمەنی پۆست مۆدێرنیزمدا ئێمە هیچ شتێك نازانین. لەجیاتی ئەوە ئێمە شتەکان شیدەکەینەوە پۆست مۆدێرنە پێماندەڵێت: دیدگایەکی جیهانی هەڵگرە و شیکردنەوەی خۆتی بۆ بکە. ئەگەر حەقیقەت تەنها بەرهەمی زمان بێت

و زمانیش ئامرازی ئەوانەبێت، کە خاوەن دەسەڵات و هێزن، ئەوا گرنگیدان بە فەلسەفەی فرە کلتوری پــەروەردە، لەم سۆنگەیەوە سەریهەڵداوە، ڕەخنەگرانی ئەم تێزە پێیان وایە جەختکردنەوەی پــەروەردەی ڕۆژئاوا لەسەر عەقڵانییەت و گەڕان بە دوای ئەوەی کە ڕاستی چییە، ئەوە هیچ نییە جگە لە ئیمپریالیزمی کلتوری کە لەلایەن دەسەڵاتی سەرمایەدارییەوە پشتیوانی لێدەکرێت.

## میدیای گشتی

هیچ شوێنێك هێندەی کلتوری گشتی و میدیای گشتی کاریگەری پۆست مۆدێرنیزمی لەسەر نییە. خەیاڵ و ئەندێشەکان بە شێوەیەك: لە ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، میدیای چاپ پێشکەش دەکرێن وەك ئــەوەی شتێکی ڕاستی بن. بەرهەمهێنەرانی ئەم بوارە تەواو لە گرنگی و کاریگەری وێنە گەیشتنوون، بۆیە بەرهەمەکانیان وەك ڕاستی دەردەکــەون و تەنانەت سنورەکانی نێوان ڕاستی و خەیاڵ نەماون ئەم کارە لە دیدگای پۆست مۆدێرنیزمدا جێگەی بڕوایە، چونکە ڕاستی شتێك نییە جگە لە خەیاڵ و ئەندێشە، کە لەڕێگای یارییەکانی زمانەوە پێماندەگات. باشترین نمونەی ئەم میدیایەش بریتییە لە کەناڵی (MTV). ئەو کەناڵە لەڕێگای پەخشی بەردەوام و کاری خێرا و دیمەنی سەرنجڕاکێشی (سێکسی و وروژاندن) و کۆلاچ و سیناریۆی سەرکەوتوو و مۆسیقا و گۆرانی و کاری دۆکیۆمینتەر

ڤیدیۆ کلیپ ... هتد بینەر دەخاتە ناو ناسەنتەربوونێکی تەواوە و ئاڕاستەی دەکات بۆ شوێنیکی فرە واقیعی بۆ جیهانی پۆست مۆدێرنیزم.

## دەرئەنجام

لەرێگای ئەم وتارەوە ویستم روانگە و هەڵویسی پۆست مۆدێرنیزم شرۆڤە بکەم، کە لەسەر هەردوو ئاستی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی لە بەرزبونەوەی بەردەومدایە. لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم تیۆرەم باسکرد، کە بووەتە هۆی وەلانانی تیۆری مۆدێرنیتەی پێش خۆی. مەسیحییەکان، کە ئاگاداری لایەنە خراپەکانی پۆست مۆدێرنیزمن، سەبارەت بە مۆدێرنتە و روشنگەری، پێویستە لەسەریان لەهەمان کاتدا ئاگاداری کاریگەرییە ئیجابییەکانی ئەم تیۆرە بن. پۆست مۆدێرنیزم بوارێکی کراوەمان بۆ دەکاتەوە بۆ دایەلۆگکردن لەگەڵ ئەوانەی پێیان وایە واقیع تێکشکاوە و نەماوە. لەبەرئەوەی پۆست مۆدێنزم و باوەڕی بە فرەچەشنی و فرەجۆری هەیە، دەبێت بواریش کراوە بێت بۆ هەموو جۆرە و شیکردنەوەیەك دەربارەی مرۆڤ و بارودۆخی مرۆڤ و قەدەری مرۆڤ لەم جیهانەدا.

**سەرچاوە:**

یورگین هابرماس، مۆدێرنیتە: پرۆژەیەکی تەواو نەکراو.

# ئەدەب دەبێت ناخی مرۆڤ بنیات بنێت

**تێگەیشتن لە سێ پەنجەرەی جیاوازی ئەدەبییەوە (شیعر، رۆمان، دراما)، ئەوانیش:**

**1. دەروازەیەك بۆ ناساندنی شیعری (وێرانە خاك) ی ئیلیۆت**

**2. ئاماژەكانی پشت رۆمانی پیتە قرمزیەكە (THE SCARLET LETTER)**

**3. درامای پوچگەرایی**

# دەروازەیەك بۆ ناساندنی شیعری (وێرانە خاك) ی ئیلیۆت

## پەیڤێك

شیعری (وێرانە خاك – THE WASTE LAND) ی (T.S.ELIOT) بە یەكێك لە دیارترین شیعرەكانی سەدەی بیست دادەنرێت و لەهەمانكاتدا بەجوانترین و بەناوبانگترین شاكاری (ئیلیۆت)یش ناسراوە. (وێرانە خاك) لە رێگەی كۆمەڵێك مانا و پەیامی ئاڵۆزەوە باس لە قەیرانەكانی مرۆڤی ئەمڕۆ و فەوزای ژیانی مۆدێرن دەكات. ئەم نوسینەش هەوڵێكە بۆ ناساندنی شیعرەكە بە شێوەیەكی گشتی.

## تایتڵی شیعرەكە

بۆ ئاشنابوون بە قەیرانە ئەخلاقی و داڕمانە روحییەكانی سەدەی بیست، كە شاعیر لە شیعرەكەی دا باسیدەكات، سەرەتا پێویستە لە تایتڵی شیعرەكەوە دەستپێبكەین. ناونیشانی شیعرەكەی (ئیلیۆت) (وێرانە خاك)ە. ئەم ناونیشانە سیمبوڵێكی سەرەكییە بۆ ئاشنابوونمان بە ژیانێكی وێران و خاپوور. تایتڵی شیعرەكە لەگەڵ خۆیدا ئەو مانا و ئاماژانە هەڵدەگرێت، كە گوزارشت لە وێرانی و بێ ئومێدی و ژیانێكی داڕماو دەكەن. هەر لەناونیشانی شیعرەكەوە شاعیر باس لە داڕمانی شارستانییەتی رۆژئاوا دەكات لەدوای جەنگی جیهانی یەكەمەوە (لەسەدەی رابردوودا) ئەوكاتەی ئەوپەڕی بێ ئومێدی و رەشبینی باڵی بەسەر هەموو ئەوروپادا كێشابوو. بۆ گەیاندنی ئەم مەبەستەش (ئیلیۆت) تایتڵی شیعرەكە

دەبەستێتەوە بەناوی هەریەك لە شارەکانی (لەندەن، ئەسینا و ئەسکەندەریا) وەك مەڵبەندەکانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی و بە(شاری خەیاڵی) ناویان دەبات وەك ئاماژەیەك بۆ ونبوونی شارستانیەت و دارمانی بەها مرۆڤایەتییەکان لەسەدەی مۆدێرندا.

## پوختەی شیعرەکە

شیعری (وێرانە خاك) لەساڵی 1922 چاپکراوە بەسەر (5) پێنج بەش دابەشدەبێت:

**بەشی یەکەم لەژێر ناونیشانی (ناشتنی مردووەکە) دایە:**

سەرەتایی ئەم بەشە بە تۆنێکی گشتی دەستپێدەکات، کە باس لە وشکی و بێ پیتی ژیانی مۆدێرن دەکات. دوای ئەمە گوێبستی تۆنێکی تایبەتی خانمێك دەبین، کە باس لە یادەوەرییەکانی خۆی لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا دەکات، وەك سەردەمێکی ئازاد و خۆش رۆمانسی، پاشان لەرێگەی تۆنێکی تری دینییەوە شاعیر باس لە رووخانی بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤی مۆدێرن دەکات لە کۆتایی ئەم بەشەدا ، ئیلیۆت باس لە دانیشتوانی شاری (لەندەن) دەکات کە بە پەشۆکاوی بەسەر شەقامەکاندا هاتووچۆدەکەن، هەروەکو ئەوەی مردبێتن، کە ئەمە نیشانەیە بۆ خاڵی بوونی ژیانی مرۆڤی نوێ لە بەها رووحی و رۆمانسییەکان.

**بەشی دووەم لەژێر ناونیشانی (یاری شەترەنج) دایە:**

لەسەرەتای ئەم بەشەدا شاعیر باس لە ئافرەتێکی نیگەرانی دەوڵەمەند دەکات، کە بەهۆی بێدەنگی و بێ سۆزی کەسی بەرامبەرییەوە تووشی بێزاری و بێ ئومێدی هاتووە، پاشان شاعیر باس لە گفتوگۆیەکی پاشملەی ناو ژوورێکی باڕ دەکات، کە لەبارەی ئافرەتێکی بێ وەفاوەیە بەرامبەر مێردە سەربازەکەی لەماوەی جەنگدا، کە ئەیەوێ تاوانی سك پڕبوونەکەی لە مێردەکەی بشارێتەوە.

**بەشی سێیەم لەژێر ناونیشانی (وتاری ئاینی ئاگرین) دایە:**

سەرەتای ئەم بەشە تێکەڵەیەکە لە وێنەیەکی جوانی ئاهەنگی ژنهێنان لەسەردەمی کۆندا لەسەر رووباری تامێس (THE THAMES RIVER) و وێنەیەکی ئێستای پڕ لە خۆڵ و خاشاك و پیسی رووبارەکە. دیمەنی یەکەمی ئەم بەراووردە ئاماژەیە بە بوونی خۆشەویستی و سۆزی راستەقینە لەسەدەی پێش مۆدێرندا، وێنەی پیسبوونی رووبارەکەش ئاماژەیە بۆ پیسبوونی ناخ و ژیانی مرۆڤی مۆدێرن. پاشان شاعیر باس لە دیمەنێکی (خاڵی لە خۆشەویستی) لە ژیانی مۆدێرن دەکات لەنێوان کچێکی تایپیست و خۆشەویستەکەی، کاتێك کچەکە لەلایەن کوڕە خۆشەویستەکەیەوە لە خشتە دەبرێت. دیمەنی پەیوەندی ئەم کوڕ و کچە تا سەر ئێسقان ناشرین و دوور لە هەستە، تەنانەت سێکیش لەنێوانیاندا پرۆسەیەکی بێ مانایە و تەنها بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزوو و دامرکاندنەوەی هەردوولایە.

پاشان بۆ زیاتر بەهێزکردنی بۆچوونەکانی دەربارەی (نەبوونی خۆشەویستی) لە سەدەی نوێدا شاعیر باس لە شاژنە (ئێلیزابیسی یەکەم) و خۆشەویستەکەی دەکات، لە دیمەنێکی رۆمانسیدا لەناو بەلەمێکدا لەسەر رووبـاری سامێس وەك ئاماژەیەك بۆ بوونی خۆشەویستی و سۆز لەسەردەمی پێشووداو نەمانی لەژیانی ئەمڕۆماندا.

**بەشی چوارەم لەژێر ناونیشانی (مردن بە ئاو) دایە:**

ئەم بەشە بەشێکی زۆر کورتە باس لە دەریاوانێك دەکات، کە بەهۆی ئاوەوە دەمرێت نەك تینویەتی.

**بەشی پێنجەم لەژێر ناونیشانی (هەورە بروسکەکە چی وت) دایە:**

ئەم بەشە دوا بەشی شیعری (وێرانە خاك)ە. سەرەتای ئەم بەشە بە گەشتێك بەسەر خاکێکی بێ پیت و بەردیندا دەستپێدەکات. هــەورە بروسکەکەش ئاماژەیە بۆ بــاران بارین و سەرلەنوێ ژیاندنەوەی زەوی و گەڕاندنەوەی ئاوەدانی بۆی. لەم بەشەدا، وەك بەشەکانی پێشووی شاعیر چەندین دیمەنی سەرنجڕاکێشمان بۆ باسدەکات، کە ئاماژە دەکەن بە قورسی و رەقی ژیانی نوێ. پاشان شاعیر سێ وشەی هیندۆسیمان پێ ئاشنادەکات ئەوانیش:

1. (DATTA – واتە بەخشین) مەبەستی شاعیر لەم وشەیە ئەوەیە، کە بەخشینی سۆز و خۆشەویستی راستەقینە لەنێوان مرۆڤەکاندا بەیەکتری دەبێتە هۆی ئەوەی، کە جارێکی تر گیانیان پڕ بێتەوە لە ژیان.

2. (DAYADHVAM – واتە بەزەیی) مەبەستی شاعیر لەم وشەیە ئەوەیە، بوونی ڕێز و بەزەیی لەنێوان مرۆڤەکاندا تەنها هۆکارە بۆ ڕزگاربوونیان لە تەنیایی و فاکتەرێکی گرنگیشە بۆ سەرلەنوێ دروستبوونەوەی پەیوەندیەکان و ژیانێکی شەرەف مەندانە، کە شایەنی مرۆڤ بێت.

3. (DAMYATA – واتە کۆنترۆڵ) مەبەستی شاعیر لەم وشەیە ئاگادارکردنەوەی مرۆڤە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئارەزووەکانیان. (ئیلیۆت) پێی وایە دڵی مـرۆڤ، کە سەرچاوەی ئارەزووەکانییەتی وەك بەلەمێك وایە ئەگەر بە دوو دەستی بەهرەمەند کۆنترۆڵبکرێت، ئەوە بەلەمەکەو کەسانی ناو بەلەمەکەش سەلامەت دەبن، بەڵام ئەگەر بەلەمەکە بەسەرکەوتوی کۆنترۆڵنەکرێت ئەوا بەلەمەکە و کەسانی ناوبەلەمەکەش سەلامەت نابن. بە واتایەکی تر ئەگەر مرۆڤ توانی دڵی خۆی کۆنترۆڵبکات ئەوە دەبێتە خاوەن ژیانێکی هێمن و خۆشگوزەران، بە پێچەوانەشەوە مرۆڤ دەبێتە خاوەن ژیانێکی ناخۆش و پڕ قەیران.

سەرئەنجام شیعرەکە بە وشەی (SHANTIH – واتە ئاشتی) بە زمانی سانسکریتی، کۆتایی پێدێت، وەك ئاماژەیەك بۆ پێویست بوونی ئاشتی بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤی مۆدێرن لەو تێکشان و داڕووخانەی تێیکەوتووە.

## ناوەڕۆکی شیعرەکە

ناوەڕۆکی سەرەکی شیعری (وێرانە خاك) باس لە داڕمانی بەها رووحییەکانی ژیانی مرۆڤی مۆدێرن دەکات، کە ئەمەش

بۆتە هـۆی هەڵوەشاندنەوەی هەموو بەها رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵ و لەهەمان کاتیشدا شیعرەکە ئاماژەیەکی پتەوە بۆ هەڵماڵینی دووڕوویی، گومان، داڕووخان و سەرگەردانی لە سەدەی نوێدا سەرەڕای هەموو پێشکەوتنە مادیەکان لە گشت بوارەکانی ژیاندا.

شیعری (وێـرانـە خـاك) بە یەکێك لە رووئـیـا بەهێز و دیاردەکانی سەدەی بیست دادەنرێت بەڕادەیەك، کە بێزاری و بێ ئومێدییەکانی سەدەی بیست بە شێوازێکی زۆر زیرەکانەی شیعری باسکراون و سەرەکیترین هێماش کە ئیلیۆت بەکاری هێناوە بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بیابانێکی بێ سنوورە (INFINITE DESERT) وەك سیمولێکی بەهێز بۆ بەتاڵی رووح (SPIRITUAL VACUITY) لەژیانی ئەمرۆماندا.

ئیلیۆت لە شیعری (وێرانە خاك)دا پێمان دەڵێت، کە گرفتەکانی مرۆڤی مۆدێرن تەنها جەستەیی نین، بەڵکو لەهەمان کاتیشدا گرفتەکانی داڕووخانێکی قوڵی دەروونـی و عاتفی رۆشنبیرین. لەسەروو ئەمانەشەوە شاعیر وێنەی سـەدەی بیستمان وەك وێرانەیەکی رووحی نیشاندەدات، کە هیچ چارەسەرێك نییە بۆ راکردن لە نەخۆشی و مادە پەرستییەکانی سەدەی مۆدێرن بەڕادەیەك روئیای شاعیر بۆ ژیانی هاوچەرخ سیناریۆیەکی (بێ ئومێدی رەشبینە).

## زمان و شێوازی شیعرەکە

چامەی (وێرانە خاك) وەرچەرخانێکی گەورەبوو لەتام و بەهای شیعری سەدەی بیستدا. لە شیعری (وێرانە خاك)دا، شاعیر

هەموو فۆڕم و ناوەڕۆکەکانەی کۆتایی سەدەی نۆزدە و شاعیرانی هاوزەمانی خۆی پشتگۆی خستووە. بەڕادەیەك ئیلیۆت شاعیرانی سەردەمی رۆمانتیك و ڤیکۆریا (جگە لە رۆبێرت بڕوانین) یەکەم توانا لەهێزی زیندوێتی و رۆشنبیری لەقەڵەمداون. ئیلیۆت مۆدیلە شیعریەکانی شاعیرانی هاوزەمانی خۆی پشتگوێ خستووە و شێواز و مۆدێلی شیعری خۆی لەهەریەك لە (دانتی و شکسپیر و شانۆنوسە جاکوبییەکان و جۆن دۆن و شاعیرانی میتافیزیکی سەدەی حەڤدە) وەرگرتووە، چونکە ئیلیۆت پێیوابووە کە: (شیعر و کارە ئەدەبییەکانی ئەوان تێکەڵەیەکە لە هزر (THOUGHT) کە باشتربووە لە شاعیرانی هاوزەمانی خۆی) هەروەها بە بۆچوونی (ئیلیۆت) شەق بوونێك هەبووە لە نێوان هزر و هەست و دەربڕینەکان لە شیعری ئینگلیزیدا لەدوای کارە ئەدەبییەکان (میلتۆن و درایدن) دا، لەکۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا، ئیلیۆت ئەم شەق بوونەی بە (شـەق بوونی هەست) ناو بـردووە. هەروەها ئیلیۆت پێیوابووە، کە فۆڕم و تەکنیکی شیعری ئینگلیزی پێویستە سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە و رزگاربکرێت لە فۆڕم و تەکنیکێکی شیعری پێشوو، چونکە کارە شیعرییەکانی شاعیرانی ئینگلیزی پێشخۆی زیاتر(تحدی)یەکی رۆشنبیری بوون و لەچەند تەکنیکێکی شیعری باو پێکهاتبوون. بەم پێیە (ئیلیۆت) لە چامەی (وێرانە خاك) دا لە یەك کاتدا کەسێکە، کە ترادسیۆنی کۆن بەکاردەهێنێت و لەهەمان کاتیشدا نوێکەرەوەیەکی زمان و فۆڕمی ئەدەبییە. لە داڕشتنی شیعری (وێرانە خاك)دا ئیلیۆت

کەوتۆەتە ژێر کاریگەری هەریەك لە (دانتی و شکسپیر) ەوە. لەم شیعرەدا هەست بەبوونی شاعیر دەکەین، هەروەك چۆن هەست بە (دانتی) دەکەین لە (کۆمیدیای ئیلاهی)دا و هەست بە شکسپیر دەکەین لە (دراماکانی) دا. جگە لەمانەش ئیلیۆت کەوتۆتە ژێر کاریگەری هەردوو شاعیری فەڕەنسی سیمبولیست (بۆدلێر و لافورگ)، هەروەها لە شیعری (وێرانە خاك)دا شاعیر چەند ئاماژەیەکی موزیکی ئۆپێرای کلاسیك و چەند ڕووداوێکی ئەفسانەیی، دینی، مێژوویی و کەسایەتی باسکردووە، کە دەبنە هۆی یەکگرتووی چامەکە و بەهای گەورەیی بە شیعرەکە دەبەخشن.

## تۆنی شیعرەکە

بەشێوەیەکی سەرەکی تۆنی چامەی (وێرانە خاك) تۆنێکی مردوو و تاریکە تابگونجێت لەگەڵ ئەو کاولکاری و وێرانکاریانەی کۆمەڵگە، کە شیعرەکە باسیاندەکات. سەرەتا لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا شاعیر بەتۆنێکی گشتی مردوو دەستپێدەکات. ئەم تۆنە مردووەش هەر لە یەکەم دێڕی شیعرەکەوە بۆمان دەردەکەوێت، کاتێك شاعیر باس لە وەرزی (بەهار) دەکات وەك دڵرەقترین و ناخۆشترین وەرزی ژیان. لەکاتێکدا وەرزی بەهار جوانترین و زیندوترین وەرزی ساڵە، بەڵام لەسەدەی مۆدێرندا بەهۆی ونبوونی هیواو ئاماژە رۆحییەکان و بوون بە کۆیلەی ئارەزووەکان و ماددە پەرستییەوە، مرۆڤی مۆدێرن نەرمترین و جوانترین وەرزی ساڵی لێبۆتە دڵڕەقترین و ناشرینترین

وەرزی ساڵ، پاشان هەر لەهەمان بەشدا تۆنێکی تری تایبەتی (فەرد) یمان بەر گوێ دەکەوێت. ئەویش تۆنی ئافرەتێکی بێئومێدە بەناوی (ماری) ییەوە، کە هەستێکی نوستالۆژی بۆ رابردوو تێدا دروستبووە بەرامبەر بەو نائومێدی و بێزاریانەی، کە ئێستا تیایاندا دەژی. بۆیە ئەمە وای لێکردووە هەمیشە لەبیرەوەرییەکانی رابردوودا بژی و ساتەکانی رابردووی پێش جەنگی وەك چەند ساتێکی رۆمانسی و شیرین وێنابکات، ساتەکانی ئێستاشی وەك چەند ساتێکی بێهیوا و خاڵی لە ژیان تەماشابکات. پاشان رەشبینی شاعیر لە بەشی یەکەمدا دەگاتە لوتکە، کاتێك باس لە شاری (لەندەن) دەکات وەك (شارێکی خەیاڵی) و دانیشتوانەکانیش وەك مـردوی زیندو وێنادەکات. ئەویش بەهۆی دارمانی بەها رووحییەکان و نەمانی خۆشەویستی لەسەردەمی نوێدا.

بەهەمان شێوەی یەکەم، لە بەشی دووەمیشدا شاعیر بەردەوام دەبێت لە دەربڕینی رەشبینییەکانی باس لە ژیانی مۆدێرن دەکات وەك (ژیانێکی خاڵی لە خۆشەویستی)، سەرەتا شاعیر وێنەی ژوورێکمان بۆ دەکێشێت، کە باس لە ئافرەتێکی دەوڵەمەند دەکات و ژوورەکەی چەندین کەلوپەلی گرانبەهای تێدایە، لەوانەش پەیکەرێکی ئاڵتونی (کیوپد– CUPID)، کوڕی (ڤینۆس– VENUS) ی خوای جوانی لە ئەفسانە رۆمانییەکاندا. کیوپد لە ئەفسانەکاندا سیمبوڵی ژان و خۆشەویستییە. کیوپد فریشتەیەکی کوێرە و تیروکەوانێکی پێیە و کوێرانە تیر دەهاوێژێت، بەر هەرکەسێك بکەوێت ئەو کەسە دەکەوێتە دوای خۆشەویستییەوە، لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، بەڵام کیوپد کە لەم ژوورەدا وەسفکراوە چاوەکانی شۆڕکردووە و خستونیەتە

ژێربالەکانیەوە، وەك ئاماژەیەك بۆ (نەبوونی خۆشەویستی) لەو ژوورەدا. بە مانایەکی تر شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت: بەهۆی نەبوونی خۆشەویستیەوە لەو ژوورەدا. (کیوپد) یش شەرمدەکات سەری هەڵبرێت و خۆشەویستی بەژوورەکەدا بڵاوبکاتەوە. پاشان شاعیر بەردەوام دەبێت لەسەرئەوەی، کە پێمان بڵێت ژیانی مۆدێرن خاڵییە لە خۆشەویستی، سۆز، گەرمی ژیان و باس لە ژن و مێردێك دەکات، لەجیاتی هەبوونی گفتوگۆیەکی سۆزداری گەرمی ژن و مێردانە لەنێوانیاندا بە بێدەنگ یاری شەترەنج دەکەن، کە ئەمەش نیشانەی ئەو پەڕی داڕووخانی سۆز و خۆشەویستییە لەنێوان ژن و مێردی مۆدێرندا.

لە بەشی سێیەمی شیعری (وێرانە خاك) یشدا بەهەمان شێوەی پێشوو، تۆنی شیعرەکە تاریك و مردووە کاتێك شاعیر باس لە پرۆسەی (سێکس) دەکات وەك پرۆسەیەکی بێ ئامانج و خاڵی لە سۆز. شاعیر لەم بەشەدا چەندین نموونەیان بۆ دەهێنێتەوە. کە باس لەوەدەکات (سێکس) یش وەك هەموو شتەکانی دی لە دنیای مۆدێرندا شێوێنراوە و لە ئامانجی سەرەکی خۆی لایداوە، کە ئەویش (گۆڕینەوەی سۆز و خۆشەویستییە) لەنێوان دوو رەگەزی بەرامبەردا، بەڵام لەسەدەی نوێدا سێکس بۆتە تەنها وەسیلەیەك بۆ خاڵیکردنەوەی غەریزە و دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی یەکتری و بچوك بوونەوەی سێکس لەمانا دەرونییەکەیەوە بۆ تەنها مانا جەستەییەکەی.

تۆنی بەشی چوارەمیش تۆنێکی غەمبار و تەعزییەبارە، کاتێك شاعیر باس لە خنکانی دەریاوانێك دەکات .

بەشی پێنجەم و کۆتایی شیعرەکەش تۆنێکی ئاینی بەسەردا زاڵە. شاعیر لەم بەشەدا باس لە ژیانی مەسیح و زیندووبوونەوە و نوێژەکانی حەزرەتی (موسا) دەکات، کە داوای باران بارین دەکات بۆ ژیاندنەوەی بیابانی وشکهەڵاتووی وێرانە خاك. لە کۆتایشدا، شاعیر بە وشەی ئاشتی کۆتایی بە شیعرەکە دێنیت، وەك تاکە هێزیك بۆ ژیاندنەوەی مرۆڤی مۆدێرین و گەڕاندنەوەی دنیایەکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستییە بۆی.

سەرئەنجام لە سۆنگەی ئەو شیکردنەوانەی سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە سەرتاپای شیعری (وێرانە خاك) بە تونێکی تاریك و مردوو داپۆشراوە، ئەویش بۆ گونجان لەگەڵ ئەو بێزاری و ڕەشبینی و بێئومێدی و قەیرانانەی ژیانی مۆدێرن، کە شیعرەکە جەختیان لەسەر دەکاتەوە.

## دوا پەیڤ

ئەوەی پێویستە لەم نوسینەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە، کە شیعری (وێرانە خـاك) زۆر خوێندنەوە و شیکردنەوەی گەورەتر لەمە هەڵدەگرێت. بۆیە ئەم نوسینەی سەرەوە چەند سەرەقەڵەمێکی گشتی و سەرەتاییە بۆ لێدوان لەسەر ئەو چامە مەزنە.

**تێبینی:**

ئەم وتارەی سەرەوە بە شێکە لە توێژینەوەیەکی درێژ لەسەر شیعری (وێرانە خاك) بە زمانی ئینگلیزی بەناوی: (PESSIMISTIC ASPECTS IN T.S.ELIOTS THE WASTE LAND)

# ئاماژەکانی پشت رۆمانی پیتە قرمزییەکە (The Scarlet Letter)

## پەیڤێك

ڕۆمانی پیتە قرمزییەکە (THE SCARLET LETTER)، بە یەکێك لە ڕۆمانە زیندووەکانی جیهان دادەنرێت، کە تیایدا نوسەر بە شێوەیەکی زۆر جوان باس لە بەهای ئازادی و ئاکامەکانی دەکات. ئەم ڕۆمانە وەرگێڕدراوەتەوە سەر زۆر زمانی زیندووی جیهان و خوێندنەوەی هەمە لایەنەی بۆ کراوە، ئەم وتارەش هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆمانەکە، بەو هیوایەی بتوانین لە کاتێکی تردا بتوانین لێکۆڵینەوەیەکی ورد و هەمە لایەنە دەربارەی ئەو ڕۆمانە بە خوێنەران ئاشنابکەین.

## ئاماژەکان:

**1. بڕوا بەخۆبوون**

(بڕوا بەخۆبوون) ئاماژە و مەبەستێکی سەرەکییە لە ڕۆمانی پیتە قرمزییەکەدا. بڕوا بەخۆبوون بە واتای متمانەبوون بە سۆز و ئارەزووەکانی ناخی مرۆڤ . لەم ڕۆمانەدا (هستەر) کاراکتەری سەرەکی چیرۆکەکە دەتوانێت بەرگەی هەموو ئازار و ناڕەحەتییەك بگرێت، کە کۆمەڵگە بەسەریدا دەسەپێنیت بەهۆی ئەو متمانەیەی بەخۆی هەیە. بە واتایەکی تر لەرێگەی ئەم کاراکتەرەوە ڕۆماننووس دەیەوێت پێمان بڵێت: کە ئێمە دەتوانین ژیانمان بەرەوباشتر بەرین لە ئەنجامی بڕوا بەخۆبوون، گوێگرتن لە ناخ و ئارەزووەکانی خۆمان تا ببین بەو کەسەی کە هەین، نەوەك ئەو کەسەی کە کۆمەڵگە دەخوازێت هەبین. (هستەر)

ئامۆژگاری (دیسمدەیڵ)ی دۆستە نهێنییەکەی دەکات بەرگی قەشایەتی فڕێ بدات و خۆی بکات بە کەسێکی ئازاد و ژیان لەناوچەیەکی تری جیهاندا هەڵبژێریت، بۆ ئەوەی بە ویست و ئـارەزووی خۆی ژیان بەسەر بەرێت و ئازادبێت لە کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگە داخـراوەکـەی. ئەم ئاماژەیەی سەرەوە دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی فەیلەسوفی فەڕەنسی (سارتەر)، کە پێی وایە (خەڵکای دی) جگە لە (دۆزەخ) هیچی تر نین. کەواتە نوسەر دەڵێت پێویستە ئەو شتانە بکەین، کە دەمانکاتە (خودی خۆمان) نەك خۆمان لەبەر (کۆمەڵگە) دەمامك پۆشبکەین.

**2. (تاکەکەس – کۆمەڵگە)**

ململانێی نێوان (تاك و کۆمەڵگە) لای زۆربەی ئەدیب و نوسەرە ئەمەریکییەکان باسکراوە. لەم رۆمانەشدا نوسەر زۆر بەباشی وێنەی ئەو کێشەیەمان بۆ دەکات. لە چیرۆکەکەدا کۆمەڵگەی داخراوی (پیوریتان) سزای (هستەر) دەدات بە هەڵواسینی پیتی (A) لەسەر سنگی وەك ئاماژەیەك بۆ نەعلەتی کۆمەڵگە بەرامبەر ئەو (جـووت بـوون)ە ناشەرعییەی ئەنجامی داوە، هاوکات کۆمەڵگە بەردەوام باسی دەکات و چاوی لەسەریەتی لەسەر ئەوەی ئاخۆ چی دەکات، یان چی ناکات. منداڵان بەردەوام دوای دەکەون و بەرد و قوڕ و لیتەی تێدەگرن. دەسەڵاتدارانیش هەوڵ دەدەن کچەکەی، کە لە ئەنجامی (جووتبوونێکی ناشەرعی) یەوە بویەتی لێی وەربگرنەوە.

لەبەرامبەریشدا (هستەر) و کچەکەی لە خانوویەکی دوور لە ئاوەدانی بەبێ مێرد و باوکی شەرعی ژیان بەسەر دەبەن. هیچ هاوڕێیەکیان نییە. هەموو ئەمانە وێنای کێشمەکێش و ململانێی بەهێزی نێوان (هستەر _ تاك) و (کۆمەڵگە_کۆ) دەکەن. هەموو ئەمانەش وا لە کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دەکەن تووشی (نامۆبوونی هۆشیارانە – INTELLECTUAL ALIENATION) ببێت و ئەم هۆشیاریەش وای لێدەکات ببێتە کەسێکی ئازاد، بەڕادەیەك رەخنە لە هەموو دامەزراوەکانی کۆمەڵگە بگرێت بەسەرجەم کەنیسە و سیستەمی دادگەریشەوە.

**3. (کرانەوە – داخراوی)**

(داخــراوی و خۆخواردنەوە) دەبنە مایەی لەناوچوون لە ڕۆمانی (پیتە قرمزییەکەدا). هەردوو کاراکتەر (دیمسدەیڵ و چیلنگ وروپ) تەفسیری لایەنە خراپەکانی داخراوی دەکەن لەناو چیرۆکەکەدا. (تۆڵە)ی شــاراوە، (چیلنگ وروپ) ئەو کەسایەتییە لە مرۆڤێکی ڕۆشنبیری نەرمونیانەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی حەسودی وەحشی. تاوانی (شاراوە)ی (دیمسدەیل) یش ئەم مرۆڤە لە کەسێکی سروشت باشەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی لاواز، ئەم لاوازییەش بە مردنی خۆی کۆتایی دێت.

لەلایەکی تــرەوە کــاراکــتــەری (هستەر) وێنەی لایەنە پۆزەتیڤەکانی (کرانەوە) دەکات، بۆ نمونە هەر دوای پەیوەندییە ناشەرعییەکەی لەگەڵ قەشە دیمسدەیڵدا، لەبەر چاوی خەڵکدا دان بە تاوانەکەیدا دەنێت و پەشیمانی لەو بارەیەوە دەرنابڕێت.

سەرەنجام بەهۆی کرانەوە و راست بوون لەگەڵ ئەو باوەڕانەی هەیەتی (هستەر) جارێکی تر بە کەسایەتیەکی نوێی بەهێزەوە دێتەوە ناو کۆمەڵگە و چالاکی خۆی نمایشدەکات. بە پێچەوانەوە، بەهۆی داخران و خۆخواردنەوەی (دیمسدەیڵ و چلینگ وروپ) سروشتی کەسایەتی خۆیان لەدەستدەدەن و لە کۆتایشدا بە مردنی خۆیان تەواو دەبێت.

**4. سۆز و خۆشەویستی**

(خۆشویستن و خۆشەویست بوون) بناغەی ژیانێکی پاك و تەندروستن، بە پێچەوانەشەوە نەتوانین لە هەڵبژاردنی خۆشەویستێکدا دەبێتە مایەی ئازار و بەدبەختی لە ژیاندا. (هستەر و چیلنگ وروپ) ئەو دوو کەسایەتییەن، کە تەفسیری ئەو حاڵەتەی سەرەوە دەکەن.

چیلنگ وروپ پزیشك و رۆشنبیر و زانا، بەردەوام لە هەوڵی خوێندنەوە و شیکردنەوە دایە، سەبارەت بە کارەکەی خۆی و ئەم سەرقاڵی و رۆچوونە لەبواری (هزر و عەقڵ)دا وای لێدەکات ژیانی سۆزداری و خێزانی خۆی لە بیربچێتەوە، سەرەنجامیش خێزانەکەی بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە پەنا بۆ کەسێکی تر دەبات، تا خۆشەویستی پێ ببەخشێت. ئەم رووداوەش کار لە کەسایەتی (پزیشکی رۆشنبیر) دەکات و بۆ تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێت، لەئاکامدا دەبێتە مرۆڤێکی وەحشی و دڵ رەق.

بەڵام بەهۆی خۆشەویستی کردن و گەڕان بە دوای

ئارەزووەکانی ناخی خۆیدا (هستەر) دەبێتە کەسایەتییەکی بەهێزی خاوەن ئیرادە و راستگۆ و نەرمونیان. لە کۆتایشدا بەهۆی بەهێزی کەسایەتییەوە کۆمەڵگە لە تاوانەکەی دەبورێت و رێگەی دەدات دووبارە موممارەسەی ژیانی تایبەتی خۆی بکات.

ئـەوەی جێگەی لەسەر وەستانە نوسەر لەم رێگەیەوە دەیەوێت پێمان بڵێت، گرنگ پێدانی زیاد لە پێویست بە بواری (عەقڵ و فەلسەفەی وشك) و فەرامۆشکردنی سۆز و عاتیفە و غەریزەکان، دەبێتە هۆی رووخانی ئاخ و لاواز بوونی کەسایەتی، کە دوور نییە ئەو رووخان و لاوازییە بە مەرگی کەسەکە کۆتایی بێت.

**سەرنج:**

رۆمانی (پیتە قرمزییەکە THE SCARLET LETTER) لەلایەن (ناسیانال هاوسۆرن)ی گەورە نوسەری ئەمریکییەوە نـوسراوە، کە سـەرەڕای ئەم رۆمانە، نوسەر خاوەنی چەندین رۆمانی ترە، بەڵام بەلای رەخنەگرانەوە رۆمانی (پیتە قرمزیەکە) گەورەترین و باشترین کاری ئەم نوسەرەیە.

**سەرچاوە:**

ئینتەرنێت

# درامای پوچگەرایی

نوسینی: سان جینگ مۆن

## سەرەتا

شانۆنووسە پوچگەراکان، هەوڵدەدەن لە نوسینی دراماکانیاندا ناماقوڵی ژیانی مرۆڤ بخەنەروو ئەویش لەرێگەی یەکخستنی چەند رەگەزێکی ناعەقڵانی درامییەوە. بۆ نیشاندانی بیری پوچگەرێتی، ئەوان پشت بە بۆچوونەکانی هەریەك لە (کامۆ و سارتەر) دەبەستن، کە پێیان وایە سەرەڕای تێگەیشتنە عەقڵییەکان جیهان بەرەو تێکچوون هەنگاوی ناوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە دراماتیستە پوچگەراکان فۆڕمە درامییەکانی سارتەر و کامۆ وەك خۆی و بێ گۆڕانکاری دووبارە بکەنەوە، بەڵکو لەبری ئەوە فۆڕمی درامی پوچ، یاخود نامەتیقیانە بە پاڵپشتی دراماتیستە دژە واقعییەکانی وەك (ئەلفرید جبری، گیولاوم ئەپۆلینایەر، رۆجر ڤیتراك، ئەنتۆلین ئارتاود) بەرهەمدێنن، هەر وەکو ئەمان دراماتیستە پوچەگەرەکان شێوازی دژە واقیعی بەکاردەهێنن، بەمەبەستی ناساندنی تێگەیشتنی واقعی نوێ بە بینەران. سەرەڕای ئەمەش دراماتیستە پوچەگەراکان تەرکیزیان زیاتر لەسەر دروستکردنی شێوازی پوچیەتی و بێ مانابیە، وەك لە شێوازی دژە واقعی، ئەمەش بەمەبەستی هاوتەریب بوون بەبیری رەخنە گرانەی بینەر لەماوەی شانۆکەدا.

پوچگەرایی لە سادەترین مانادا بە واتای هەریەك لە (ناتەبایی) (نەگونجاوی) (ناعەقڵانی) دێن بەهۆی ئەم مانا گشتییەشەوەیە، کە ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ئەدەبی درامیدا بەکارهاتووە، بۆ دیاریکردنی ناتەبایی و ناسازی

ژیانی مـرۆڤ، هەروەها لەسەربناغەی ئەم مانە گشتییەشە کارە ئەدەبییەکانی سارتەر لەچوارچێوەی پوچگەرایی دا دیاری دەکرێن : کە باس لە ناماقوڵی و پوچی ژیانی مرۆڤ دەکەن لە کۆمەڵگەیەکی خاپووری دوای جەنگی جیهانی دا، ئەویش بەهۆی ئەنجامە کاولکارییەکانی جەنگی جیهانی دووەمـەوە، کاتێك لە بری رزگاربوون لە بیروباوەڕە تۆتالیتارییەکان، گەشبینبوون بەهۆی داهێنانە زانستییەکانەوە و حەتمییەتی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییەوە، خەڵکی سەراپا ژیانیان بوو بە پارچەیەك لە نامۆبوون و نارەحەتی، کە ئەمەش نیشانەی ناتەبایی نێوان مرۆڤ و ئەو جیهانەیە کە تیایدا دەژیت.

بە بۆچوونی سارتەر خەڵکی ئەو بۆچوونەیان بەسەردا زاڵە، کە ژیانیان بەرەو تێکچوون هەنگاوی ناوە سەرەڕای پێشکەوتنە عەقڵییەکان. ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی چەندان پرسیاری جدی لەبارەی ئەو بەها و سیستەمانەی، کە پێشتر ژیانی بەڕێوەبردوون، پاشان خەڵکی دەگەنە ئەوەی چەند بەهایەکی نوێ دروستبکەن بۆ هەنگاونان لەگەڵ ناهەمواری ژیانی مرۆڤدا، پاشانیش رووددەکەنە رۆتینی ژیانی رۆژانە. سارتەر پێ وایە ئەوەی وا لە خەڵکی دەکات ملکەچی ژیانی رۆژانەبن: ترسە لە نادیاری و تەنیایی لە دنیایەك، کە تیایدا دەژین، هاوکات ئەم ترسەش دژ بە ویست و ئارەزووەکانیانە بۆ بەخشینی مانایەك بە ژیانیان. بۆیە خەڵکی وەك ژانێك سەیری دنیا و وەك نارەحەتییەك سەیری ناخی خۆیان دەکەن. ئەوەش ئەو حاڵەتەیە کە سارتەر پێ دەڵێت (هێڵنج دان).

سارتەر بۆ هەنگاونان لەگەڵ کێشەی بـوون، شێوازێکی تایبەتی بیرکردنەوەی فەلسەفی دانا، بەمەش سارتەر گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە بۆچوونەکانی لەبارەی ناماقوڵی ژیان و ناتەبایی سروشتی مرۆڤەوە نزیکە لە بۆچوونەکانی هەریەك لە بیرمەندە و جودیەکانی وەك (بلاس باسکاڵ ، سۆرن گرگاد، مارتن هایدگەر)ەوە، کە هەریەك لەو بیرمەندانە بە شێوەیەك لە شێوەکان باسیان لە تەبایی سروشتی مرۆڤ و بێ مانای ژیان کردووە. ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە، کە سارتەر پەیڕەوی لەهەموو بۆچوونەکانی ئـەو بیرمەندە وجودیانە نـەکـردووە، بەڵکو بیرۆکەیەکی بنەڕەتی لەبارەی پوچیەتی ژیانی مرۆڤەوە لێوەرگرتوون و پاشانیش بۆچوونە فەلسەفیەکانی خۆی لەسەر بنیاتنانەوە، کە نـاسراون بە (SARTREAN EXISTENTIALISM). بەپێی بۆچوونی سارتەر هەر بڕیارێك، کە مرۆڤ دەیدات بەمەبەستی رووبەرووبوونەوەی پوچی دونیا سەرچاوەکەی لەو تەنیایی و ناڕەحەتییەوە دێت، کە مرۆڤ هەستیپێدەکات، هەرکاتێك مرۆڤ ترسێکی هەبوو لەبارەی هەستکردن بە تەنیایی و ناڕەحەتی، یان تووشی شکستێك هات سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی، ئەوکاتە دەگاتە پوچیەتی لە بێ مانای ژیان و پاشەڕۆژی بوون، بەپێی ئەم بۆچوونە مرۆڤ تەنها لەرێگەی (چی دەکات بەخۆی) دەتوانێت ژیانێکی پڕ مانا دروستبکات. بۆیە پێویستە مرۆڤ خۆی لە هەموو ئەو هەستانە رزگاربکات، کە دەبنە مایەی گرفت و هەوڵ بدات چارەیان بۆ بدۆزێتەوە. دواجار بەهۆی ئەم

هەنگاوانەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە هەستکردن بە ناڕەحەتی رزگاربکات و ئازادبێت بە هەستکردن بە پوچیەتی ژیان.

سارتەر، پێی وایە شانۆ (DRAMA) نێوەندێکی کارایە بۆ نەخشاندنی بیری مرۆڤ و گەشەپێدانی فەلسەفەی وجودی، هەروەها پێی وایە درامـای جوڵاو (MOVING DRAMA) کەشێکی وا دەخوڵقێنێت، کە کار دەکاتە سەر کارەکتەر بۆ ئەوەی خۆی بدۆزیتەوە، ئەمەش بە ئامادەکردنی هەلی ئازادی هەڵبژاردن. بۆیە کارەکتەر نابێت وەك گیانلەبەری عاقڵ، یان کۆمەڵایەتی سەیربکرێت، بەڵکو وەك (بوونێکی ئازاد) کە بڕیاری نەداوە، بەڵکو پێویستە خۆی هەڵبژێرێت کاتێك رووبەڕووی هەندێك پێویستی دیاریکراو دەبێتەوە، لەم حاڵەتەدا کارەکتەر پێویستە خۆی لە هێزەکانی دەرەوەی خۆی ئازادبکات، چونکە بە بۆچوونی سارتەر خەڵکانی تر (OTHER PEOPLE) جگە لە (دۆزەخێك) هیچی تر نین بۆ مرۆڤ. بۆیە پێویستە مرۆڤ (تاك) دژی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی بێت، سنوورەکانی خۆی تەنها لە چوارچێوەی ئازادی خۆیدا دیاریبکات، تەنها رێگاش بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئازادییەی تاك بریتییە لەوەی مرۆڤ کارێك بکات، کە تەریب بێت لەگەڵ لێپرسراویەتی ئەوبۆ مرۆڤایەتی، لەهەمان کاتدا هاوتەریبیش بێت لەگەڵ ئەوەی خۆی دەیکات، هەروەها پێویستە کارەکتەر (مـرۆڤ) لـەوەش ئاگاداربێت، کە ئـازادی بۆ کەسانی تریش هەڵدەبژێرێت کاتێك بۆخۆی هەڵدەبژێرێت، بەمەش کاتێك

مرۆڤ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆرتردا تێکەڵدەبێت لێپرسراویەتەکانی زیاتر دەبێت، لەهەمان کاتیشدا نمونەی ئەخلاقی (سلوکی) خۆی هەڵدەبژێرێت. بۆ ئەوەی ئەم لێپرسراوێتییە روونتربێت کارەکتەرەکانی سارتەر پێویستە کارێکبکەن، کە دەبێتە هۆی نیشاندانی مەبەستێك، ژیانی ئەخلاقی، راستیەك لە نواندندا.

هەر زوو بە ماوەیەکی کەم بۆچوونەکانی (کامۆ) لەسەر کۆمەڵگەی دوای جەنگی جیهانی راستەوخۆ دوای بۆچوونەکانی سارتەر هاتن لەوبارەیەوە. کامۆ هەوڵیدا ئەوە دەربخات، کە چۆن مرۆڤایەتی لە دنیایەکی پوچدا گوزەردەکات، کامۆ پێی وایە مرۆڤی مۆدێرین لە دنیایەکی نامرۆڤانە و لە حاڵەتێکدا دەژی، کە هیچ بەهایەك ئامادەبوونی نییە، لەم حاڵەتەدا تامەزرۆترین ئـارەزووی مرۆڤ سانایی و ئاشنابوونە، بەو مانایەی هەموو هەوڵێکی مرۆڤ بۆ ئەوەیە لەو دونیا پوچە تێبگات:

لە رێگەی مێژووی مرۆڤایەتی و تێگەشتنە عەقڵییەکانەوە، کە سەردەمانێك هاوکاری مرۆڤ بوون بۆ تەفسیرکردنی دونیا، سـەرەڕای هەموو هەوڵەکانی مرۆڤ و جیهان بەرامبەر ئەم داوایە بێدەنگە، مرۆڤ هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی مانایەك بۆ ژیان، بەڵام جگە لە بێ مانایی و ناسازی دونیا هیچی تری چنگ ناکەوێت، ئەوەی تێیدەگات تەنها بێ ماناییە.

دنیا ئاوەدانە بە پووچی، شتێك نییە روون و ئاشکرابێت هەموو شتێك ناسازە، مرۆڤ هەست بە نامۆیی دەکـات لە دنیایەکدا، کە پێشتر پێی ئاشنابووە، سەرئەنجام ئەمەش ئەبێتە

هۆی هەستکردن بە نائارامی لەبارەی (وجودییەوە)، بەم پێیەش هۆی ئەو بۆشایی و نائارامییەی مرۆڤ هەستپێدەکات (هەرگیز پڕنابێتەوە).

بۆیە مرۆڤ تووشی نامۆبوون بە خودی ئەو جیهانەدێت، کە تیایدا دەژیت، سەرئەنجام دژایەتییەك لەنێوان هەستی نوستالوژیا بۆ شەفافیەت و بێدەنگی ناعەقڵانی دنیا دروستدەبێت، کامۆ پێی وایە کە ئەم دژایەتییە هەستی پوچگەرایی لە بیری مرۆڤدا دروستدەکات، کامۆ دەڵێت:»جیهانێك کە بتوانرێت تەفسیربکرێت - تەنانەت لە رێگەی بەڵگەی خراپیشەوە بێت- ئەوا جیهانێکی باشە، بەڵام جیهانێك کە دابڕاوە لەوەهم و سانایی، مرۆڤ تووشی هەستکردن بە نامۆی و غوربەت دەکات، ئەم بۆشایەی لەنێوان ئەکتەر و شوێنی نواندندا و لەنێوان مرۆڤ و ژیاندا بریتییە لە پوچگەرایی.

لە گەڕان بەدوای پوچی ژیانی مرۆڤدا، کامۆ لەو بۆچوونەوە لە سارتەر نزیکە، کە پێی وایە مرۆڤ دەبێت خەبات بکات بۆ زاڵبوون بەسەر هەستی پوچگەرایدا ئەویش بە دروستکردنی شوناسی خۆی لەرێگەی ئازادی و هەڵەکانەوە (CHOICES)، پاشان بۆ هەنگاونان لەگەڵ ژیاندا. کامۆ پێی وایە هەستکردنی مرۆڤ بە پوچێتی هەنگاوی یەکەمە بەرەو دڵنیابوونی مرۆڤ بە ئازادی، ئەو پێی وایە نابێت مرۆڤ رێگە بەخۆی بدات بۆ بەدەستهێنانی عادەتی ژیان بەبێ خەباتکردن لەدژی پوچێتی. راکردنی مرۆڤ لە رۆتینی هەنگاوێکی زەرووریيە بەرەو ئازادی،

بـەڵام ئەم (راکـردنـە) هیچ دڵنیاییەکی پێ نابەخشێت لەو پوچێتییەی تیایدا دەژین.

مرۆڤ پێویستە بگاتە ئەو قەناعەتەی، کە کائینێکی بێهێزە. بەرامبەر ناڕەحەتییەکانی پوچێتی و رزگاربوون لێیان، هەروەها پێویستە لەوەش دڵنیابێت، کە هیچ شتێك یەقین نییە، تەنها ناسینی ئەو بۆ (پوچگەرێتی) یەقینە، لەگەڵ هەستکردن بەم یەقینەی پوچێتی دنیا، مرۆڤ پێویستە خەبات بکات دژی پوچێتی دنیا و بۆ ئازادیەکانی ناخی بژیت، ئەم کێشمەکێشەش لە غیابی تەواوی (ئومێد)دا بە پاشەرۆژ سەرهەڵدەدات، هەروەها ئەم ململانێیەش هاوتەریب دەبێت لەگەڵ گۆڕینی قەدەر و گەیشتن بە ئازادی ناخ، بۆیە مەحروم بوونی تاك لە ئومێد، مرۆڤ دەکاتە کائینێکی بێ سنور لە چالاکی، هەروەها کامۆ دژی بۆچوونە میتافیزیکییەکانە کە تەفسیری (بوون) دەدەنە پاڵ هێزێکی سەرومرۆڤ. کامۆ ئەم بۆچوونانە بە (خۆکوشتنی فەلسەفی) ناو دەبات و تەسلیم بوون بەهەر هێزێکی باڵا، کۆتایی تەواوی ئازادی مرۆڤە و پێویستە بەری لێ بگیرێت، هەروەها کامۆ پێی وایە، کە ئازادی مرۆڤ هیچ مانایەکی نییە تەنها لەو دنیایەدا نەبێت، کە تیایدا دەژیت، بۆیە هەر ساتێکی مرۆڤ لە ژیاندا زۆر بە نرخە و پێویستە مرۆڤ بۆ بچوکترین ئـارەزووی (PASSION) خۆی بژیت و هەموو تواناکانی خۆی سەرفبکات بۆ کاتی ئێستای (PRESENT MOMENT)، هەروەها لای کامۆ دوای ئازادی و ئارەزووی مرۆڤ، رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پوچێتی ژیان بە پێویستی سێهەم دێت بۆ مرۆڤ.

بۆ تێگەیشتن لەم حاڵەتە کامۆ باس لە (سیزیف) دەکات وەك نموونەیەك. سیزیف لەلایەن خواکانەوە بەردەوام سزادەدرێت، ئەویش بە هەڵگرتنی بەردێك بۆ سەر لوتکەی شاخێك. کاتێك سیزیف بەردەکە دەباتە سەر لوتکەی شاخەکە دووبـارە و چەندبارە بەردەکە خلۆردەبێتەوە بۆ خـوارەوە، بۆیە سیزیف لەکارکردنی بەردەوامدایە بۆ سەرکەوتن و بردنی بەردەکە بۆ سەر شاخەکە و خلۆربوونەوەی بۆ خوارەوە. ئەم کردارەش دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە، تا سیزیف دەگاتە هۆشیاری بەخود و بڕیاردەدات ببێتە سەرداری خۆی و ڕۆژانی دوایی ژیانی. بەهۆی ئەم هۆشیاریەشەوە سیزیف سزاکەی لە ئـازارەوە دەگۆڕێت بۆ سەرکەوتن، بەمەبەش کامۆ سیزیف بە کائینێکی بەختەوەر دەزانێت ئەویش بەهۆی ژیان بۆ ئازادییەکانی ناخی.

## کۆتایی

بیری پوچگەرایی و بێمانایی دونیا لەکارەکانی سارتەر و کامۆدا تەعبیری لێکراوە و زۆر لە دراماتیستەکانی دوای جەنگی جیهانی دووهـەم، هەمان بۆچوونیان هەبووە لەسەر جیهان وەك: (ئیگن ئینسکۆ، سامۆئیل بێکت، هارۆڵد پینتەر، ئیدوارد ئەلبی)، سەرەڕای ئەوەی کە کامۆ و سارتەر وەك دوو دراماتیسی وجـودی نـاسراون، بـەڵام کارەکانیان زیاتر دەچێتە خانەی (پوچگەرایی)یەوە لەبەرئەوەی زۆربەی کارەکانیان لە فۆڕمێکی نائەقڵانی پێکهاتبوو، کە پێچەوانەی ستراکچەری درامایی ئاساییە.

شانۆنووسە پوچگەراکان لەکارەکانیاندا بۆچوونە نێگەتیڤەکانی سارتەر و کامۆ بەکاردێنن لەبارەی جیهان و مرۆڤەوە، بەتایبەتی بیروبۆچوونەکانیان لەبارەی بێ مانایی ژیانی مرۆڤ لەدنیایەکی پوچدا.

(ئیلسن) بەم شێوەیە باس لە شانۆنوسە پوچگەراکان دەکات:

(نارەحەتی گیانی لە پوچێتی ژیـان) زۆربــەی شانۆنوسە پوچگەراکان لەو بڕوایەدان، کە مرۆڤی مۆدێرن بە کۆمەڵێك بیری پەرتەوازەی نارەحەت دەورەدراوە، ئەم بۆچوونەش ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە، کە سارتەر و کامۆ بواری هەڵبژاردنیان بۆ کارەکتەر (مرۆڤ) بەجێ هێشتووە بۆ رزگاربوون لەوبارە ناهەموارەی تیایدا دەژیت، بەڵام شانۆنوسە پوچگەراکان هیچ هەڵبژاردن و چارەیەکیان بۆ کارەکتەر بەجێ نەهێشتووە، ئەم بۆچوونەشیان لەچوار رێگەوە روونکردۆتەوە:

1. نا دڵنیایی مرۆڤ لە دنیایەکی نامۆدا.
2. بێزاربوون لە کار و رۆتینی رۆژانە.
3. هەستکردن بە تەنیایی بەهۆی دڵنیانەبوون و ژیانی دووبارە و میکانیکییەوە.
4. نەبوونی پەیوەندی لەو تەنیاییەی تیایدا دەژی.

**سەرچاوە:**

INTRODUCTION TO ABSURDISM

## بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانكفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون به ئه‌لبێر کامۆ 2 | کۆمه‌ڵێك نوسه‌ر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون به ئه‌لبێر کامۆ 3 | مسته‌فا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون به ئه‌رکون | د.نه‌وزاد ئه‌حمه‌د ئه‌سوه‌د | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون به فۆکۆ | جه‌بار ئه‌حمه‌د | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون به ئه‌کیونی | ماجید خه‌لیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون به ئه‌نگڵس | ئارۆ هه‌ورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون به جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمه‌ڵێك نوسه‌ر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون به جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمه‌ڵێك نوسه‌ر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون به جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمه‌ڵێك نوسه‌ر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون به جاك لاکان | کۆمه‌ڵێك نوسه‌ر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون به لایبنتز | کۆمه‌ڵێك نوسه‌ر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون به میکاڤیلی | کۆمه‌ڵێك نوسه‌ر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مه‌جید مارابی جه‌واد حه‌یده‌ری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعيط | سابیر عه‌بدوڵڵا که‌ریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئه‌نوه‌ر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون به پۆڵ ریکۆر | کۆمه‌ڵێك نوسه‌ر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | 84 |
| 2016 | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | ئاشنابوون بە سپینۆزا | 85 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە پۆپەر | 86 |
| 2016 | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | 87 |
| 2016 | ئارام مەحمود | ئاشنابوون بە دریدا | 88 |
| 2016 | ماجد خەلیل | ئاشنابوون بە لیوتار | 89 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین1 | 90 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین2 | 91 |
| 2016 | پێشڕەو محەمەد | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | 92 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | 93 |
| 2016 | ب- لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم1 | 94 |
| 2016 | ب- لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم2 | 95 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | 96 |
| 2016 | ئاکام بەسیم | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 97 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 98 |
| 2016 | شاسوار کەمال | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | 99 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم1 | 100 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم2 | 101 |
| 2016 | موصڵح شێخ ئیسلامی | ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | 102 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵلا کەریم | سێگۆشەی گڕگرتوو | 103 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | 104 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 105 | گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێوون و مەترسییەکان | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | دەرهاویشتە ئەمنییەکانی چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لە پێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکا و ئاکامە جیۆپۆلەتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 111 | چین و سیستەمی بازرگانیی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 112 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | 2016 |
| 114 | ئازدی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 206 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کوردو ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارڵ مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردەتاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتیی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز | د. کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف، هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندویی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەر و پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد و هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کار دەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | ئەکرەم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |